لێکۆڵینەوە لە بنەڕەت و میژوو

سەرچاوە:

د.علي عودة العقابي، العلاقات السياسية الدولية،
دراسة في الأصول والتأريخ والنظريات،
الدار الجماهيرية للنشر والتوزيع والإعلان
الطبعة الأولى، ليبيا، جامعة سرت، 1996.

ناوی کتێب: لێکۆڵینەوە لە بنەڕەت و میژوو
نووسینی: د. عەلی عەودە ئەلعیقابی
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەبدوڵڵاڵ حەسەن
بابەت: لێکۆڵینەوە
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
هەڵەچنی: سازان قادر
تیراژ: 600 دانە
نرخ: 3000 دینار
ژمارەی سپاردن: 38 ی 2008
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی: یەکەم ساڵی 2008
کوردستان -سلێمانی
www.serdam.net
www.serdam.info

د. عەلی عەودە ئەلعیقابی

لێکۆڵینەوە لە بنەڕەت و میژوو

وەرگێڕانی: عومەر عەبدوڵڵاڵ حەسەن

سلێمانی 2008

زنجیرەی کتێبی دەرگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (466)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی

پێڕست

تەوەرەی یەکەم

لێکۆڵینەوە لەبنەڕەت و میتۆو 7

بەشی یەکەم - ڕێبازە تیۆرییەکان لەپەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا..... 9

بەشی دووەم- پێناسەی ماهیەتی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتیەکان..... 22

بەشی سێیەم - دروست بوون و گەشەکردنی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان

((چاخی کۆن و ناوەڕاست)) 29

بەشی چوارەم - پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان لەچاخی نوێو هاوچەرخدا..... 37

باسی یەکەم - پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان تا جەنگی یەکەمی جیهانی 37

باسی دووەم- پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان لەچاخی ڕێکخستنە نێودەوڵەتییەکاندا..... 46

بەشی پێنجەم - پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان لەسایەی جەنگی ساردا..... 56

باسی یەکەم - پێناسەی جەنگی ساردو هاندەرەکانی..... 56

باسی دووەم- لایەنە پراکتیکییەکان لەسیاسەتی جەنگی ساردا..... 62

بەشی شەشەم- پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان لەسایەی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتیدا..... 71

باسی یەکەم - پێناسەی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی..... 71

باسی دووەم- لایەنە پراکتیکییەکانی سیاسەتی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی..... 75

بەشی حەوتەم- سەرلەنوێ بنیاتنانەوە ((بیرۆیستڕۆیکا)) پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان..... 83
باسی یەکەم- پێناسەی بیرۆیستڕۆیکا..... 83
باسی دووەم- کاریگەریی بیرۆیستڕۆیکا لەسەر پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان..... 88
بەشی هەشتەم- گۆڕانکارییە نوێیە نێودەوڵەتییەکانو ڕەنگدانەوەیان لەسەر تێکڕای پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان..... 97
باسی یەکەم- هەرەسهێنانی (دارمانی) بلۆکی سۆسیالیزم..... 97
باسی دووەم- دارمانی یەکێتی سۆڤێت..... 102
باسی سێیەم- تێکچوونی هاوسەنگی هێزەکانو هەژمونگەری جەمسەری ئەمریکی لەپەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا..... 112
باسی چوارەم- سیستمی نوێی جیهانو ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان..... 119
تەوەرەی دووەم 125
لێکۆڵینەوە لەتیۆرییەکانی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان 125
بەشی نۆیەم- تیۆری هێز لەپەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا..... 127
بەشی دەیەم- تیۆری هاوسەنگی 147
بەشی یانزەهەم- تیۆری ئاسایشی بەکۆمەڵ لەپەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا..... 170
بەشی دوانزەهەم- تیۆرییە ستراتیژە هاوچەرخەکان لەپەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانو دیاردەی ملمالانێی نێودەوڵەتیدا..... 187
بەشی سیانزەهەم- پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانو تیۆرییەکانی ئیدارەی ملمالانێی نێودەوڵەتی..... 198
بەشی چواردەهەم- پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانو تیۆرییەکانی چارەسەرکردنی ملمالانێی نێودەوڵەتی..... 214
بەشی پانزەهەم- کۆلۆنیالیزم ((تیۆرییە سیاسییەکان لەدیاردەی کۆلۆنیالیزم دا))..... 240

تەوەرەی یەکەم

لێکۆڵینەوە لەبنەڕەت و میژوو

بەشی یەکەم

ڕێبازە تیۆرییەکان لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

زۆربەی زانایانو لێکۆڵیارانی بواری سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەوڵێکی زۆریانداوە لەبواری لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە، سەرباری چارەسەری زۆربەی کێشە جیهانییەکان لەو باوەڕەدان کەچارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ گیروگرفتەکانی ململانێو جەنگ کارێکی هەروا ئاسان نییە .

بیری مرۆڤایەتی رووبەڕووی بەرەنگاری گەورە بۆتەوە ئەمەش بۆ تێگەیشتن لەپرۆسەی بایۆلۆژی یاخود پرۆسەی سیاسی کە لەچوارچێوەی سیستمی نێودەوڵەتیدا گوزەر دەکات، ئەمەش بەئامانجی کۆنترۆڵ بوون بەسەر ئەو دوو پرۆسەیەدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە مەعنەوی و فیکرییەکان.

ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین گەشەکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بخەینە ژێر باسو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ڕێك و پێك و خوێندنەوەیەکی ورد بۆ ناسینی تیۆرە گرنگەکانی ئەم بوارە.

یەکەم: ڕێبازە کلاسیکییەکان لەلێکۆڵینەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا Tradition Approaches

چاوخشاندن بەسروشتی پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتان ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی مێژویی دوردو درێژ، سەرەتای هەوڵدانو چاوخشاندن بەم باسەدا لەچاخە کۆنەکاندا لەهیندو چینو یۆنانەوە دەستی پێ کرد. سەرەڕای بوونی چەند ئاماژەیەکی کەم کە

لەلێکۆڵینەوەکانی ئەفلاتوزو ئەرستۆدا سەبارەت بەم بابەتە، لێکۆڵینەوەکەی مێژونوسی یۆنانی "ثوکیدیدس" کەمێژووی جەنگی "بلوبونزی" گرتبوەخۆ نموونەی لێکۆڵنەوەیەکی کلاسیکییە بۆ لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

هەروەها کتێبی "میر"ی میکاڤیللی نموونەیە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی پێشەنگ لەشیکردنەوەی هێزو سیستمی حکومەتی بەشێوازی هاوچەرخ کەجەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کەبەها سیاسییەکان بالاترن لەهەموو بەهاکانی تر لەلای دارێژەی بڕیارە سیاسییە ناوخۆیو دەرەکییەکان.

هەروەها لێکۆڵینەوەی حکومەتە جیهانییەکەی "دانتی" دادەنرێت بەیەکێك لە ئەدەبیاتە گرنگەکانی رۆژئاوا کەبانگەشە دەکات بۆ دروستکردنی رێکخراوێکی نێودەوڵەتی بەتوانا بۆ سەپاندنی ئاشتییەکی جیهانی.

ئەمە سەرەڕای چەندین لێکۆڵینەوەی تر لەکۆتایی سەدەی چواردەهەمو سەرەتای سەدەی پانزەهەمو کۆتای سەدەی شانزەهەمو سەرەتای سەدەی حەڤدەهەم لەپاڵ لێکۆڵنەوەکانی جان جاك رۆسۆ بنثامو کانت.

لێرەوە پێویستە بڵێین کەبوونی ئەم لێکۆڵینەوە کلاسیکییانە مانای ئەوە نییە کەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەپێش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەڵکو زۆربەی تەنانەت هەموو ئەم لێکۆڵینەوانە نموونەی داواکارییەك بوون بۆ بەدیهێنانی ئاشتییەکی سەراپاگیر لەچوارچێوەی هەوڵو کۆششی فیکری ئەو فەیلەسوفانەی کەئەم لێکۆڵینەوانەیان خستۆتەڕوو.

بەواتایەکی تر ئەم لێکۆڵینەوانە بەشێوەیەکی پەرشوو بلاوبوون، هەروەك "مارتن وایت- Martin wight " وەصفی دەکاتو دەڵێت ((ئەم لێکۆڵینەوانە، لێکۆڵینەوەیەکی پەرشو

بڵاوو و نامەنهەجینو زۆربەیان لەلای خوێنەری ئاسایی تێگەیشتنییان گرانە ئەمە جگە لەوەی کەناڕێکنوچاودێری کردنیان قورسو ئالۆزە))[1].

ڕێبازە کلاسیکییەکان لەلێکۆڵینەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێ بەلێکۆڵینەوەکانی میژوویی دبلۆماسی و یاسایی نێودەوڵەتیو تیۆری سیاسی، لێکۆلینە لەچۆنێتی کارکردنی دەوڵەت بۆ پارێزگاری کردن لەبوونی خۆی نەگرتۆتەوە.

دەتوانین ڕێبازە کلاسییەکان بەم شێوەیە پۆلێن بکەین:

1-ڕێبازی میژوویی. **Historical Approaches**

2-ڕێبازی یاسایی. **Legal Approaches**

3-ڕێبازی واقیعی(یاخود ڕێبازی شیکاری لەچوارچێوەی سیاسەتی هێزدا). **Power Politics Approaches**

4-ڕێبازی وەستاو لەسەر بیرۆکەی بەرژەوەندی نەتەوەیی **National Interest Approaches**

5-ڕێبازی نموونەیی "ئایدیال" **Idealist Approaches**

1-ڕێبازی میژوویی:

ڕێبازی میژوویی بەقۆناغی یەکەم دادەنرێت لەگەشەکردنی بابەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا وەك مەیدانی مەعریفی ئەکادیمی. ئەم ڕێبازە یەکێکە لەڕێبازە

---

[1] مارتين وايت، لماذالاتوجد نظرية عالمية للعلاقات الدولية أبريل 1960، هەروەها وەرگیراوە لەکتێبی جيمس دورتي، روبرت بالستغراف، النظريات المتظاربة في العلاقات الدولية، ترجمة د.وليد عبدالحي، كاظمية للنشر والترجمة والتوزيع، الكويت، الطبعة الأولى، 1985، ص8.

کلاسیکییە باوو بەربلاوەکان کەگرنگییەکی گەورەی هەبووە لەسەر گەشەکردنی مێژووی دیپلۆماسی، لەسەر ئەم بنەمایەش پەیوەندییە هاوچەرخە نێودەوڵەتییەکان ریشەیەکی دوور درێژیی مێژوویییان هەیە.

بیرمەندانی ئەم رێبازە لەو باوەڕەدان کە بەدیهێنەری خەسڵەتی چۆنایەتین، بەوەی کەدەتوانن ئەو هۆکارانە ئاشکرا بکەن کەخۆیان دەبیننەوە لەپشت سەرکەوتن یاخود سەرنەکەوتنی سەرکردەکانی دەوڵەت لەپەیڕەو کردنی سیاسەتێکی دەرەکی دیاریکراودا. هەروەها بەکارهێنانی ئەم رێبازە دەبێتە هۆی تێگەیشتنێکی گەورەو قوڵ لەو ئاراستانەی گەشەکردنی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتانو گواستنەوەیان لەسیستمێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگرێتەخۆ. هەروەها ئەم رێبازە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەچۆنێتی دەرکردنی هەندێ بڕیاری سیاسی دەرەکی و فاکتەرە پاڵنەرەکانیو ئەو دەرەنجامانەی کەلێیەوە فۆرمەلە دەبێت لەچوارچێوەیەکی مێژووییدا.

قوتابخانەی رۆژئاوا وای نایننێ کەڕێبازی مێژووبی پێویست نییە بۆ لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەڵکو وا ی تەماشادەکات کە رێبازێکی بێ کەڵکە بۆ تێگەیشتن لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لەکاتێکدا کەقوتابخانەی مارکسی سوورە لەسەر ئەوەی کەرێبازی مێژووبی تا ڕادەیەکی دیار ملکەچی یاسابی گەشەسەندنی دیالێکتیکە، کەواتە رێبازێکی بەکەڵکە.

2-رێبازی یاسایی:

ئەم رێبازە رەنگدانەوەی پەیوەندییەکی پتەوە لەنێوان بارودۆخی مێژووییو زانستیو لەنێوان شێوازی گەشەکردنی لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێودەوڵەتییەکان. ئەم رێبازە شیکاری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەچوارچێوەی دینامیکییەتی سیاسیو نەتەوەیی کەکۆنترۆڵ

دەکات بەسەر ڕێڕەوی ئەم پەیوەندییانەدەکات نەك دەرخستنی کیانەکەی لەهەر قۆناغێك لەقۆناغەکانی گەشەکرادنیدا ئەم ڕێبازە هەوڵ دەدات کەشیکاری لایەنی یاسایی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بکات کەدەوری پەیوەندی نێوان دەوڵەتانی داوە، بەواتایەکی ڕونتر ئەم ڕێبازە لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکۆڵێتەوە لەڕوانگەی یاسایی نێودەوڵەتییەوە زیاتر لەهەر لایەنێکی تری.

ئەو بابەتانەی ئەم ڕێبازە گرنگی پێ دەدات لەلێکۆڵینەوەو شیکردنەوەیدا، بریتین لەپەیماننامە و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانو شیکردنەوەی ڕەگەزی نێودەوڵەتی لەهەڵسوکەوتو ڕەفتاری دەوڵەتانو جیاوازی کردن لەنێوان ئەوەی ڕەوایە و ئەوەی ناڕەوایە لەڕوانگەی یاساییەوە. هەروەها گرنگی دەدات بەلێکۆڵینەوەی خۆگونجاندنی یاسایی (التکیف القانونی) لەبابەتی ئیعترافکردن "Recognition " بەدەوڵەت یا بەسیستمی حوکم تیایدا، بەشوێنەواری جێ ماوی ئەو دانپیانانە یاخود دانپیانەنان لەپەیوەندی نێوان دەوڵەتان بەیەکەوە. هەروەها ئەم ڕێبازە گرنگی دەدات بەخۆگونجاندنی یاسایی لەمەسەلەی جەنگو چۆنێتی چارەسەرکردنو ڕێکخستنەوەی ناکۆکیە نێودەوڵەتییەکان بەڕێگای یاسایی و دیپلۆماسی.

دەتوانین بڵێین ڕێبازی یاسایی زۆر ڕونو ئاشکرایەو کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەمەش لەبەر ئەوەی کەناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان پێویستی بەئیجرائاتی یاسایی هەبوو چونکە چارەسەرکردنو ڕێککردنی ناکۆکییەکانو فەراهەم کردنی ئاشتیو ئاسایشی بەدی نەدەهات تەنها لەچوارچێوەی دامەزاوەیەکی نێودەوڵەتیدا نەبوایە کەپشتی دەبەست بەیاسای نێودەوڵەتان لەجەنگو بێ لایەنیو ناوبژیوانیو ڕێککردنو چەك دامالێن.

3-ڕێبازی واقیعی:

سەدەی بیستەم بەتایبەتی سییەکان گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیووە لەلێکدانەوەی تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کەناو دەبرا بەقوتابخانەی واقیعی. ئەم تیۆرییە دادەنرێت بەیەکێك لەو تیۆرانەی کەزۆر پەیوەستە بەواقیعی نێودەوڵەتییەوەو دەربڕی ئاستەنگەکانییەتی. پایەی شیکاری لەتیۆرەی واقیعیدا "Reallist theiry " لای "مورجانشو" بریتییە لەبیرۆکەی بەرژەوەندی Interest و بیرۆکەی هێز power ، بەرژەوەندی لەچەمکی ئەم تیۆرییەدا ((لەچوارچێوەی هێزدا دیاری دەکرێت، رۆڵی ئەم دیاریکردنەش لەچوارچێوەی کاریگەری یاخود کۆنترۆڵکردندا دەردەکەوێت))[2].

لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێت کەتیۆری واقیعی وا سەیری کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکات ململانێیەکی بەردەوامە بەرەو زیادکردنی هێزی دەوڵەتو بەکارهێنانی ئەو هێزە لەچۆنێتی پێ کردنەوەو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی، یاخود ستراتیژیەتی بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو کاریگەرییانەی کە لەسەر بەرژەوەندی دەوڵەتانی تر بەجیێ دەهێڵێ.

ئەم ڕێبازە لێکۆڵینەوەی خستنەڕووی ئاکاری گرتەخۆ بەئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی تۆمەتی چەمك ئامێزیو ئاکاری بەجۆرێك رووەو دورترین ڕەهەند ڕۆیشت لەسەرزەنشتکردنو پەلاماردانی بیرۆکەی ئایدیال، ئەمەش بەلگەیەك نەبوو بۆ ڕاستی سەرچاوەکەی. واقیعی ڕێبازێکە وای دەبینێت کەمێژوو گەواهییە لەسەر ڕاستی دەستنیشانکردن و چەسپاندنی لەقەناعەتدا ئەمەش جەوهەری سیاسەتی نێودەوڵەتی

---

(2) د.إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية، منشورات ذات السلاسل، الكويت، الطبعة الخامسة 1987، ص18.

دەگەیەنێت. تاکە ڕێگاش بۆ گەیشتن بەمە تەنها چەمکی هێزە کەهیچ ئەلتەرناتیڤێکی تری نییە.

بەم شێوەیە "کارل هولستی" هەوڵ دەدات بۆ ئاشکراکردنی لایەنەکانی چەمکی هێزو هێنانە ژێربارو ئامادەکردنی بۆ مەبەستی تیۆرەکەی[3] مانای هێز واتە کارو کاریگەری، مانای تواناکان واتە کۆکردنەوەو هێنانە ژێرباری ئەو کاریگەرییە[4]. بەڵام کاردانەوە پێچەوانەوەیە بۆ کار[5].

4-ڕێبازی بەرژەوەندی نەتەوەیی:

هەوڵدانو کۆششکاری بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دەوڵەت ئامانجی کۆتایو هەمیشەیی سیاسەتی دەرەکییە. ئەمەش سەرچاوەی سەرەکی ئەم ڕێبازەیە، بەواتایەکی وردتر بەرژەوەندی نەتەوەیی بریتییە لەتەوەرەی بنەڕەتی یاخود هێزی دینامیکی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتێك لەدەوڵەتان.

لەخەسڵەتەکانی ئەم ڕێبازە ئەوەیە کەتەنها ئامانجی سیاسەتی دەرەکییە بۆ دەوڵەت لەپاساوی کارلێکراو یاخود ناواقیعی کەدەیەوێت ئەم سیاسەتە بگرێتە خۆی. هەروەها ئەم بیرۆکەیە "بیرۆکەی بەرژەوەندی نەتەوەیی" لایەنێکی بەردەوام وەردەگرێت لەسیاسەتی

---

[3] هولستي، خلفيات فكرة القومية في العلاقات الدولية، فبراير 1964، هەروەها وەرگیراوە لەکتێبی د.کاظم هاشم نعمة، العلاقات الدولية، الجزء الأول، بغداد 1979، ص46.

[4] د.کاظم هاشم نعمة العلاقات الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص46.

[5] د.کاظم هاشم نعمة العلاقات الدولية، هەمان سەرچاوە، ص46-47.

دەرەکی دەوڵەتاندا ئەمەش سەرەڕای ئەو گۆڕینکاریو ئاڵۆگۆڕەی کەدووچاری سەرکردە سیاسییەکان دەبێتەوە .

5-ڕێبازی نموونەیی "ئایدیال":

ئەم ڕێبازە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بەکۆمەڵێك پرەنسیپو بەهاو نموونەی بالآ (القیم والمثل) کەپێرمەندانی ئەم ڕێبازە ئامێزی بۆ دەکەنەوە، هەوڵ دەدەن بەپێێ بۆچوونەکانیان سیستمێکی نێودەوڵەتی دابمەزرێنن کەبگونجێت لەگەڵ هەموو ئەو بەهاو پرەنسیپانەی کەهەوڵی بەدیهێنانی دەدەن.

ئەو سیستمەی کەئەم ڕێبازە بانگەشەی بۆ دەکات وەستاوە لەسەر حوکمی یاساو ملکەچ بوون بۆ دەسەلاتی ڕێکخستنی نێودەوڵەتی لەهەموو ئەوانەی کەپەیوەست بوون بەکاروباری کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە. ئەگەر سەیری دیباجەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بکەین دەبینین کەبانگەشە دەکات بۆ دورکەوتنەوەو دژایەتی کردنی پرەنسیپی دوژمنکاریو تووندوتیژی، داوا دەکات بۆ بەرز راگرتنی دەسەلاتی ڕێکخستنی نێودەوڵەتی و چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان بەڕێگای ئاشتییانە، ئەگەر وابوو نموونەیەکی رووڕو ئاشکرا دەبینین کەجەوهەری ئەو ڕێبازە پێچەوانە دەکاتەوە، چونکە تێڕوانینە ئایدیالیەکان ناتوانێت تیۆرییەك یاخود هەیکەلێك بۆ خۆی دروست بکات کەبتوانرێت شیبکرێتەوەو بناسرێت بۆ لایەنە جیاوازەکان کەحوکم دەکەن بەسەر ئەم پرۆسەیەدا، بەڵام هەڵدەستێ بەبەکارهێنانی تیۆری راستو هەڵە لەچوارچێوەی بەها ئەدەبیو ئەخلاقیەکان کەپێچەوانەی بارودۆخو راستییەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتین چونکە تاکو ئێستاش گرنگییەکی زۆر دەدرێت بەهێز وەك ئامرازێك کەخزمەتی سیاسەتی نێودەوڵەتیو ئامانجە نەتەوەییەکان دەکات.

دووەم: ڕێبازە هاوچەرخەکان بۆ لێکۆڵینەوەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دا

پێویستە ئەوە بڵێین کەسەرەڕای بوونی چەندین ڕێبازی کلاسیکی، بەڵام نەتوانراوە لێکدانەوەیەکی تەواو بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەدیاردەی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەمەش لەبەر ئاڵۆزی و هەمەجۆری بیروبۆچونەکان، لەبەر ئەوە ئاڕاستەی نوێ دەرکەوتن بەمەبەستی فۆرمەلەکردن و دۆزینەوەی تیۆرێکی زانستی گونجاو بۆ لێکۆڵینەوە لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئەم ئاراستە نوێیانەش هەوڵی بەدیهێنانی پرەنسیپێکی پەیوەستە تەواوکار دەدات لەنێوان زۆربەی ئەو فاکتەرانەی کەکاریگەرییان لەسەر هەلومەرجی نێودەوڵەتی و هاندانی دەوڵەتاندا هەیە.

ڕێبازە هاوچەرخەکان لەلێکۆڵینەوەی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا کۆمەلێك ڕێباز دەگرێتەوە کەئەمانەن:

1-ڕێبازی تۆژینەوەی (شیکردنەوەی) سیستمی سیاسی نێودەوڵەتی و پێکهاتە فەرعییەکانی.

2-ڕێبازی هاوسەنگی.

3-ڕێبازی تیۆری بڕیار دەرکردن لەسیاسەتی دەرەکیدا.

4-ڕێبازی بنەمای تیۆریاریکردن.

هەروەها ئەم ڕێبازانە بەندن لەسەر بەکارهێنانی زانستی دەروونناسی کۆمەلایەتی و (علم النفس الاجتماعي) زانستی دەروونناسی سیاسی(علم النفس السياسي) و ئەنثرۆپۆلۆجیای کۆمەلایەتی، وە لەنێوان ئامرازە بەکارهاتووەکانی ئەم جۆرە تۆژینەوەیەش بریتین لەلێکۆڵینەوەی کەسێتی نەتەوەیی و وەرگرتنی ڕای گشتی بەرامبەر

هەڵوێستێکی دەرەکی دیاریکراوو لێکۆڵینەوەی باری دەروونی جەماوەر لەقەیرانە نێودەوڵەتییەکانداو زانینی بیروبۆچوونو پێش بینییەکانیانو بەراورد کردنیان لەگەڵ ئەو دەرەنجامانەی کەئەو قەیرانانەی کۆتایی پێ هێناوە هەروەها توێژینەوەی شوێنەواری جێماوی پرۆپاگەندەی دەوڵەتان لەسەر یەکتری.

1-ڕێبازی توێژینەوەی سیستمی سیاسی نێودەوڵەتی

ئەم ڕێبازە لەبنەڕەتدا وەرگیراوە لەتیۆری سیستم (System Theory) لە بازنەی زانستی کۆمەڵایەتیدا، لەبیرمەندە دیارەکانی جێبەجێکەری ئەم ڕێبازە، لەبازنەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا "مورتون کابلان". ئامانجی زانستیو سەرەکی ئەم ڕێبازە بریتییە لەگەیشتن بەیاساو نموونە دووبارەبووەکان لەچۆنێتی کاری ئەم سیستمەو دیاریکردنی سەرچاوەکانیو دیاردە ڕێکخەرەکانی ، هەروەها گەیشتن بە دەرئەنجامە گشتییەکان کە پەیوەستن بە هۆکاری هاوسەنگیو ناهاوسەنگی. نموونەش بۆ سیستمی سیاسی نێودەوڵەتی یاخود جیهانی ، سیستمی هاوسەنگی هێزو سیستمی دوو جەمسەری ، سیستمی ناوەندە جۆرو جۆرەکانی دەرکردنی بریاری سیاسی نێودەوڵەتی . بەڵام سیستمی فەرعی کە هەڵقوڵاوی ئەم سیستمە سیاسییە جیهانییە بریتین لەکۆمەڵی گەلانو نەتەوەیەکگرتووەکان ، ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکی ، (کۆمۆنیولث)ی بەریتانی ، پەیمانی ئەتڵەسی ، ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی ، جامیعەی عەرەبی هەروەها ڕێکخراوە نێودەوڵەتیو ئیقلمییەکان لەچوارچێوەیەکی جوگرافی دیاریکراودا ، وەسیستمی فەرعی دادەنرێت ((بەبەشێك لە سیستمی گشتی))[6].

[6] د. إسماعیل صبریی مقلد، العلاقات السیاسیة الدولیة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص31.

2- ڕێبازی بنەمای هاوسەنگی

کۆششەکانی "جۆرج لسکا" دادەنرێت بە کۆمەڵێك هەوڵی گرنگ لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا بۆ لێکۆڵینەوە شیکردنەوەی تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وە ئەم لێکۆڵینەوانە ناسرابوون بە "تیۆری هاوسەنگی"، هاوسەنگی لەدیدی ئەم تیۆرییەدا بەمانای هاوسەنگی ستاتیکی نایات، بەڵکو جۆرێکی تر لەهاوسەنگی کەجیا دەکرێتەوە هەروەك "جۆرج لسکا" دەڵێت لەدوولایەنی سەرەکییەوە ئەویش ((هاوسەنگی واقیعی لەلایەك و هاوسەنگی دینامیکی لەلایەکی ترەوە))[7]. ئەمەش ناسرابوو بەهاوسەنگی واقیعی دینامیکی کە ((حاڵەتێکە لەسەقامگیری کاتی نیسبی کەتێك دەچێ لەژێر کاریگەری هەندێ فاکتەری ڕێگاخۆشکەر لەبەردەم دەرکەوتنی هاوسەنگییەکی کاتی نوێدا))[8]. لەبەشەکانی تردا بەشێوەیەکی دوور درێژ باس لەم تیۆرە دەکەین.

3-ڕێبازی بنەمای دەرکردنی بڕیار لەسیاسەتی دەرەکیدا

ئەم ڕێبازە لەهەموو ڕێبازەکانی تر زیاتر گرنگی دەدات بەلێکۆڵینەوەی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، ئەم تیۆرییە گرنگی دەدات بەشیکردنەوەی هەموو ئەو فاکتەرو کاریگەرییانەی کەدەوری بڕیاردەری سیاسەتی دەرەکی دەدەن لەدەرکردنی بڕیارێکی دیاریکراودا. "ریچارد سنایدەر" دادەنرێت بەپێشەنگی(ڕائد)ی ئەم ڕێبازە لەشیکردنەوەدا.

---

(7) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی د.کاظم هاشم نعمة، العلاقات الدولية، ص66، همروها د.إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية، ص31.

(8) د.کاظم هاشم نعمة، العلاقات الدولية، ص66، همروها د.إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية همان سوچاوەی پێشوو، ص31

ئەم رێبازە وا سەیری بڕیار دەرکردن دەکات کەپڕۆسەیەکی قۆناغی دوابەدوا یەکە کەکۆمەڵێك لایەنی چالاکو کارا لەژینگەی بڕیاری دیاریکراودا دەگرێتەوە، ئەم ژینگە بڕیاریيە (بیئە القراریە) یەکەی سیاسی لێپرسراو لەدەرکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکیدا دەگرێتە خۆ. لەبەشەکانی دوایدا بەشێوەیەکی دوورودرێژ باسی پرۆسەی بڕیار دەرکردن دەکەین.

4-رێبازی بنەمای تیۆری یاری کردن (گەمەکردن)

ئەم تیۆرییە بەتیۆرو رێبازێکی گرنگ دەژمێردرێت زیاتر لەو شێوازە پێشکەوتوو و بەکارهاتووانەی کە لەبواری شیکردنەوەی تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەکارهاتووە، کە وەستاوە لەسەر (تخیل)ی قەیرانی نێودەوڵەتی بکات، هی حەقیقی یاخود وەهمی، کەپشت دەبەستێ بەڕۆڵی دیاریکراوی کۆمەڵێك لایەن کەهەڵدەستن بەشیکردنەوەی هەموو ڕەهەندەکانی قەیرانەکە و کارکردن لەچوارچێوەیەکی فراواندا بەبڕیاری ئەڵتەرناتیڤ کەگونجاوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانە. بەڵام ئەم تیۆرییە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ڕەخنەی شێلگیرانە(جدی) بۆتەوە کەخۆی دەبینێت لەوەدا کەناتوانرێ و گونجاو نییە پێشبینی دەربارەی سیاسەتی نێودەوڵەتی بکرێت، بەڵکو ئەوەش دەوەستێت لەسەر گریمانە سەبارەت بەهەڵوێستێکی دیاریکراو کە لەواقعدا ڕووندات، وە ئەگەر ڕووش بدات ئەوا دەوڵەتە هاوبەشەکان هەڵوسکەوتو ڕەفتار بەچەندها ڕێگا دەکەن ئەمەش تا ڕادەیەك دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گرنگی و بایەخی ئەم تیۆرییە.

بواری جێبەجێکردنی تیۆری گەمە لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا چەمکی سازش (مساومە)، مەسەلەی بەرپەرچ دانەوەی سەربازی، شالاوی کتوپڕو لەناکاو، چەك دامالێن، جەنگی سنوردار دەگرێتە خۆ.

لەچوارچێوەی خستنەڕووی هەموو ڕێبازەکان بەکلاسیکیو هاوچەرخەوە دەگەینە راستییەکی بەڵگە نەویست ئەویش ئەوەیە کەلێکۆڵینەوەی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان ئاڵۆزو دژوارە.

ئەم ئاڵۆزی و دژواریيەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی جیاوازە لەکۆمەڵگای سیاسی ناوخۆی، چونکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نوێنەرایەتی کۆمەڵێکی ناچونیەك لەسیستەو بەهاو ئاڕاستە دەکات کەهەر پرۆسەیەکی گۆران تیایدا قورسو گرانە. هەروەها گرفتی سەرەکی کەروبەڕووی شیکردنەوەی تیۆری دەبێت لەبواری پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا بریتییە لەئاڵۆزیو تەمومژ لەسروشتی ئەو ماددەیەی کەشیرکردنەوەکەی بۆ دەکرێت. هەروەها لێکۆڵیاری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان درك بەوە دەکات کەئەو گریمانەو پێشبینیو چارەسەرانەی کەپێی دەگاتو دەستی دەکەوێت سەبارەت بەو گیروگرفتانە ئاڵۆزە، وە ناتوانرێت کە بەحەتمی یاخود موئەکەد دابنرێت بەڵکو لەوانەیە لەبارودۆخێکی لەباردا بەخەملاندنەکان بگەین لەڕێگای هەوڵو کۆششی تایبەتییەوە لەشیکردنەوەی هێزەکانو فشاری کاریگەری لەسەر هەڵوێستێکی دیاریکراو لەهەڵوێستی سیاسەتی دەرەکیدا.

بەشی دووەم

پێناسەی ماهیەتی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان

پێناسەکردنی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانو ماهیەتی بابەتێکی هەروا ئاسان نییە کەهەندێك لێکۆڵیار وای بۆ دەچن، بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر ئاڵۆزو دژوارەو، سەرەڕای کۆششێکی زۆری سەرفکراو، لەساڵی 1648 کەسیستمی دەوڵەتە نەتەوایەتییە هاوچەرخەکانی هێنایە واقیعەوەو کاریگەری لەسەر مۆرکردنی رێککەوتننامەی "وستیڤالیا"ی بەناوبانگ هەبوو تەنانەت تا ئەمڕۆش، بۆ لێکۆڵیارانو توێژەرەوان کارێکی دژوارە کەپێناسەیەکی هەمەلایەنو سەراپاگیر بۆ پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان بکەن.

لەپێناو ناسینی بابەتی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، پێویستە بگەڕێنەوە بۆ میژووی هەڵوێستی زاناو لێکۆڵیارانی کە لەم بارەیەوە نوسیوویانە لەماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا.

"جیمس **James** " دەڵێت پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان بریتییە لە ((پەیوەندی دەوڵەتانو نەتەوەکان لەنێوان خۆیاندا))[1]. ئەم پێناسەیە سادەو سەراپاگیرە، بەواتایەکی تر ناچێتە ژێر باری رێبازێکی زانستی دیاریکراوەوەو جیادەکرێتەوە بەوەی سەراپاگیرەو لەگەڵ وردی بابەتی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانو دژوارییەکەیدا رێك نییە. لەو میانەدا هەریەك لە "کیرك‌و شارب" ئاماژە ئەوە دەدەن کەئەم بابەتە بەواتایی ((لێکۆڵینەوەو

---

[1] د.کاظم هاشم نعمة، العلاقات الدولية، بغداد، 1979، ص4. هەروەها د.منصور میلاد یونس، مقدمة للدراسة العلاقات الدولية جامعة ناصر، 1991، ص8-12.

دیاریکردنی فاکتەرە سەرەکییە بزوێنەرەکانی سیاسەتی دەرەکی دێت تاکو بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بخوێندرێت))[2].

پێناسەی نوێ سەبارەت بەم بابەتە لەسالانی 1950-1970 دەرکەوتن، لەدیارترین ئەو پێناسانەش ئەفکارەکانی "هانس مورجانثو، کینس تومسن، ستانلی هوفمان، جون بیرتن، جورجی شافنزاروف، ماکیلان، کابلن، فایتل، فرانکل، روز...و هتد". هانس مورجانثو مامۆستای بەناوبانگی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان دەڵێت: ((جەوهەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بریتییە لەسیاسەتی نێودەوڵەتی...وە بابەتی سیاسەتی نێودەوڵەتی بریتییە لەملمالانێ لەنێوان دەوڵەتە سەربەخۆکان لەپێناو بەدەستهێنانی هێزدا))[3].

بەڵام "ستانلی هوفمان" کە لەشەستەکاندا بیروبۆچونەکانی بااڵ بوو دەڵێت، ((مەزرای (حقل) مەعریفی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا واتە فاکتەرو چالاکی کاریگەر لەسیاسەتی دەرەکیو لەهێزی یەکە بنەڕەتییەکانی پێکهێنەری جیهان))[4].

پێناسەی بابەتی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان زۆرن "هولستی" دەڵێت پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دروست دەبێت لەناو ((هەموو کۆمەڵێك لەکیانی سیاسی، هۆز، دەوڵەت، شارستانی، نەتەوە، ئیمپراتۆریەت، کەکارلێکردن بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە

---

[2] ناصيف يوسف حتي، النظرية في العلاقات الدولية، دار الكتاب العربي، بيروت، الطبعة الأولى، 1985، ص8.

[3] ناصيف يوسف حتي، النظرية في العلاقات الدولية، دار الكتاب العربي، بيروت، الطبعة الأولى، 1985، هەمان سەرچاوە، ص8.

[4] د. محمود خلف، مدخل إلى علم العلاقات الدولية، منشورات المركز الثقافي العربي، الطبعة الأولى، 1987، ص66-70.

زیاتر لەگرژیو جۆرێك لە خۆڕێکخستن- الانتظام))[5]. لەهەماکاتدا "مارتن" پێی وایە کەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بریتین لە ((کۆمەڵێك ئاڵۆگۆڕکردن (مجموعه المبادلات) کە لەسنورەوە تێ دەپەڕێت یاخود هەوڵی تێپەڕبوون دەدات))[6].

لەڕوانگەی ئەم پێناسانەوە کەجەخت دەکەونەوە لەسەر سروشتی سیاسیو سنوری هەر دەوڵەتێك دەتوانێت پێناسەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەم شێوەیە بکەین کە بریتییە لە((هەر پەیوەندییەك کەسروشتێکی سیاسی یاخود هەر رووداوێك کەکاردانەوەو شوێنەواری سیاسی هەبێت کەدرێژ دەبێتەوە بۆ ئەو دیو سنوری ئیقلیمی یەکێك لەدەوڵەتان))[7].

هەموو لێکۆڵینەوەکان بەتاییەتی لەسەرەتادا هەوڵ دەدەن کەسروشتی ئەم پەیوەندییانە و بوارەکەی بناسن هەروەك "ئەلفرید زمیرن" ئاماژەی پێداوەو جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ((لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان درێژ بووەوەی زانستی سروشتی لەلایەك و فەلسەفەی ئەخلاقیو لەلایەکی تروە)). [8] لەڕاستیدا سروشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە وا سەیر دەکرێت کەهەوڵدەدات بابەتەکانی پەیوەست بەم لێکۆڵینەوەیە ئاشکرا بکات وە ئایاکاریگەری ئەم بابەتانە چییە لەسەر ڕێڕەوی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان؟. بەشێوەیەکی سروشتی ئەم بابەتانە مێژوو جوگرافیاو یاسایی نێودەوڵەتی و ئابووریو زانستی دەرونی...هتد دەگرێتەوە.

---

[5] د.الحسان بوقنطار ود.عبدالوهاب المعلمي، العلاقات الدولية، سلسلة توصيل المعرفة الدار البيظاء 1985، ص10-11.

[6] د. منصور ميلد يونس، مقدمة لدراسة العلاقات الدولية، جامعة ناصر، 1991، ص11.

[7] د. محمد سامي عبدالحميد، العلاقات الدولية، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، الدار الجامعة للطباعة والنشر، لبنان، بيروت، ص10-13.

[8] جيمس دورتي- روبرت بالستغراف، النظريات المتظاربة في العلاقات الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشو، ص12.

لەلێکۆڵینەوەی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا پێویستە چاوپێخشێنین بەبیروبۆچوونو دیدی قوتابخانە فیکرییە جۆراوجۆرەکاندا کە ئەفکارەکانیان لەجیهاندا بالآبووەو جێگای گرنگی پێدان بووە لەگرنگترین ئەو قوتابخانەش، قوتابخانەی "مارکسیو ئەنگلۆساکسونی و فەرەنسی"ـە.

قوتابخانەی مارکسی بەپشت بەستن بەو ئەفکارانەی کەکارل مارکس، فریدریك ئەنجلس، ڤلادیمیر ایلیچ لینین دەریان بڕیووە، کەپوختەکەشی ئەوەیە کە ((میژووی مرۆڤایەتی هەر لەسەرتاوە تاکو ئێستا بریتی بووە لەمێژووی ململانیی چینایەتی، وە فاکتەری دیاریکراو بۆ ئەمەش بریتییە لەشێوازی بەرهەم هێنان))[9]. لەڕوانگەی ئەم تێگەیشتنەی مارکسییەوە دەتوانین بڵێین کەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بریتیین لەوپەیوەندیانەی کەپشت دەبەستێ لەسەر ململانیی چینایەتی داینەمۆ بۆ مێژوو.

تاکو ئێستاش سەبارەت بەڕێبازی مارکسی پێویستە بوەستن لەسەر قوتابخانەی سۆڤێتی کەدەربڕو گوزارشتکەری لایەنی سەرەکی ئەم بیروبۆوچونەیە، هەروەك "کانتمان" دەڵێت پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بریتیین لە ((کۆمەڵێك لەپەیوەندی سیاسی، ئابووری، ئایدیۆلۆژی، دیبلۆماسی، یاسایو سەرلبازی لەنێوان دەوڵەتاندا. هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئابووریییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکان لەکۆمەڵگادا، وە هێزە سیاسییەکانو رێکخراوەکانو بزوتنەوەکان کەکارلێك دەکەن لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا))[10].

---

[9] دانیال کولار، العلاقات الدولية، ترجمة خضر خضر، بيروت، 1985، ص20.

[10] كانتمان. ق.ي، نظم وتركيب عملية تطور العلاقات الدولية المعاصرة، موسكو، 1984، ص12، باللغة الروسية.

هەروەها قوتابخانەی سۆڤێتی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ڕۆڵی سەرەکی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ((ڕۆڵ بینینی پەیوەندییەکانە لەنێوان دەوڵەتاندا))[11].

ئەگەر سەرنجێکی قۆڵ بدەین لەم قوتابخانەیە دەبینین کەهەموو پێناسەکانی پێشوو کەباسمانکرد ڕۆڵی بزوتنەوە رزگاریخوازەکانو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو ئیقلیمییەکانو هێزە سیاسییە چالاکەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییان فەرامۆش کردووە، بەڵام قوتابخانەی سۆڤێتی بایەخی پێداونو جەخت دەکاتەوە لەسەریان. هەروەها ناتوانین بڵێین کەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تەنها بریتین لەو پەیوەندییانەی کە لەنێوان دەوڵەتە خاوەن سەروەریەکاندا ڕوو دەدات، بەڵکو زۆرجار پەیوەندییە سیاسییەکان ڕێك دەخرێن بەپێی دیسپلین لەنێوان دەوڵەتانو بزوتنەوە رزگاریخوازەکان، یاخود لەنێوانیانداو نێوان حکومەتێك لەمەنفا، ئەمەش ئەتوانرێت لەهەمانکاتدا بەپەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان ناوببرێت.

بەم شێوەیە قوتابخانەی سۆسیالیستی وادەڕوانێتە پەیوەندییە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکان کەبە((جیادەکرێتەوە بەدینامیکیەتێکی بەرز لەچوارچێوەی ڕۆڵی ناچار بەرەو گەشەکردن کەدەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکانو رزگاریخوازەکان دەیگێڕا لەپێکهێنانیدا بۆ کۆمەڵێك دەوڵەتی بێ لایەن))[12].

بەڵام قوتابخانەی ئەنگلۆساکسۆنی سێ ئاڕاستەی بنەڕەتی دەگرێتەخۆ کەبریتین لە: واقیعی کلاسیکی، خستنەڕووی زانستی (طرح العلمي)، لەگەڵ خستنەڕووی وەزیفیو سیستمی. ((واقیعییەت دەگرێتەوە بۆ حاڵەتی سەرەتای، خستنەڕووی زانستی تەرکیز دەکاتە سەر لێکۆڵینەوەی ئاکاری نوێنەرە نێودەوڵەتییەکان، خستنەڕووی وەزیفی شیکاری

---

[11] أندرية غروميكو، القاموس الدبلوماسي، الجزء الثاني، دار العلم، موسكو، 1985، ص206، باللغة الروسية.

[12] أندرية غروميكو، القاموس الدبلوماسي، هەمان سەرچاوە، ص206، باللغة الروسية.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات لەڕێگای لێکۆڵینەوەی ئەو پەیوەندییانەی کە لەنێوان نوێنەرەکاندا دروستی دەبێت))[13].

بەڵام قوتابخانەی فەرەنسی سەرەڕای نوێگەرییەکەی جۆرێك لەلێکۆڵینەوەی سەراپاگیرو راڤەکار بۆ دیاردە نێودەوڵەتییەکان دەکات لەچوارچێوە جۆراوجۆرەکەیدا، لەگرنگترین پێشڕەوانی ئەم قوتابخانەیە "رینوفن، دیروزیل، ریمون ئاردن...هتد"، دیروزیل یەکێك لەوانەیە کەهەوڵیداوە دیاردەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لێکیداوەتەوە، وە لەو وتارەی کە لەساڵی 1952 دا بڵاوی کردۆتەوە دەربارەی ئەم بابەتە نوسیوویەتی ((کەئاڕاستەیەکە بۆ لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەك تایبەتمەندییەکی سەربەخۆ کەهۆشی لێکۆڵیار بەشێوەیەکی روون لێکدەداتەوە بۆ بوونی کۆمەڵێك دیاردەی چۆنایەتی کەمافی ئەوەی هەیە ببێتە بابەتێك بۆ لێکۆڵییەنەوەیەکی تایبەت))[14]. دیروزیل جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کەئەم دیاردانە پەیوەستن بەپەیوەندی نێوان دەوڵەتێك یاخود چەند دەوڵەتێك بەیەکەوە لەهەموو ئاستەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دیموگرافی و رۆشنبیری، هەموو ئەم دیاردانەش ((پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵتییەکان))دروست دەکەن.

لەچوارچێوەی خستنەڕووی ئەو پێناسانە بەشێوەیەکی سەراپاگیرو ورد بۆ پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، دەبین کەقوتابخانەی مارکس لەئەوانەی تر بەڕاستڕو پۆزەتیڤتر دادەنرێت ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێك بوو کەلەوەدا خۆیی دەبینێتەوە کەمارکسیەت وا سەیری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکات کەئەم پەیوەندییانە سەرچاوە دەگرێ لەملمالانیی چینایەتی کەداینەمۆ بۆ میژوو .هەروەها سەرچاوە دەگرێت لەشۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان کەبەشداری دەکەن لەدیاریکردنی ڕێڕەوی پەیوەندییە سیاسییە

---

[13] د.علي شفيق علي العمر، العلاقات الدولية في العصر الحديث، دار نشر المعرفة الرباط 1990، ص10.

[14] دانيال كولار، العلاقات الدولية، همان سەرچاوەی پێشوو، ص26.

نێودەوڵەتییەکاندا، لەمەشەوە دەبینین کەپێناسەی قوتابخانە سۆسیالیستی سەراپاگیرە بۆ تێکرای پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان، هەروەها قوتابخانەی سۆسیالیستی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی کۆمەڵگا فەرامۆش ناکات، بەڵکو بەتەوەرەیەکی تری پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانی لەقەڵەم دەدات. بەم شێوەیە قوتابخانەی سۆسیالیستی تاکە قوتابخانەیە کە دان دەنێت بەبوونی هێزە سیاسیو رێکخراوو بزوتنەوەکاندا، کە لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا کارێك دەکەن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەوە بەمانای ئەوە نایەت کەقوتابخانەکانی تر ڕۆڵیان نەبوو لەم بوارەدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە قوتابخانەکانی تر شتی زۆریان کردوە لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بەڵام ئەوەیە کەبۆچوونی ئەوان تەنها دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان دەگرێتەوو لایەنەکانی تر لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسییەکانی هێزە کاراکانی لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا فەرامۆشکردووە وەك بزوتنەوە رزگاریخوازەکانو هێزە سیاسییەکانو رێکخراوە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان.

بەشی سێهەم

دروست بوونو گەشەکردن پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتی یەکان "چاخی کۆنو ناوەراست"

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەچاخی کۆندا:

لەگەڵ دروست بونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش هاتوونەتە دروست بوون، پاشانیش ئاشنابوونی هۆزو خێڵەکان بەشەڕو ئاشتیو بازرگانی، لێرەوا دەتوانین بڵێین کەمێژووی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، مێژوویێکی کۆنی هەیە هەر لەسەرەتای دروست بوونی مرۆڤەوەیە.

زۆربەی لێکۆڵیارانو زانایانی ئەم بوارە بەتایبەتی رۆژئاواییەکان وای دەبینن کەپەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان هیچ بونیێکیان نەبووە تاوەکو کۆنگرەی وستفالیای سالی 1648 کەبووە هۆی سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان.

بەڵام بۆچوونی تر هەیە سەبارەت بەسەرەتای دروست بوونی ئەم پەیوەندییانە وەك ڕێککەوتننامەی نێوان "رمسیسی دووەم لەگەڵ پاشای حەبەشە لەئاسیای بچووك لەسالی 1278 پ.ز" کەتیایدا ڕێککەوتوون لەسەر ((سەقامگیری ئاشتیو ئاسایش لەنێوان هەردوو دەوڵەتداو هاوپەیمانێتی لەنێوانیانداو پەیماندان بەوەی کەهیچ لایەکیان پەلاماری ئەوی تر نەدات))[1].

---

[1] د. محمد الرويفي، محاضرات في تأرخ العلاقات الدولية، مكتبة المعارف، الرباط، 1975، ص15.

رۆژئاواییەکان پڕوپاگەندەی وا دەکەن کەسەرەتای دروست بوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەڕۆژئاوادا بووە نەک لەڕۆژهەڵات. بەڵام وەک بەڵگە مێژووییەکان دەری دەخەن پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەگەڕێتەوە پێش کۆنگرەی وستفالیا بەچەندەها ساڵ، وە دروست بوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەوڵاتی میزۆپۆتامیا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (3000) ساڵ پ.ز.

وەک باسمانکرد پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەگەڕێتەووە بۆ سەرەتای دروست بوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەڵام ئەم پەیوەندییانە وەستابوون لەسەر جەنگ و پەلاماردانو فراوانخوازی وەناتوانرێت هەرگیز بەراورو بکرێت لەگەڵ پەیوەندییە نێودەوڵەتییە جێگرو بەردەوامەکانی نێوان دەوڵەتان لەچاخی نوێدا چونکە کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان یاخود یەکە سیاسییەکان لەوکاتەدا وەک ئێستا دەرنەکەوتبوون.

چاوخشاندنەوە بەمێژووی کۆندا دەبینین کەچەندین جەنگ و پەلاماردانی یەک لەدوای یەک لەنێوان پاشاو ئیمپراتۆریەتەکاندا رووبداوە لەجیهانی کۆندا وەک میسریە کۆنەکانو ئاشوریو بابلیو فینیقیو فارسیو گریکەکان... هتد.

لەگەڵ ئەوەشدا لەچاخی کۆندا بەتایبەتی لەسەردەمی فرعەونەکاندا، فرعەونەکانی میسر پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتەکانی دراوسێیاندا هەبووە، هەروەها پەیڕەوی سیاسەتێکی دەرەکییان کردووە کەوەستابوو لەسەر پرەنسیپی هاوسەنگی هێزەکان. هەروەها توانیوویانە پەیماننامە لەگەڵ حەبەشییەکاندا مۆر بکەن کەپرەنسیپی ئاشتی هەمیشەییو پرەنسیپی هاوپەیمانی بەرگری لەنێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا دەگرتەخۆ دژی هەر دوژمنێکی دەرەکی.

لەدزێوترین نموونەکانی جەنگ لەجیهانی کۆندا ململانی نێوان ڕۆماو قرتاجە بوو لەپێناو زاڵ بوون بەسەر حەوزی دەریای سپی ناوەڕاستدا، هەر یەکەیان هەوڵی داوە بیخانە ژێر سەروەرێتی خۆیەوە. بەڵام سەبارەت بەئاشوورییەکان نموونەیەکە لەوەخشیگەرێتیو تووندوتیژی

لەجەنگەکانیاندا، هەموو پەیوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ نەتەوەکانی تردا ڕەت دەکردەوە، بەم شێوەیە دەکرێت بڵێین کەسیاسەتی دەرەکیان وەستابوو لەسەر بیرۆکەی دەستبەسەراگرتنو دیکتاتوری. هەمان حاڵەتیش سەبارەت بەڕۆمانییەکان لەپەیوەندییەکانیان لەگەڵ نەتەوەکانی تردا وەستابوو لەسەر بنەمای جەنگو دوژمنایەتی هەمیشەیی ئەمانە هەمیشە بەچاوێکی داگیرکارو دوژمنکارانەوە سەیری بەرامبەرەکەیان دەکرد.

بەڵام پەیوەندی لەنێوان شارستانێتییەکانی یۆنانی دەتوانرێت بەجۆرە سەقامگیریو ڕێکخستنێك وەصف بکرێت بەتایبەتی لەکاتی ئاشتیدا پەیوەندی ئەمان دەوەستا لەسەر پەیمان بەستنو ئاڵوگۆڕی نێردراوی دیپلۆماسی کاتی، هەرکاتێکیش ناکۆکی بکاوتایە نێوانیان لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی تردا ئەوا پەنایان دەبردە بەر ناوبژیوانیو چارەسەرە ئاشتییانە هەروەك لە((ڕێکەوتننامەی ئاشتی نێوان ئیسپارتەو رجوس دا هاتوو. کەلەساڵی470پ.ز دا مۆرکراوە))[2].

بەڵام سروشتی پەیوەندی ڕۆمانییەکان جیاواز بوو بەوەی کەئیمپراتۆری ڕۆمانی بەکار هێنانی هێزی لەپەیوەندییەکانیدا لەلا باشتربوو لەڕێگای دبلۆماسی، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی تەنها لەو کاتەدا پەیماننامەی مۆر دەکرد لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا ئەگەر ئەو دەوڵەتە لەو بەهێز تربوایە. بەڵام پەیوەندی ڕۆما بەدەوڵەتە سەربەخۆکانی حەوزی دەریای سپی ناوەراست، تاڕادەیەك نزیکە لەپەیوەندی نێوان شارستانێتییەکانی یۆنان، واسەیری پەیماننامەکانی دەکرد کە((پەیمانێکی مۆرکراوە لەسایەی یاسایەکی تایبەتی دا، بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانی پەنای دەبردەبەر ئەو شێوازە وەك ڕێکەوتننامەی ئاشتیو ئاگر بەستو پەیماننامەی وەستاندنی شەڕو کوشتار))[3].

---

[2] جورج سباين، تطور الفكر السياسي، ترجمة حسن جلال العروسي، الطبعة الثانية مصر، 1954، ص53.

[3] فايز صالح أبو جابر، التأريخ السياسي الحديث والعلاقات الدولية الأردن، 1989، ص86.

رۆمانییەکان دوای ئەوەی زاڵ دەبوون بەسەر هەر نەتەوەیەك یاخود هەر مەملەکەتێك ، دەیخستنە سەر ئیمپراتۆیەتەکەیو دەبوایە ملکەچی دەسەڵاتو حوکمی رۆمانییەکان بن لەگەڵ ئەوەشدا دانی دەنا بەیاسا ناوخۆییەکانی نەتەوە ژێر دەستەکە بۆ رێکخستنی ئیشوکاری رەعیەتەکان ئەمەش بەمەبەستی فراوانکردنی دەسەڵاتی ئیمبراتۆرو پتەو کردنی بنەماکانیو سەروەریی یاسا بوو.

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەچاخی ناوەڕاستدا :

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەدەکانی ناوەراستدا لەدوای رووخانی ئیمپرتۆریەتی رۆمانی رۆژئاوا لەساڵی 476 زاینی دەستی پێکرد تادەست بەسەراگرتنی "محەمەد فاتیح" بەسەر قوستنتینییەی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی رۆژهەڵات لەساڵی 1453 زاینی دا.

هەیکەلی سیاسی لەوکاتەدا جیا دەکرایەوە بەسەروەرێتی سیستمی فیودالی کەبەپارچە پارچە کردنی دەسەڵاتی سیاسی لەنێوان تیرەو هۆزەکاندا ناسرا بوو، لەم شێوازی دەسەڵاتەدا حکومەتێکی ناوەندی نەبوو تابتوانی پارێزگاری لەئەمنو ئاسایشی ڕژێم بکاتو دەسەڵاتو نفوزی خۆی بەسەر هەموو بەشەکاندا بسەپێنێ، هەروەها شانشینێکی فیودالی نەبووە کاری سەروەرێتی خۆی بکات لەناوخۆو دەرەوەدا، بۆ نموونە لەناو خۆدا دەسەڵاتێکی باڵای ناوەندی نەبوو، لەدەرەوەشدا پاشا نەیدەتوانی دەربری خواستو ئیرادەیەکی یەکگرتووی مەملەکەتەکەی بێت بەرامبەرمەملەکەتەکانی .

بەڵام نابێ ئەوە لەیاد بکەین کەئایین ڕۆڵێکی گەورەی بینیووە لەگەشەپێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بۆ نمونە ئاینی مەسیحی توانیویەتی کە هەموو یەکە سیاسییە جیاوازەکان لەیەك یەکەی سیاسیدا کۆبکاتەوە، لەم یەکەیەشدا کەنیسە هەژموونێکی

تەواوی هەبوو بەسەر هەموو مەمالیکەکانی رۆژئاوادا، کەتیایدا نیمچە سیستمێکی نێودەوڵەتی بنیاتبنێ وەك ئامرازی کۆنترۆڵ بەسەریدا، وەلەم کاتەدا پاپا خۆی ئیعلانی ئەوە کرد کە سەرۆکی ئەم جیهانەیە و ((هەردوو دەسەلاتی روحی و زەمەنی دەگرێتە دەست))[4].

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەو سەردەمەدا واتە لەچاخی ناوەڕاستدا بەوە جیا دەکرێتەوە کەپرۆسەیەکی دووفەقایە لەهەردوو دەسەلاتەکەدا، پاپا سەرۆکایەتی ئەم دەسەلاتانەی دەکرد دەسەلاتی یەکەی سیاسی و دەسەلاتی یەکەی کۆمەڵگای جیهانی مەسیحی، ئەمەش ناو دەبرا بەکۆماری مەسیحی (الجمهورية المسيحية).

لەم سەردەمەدا مەسیحییەت داوای نەهێشتنی کوشتارو خۆین رشتنی دەکرد، هەوڵی دەدا ئاشتییەکی مەسیحی بەسەر جیهانی رۆژئاوادا بنیاتبنێ و جیگری بکات.

چاخەکانی ناوەراست کۆمەڵێك ڕێساو بنەمای نێودەوڵەتی ناسیووە وەك پەیماننامەو ڕێکەوتننامەو گیروگرفتەکانی سنورو ئاگربەست هەروەها پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان جیا دەکرێتەوە بەسەرکەوتنی پاپاو ئیمپراتۆر. لەو ناوەندەدا پەیوەندی فەرمانڕەوا مەسیحییەکان وەستابوون لەسەر بنەمای سیستمی فیودالی.

پێویستە لێرەدا ئەوە بڵێین کەئەم هەیکەلە سیاسییە هیچ شێوازێکی نێودەوڵەتی وەرناگرێت مادام جیهان پێکهاتبێت لەیەکێتییەك کەئەویش کۆماری مەسیحییە. هەروەها ئاشتی مەسیحی سەرنەکەوتو کۆمەڵێك دەوڵەتی هاوچەرخ سەریانهەڵدا ئەمەش لەئەنجامی جەنگو قەسابخانەکانەوە بوو بەمەبەستی گرتنەدەستی دەسەلاتی سیاسی و بەهێز کردنی.

---

[4] د. محمد الرويفي، محاضرات في تأرخ العلاقات الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص19.

وەتا دەرکەوتنو سەرهەڵدانی دەوڵەتە هاوچەرخە خاوەن سەروەرێتیو دامەزراوەکان لەسەر بنەمای بیرۆکەی نەتەوایەتی نەتوانرا کۆنترۆڵ بەسەر ئەو سیستمەدا بکرێت.

پوختەی قسە ئەوەیە کەدەکرێت بڵێین ئاینی مەسیحی ڕۆڵێکی کاریگەرو جەوهەری بینیووە لەدروستکردنی پرەنسیپی ئەخلاقی نێودەوڵەتیو بنەمای یاسای نێودەوڵەتی. ئامانجی ئەم بنەمایانەش ڕێکخستنی پەیوەندییەکان بوو لەنێوان دەوڵەتاندا.

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەچاخی ئیسلامدا:

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەوڵ دەدات بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتیو پتەو کردنی گیانی هاریکاری لەنێوان نەتەوە جیاوازکانی جیهاندا، لەگەڵ ئەوەدا ئاینی ئیسلام، ئاینی ئاشتیو ئازادیو برایەتیو یەکسانییە. لەبەر ئەو ئیسلام بانگەشە بۆ بیرۆکەی نێودەوڵەتیو ئەو بنەمایانە دەکات کەیاسایی نێودەوڵەتی لەسەر وەستاوە. ئەمەش بەواتەی ژیانی دیموکراتیو یەکسان دێت لەنێوان نەتەوە بچووکو گەورەکاندا، وەهەوڵدانی دەوڵەتان بۆ بەدێهینانی هاریکاریو برایەتیو پتەو کردنی گیانی ئاشتی خوازیو نەهێشتنی شەڕو ناکۆکی.

بەدەرکەوتنی ئیسلامو پێکهێنانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی، ئەوروپییەکات بەهەڕەشە بۆسەر خۆیانو سەروەرێتی مەسیحییان دەزانی. ئەمەش ڕوداوێکی نوێ بوو کە لەمێژووی پەیوەندییە نێودەوڵتییەکاندا دەرکەوت.

زانایانی ئیسلام لێکدانەوەی جیاوازیان هەبووە بۆ پەیوەندی نێوان مسوڵمانەکانو ئەوگەلانەی کەمسوڵمان نین، هەندێکیان ئەڵێن کە(پەیوەندی نێوان نەتەوەی ئیسلامو ئەو

نەتەوانەی کەئیسلام نین وەستاوە لەسەر بنەمای جەنگ و خۆپن ڕشتن))[*]. هەندێکی تر دەڵێن ((پەیوەندی نێوان نەتەوەی ئیسلام و نەتەوە نائیسلامیەکانوەستاوە لەسەر بنەمای ئاشتیخوازانە))[**]. وەئیسلام ڕێگای قەناعەتی پێ باشترە لەتووندوتیژی. ئێمە لێرەدا ڕای دووەمان لاپەسەندترە چونکە ئیسلام پەنا نابات بۆ کۆشتنی هیچ مرۆڤێك تەنها لەبەر ئەوەی کەئیسلام نییە.

ئیسلام تێڕوانینێکی تایبەتی هەیە لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، لەبەر ئەوەی ئیسلام بەهەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوە، بەڵکو لەناوچەیەکی جوگرافیای دیاریکراودا سەقامگیر بووە، سەرەڕای ئەوەی کەلەڕۆژهەڵاتەوە درێژ بۆتەوە بۆ هندو چینو لەڕۆژئاوادا بۆ ئەندەلوسو ڕۆژئاوایی ئەوروپا. گەشەکردنی ئەم ئایینەش بووە هۆی بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسلامی کەلەدروست بوونیدا پشتی بەستووە بەیەکێتییەکی ئاینی بەبێ ڕەچاو کردنی جیاوازی کەسەکان لەزمانو ڕەگەزیاندا، ئەم یەکێتییەش ناسراوە بەنەتەوەی ئیسلام یاخود خانەی ئیسلام.

دوای گەشەکردنی پەیوەندی نێوان گەلانی مسوڵمانو ئەوانی تر، ئامڕازەکانی گواستنەوەو گەیاندنیش گەشەی کرد لەنێوان مەمالیكو هۆزەکاندا. ئەم پەیوەندیانەش تەنها بواری ئالوگۆڕی بازرگانی نەگرتەوە ((بەڵکو گەیشتە ئەو بوارانەی کەهەلومەرجی جێبەجێکردنی سیاسەتی نوێ دەیانگرێتەوە کەوەستا بوو لەسەر بنەمای ئاشتی نەك لەسەر تووندوتیژی))[5].

---

[*] ﴿ وقاتلوا المشركين كافة كما يقاتلونكم كافة﴾، سورة التوبة آية (36)، كذالك روى عن النبي ((أمرت أن أقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلا الله)).

[**] ﴿ من قتل نفسا بغير نفس، أو فساد في الأرض فكأنها تقتل الناس جميعا﴾ سورة المائدة، الآية (32).

[5] السفير محمد التابعي، السفارات في الإسلام، القاهرة 1988، ص41.

ئیسلام هەمیشە داوای گرێدانی پەیماننامەو رێککەوتنامەی کردوە، بەم پێیە مسوڵمانان ژمارەیەکی زۆر پەیماننامەو رێککەوتنامەیان مۆر کردو. لەگرنگترین ئەو رێککەوتنامانە (پەیماننامەی ئەستۆپاکی) هەروەها پەیماننامەی هاوپەیمانێتیو پەیماننامەی بازرگانی. هەروەها موسڵمانان بەوە ناسراون کەسوورن لەسەر پارێزگاری کردن لەپەیماننامەکانو پابەند بوون بەرێکەوتنامەکانیانەوە کەلەگەڵ دەوڵەتو نەتەوە نامسوڵمانەنەکاندا کەمۆریانکردووە. هەروەها ئیسلام پرەنسیپی پەنابردن بۆ هێزی رەتکردۆتەوەو داوای رێزگرتن دەکات لەئاینەکانی ترو ئازادی بیرو باوەڕ وە بانگەوازەکەشی بەند بوو لەسەر بنەمای بیانوو و قەناعەتکردنو دیالۆگ (الحجه والاقناع والحوار). بەڵام بەنیسبەت پەیوەندی موسڵمانەکان بەدەوڵەتانی ترەوە بیرمەندانی ئیسلام جیاوازی دەکەن لەنێوان خانەی ئیسلام کەبە دەوڵەت یاخود دەوڵەتانی ئیسلام دەوترێ. خانەی جەنگ واتە ئەو دەوڵەتانەی کەگەلەکانیان مۆسڵمان نین. ئەم جیاوازییە بەواتای ئەوە نایات کەنەتەوەی ئیسلام سروشتێکی دوژمنکارانەی هەیە یاخود لەحاڵەتی جەنگدایە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کەئیسلام نین، بەڵکو بنەمای پەیوەندی نێوان خانەی ئیسلامو خانەی جەنگ بریتییە لە ((ئاشتییەکی بەردەوام ئەگەر فاکتەرێك نەبێت بۆ جەنگ))[6]. شەریعەتی ئیسلام ڕێگا دەدات لەسەر بنیاتناتی پەیوەندی لەنێوان گەلانی ئیسلامو گەلای نا ئیسلام هەروەها ئالۆگۆڕ کردن هەموو شێوازەکای مامەڵەو پەیوەندی دیپلۆماسیو نێودەوڵەتی لەگەڵیاندا.لێرەدا دەبینین کەخانەی سێهەم هەیە کەئەویش بریتییە لە(("العهد" کەخەڵکەکەی پەیمانی ئاشتییان لەنێوان خۆیانو مسوڵمانەکاندا بەستبوو، وەلەسەر زەویو زارەکانیان خەراجیان دەدا بەبێ ئەوەی ئازادیان لێ زەوت بکرێت))[7].

---

[6] د.صلاح الدين عامر، قانون التنظيم الدولي، الطبعة الثانية دار النهضة العربية، القاهرة، 1984، ص82.

[7] د.علي محمد شمبش، العلوم السياسيية، الدار الجماهيرية لنشر والتوزيع والإعلان، الطبعة الثانية، طرابلس، 1988، ص321.

بەشی چوارەم

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەدەی نۆیەو هاوچەرخدا

باسی یەکەم

پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان تاجەنگی یەکەمی جیهانی

سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی فیودالّی و نزیك بوونەوەی چاخی ناوەڕاست بەرەو کۆتای هاتنی لەئەوروپادا، سەرەتای سەرهەڵدانو دەرکەوتنی دەوڵەتە نەتەوایەتییە هاوچەرخەکان بوو، ئەم دەوڵەتانەش بەوە جیادەکرانەوە کەدەسەلاّتێکی سەر بەخۆی تەواویان هەبوو بەسەر هەرێمەکانیانو بەسەر ئەو دانیشتوانەی کە لەچوارچێوەی ئەو هەرێمانەدا نیشتەجێ بوون. ئەوگۆڕانەش بۆ یەکەمجار بووە هۆی دەرکەوتنی دەوڵەتە نەتەوایەتییەکانی وەکو ئینگلتەرەو فەرەنسا، ئیسپانیا، پرتوگال، سوید، نەرویج، دانمارك، پولندە، روسیا، وە هەتا ساڵی1500 هیچ دەوڵەتێکی نەتەوەی لەسەر نەخشەی ئەوروپا دەرنەکەوتبوون. جگە لەولایەتەکانی ئەڵمانیاو هەندێ لەهەرێمەکانی باکوری ئیتالیا کەملکەچی دەسەلاّتی ڕەسمی ئیمپراتۆرو پاپای کەنیسەی کاسۆلیکی بوون.

لەهەمانکاتدا ئەو ئاشتییەی کەماوەیەکی زۆر بالّیکێشابوو بەسەر چارەکێکی کیشوەری ئەوروپادا بەرەو نەمانو هەڵێران دەڕۆیشت ئەمەش بەهۆی زۆری هێزە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی لەژێر کاریگەری بەرەنگار بوونەوەی ئایینی

کەسەریهەڵدا لەنێوان کاسۆلیکەکان بەسەرۆکایەتی ئسپانیاو بروتستانتەکان بەسەرۆکایەتی فەرەنساو گۆرانی ئەم رووبەڕووبوونەوەو لێکدانانەش بۆ (جەنگی زروس) کەناو دەبرا بەجەنگی سی سالّە کەسالّی 1618 دەستی پێکردو سالّی 1648 کۆتای پێهات، بەهۆی ئەو هەوڵو کۆشتانەی کە لەو ماوە دورو درێژەدا سەرفکران بۆ نەهیشتنی جەنگو نزیك بوونەوەی هەڵوێستو بۆچوونی وڵاتە دژبەیەکەکان بووە هۆی مۆرکردنی پەیماننامەی ئاشتی کەناسراوە بە"پەیماننامەی وستفالیا"، کەبۆ یەکجار بووە هۆی دارشتنی بنەماکانی سیستمی نێودەوڵەتی هاوچەرخ.

کۆنگرەی وستفالیای سالّی 1648 بەخالّی وەرچەرخانی مێژوویی دادەنرێت لەپەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا، چونکە ئەم کۆنگرەیە بەنیسبەت ئەوروپاو رۆژئاوا دادەنرێت بەخالّی دەستپێکردن بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای نوێو هاوچەرخ.

لەگرنگترین ئەو بڕیارانەی پەیماننامەی وستفالیا کەپەیوەستە بەڕێکخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە(1)، بریتین لە:

1-ئەم پەیماننامەیە دادەنرێت بەپەیماننامەی کراوە کەلەدوایدا ناسرا بە"دیپلۆماسیەتی کۆنفراس" کەجۆرێك لەبەیەك گەیشتن لەنێوان پاشاو فەرمانڕەواکان بۆ ئالوگۆڕ کردنی بیرو بۆچونەکانیان لەخۆ دەگرێت، ڕێککەوتنی وستفالیا دەرەنجامی یەکەم کۆبوونەوە بوو کەلەنێوان پاشاو فەرمانڕەواکاندا بەسترا.

---

(1) د.عدنان طه مهدي الدوري، العلاقات الدولية المعاصرة، منشورات الجامعة المفتوحة، دار النسيم والشركة العالمية للطباعة والنشر، لبنان، بيروت، 1992، ص16.

2-بڕیاری پەنسیپی یەکسانی دا لەنێوان دەوڵەتان بەبێ ڕەچاو کردنی سیستمی ناوخۆو سیستمی ئاینییان. ئەم پەیماننامەیە دەدانرێت بەهەنگاوی یەکەم لەجێگیر کردنو چەسپاندنی عیلمانیەتی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان.

3-بڕیاری دا کەنێردراوی دیپلۆماسی هەمیشەی جێگای نیردراوی دیپلۆماسی کاتی بگرێتەوە ئەم بریارە لەدوایدا بووە هۆی چەسپاندنی بنەماو ڕێساکانی دیپلۆماسی وەك حصانات‌و ئیمتیازاتی تایبەت بەپیاوانی سلکی دیپلۆماسی کەلەوەوێش بوونی نەبوو.

4-بڕیاری بیرۆکەی هاوسەنگی هێزیدا لەنێوان دەوڵەتانی ئەوروپا بەو ئیعتیارەی ڕێگایەکە بۆ پاراستنی ئاشتی، ئەمەش بۆ بەرپەرچی ئەو دەوڵەتانەی کەهەوڵدەدەن بۆ فراوانخوازی لەسەر حسابی دەوڵەتانی تر، وەهەوڵدان بۆ ڕێگرتن لەو فراوانخوازییە بۆ ئەوەی هاوسەنگی هێزەکان لەنێوان دەوڵەتاندا تێك نەچی.

بەم شێوەیە سیستمی نێودەوڵەتی کەلەسەر بنەماکانی پەیماننامەی وستفالیا دارێژراوە هەموو دەوڵەتانی جیهانی نەگرتەوە، بەڵکو ((پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تەنها لەنێوان ئەو دەوڵەتانەدا دروست دەبوو کەدەوڵەتی خاوەن سەروەرێتین لەبەر ئەوە هیچ کام لەهەیئتەکان‌و کۆمەڵەکانی نەدەگرتەوە کەبنەماکانی دەوڵەت‌و تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتیان تیانییە هەر چەندە ڕۆڵیان هەبێ لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیشدا))[2].

بەواتایەکی ڕونتر تەنها دەوڵەت بەتەنها دەیتوانی بێتە ڕەگەزێکی کارای نێودەوڵەتی‌و بریتی بوو لەتاکە لایەن لەدروستکردنی پەیوەندی نێودەوڵەتیدا لەسەر ئەم بنەمایەش مرادف بوو بۆ پەیوەندی نێوان دەوڵەتان.

ئەو ئاشتییەی کەپەیماننامەی وستفالیا بەدەستی هێنا لەسەر پرەنسیپی هاوسەنگی لەهێزەکاندا ئەو ئاشتییە نەبوو کەئیمپراتۆریەتی ڕومانی دەیسەپاند بەسەر گەلانی ژێر

---

[2] د.أحمد عباس عبدالبديع، العلاقات الدولية، أصولها وقضايا المعاصرة، القاهرة، 1988، ص25.

دەستی دا. هەروەها ئەو ئاشتییە مەسیحییە نەبوو کەکەنیسە دەیسەپاند بۆ پاراستنی پاشاو فەرمانڕەواکان، بەڵکو ئەو ئاشتییە بوو کەفەرنسا هەنگاوی بۆ دنا بۆ بنیاتنانی هاوپەیمانییەك لەگەڵ دەوڵەتاندا تاکو زاڵ بێت بەسەر ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیداو بەدیهێنانی یەکسانییەکی هەمیشەی لەهێزدا لەنێوان دەوڵەتە گەورەکاندا، بەو شێوەیەی نەیدەهێشت هیچ دەوڵەتێك بگاتە ئاستێکی بەرز لەهێزدا تاکو بتوانێت بەهۆییەوە هەڕەشە بکاتە سەر دەوڵەتە سەر بەخۆکان یاخود دەوڵەتانی تر...

بەم شێوەیە بووە هۆی زامنکردنی سەقامگیری لەپەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانداو بلاوبوونەوەی ئاشتیو ئاسایش لەنێوان دەوڵەتاندا. بەم واتایە هاوسەنگی نێودەوڵەتی بنەمایەکی سەرەکی بوو کەپەیوەندی سیاسییە نێودەوڵەتییەکانی لەسەر دەڕۆیشت تاکو جەنگی یەکەمی جیهانی کەچەمکی ئاسایشی بەکۆمەڵ وەك بنەمایەك بۆ پاراستنیو چەسپاندنی ئاشتیو ئاسایشی جیهان جێگای گرتەوە.

لەکۆتایدا پێوستە ئەو بڵێین کەپەیماننامەی وستفالیا کۆتای چەرخێك بوو لەمێژودا ناودەبرا بەچاخی ریفۆرمی ئایینی، بەم شێوەیە باوردۆخی ئاینی ڕووبۆوەو توانی زاڵ بێت بەسەر هیوای ریفورستە سەرەتاییەکاندا لەتێکشکاندنو ڕوخاندنی کاسۆلیکییەتی تر ڕۆمانی کەلەڕۆما پەیڕەوی دەکرا، هەروەها بزوتنەوەی شۆرشگێری دژە ریفوریستەکان (حركة الثورية الآصلاحية المضادة) بەهەمان شێوە شکستیهێنا لەسەر نوێ گەڕانەوەی وەلائی ڕەها بۆ پاپاو کەنیسەی ڕۆما.

هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێین ئەم پەیماننامەیە بووە هۆی ئەوەی ((هەر دوو ڕێبازی کاسۆلیکیو پرۆتستانی لەئەوروپادا شان بەشانی یەکتر پەیڕەو بکرێنو پرەنسیپەکانی لێبوورونی ئاینی لەلایەن دەوڵەتە پێشکەوتوەکانەوە بسەپێنرێ بەسەر ڕەعیەتەکانیاندا))[3].

---

[3] د.عبدالحميد البطريق ود.عبدالعزيز نوار، التأريخ الأوروبي الحديث من عصر النهضة إلى مؤتمر ظيننا، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، لبنان، بيروت، بدون تأريخ، ص180.

ئەوروپا بۆ ماوەیەك سەقامگیری بەخۆیەوە بینی، بەڵام فەرەنسا هەوڵی دەدا بۆ فراوانکردنی سنوری دەسەڵاتی خۆی لەسەر حسابی دەوڵەتە دراوسێکانی، بەبێ ڕەچاوکردنی پرەنسیپی هاوسەنگی هێز کەپەیمانی وستفالیا بڕیاری لەسەر دابوو، لەبەر ئەوە هاوپەیمانییەك لەلایەن دەوڵەتانی دراوسیی فەرەنساوە پێك هات دژی فەرەنسا کەبووە هۆی جەنگێکی درێژ خایەن، ئەم جەنگەش بەپەیماننامەی (ئوترخت)ی سالّی 1713 کۆتای پێ هات، ئەم پەیماننانەیەش بەمەبەستی سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی ئەوروپا بوو لەسەر بنەمای بیرۆکەی هاوسەنگی هێزەکان.

پەیماننامەی (ئوترخت) سەرەتای سەدەیەکی نوێ بوو کەکۆتای هێنا بەو زنجیرە جەنگەی کەفەرەنسا هەوڵی دەدا کۆنترۆڵ بکات بەسەر هەموو ئەوروپادا ئەو مەترسییەی بۆ ماوەیەکی زەمەنی دورو درێژ نەهێشت. بەمەش فەرەنسا نەیتوانی هیچی لێدەست بکەوێت تەنها دانانی "فلیپی پێنجەمی نەوەی لویس " نەبێت وەك پاشایەك بۆ ئیسپانیا وازهێنانی فەرەنسا لەسەر هەوڵەکانی بۆ پەلامارداندو داگیرکردنی بەلجیکا. هەروەها بەریتانیا لەجەنگ هاتەدەرەوە وەك دەوڵەتێکی گەورە، بەڵام دوای دەست بەسەراگرتن بنکەی جبل تاریق بەریتانیا بووە گەورە ترین هێز لەدەریای سپیی ناوەڕاستدا. دوای ئەمانەش کۆمەلێك روداوی گەورە ڕویاندا وەك: پەرەسەندنی دەسەڵاتو هێزی ڕوسیاو دەرکەوتنی لەسەر شانوی نێودەوڵەتی، ڕاگەیاندنی سەر بەخۆی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەسالّی 1776، هەروەها پەڕپابوونی شۆرشی فەرەنسا لەسالّی 1789و ڕاگەیاندنی پرەنسیە بەناوبانگەکانیو بیرۆکەی مافی هەموو نەتەوەیەکە بۆ هەڵبژاردنی هەر جۆرە سیستمێکی دەستوری کەخۆی ئارەزوی دەکات.

پرەنسیپەکانی شۆرشی فەرەنسا ڕاگەیاندنیکی ڕوونو ئاشکرا بوون بۆ هەرەشە کردن لەسیستمە سیاسییەکانی وڵاتانی دراوسێ، لەبەر ئەوە هەموو پاشاو فەرمانڕەواکان ڕووبەڕووی ئەم شۆڕشەو پرەنسیپییەکانی وەستانەوە.

لەدوای هەموو ئەم ڕوداوانە دەوڵەتان کۆبونەوە لەکۆنگرەیەکی نوێدا لەساڵی1815 لە"ڤیەننا" بۆ سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان لەنێوان خۆیاندا. ئامانجەکانی ئەم کۆنگرەیە لەبنەڕەتدا خۆی لەم دوو ئەرکەدا دەبنێیتەوە.

((**یەکەم:** بەدی هێنانی هاوسەنگییەکی ڕێژەیی لەنێوان دەوڵەتە گەورەکانی ئەورووپادا. **دووەم:** سەرکوتکردنی ئەو ڕەوتە فیکریە ئازادانەی کەشۆڕشی فەرەنسا بڵاوی کردبوونەوە))[4].

جەنگەکانی ناپلیۆنو شۆڕشی فەرەنسا زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ کۆمەڵگای ئەورووپا کەبووە هۆی فراوانخوازی فەرەنسا، لەبەر ئەوە ڕێکخستنەوەو ڕێککردنی ئەو بارودوخە زۆر پێویست بوو بۆ ئەو مەبەستە کۆنگرەی "ڤیەننا" لە1814/9/13دا دەستی پێکردو تا یونیوی 1815ی خایاند، مەبەستی سەرەکی ئەم کۆنگرەیە گەڕانەوەی پرەنسیپەی هاوسەنگی ئەورووپا بوو بۆ پێش شۆڕشی فەرەنسا.

لەگرنگترین ئەو بڕیارو پرەنسیپانەی کەئەم کۆنگرەیە دەریکردن بریتن لە[5].

1 -بڕیاری دا بۆ نوێ کردنەوە پرەنسیپی هاوسەنگی هێزو گرتنە بەری ئیجرائاتی فعلی بۆ جێبەجێکردنی ئەوە[*].

---

[4] د.علي شمبش، العلوم السياسية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص302.

[5] د.عدنان طه مهدي الدوري، العلاقات الدولية المعاصرة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص18.

[*] کۆنگرە بڕیاری دا بەگەڕانەوەی پاشایەتی پروسیاو نەمسا هەروەها سویدو نەرویج یەکێتییەکی فعلیان پێکهێنا، هەروەها لکاندنی بەلجیکا بەهۆڵەنداوە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی بەهێز کەوەک بەربەستێك بوەستێ لەدژی فەرەنسا، لەکۆتایشدا پۆڵۆنیا لەنێوان روسیاو نەمساو پروسیادا دابەشکرا.

2-بڕیاری پەرلەمانی (المشروعیە)یدا واتە سەر لەنوێ گەڕانەوەی پاشاکان بۆ سەر تەختی پاشایەتی، بەو پێیەی کەکۆنگر وا گوزارشتی دەکات کەئەو مافە ڕەوایەو پێویستە بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان.

3-بڕیاری لەسەر پەرلەمانی بێلایەنی هەمیشەی دا، بەپێی ئەم پەرلەمانە سویسرا کەوتە حاڵەتێکی بێلایەنی هەمیشەییەوە.

4-بڕیاری پەرلەمانی ئازادی دەریاوانیدا لەدەریا نێودەوڵەتییەکاندا.

5-ڕێکخستنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەنێوان دەوڵەتاندا، دانانی بنەماو ڕێسا بۆ ئەوەو بۆ ڕیزبەند کردنی نوێنەرە دیپلۆماسییەکان.(**)

6-قەدەغەکردنی بازرگانی کۆیلە.

کۆنگرەی (ڤیەننا) بەقۆناغێکی نوێ دەژمێردرێت لەگەشەسەندنی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەم کۆنگرەیە گەشەکردنێکی چۆنایەتی تۆمارکرد لەبڕیارەکاندا کەهەموویان ڕەنگدەداتەوە لەبڕیاری هاوسەنگی نێودەوڵەتی کەبووە هۆی سەقامگیریو ئاسایش لەئەورووپادا، ئەندازیاری بەستنی ئەم کۆنگرەیە "میترنخ" بوو چونکە دەترسا لەوەی کەبڵێسەی شۆرشە نەتەوەایەتییەکان بگاتە وڵاتەکەی لەبەر ئەوەی وڵاتەکەی کۆمەڵێك لەرەگەزی جیاوازو نەتەوەی جۆراو جۆری لەخۆگرتبوو ئەمەش زیاتر دووچاری ڕاپەرینی نەتەوایەتی دەکرد.

(**)کۆنگرە ڕێککەوتن لەسەر پرۆتۆکۆلێك بەمەبەستی ریزبەندکردنی نێردراوە سیاسییەکان بەم شێوەیە: 1-باڵوێزەکان (السفراء) 2-لیگا (نوێنەری پاپا) 3-نێردراوەکان(المرسلون) 4-وەزیری سەرپشك کراو (الوزاراء المفوضون) 5-هەڵوسڕێنەری کاروبار (القائم بالأعمال).

بۆ پتەوکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان "ڕوسیا، پروسیا، نەمسا، بەریتانیا"، ڕێککەوتن لەسەر بنیاتنانی جۆرێکی نوێ بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کەبریتی بوو لەپێکهێنانی پەیمانی پیرۆز (الحلف المقدس)بۆ پارێزگاریکردن لەئاشتی ئەورووپاو ئاشتی هەموو جیهان بەگشتی. هەروەها بڕیاری دەستێوەردانی سەربازیدا بۆجێبەجیکردن ئەم ئامانجە ئەگەر پێویستی کرد.

کۆنگرەی ڤیەننا توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنی لەجێبەجێکردنی ئامانجەکانی، ئەم سەرکەوتنانەش تاسەر نەدەمانەوە بەهۆی شۆڕشە نەتەوایەتییەکانەوە بەتایبەتی لەئەڵمانیا و نەمسا بەجۆرێك کەولایەتەکان دووچاری لێکهەڵوەشاندنەوەو لەناوچوون دەبوون، بەهۆی نەتەوەو ڕەگەزە هەمەجۆرەکانەوە وەك سەقالیەو مەغولو جرفان هتد. وە ڕێکخراوێك نەبوو لەبەردەم بزوتنەوە نەتەوایەتییە هاوچەرخەکاندا کەهەموو ولاتانی هوڵەندا، بەلجیکا، فەرەنسا، نەمسا، ئیتالیا، ئەلمانیا گرتەوە، هەروەها ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەستی بەهەڵوەشاندنەوەو پارچەپارچە بوون کرد.

لەلێکۆڵینەوەی مێژووی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان لەناوڕاستی سەدەی نوزدەهەمدا دەتوانرێت بەڕوونی هەست بەوە بکرێت کەڕوودانی پێکدادانی چەکداری لەنێوان دەوڵەتە گەورەکاندا کاریکی حەتمی بووە، هەروەها خۆشکردنی ململانێو بەربەرەکانی لەنێوان ئەم دەوڵەتانەداو پەیوەست بوونی ئەم دەوڵەتانەیە بەگەشەپێدانی گیانی سەربازیو پاراستنو گەشەپێدانی سووپا بەشێوەیەکی گەورە ئەمەش بەمەبەستی ئامادە باشی تەواو بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ لەپێناو کۆنترۆڵکردنو دەست ڕۆیشتن بەسەر دەوڵەتانی تردا.

ئارەزو خواستی دەوڵەتانی ئەورووپا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بریتی بوو لەبەدەستهێنانی سامانی زۆر لەڕێگای مسۆگەر کردنی بازارەکانی دەرەوە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمە زیادەکانیان، هەروەها پەلاماردانو داگیر کردنی وولاتان بۆ

بەدەستهێنانی سامانی ئەو ووڵاتانە، بێ گومان ئەمەش پاڵێنا بەهەموو دەوڵەتە ئەوروپییەکانەوە کەپەرەبدەن بەتوانا سەربازییەکانیان لەڕێگای بەهێز کردنی سوپای وشکانی و دەریاییەوە یاخود لەڕێگای پێکهینانی هاوپەیمانیتی و پەیوەندی نێودەوڵەتی. ئەمەش بووە هۆی دابەشکردنی دەوڵەتانی ئەوروپا بەسەر دوو کامپی گەورەدا، وە پاڵێنا بەوڵاتانی ئەوروپاو جیهانەوە بەرەو هەڵگیرسانەی جەنگ کەبەجەنگی جیهانی ناوزەد دەکرێت، هەروەها هۆکاریك بوو بۆ هەڵگیرساندنی یەکەم شۆرشی سوسیالیسی لەجیهانی ڕوسیدا. ئەم شۆرسە لەسەرەتای بەرپابوونیدا ڕایگەیاندا کەتێ دەکۆشێ لەپێناو نەهێشتنی جەنگی ئیمپریالیسی و مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتی جیهانی. لە 26ی ئۆکتۆبەری 1917 لە هۆڵی کۆنگرەی دووەمی ئەنجومەنی سۆڤێتیدا بەیاننامەی ئاشتی راگەیەنرا کە داوای لەهەموو دەوڵەتان دەکرد بۆ دەست پێکردنی دانوستان لەپێناو دانانی سنورێك بۆ جەنگی یەکەمی جیهانی . لەبەیاننامەی ئاڕاستەکراو بۆ هەموو نەتەوەو حکومەتەکاندا هاتووە ((تێکوشان لەپێناو ئاشتیدا، تێکۆشان ئەگەر چی قورس و گرانیش بێت. چونکە ئیمپریالیستی جیهانی هەموو هێزەکانی کۆکردۆتەوە لە دژمان))[6]. لینین خەسڵەتەکانی ئەم ئاشتییەی دیاریکردوە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئاشتییەکی عادڵو دیموکرات. هەروەها لەهەمانکاتدا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کەبەیاننامەی ئاشتی مەرج نییە بۆ ئاشتی، بەڵکو ئێمە ئامادەین بۆ تاوتوێکردنی هەموو ئەو پێشنیارو بیروڕایانەی کە لەبەیاننامەی ئاشتیداهاتوون.

لەڕۆژگاری سەرەتای شۆڕشی سۆسیالیستی و دەسەڵاتی سۆڤێتیدا شۆرشگێڕەکان بۆ هەموو نەتەوەکانیان ڕاگەیاند کەبەڵگەنامەی نهێنی و پەیماننامەی کاتی ڕەت دەکاتەوە بەم هەنگاوە ((حکومەتی سۆڤێتی جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕەتکردنەوەی دیپلۆماسیەتی

[6] لينين، الأعمال الكاملة المجلد 35، دار العلوم، موسكو، 1975، ص86، باللغة الروسية.

نهێنی بەشێوەیەکی ڕیشەیی هەروەها ڕسواکردنی جەوهەری پلانو نەخشەئیمپریالیستەکان لەبەرچاوی نەتەوەکاندا))[7] . شۆرشی سۆسیالیستی لاپەڕەیەکی نوێی لەمێژووی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا هەڵدایەوە.

باسی دووەم

پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان لەچاخی ڕێکخستنەکاندا

کۆمەڵی گەلان (عصبة الامم)

جەنگی یەکەمی جیهانی بووە هۆی کۆتای پێهێنانی بااڵدەستی دەوڵەتە گەورەکانی ئەوروپا بەسەر جیهانداو هەرەسهێنانی سیاسەتی هاوسەنگی هێزو جێگا گرتنەوەی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ کەوەستاوە لەسەر پرەنسیپی ئیلتزامی هەموو دەوڵەتان بۆ دورکەوتنەوە لەجەنگو دوژمنکاریو ڕووبەڕووبوونەوە، لەبەر ئەوە دەبینین کەپەیماننامەی ئاسایشی بەکۆمەڵ جیاواز بوو لەهاوپەیمانیو پەیماننامەکانی هاوسەنگی هێز. ئەم پەیماننامەیە هەڵدەسەنگێنرێت بەپابەند بوونی کۆمەڵێك دەوڵەتی دیاریکراو پێوەی، بەڵام پەیماننامەی ئاسایشی بەکۆمەڵ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەگرێتەوەو پابەند دەبن پێوەی.

بەدامەزراندنی کۆمەڵی گەلان چەمکی ئاسایشی بەکۆمەڵ فۆرمەلە بوو، کەبەپێی "پەیمانی فرسای" کەلە 28ی یونیو 1919 لەنێوان (32) دەوڵەتدا مۆرکرا بۆ دانانی

[7] أندرية غروميكو وبونماريوف، تأريخ السياسة الخارجية للإتحاد السوفيتي، 1917-1945، الجزء الأول، دار العلم، موسكو، 1980، ص35، بالروسية.

بنەماکانی ئاشتیو دورکەوتنەوە لە تارمای جەنگو گەیشتن بەڕێکەوتنو چارەسەرێکی گشتی سەبارەت بەموملەکاتەکانی ئەڵمانیاو تورکیا.

نەبوونی چالاکی کۆنگرەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کەلەوەوپێش بەسترا بوون لەلایەك تێکچوونی هاوسەنگی هێزەکان لەو ناوچەیەی جیهاندا لەلایەکی ترەوە بووە هۆی رووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ یەکەم جەنگی جیهانی. هەموو ئەم هۆکارانەش دەوڵەتانو سەرکردەو تیۆریارانی هاندا تاکو بەجددی بیر لەبەدیهێنانی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتیو پەرەپێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان بکەنەوە بەپێی بنەمای نوێ.

د.اسماعیل صبری ملقد لەکتێبی "پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان"دا دەڵێت: ((لەدیاردە جیاکەرەوەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەدەی بیستەمدا پێکێهنانی رێکخراوو دامەزراوەی نێودەوڵەتی بوو لەقەوارەی کۆمەڵگای نێودەوڵتیدا کەهیچ قۆناغێك لەقۆناغەکانی گەشەکردنیدا بەخۆیەوە نەدیبوو))[8].

رووداوەکانی جەنگی جیهانی جەخت دەکەنەوە لەسەر زرورەتی گۆڕانکاری لەسیستمی کلاسیکی نێودەوڵەتیو پێکهێنانی رێکخراوێکی نێودەوڵەتی بەئامانجی دانانی سنورێك بۆ خۆپێ چەککردنو بەدێهنانی ئاشتیو ئاسایش بۆ سەرجەم دەوڵەتانو ڕێگرتن لەبەکار هێنانی هێز لەچارەسەرکردنو یەکلا یکردنەوەی ناکۆکیە نێودەوڵەتییەکانداو جێگرتنەوەی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ لەشوێنی سیستمی ئاسایشی تاکە کەس کەلەو کاتەدا باوبوو، هەروەها هێنانە ژیرباری پرەنسیپی سەروەرێتی بۆ دەسەلاتی نێودەوڵەتی کەخاوەنی دەسەلاتی جێبەجیکردنی بڕیارە دەرچووەکان بێت سەرڕای ئەوەی کەدەوڵەتەکە ئەندامە لەم رێکخراوەدا، پێکهێنانو دامەزراندنی رێکخراوی کۆمەڵی گەلان لەمانگی ینایر

[8] د.إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص669.

1919 سەردەمێکی نوێ بوو لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ((یەکەم ڕێکخراوی سیاسی نێودەوڵەتی بوو کەشێوازیکی جیهانی وەرگرتبوو و خاوەنی کەسایەتییەکی یاسایی بوو))[9]. ئەم ڕێکخراوە فەراهەمکردنیو بەدیهێنانی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی گرتبووە ئەستۆی خۆی.

ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتیو پتەو کردنیو پەرەپێدانی هاریکاری بوو لەنێوان دەوڵەتاندا.

لەپێناو گەیشتن بەم ئامانجە سەرەکییانەدا هەموو دەوڵەتان ڕێککەوتن لەسەر پابەند بوونیان بەم پرەنسیپانەی خوارەوە:

1-قەدەغەکردنی پەنابردن بۆ هێز لەچارەسەر کردنی کێشە نێودەوڵتیەکاندا.

2-ڕێزگرتن لەبنەماکانی یاسایی نێودەوڵەتی.

3-ڕێزگرتنی ئیلتزاماتو بەڵێنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان.

4-دامەزراندنی پەیوەندی باش لەنێوان دەوڵەتاندا لەسەر بنەمای دادپەروەریو ڕەوشتی[10].

زۆر لەدامەزراوە ئیقلمییەکانو کەسایەتییە سیاسییەکان بانگەشەیان بۆ ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە کردووە، دیارترینیان سەرۆکی ئەمریکی "ولسن" کەبانگەشەی بۆ دروستکردنی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە دەکردو بانگەوازەکەشی ((سەرچاوە دەگرێت

---

[9] د.عبدالسلام صالح عرفة المنظمات الدولية الإقليمية، الدار الجماهيرية للنشر والتوزيع والإعلان، الطبعة الأولى، بنغازي، 1993، ص20.

[10] د.عبدالخالق عبدالله، العالم المعاصر والصراعات الدولية، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، 1989، ص3-31.

لەبەرهەڵستکاری کردنی بۆ ئەو بیرۆکەیەی کەدەڵێت پێویستە دەوڵەتە گەورەکان جیهان بەڕێوەببەرن))[11]. هەروەها سەرچاوە دەگرێت لەو قەناعەتەوە کە((سیستمی هاوسەنگی ئەوروپا هۆکارێك بوو بۆ بەرپاکردنی جەنگ و ناکۆکییەکان لەسەروی هەموشیانەوە جەنگی یەکەمی جیهانی))[12].

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کۆمەڵە نەیتوانی چارەسەری ئەو گیروگرفتە نێودەوڵەتیانە بکات کەسەریان هەڵدابوو، ئەمەش بەئاشکرا دەردەکەوێت لەچوارچێوەی لاوازی و کەمی چالاکیەکانی لەڕوی فەراهەم کردنی ئاسایش و پارێزگاری لەئاشتی نێودەوڵەتیدا، سەرەڕای چوارده ساڵ لەتەمەنی نەیتوانی هیچ جۆرە چاکسازی و گۆڕانکارییەك لەهەرەمی ڕێکخستنیدا بکات.

ئەو هۆکارانەش کەبوونە هۆی سەرنەکەوتنو شکستپێهێنانی کۆمەڵە لەجێبەجیکردنی پلانەکانیدا بریتین لەپەرەپێدانی ناکۆکییە کۆلۆنیالییەکان لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانەوە بەوەی کەئەم دەوڵەتانە وایان دەبینی کەپرەنسیپەکانی کۆمەڵە خواست و ئارەزوە کۆلۆنیالییەکانیان دابین ناکات، هەروەها عەقڵییەتی رکەبەری کۆلۆنیالیزمی و فراوانخوازی و هەژموونگەری باڵێکیشابوو بەسەریاندا ئەمەش پاڵپشت بەپرەنسیپی هیچ لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا.

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان:

[11] د.رياض الصمد العلاقات الدولية في القرن العشرين، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، بيروت، 1986، الجزء الثاني، ص131.

[12] د.رياض الصمد العلاقات الدولية في القرن العشرين، همان سەرچاوە، ص136.

تارمای جەنگی دووەمی جیهانی دنیای خستە تاریکییەوە ئەمەش لەئەنجامی لاوازی کۆمەلّی گەلانو کەمی چالاکی لەدابینکردنو دەستەبەر کردنی ئاسایشو پارێزگاری کردن لەئاشتی نێودەولّەتدا.

هەروەها پەلامارداني نەمسا لەلایەن هیتلرەوە لەسالّی 1938داو خستنە ژێر رایەخی ئەلّمانیاوە یەکەم پرشکی ئاگری جەنگی هەلّگیرساند. فراوانبوونی قەوارەی ئەم جەنگەو درێژ بوونەوەی بۆ مەودایەکی دورو درێژ، نیشانەی ئەوەیە کەئەم جەنگە تەنها ناکۆکی نێوان نەتەوەکان نەبوو، بەلّکو لەجەوهەردا ململانێ بوو لەنێوان ئەفکارو ئایدولۆژیای ئەو نەتەوانەدا وەکو نازیزمو فاشیزمو سۆسیالیزمو لیبرالیزم.

دەرکەوتنی یەکەم هەنگاوی بنیاتنانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەگەرێتەوە بۆ بەلّگەنامەیەکی بەناو بانگ کە"چەرچلّو رۆزفلت" دایانڕشت کەناسرا بو بە"میساقی ئەتلّەسی" کەهەولّ دەدات بۆ پێکهینانی "سستمێکی گشتی بۆ ئاسایش کە لەسەر بنکەیەکی فراوان وەستاوە". هەروەها هەنگاوی دووەم لەکانوونی دوەمی سالّی 1942دا بوو لە"تصریحی نەتەوەیەکگرتووەکان".هەنگاوی سێیەم ئەگەرێتەوە بۆ "کۆنگرەی مۆسکۆ" کە لەتشرینی یەکەمی 1943 بەستراو بڕیاری پێکهێنانی رێکخراوێکی نێودەولّەتیدا لەسەر بنەمای یەکسانی نێوان هەموو ئەو دەولّەتانەی کەلایەنگری ئاشتین. پاشان ئەم بڕیارە لە"کۆنگرەی تاران"دا کەبۆ یەکەم جار هەرسێ سەرکردە "روزفلت، ستالین، چرچلّ" تیایدا کۆبوونەوەو جەختی لەسەر کرایەوە.

لەمانگی دیسمبری سالّی 1943 دەستەیەکی لێکۆلّینەوە پێکهینرا کەناوەندەکەی لەواشنتۆن بوو بەمەبەستی دانانی ئەو پرەنسیپانەی کەڕێکخراوی نوێی لەسەر وەستاوە. ئەم دەستەیە کارەکانی بەدوو قۆناغدا تێپەڕیو بەستنی کۆبوونەوەکانیش لەمیوانخانەی "دومبارتن ئکس" بوو لەواشنتۆن. پێشنیارەکانی "دومبارتن ئکس" بناغەیەك بوون بۆ

گفتووگوکانی "سان فرانسیسکۆ"بەو گوزارشتەی کە((وەرەقی کارە بۆ دارشتنی پەیماننامەیەک-))[13].

بەڵام لەکۆنگرەی "یالتا"دا کە لەماوەی نێوان 4-11 فەبرایری ساڵی 1945دا بەسترا ئەو کێشەو گیروگرفتانە رێککران کە لەکۆنگرەی "دومبارتن ئکس"دا هەڵپەسێرابوون، وەک مافی دەوڵەتە گەورەکان لەپیادەکردنی ڤێتو (النقض) لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشو دروستکردنی سیستمی وەصایە تاکو جێگای سیستمی ئینتداب بگرێتەوە کە لەڕۆژگارەکانی کۆمەڵی گەلاندا باو بوو.

بەڵام کۆنگرەی "سان فرانسیسکۆ" کەلە 25 ئەپرەلی ساڵی 1945دا بەسترا تاماوەی دوو مانگ درێژەی هەبوو، تیایدا میساقی رێکخراوێکی نێودەوڵەتی نوێ ئامادەکرا لەم کۆنگرەیەدا نوێنەری (51) دەوڵەت ئامادە بوون[*]، هەروەها لە26ی یونیۆی ساڵی 1945دا بڕیاری لەسەر دار، ئەم میساقە پێکهاتبوو لەدیباجەیەکو 111 مادە، جگە لەسیستمی بنەڕەتی بۆ دادگای دادی نێودەوڵەتی کە لە(70) مادە پێکهاتووە.

ئامانجو پرەنسیپەکانی ئەم رێکخراوە، میساقەکە لەماددەی یەکەمو دووەمو دیباجەکەیدا لەخۆی گرتووە. لەڕوانگەی دیباجەو پشت بەستن بەمادەی یەکەم دەتوانین ئەم ئامانجانەی ستافی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕەچاو بکەین: ((پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی، پەرەپێدانی پەیوەندی دۆستانە لەنێوان نەتەوەکاندا، بەدیهێنانی هاریکاری

---

[13] حسن الإبراهيم، سيف عباس، عزيز شكري، جولة في السياسية الدولية، مؤسسة دار العلوم الكويت، 1978، ص222.

[*] پەنجاو یەک دەوڵەت ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، لەناویاندا ئەم پێنج دەوڵەتە عەرەبییە بەشدلربوون (میسر، سوریا، عیراق، سعودیە، لوبنان).

نێودەوڵەتی لەچارەسەر کردنی مەسەلە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەم ستافە دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ڕێکخستنی کارو ئاڕاستەکان بەرەو بەدیهێنانی ئەم ئامانجە هاوبەشانە))[14].

بەڵام لەمادەی دووەمی میساقدا ئەمانەی لای خوارەوە هاتووە:

1-ستاف وەستاوەتە سەر پرەنسیپی یەکسانی لەسەروەربیدا لەنێوان هەموو ئەندامەکاندا

2-ئەندامانی ستافەکە هەموو مافو ئیمتیازاتێکیان هەیەو دەبێت بەنیاز پاکییەوە ئەو ئیلتزاماتانە جێبەجێ بکەن کە ئەم میساقە خستوویەتی ئەستۆیان.

3-هەموو ئەندامانی ستافەکە پێوستە ناکۆکییەکانیان بەڕێگای ئاشتییانە چارەسەر بکەنو نابێت ئاشتیو ئاسایشو دادی نێودەوڵەتی بخەنە مەترسییەوە.

4-هەموو ئەندامانی ستاف لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەبێ ڕێگربن لە بەکارهێنانی هێز یاخود هەڕەشە کردن بەبەکار هێنانی دژی سەلامەتی زەوی یاخود سەربەخۆی سیاسی هەر دەوڵەتێك یاخود بەهەر شێوەیەکی تر کە ڕێك نەکەوێت لەگەڵ مەبەستی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

5-هەموو ئەندامانی پێویستە ئەوەی لەتوانایاندایە لەهاریکاری بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بیکەن لەهەر کارێکدا کەئەم پەیماننامەیە بیگرێتەوە، هەروەها پێویستە ڕێگربن لەیارمەتی دانو کۆمەك کردنی هەر دەوڵەتێك کە نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەرامبەریدا بوەستێ.

6-ستاف هەوڵدەدات کار بکات بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتانەش کە ئەندام نین لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا پرەنسپییەکانی جێبەجێبکەن لەپاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی.

---

(14) ميثاق الأمم المتحدة والنظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية منشورات مكتب الإعلام العام للأمم المتحدة أبريل 1994، ص5-6.

7-لەم پەیماننامەیەدا ئاماژە نەدراوە بەوەی کە((نەتەوە یەکگرتووەکان دەستوەربدات لەکارو باری ناوخۆی هەر وڵاتێك، هەروەها ئەوەش ئاماژەی پێ نەدراوە کەئەندامەکان مەسەلەی لەو جۆرە بۆ چارەسەرکردن رووبەڕووی پەیماننامەکە بکەنەوە، سەرەڕای ئەمەش ئەم پرەنسیپە لەجێبەجێکردنی ئەو ڕێژو شوێنە سەرکوتکەرانەیەی کە لەبەشی حەوتەمەدا هاتووە فەرامۆش ناکات))[15].

بەدامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیوەندییە سیاسی نێودەوڵەتییەکان قۆناغێکی نوێ وەرگرت کەوەستا بوو لەسەر بناغەی دورکەوتنەوە لەهێزو بەکار نەهێنانی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. بەڵام زۆربەی پرەنسیپو بڕیارەکانی مەرەکەبی سەر کاغەز بوون، بەواتایەکی ڕونتر ئەم پرەنسیپو بڕیارانە لەواقیعی عەمەلیدا پراکتزە نەبوون، بەڵکو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان شکستیهێناو سەرنەکەوت لەجێبەجیکردنی ئەو پرەنسیپو ئامانجانەی کەلەسەری وەستابوو، چونکە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەنێوان دوو تەوەرەی سەرەکیدا دەخولایەوە یەکێکیان پەیوەندی ئەمریکی- سۆڤێتی یاخود پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو ئەویتریان پەیوەندی نێوان باکورو باشور یاخود پەیوەندی نێوان دەوڵەتانی دەوڵەمەندو دەوڵەتانی هەژار یا دەوڵەتانی جیهانی سێهەم بوو. **تەوەری یەکەم** لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەخولایەوە لەچوارچێوەی ناکۆکییەکانو مەسەلە سیاسیو ئایدۆلۆژییەکان کەبەشێوەیەکی تایبەتی فۆرمەلە بووە لەگیروگرفت و کێشەکانی ئاسایشی نەتەوەییو سەربازی هەر یەك لەو دوو دەوڵەتە، هەروەها ڕێگاکانی سنوردانان بۆ چەکی ستراتیجیو کێشەی بواری زیندووەکان یاخود ناوچەکانی نفوز، **ڕەهەندی دووم** بریتیی بوو لەپەیوەندی نێوان باکورو باشور کەشێوەیەکی ئابووری بەخۆوە

[15] میثاق الأمم المتحدة والنظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، هەمان سەرچاوە، ص7-8-9.

گرتبوو، لەبەر ئەوە وەستا بوو لەسەر کێشەکانی پەیوەندییە ئابووریيە نێودەوڵەتییەکانو گیرو گرفتەکانی گەشەکردن کەرووبەڕووی وڵاتانی جیهانی سێهەم بۆتەوە.

هۆکاری سەرەکی لەلاوازیو کەم توانای ڕێکخراوی نوێی نێودەوڵەتی لەچارەسەرکردنی گیرو گرفتە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی ململانێ کەسەریهەڵداو تاکو ئێستاش هەر بەردەوامە لەنێوان دەوڵەتە گەورەکاندا، بەتایبەتی لەنێوان دەوڵەتانی ئەندامی هەمیشەی ئەنجومەنی ئاسایش، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین مافی ڤیتو کە وڵاتە ئیمپریالیستەکان بەگشتیو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتایبەتی دەتوانن بەکاری بهێنن دەبێتە هۆی پەکخستنی زۆربەی ئەو بڕیارە گرنگانەی کەلەسودو بەرژەوەندی نەتەوەکانەوە دەردەچێت. هەروەها ئەنجومەنی ئاسایش بۆ چەند جارێك شکستیهێنا لەدەرکردنی ئەو بڕیارانەی کەگونجاوە لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەکاندا، بۆ نموونە بەکارهێنانی مافی ڤیتو لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دژی هەر بڕیارێك بۆ ئیدانەکردنی ئیسرائیل.*

جیهانی ئەمڕۆ جیاوازییەکی ڕیشەی هەیە لەگەڵ ساڵانی 1945، لەڕوانگەی ئەم ڕاستیەشەوە دەوڵەتانی جیهانی پێشکەوتوو و دەوڵەتانی جیهانی سێهەمو هێزە نیشتمانیو سیاسیو شۆڕشگێڕییەکان داوای چاوخشاندنەوە دەکەن بەپەیماننامە یاخود بەسیستمی ستافی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. هەروەها چاوخشاندوە سەبارەت بەمافی ڤیتودا، ئەمەش لەبەرئەوەی کەئەو میکانیزمەی کەنەتەوە یەکگرتووەکان ئەمڕۆ کار پێدەکات پەکیکەوتووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوو گۆڕانکارییەکان هەروەها توانای چارەسەری کێشە نێودەوڵەتییەکانی نییە.

* بة هةمان شيَوة يةكيَتى سوَڤيَتيش وةين بةكاريان هيَناوة دذى ئةمةريكاو هاوثةيمانةكانى (وةرطيَر)

هەموو دەوڵەتان ئەمڕۆ داوای دروستکردنی ڕێکخستنێکی نوێی نێودەوڵەتی دەکەن کەئیرادەو خواستی گەلەکانیان لەئەستۆ بگرێت، کەلەسەر بناغەو پرەنسیپی دادپەروەرانە وەستا بێت دور لەهەموو ناکۆکییەکی کۆلۆنیالیزمیو بانگەوازی جەنگ، وە هەموو کەمو کوڕیو لایەن نێگەتیڤییەکانی کۆمەڵی گەلانو ڕێکخراوی نەتەو یەکگرتووەکان چارەسەر بکاتو پڕبکاتەوە.

جیهانی هاو چەرخ بوونێکی زۆر بەرچاوی بەخۆوە بینییووە لەژمارە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی پەرەسەندنی هەستکردنە بەپێویستی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانو پەرەپێدانی هاریکاری نێوان گەلانی جیهانو دەوڵەتانە.

بیری سیاسی نوێ داوای ((دانپیانان دەکات بەبەڵگەیەکی ئاشکرای سادەدا کەئەویش بریتییە لەوەی ئاسایش هەمووان یەکەو ناتوانرێت پارچە پارچە بکرێت، کەوەستاوە لەسەر بناغەیەکی پتەو ئەویش داننانە بەبەرژەوەندەی هەموو گەلو دەوڵەتانو یەکسانی لەژیانی کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا))[16].

[16] غوربتشوف میخائیل سیونیفیج، البیرویسترویکا والتفکیر الجدید لأجل بلادنا وللعالم بأسره، ترجمة زیاد الملا، دار الشیخ للدراسات والترجمة والنشر، دمشق، 1988، ص161.

بەشی پێنجەم
پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان لەسایەی جەنگی ساردا

باسی یەکەم
پێناسەی جەنگی ساردو هاندەرەکانی

جەنگی سارد The Cold War:

دەتوانێت بڵێین کەجەنگی سارد ((ڕێبازێکی سیاسی دوژمنکارانەبوو کەناوەندە ئیمپریالیستەکان گرتیانەبەر لەپێش هەموویانەوە ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەبەرامبەر یەکێتی سۆڤێتو دەوڵەتە سۆسیالیستیەکانی ئەوروپادا دوای کۆتای هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی بەتایبەتی لەکۆتای چلەکاندا))[1].

لەخەسڵەتەکانی ئەم جەنگە پێشبڕکێ لەخۆ پڕ چەککردن بەتایبەتی چەکی ناووکی، دامەزراندنی بنکەی سەربازی بەدەوری یەکێتی سۆڤێتدا، بەگەڕخستنی هێڕ لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها ڕەتکردنەوەی هەموو هەوڵێك بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان لەڕێگای دانوستانەوە.

سەرەڕای نەتوانینی زۆربەی لێکۆڵیارانو زانایانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لەدیاریکردنی ماوەی دەسپێکردنی ئەم جەنگە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی کەماوەی 1946/3/5 سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم جەنگەیە ئەمەش لەبەر ڕۆشنای

---

[1] بوتیومکینف.ب، تأریخ الدبلوماسیة، المجلد (5)، الجزء الأول، موسکو، 1982، ص242، باللغة الروسیة

وتارەکەی "چەرچڵ" بۆ دامەزراندنو پێکهێنانی یەکێتی سەربازی "ئەنگلور ئەمریکی" بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسی پەرەسەندنی کۆمۆنیزم.

لەگەڵ قورسیو دژواری بۆ پێدانی مێژووێکی دیاریکرا بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم جەنگە. لێرەدا کۆمەڵێك بیروبۆچوون دەخرێتەڕوو سەبارەت بەسەرەتای دەسپێکردنی ئەم جەنگە، هەندێك دەڵێن کەسەرەتای ئەم جەنگە ئەگەڕێتەوە بۆ گۆنگرەی "سان فرانسیسکۆ"، هەندێکی تر وای بۆ دەچن کەبەکۆتای هاتنی جەنگی دوومی جیهانی، جەنگی سارد دەستی پێ کرد، هەروەها هەندێکی تر لەوباوەڕان کەساڵی 1946 سەرەتای دەستپێکردنی ئەم جەنگەیە، کۆمەلێکی تر دەڵێن پرەنسیپی ترومان بەبناغەی ئەم جەنگە دەژمێردرێت.

هەرچەندە لێکۆڵیاران بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە لەم بارەیەوە، بەڵام جەنگی سارد یاخود گەرم واتە بەردەوام بوونی سیاسەت بەئامرازی زۆر توندوتیژو کاولکار لەبەر ئەوە پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی جددیو زانستی بۆ ئەم دیاردەیە بکەین.

هەروەها دەتوانین پێناسەی جەنگی سارد بەم شێوەیە بکەیت ((بریتییە لەو جەنگەی کەلایەنە دژ بەیەکەکان تیایدا هەموو شێوازەکانی هێزو تواناکانی خۆیان جگە لەهێزی چەکداری تیادا بەکار دەهێناو دەیانخستەگەڕ لەبەرامبەر یەکتری بەمەبەستی خۆ بەدەستەوەدانی لایەنی بەرامبەرو هێنانە ژێر ئیرادەیی لایەنی سەرکەوتووەوە، لەماوەی ئەم جەنگەدا حاڵەتێکی توندوتیژیی بەهێز لەپەیوەندی نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا سەریهەڵدا بەجۆرێك کەهەریەکەیان هەستی بەمەترسی لایەنی بەرامبەر دەکرد لەئەگەری دوژمنکارییەکی چەکداری کەبێتە هۆی ئامادە باشی بۆ هەڵگرساندنی جەنگ))[2].

---

[2] د.محمد طه بدوي، مدخل إلى علم العلاقات الدولية، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، 1971، ص11.

فاکتەرە پاڵنەرەکانی جەنگی سارد:

تیۆرو بیروبۆچوونەکان سەبارەت بەفاکتەرە هاندەرەکانی جەنگی ساردو بنەڕەتی ئەم جەنگە هەمەجۆرن، ئەو بیروبۆچوونانەش دەیگێڕنەوە بۆ دوژمنایەتی کردنی یەکتریو دوودڵیو نەبونی متمانە بەیەکتریو بوونی ترسو سڵەمیەوەی لایەنەکات بەرامبەر بەیەکتری. هەریەکە لەسەرۆکی یەکێتی سۆڤێتو سەرۆکی ئەمریکا هەستی بەبوونی مەترسێکی گەورە دەکرد بەرامبەر ئەوی تریان، هەروەها هەر دەستپێشخەریەکی دوژمنکارانە لەلایەن هەریەکە لەو وڵاتانەوە بکرایە زۆر بەتوندوتیژی بەرپەرچی دەدرایەوە لەلایەن لایەنی بەرامبەرەوە. لەبەرئەوە ناتوانرێت بەسادەی سەیری جەنگی سارد بکرێت بەوەی کەتەنها بەرپەرچدانەوەی لایەنێکە دژ بەدوژمنکارییەکانی لایەنی بەرامبەر، بەڵکو بریتییە لەملمانێی دروستبوو بەهۆی ترسو سڵەمینەوەی هەریەکە لەلایەنەکان بەرامبەر یەکتری لەهەموو بوارەکاندا لەلێکدانەوەو توێژینەوەی کارو چالاکی یەکتریو تێڕوانینیان بەرامبەر ئەو کارو چالاکییانە. هەر یەکەیان واسەیری لایەنی بەرامبەر دەکات کەدوژمنی سەر سەختییەتیو هەوڵی خۆڕ چەککردن دەدات لەپێناو جەنگدا.

هەروەها بیروڕایەکی تری زانایانو نوسەران بریتییە لەترسو دوودڵی(الخوف والارتیاب) لەلایەن هەردوو لایەنەوە ئەمەش لەئەنجامی ئەو تێڕوانینە خراپانەی کەهەردوو لا هەیان بەرامبەر بەیەکتری. بۆ نموونە سۆڤێتییەکان لەناخیاندا چەندین دیدو تێڕوانینی خراپیان هەبوو بەرامبەر ئەمریکییەکان بەهۆی دەستێوەردانی سەربازی ئەمریکا دژی شۆڕشی بەلشەفی ساڵانی 1918- 1919 بەمەبەستی روخاندنو هەرسپێهێنانی. هەروەها سۆڤێتییەکان هەستێکی توندڕەوانەیان هەبوو بەرامبەر ئەمریکییەکان ئەمەش بەهۆی

ئیعتراف نەکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسیستمی دیپلۆماسی سۆڤێتی، ئەم ئیعتراف کردنەش ڕوی نەدا تاکو ساڵی 1933.

لەلایەکی تردەوە هەندێکی تر وای دەبینن، کەئەزموونی هاریکاری نێوانیان لەماوەی جەنگدا بەس نەبووە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوانیان بەڵێی پێویست بۆ لەناوبردنی ئەو گومانو دوو دڵییەی کەسۆڤییەت هەیبوو ئەوەش بووە هۆی دروست بوونی چەند ناکۆکییەك کە لەهەمووی گرنگتر دواخستنی (دەستی دەستی کردن) وڵاتە یەکگرتووەکان لەڕاگەیاندنی جەنگ بەسەر فاشییەکانداو رەتکردنەوەی پڕۆژەی "مانهاتان- Manhattan" کە لەناوبەرو دژی گەشەپێدانو دانانی بۆمبی ناووکییوخاوکردنەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەبەردەم کردنەوەی بەرەیەکی تردا، هەروەها ڕێگە خۆش نەکردن لەبەردەم بڕیاری بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی دژی ژاپۆن.

بەڵام سەبارەت بەئەمریکییەکانو دوژمنایەتییان بەرامبەر یەکێتی سۆڤێت لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کەئەمریکییەکان دەڵێن یەکێتی سۆڤێت بیرۆکەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دیموکراتی لەهەرێمە ڕزگار کراوەکان ژێر دەسەڵاتی نازیدا ڕەت دەکاتەوە، هەروەها پێشکەش کردنی یارمەتیو کۆمەك بۆ پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا نییە ڕەت دەکاتەوە، هەروەها پێداگرییو سووربوونی یەکێتی سۆڤێت لەسەر پارێزگاریکردنو کەم نەکردنەوەی هێزێکی چەکداری گەورە لەدوای کۆتای هاتنی جەنگ بەبێ هیچ بیانوو پاساوێك، هەروەها پاشەکشە پێنەکردنی سوپای سوور لەئەورووپای ناوەڕاستو ڕۆژهەڵاتدا، بەڵام بەبۆچوونی ئێمە ڕقو سڵەمینەوەو نفوزی سۆڤێت- ئەمریکی ئەگەڕینەوە بۆ هۆکاری ئایدۆلۆژی، کەلەسیستمی سۆڤێتیدا خۆی لەوەدا دەبینتەوە کەوەستاوە لەسەر تیۆری مارکیزم- لینینیزمو لەبنەڕەتدا داوای زاڵ بوون بەسەر ئیستغلالو چەوساندنەوە دەکات کەشادەماری سەرەکی سەرمایەدارییە، بەبڕوای

ئێمه ڕێك نەكەوتنو نەگونجاندنی ئایدۆلۆژی هۆكاری سەرەكی جەنگی سارد بوو، هەروەها بەرژەوەندییە زیندو ستراتیژییەكانش كەهەردوو لایان هەوڵی بەدیهێنان دەدا بووە هۆی ئەوەی كەهەمیشە هەردوو لا لەحاڵەتی ململانێدا بن بەبێ ڕەچاو كردنی ماوەیەكی مێژوی دیاریكراو واتە پێكهوە ژیانی ئاشتییانەو ڕێككەوتنی نێودەوڵەتی.

جیاوازیو ناكۆكی ئایدۆلۆژیو بەدیهێنانی بەرژەوەندییە زیندو ستراتیژییەكانی هەر دوو لایەنەكە هۆكارێ سەرەكی بوون لەپشت جەنگی ساردو پەرەسەندنیدا.

بەم شێوەیەو لەم ڕوانگەیەوە، وڵاتە یەكگرتووەكان ئەمریكا لەبەرپا كردنی جەنگی ئایدۆلۆژیدا ئامانجی بەرگرتن بوو لەئەفكاری سۆسیالیزمو كۆمۆنیزمو لەناوبردنی پێش ئەوەی لەچوار چێوەیەكی فراواندا بلاوبێتەوە.

پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەكان لەبۆتەی (اعتاب) جەنگی ساردا

كاتێك كەجەنگی دووەمی جیهانی بەرەو كۆتایی دەچوو لەوكاتەدا تاكە شێواز كەهاوپەیمانەكانی كۆدەكردەوە جەنگ بوو لەدژی نازییەكان بەوەی كەئەڵمانیا بەبێ مەرجو بەناچاری خۆی بەدەستەوەبدات. جگە لەمەش هەرسێ سەركردەی وڵاتە یەكگرتووەكانو یەكێتی سۆڤێتو بەریتانیا هەوڵیان نەداوە بۆ دانانی وێنایەك (تصور)ێك بۆ سیستمی نێودەوڵەتیو پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەكان لەدوای جەنگ جگە لەهەنگاونان بۆ پێكهینانی ڕێكخراوێكی نێودەوڵەتی كەجێگای كۆمەڵی گەلان بگرێتەوە بۆ پارێزگاری كردن لەئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەم هەوڵو كۆششانەش بوە هۆی پێكهینانی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان كەلەپێشەوە ئاماژەمان بۆ كرد. لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا "چەرچڵ" لەساڵی 1943 ئەمریكییەكانی بەئاگا هێنایەوە لەئەگەری

سەپاندنی نفوزی یەکێتی سۆڤێت بەسەر ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا. لەو کاتەدا "ڕۆزفلت" ترسی هەبوو لەوەی کەبەریتانیادا بێتە تاکە دەسەڵات لەئەورووپادا.

کۆتایی هاتنی جەنگ بەتەواوی بووە هۆی سەرکەوتنی هەریەك لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێت لەپتەو کردنی دەسەڵاتو پەرەپێدانی پێگەیان لەجیهاندا وەك دوو هێزی گەورەو بالآدەست بەسەر جیهاندا. هەروەها کۆتای هاتنی جەنگ بووە هۆی زیاتر لاواز کردنی هێزە کۆلۆنیالیزمە کلاسیکییەکان، وە دەرکەوتنی هاوسەنگی نێودەوڵەتی نوێ وەك هاوسەنگی مەترسی سۆڤێتی- ئەمریکی و ((فراوان بوون و بەهێز بوونی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤێت وەك لایەنگری بزوتنەوە نیشتمانییە ڕزگاری خوازەکان لەجیهانی سێهەمدا ئەمەش بووە هۆی گەشەکردنی بزوتنەوە ڕزگاری خوازەکانی عەرەبو بەدیهێنانی سەربەخۆی دەوڵەتەکانیان))[3].

دەتوانین بڵێین کەپەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێت لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی جیا دەکرێتەوە بەجۆرێك لەگرژیو ئاڵۆزی زۆر تووندوتیژو ململانێی بەردەوام. وەجەمسەر گرتنی ئەم ململانێیە بووە هۆی سەرفکردنی توانای هەردوو زلهێزەکەو ئەو هێزانەی کەپەیوەستن پێیانەوە، هەروەها هەڕەشەو ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوانیانداو بەگەڕخستنی هەموو توانا سەربازیو ئابووریو سیاسیو تەکنۆلۆژیاکانیان لەدژی یەکتر، ئەم ململانێو ناکۆکییانەش لەپێناو دەسەڵاتو نفوزی سیاسی دابوو کە ناوزەد دەکرا بەجەنگی سارد **The Cold War**.

---

[3] د.محمد السيد سليم، العرب فيما بعد العصر السوفيتي، ((المخاطر والفرص))، مجلة السياسية الدولية العدد 108، القاهرة، 1992، ص146،

باسی دووەم

لایەنە پراکتیکییەکان (عەمەلییەکان) لەسیاسەتی جەنگی ساردا

دوای جەنگی دووەمی جیهانی کۆمەڵێك تیۆری سیاسی لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاوادە سەریان هەڵدا، بەمەبەستی هەوڵدان بۆ ڕێگرتن لەبڵاوبوونەوەی بیری کۆمۆنیزم لەجیهاندا، یەکەم تیۆریش تیۆری گەمارۆدان (نظرية الاحتواء) بوو، کەدپیلوماسیێکی ئەمریکی بەناوی "جورج کینان"ەوە فۆرمەلەی کردو دایڕشت، ئەم تیۆرییە لەلایەن- سەرۆکی ئەمریکی "تروومان"ەوە پشتگیری لێکراو جێبەجێکرا، کەبنیاتنرابوو لەسەر توێژینەوەی ئامانجە ستراتیژییەکانی سۆڤێتو دیار کردنی ئەو ڕێگایانەی کەسۆڤێتییەکان لێوەی دەڕوانن ڕۆژئاوای سەرمایەداری.

جەنگی ساردگەیشتە ترۆپك کاتێك سەرۆکی ئەمریکی "تروومان" ڕایگەیاند کەپێویستە سیاسەتی گەمارۆدان جێبەجێ بکەینو ئیلتزامی پێوە بکەین چونکە وەك بەردی بناغەی سیاسەتی دەرەوی ئەمریکاو مامەڵەکردنی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا وایە، ئەمەش لەئەنجامی ئەو وتارە بوە کە سەرۆکی یەکێتی سۆڤێتی ئەو کاتە "ستالین" لەفبرایر 1946دا جەختی لەسەر کردەوە لەحەتمییەتی ململانێ لەگەڵ هێزی سەرمایەداریداو گەلی سۆڤێتی بەئاگا هێنایەوە بەوەی کەکۆتایی هاتنی جەنگ بەمانای خۆشگوزەرانیو خاوبوونەوەی نەتەوەکان نایات.

سیاسەتی گەمارۆدان بنیاتنراوە لەسەر بیرۆکە جەوهەرییەکەی کەڕۆژئاواییەکان دەیبینن بەوەی کەسیاسەتی نێودەوڵەتی بریتییە لەململانێو پێشبرکێ لەپێناو هەژموونو کۆنترۆڵ بەسەر جیهاندا، هەروەها یەکێتی سۆڤێت لەڕوانگەی ڕۆژئاواییەکانەوە هێزێکی ئیمپریالیستیەو هەوڵدەدات بۆ دەست بەسەرا گرتنی جیهانو هەژموون بەسەریدا، لەم

روانگەیەوە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاریکاریو کۆمەکی سیاسیو ئابووری، تەنانەت سەربازشی پێشکەش بەحکومەتە ناکۆمۆنیستەکان دەکرد لەکاتی هەر هەرەشەیەك کەروویەڕوویان دەبێتەوە ئەمەش لەرێگای یاخی بوون یاخود شۆرشی ناوخۆی یان شالاوی دەرەکی یاخود فشاری دیپلوماسییەوە.

یەکەم ئیجرائاتی پراکتیکی کەسەرکردەکانی ئەمریکا گرتیانەبەر لەجێبەجیکردنی سیاسەتی گەمارۆدا بریتی بوو لەروویەڕووبوونەوەی ئاژاوەو پەشێوییە ناوخۆییەکانی تورکیاو جەنگی ناوخۆی یۆنان لەسالی 1947 بەبیانوی بوونی کۆمۆنیزمەوە. بۆ ئەم کارەش سەرۆکی ئەمریکی ترومان داوای لەئەنجومەنی کۆنگریسی ئەمریکی کرد بۆ ڕەزامەندی لەسەر هاریکاریو کۆمەککردنی یۆنانو تورکیا بەبڕێ (400) ملیۆن دۆلارو بەڕاشکاوی ووتی ((لەو باوەڕەدام کەسیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان پێویستە بەرەو ئەو ئاڕاستەیە بڕوات کە یارمەتیو کۆمەکی گەلانی ئازادیخواز بدات کەتێدەکۆشنو خەبات دەکەن دژ بەملکەچ بوون بۆ کەمینەی فەرمانڕەوا یاخود دژ بەفشاری دەرەکی))[4].

پوختەی قسە، سیاسەتی گەمارۆدان یاخود پەنسیپی ترومان گوزارشتە بۆ داخستنی هەموو دەرگاکان لەبەرامبەر هەر شۆڕشێك کە ڕوودەدات یاخود کۆمەککردنی هەر سیستمێك تەنانەت ئەگەر دیکتاتۆریش بێت کەدژایەتیو هەولّی دامرکاندەنەوەی هێزە کۆمۆنیزمەکان دەکات. بەڕاگەیاندی ئەم سیاسەتە پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکاو سۆڤێت پچڕاو بەشێوەیەکی بەلّگەنەویست کۆنگرەی مۆسکوش شکستی هێنا، کەکۆبوونەوەکانی لەگەلّ ڕاگەیاندنی "پرەنسیپی ترومان"دا دەستی پێکرد.

---

[4] د.عبدالحميد البطريق، التيارات السياسية المعاصرة، 1815-1960، دار النهضة العربية، بيروت، 1974، ص457.

هەروەها دوای چەند مانگێکی کەم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا "پڕۆژەی مارشاڵ"ی ڕاگەیاند کەبریتی بو لەهاوکاریکردنیو کۆمەککردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەورووپای ڕۆژئاوا پێش ئەوەی کەئابووریيەکەی توشی هەرەسهێنانو داڕمان بێت، لەهەمانکاتدا دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا هەڵسان بەداڕشتنی بەرنامەیەکی یەکگرتوو بۆ هەڵساندنەوەی ئابووریيان سەرەڕای یارمەتییەکانی ئەمریکا، ئەم هاریکاریانە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی نەگرتەوە کەلایەنگری یەکێتی سۆڤێت بوون وە وایان دەردەبڕی کە ئەم پڕۆژەیە جۆرێکە لەکۆلۆنیالی دۆلاری ئەمریکی.

بەپێی ئەم پڕۆژەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی نزیکەی (12) ملیون دۆلاری پێشکەش بەوڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا کرد بۆ سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی ئابوریيەکەیان.

ئامانجە سەرەکییەکانی پڕۆژەی مارشال بەپلەی یەکەم بریتین لە:

1-زاڵ بوون بەسەر باروودۆخی ئابووریو بژێوی تێکچوو داڕماوی ئەورووپادا.

2-گەمارۆدانی بزوتنەوە رادیکالیو شۆڕشگێرییەکان کەهەوڵی دامەزراندنی حکومەتی سۆسیالسی هاوسۆزی یەکێتی سۆڤێت دەدەن.

3-گرێ دانی ئەورووپا بەئابووری ئەمریکییەوەو زەمینە خۆشکردن بۆ چوونە ناوەوەی کۆمپانیا ئابوریيەکانی ئەمریکا بۆ ناو بازاڕەکانی ئەورووپا[5].

بەم شێوەیە ناکۆکیو جیاوازییەکان لەنێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا فراوان بوو، لەپایزی ساڵی 1947دا یەکێتی سۆڤێت دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ڕاگەیاند کەناو دەبرا بە"کۆمنفورم" واتە (مەکتەبی ڕاگەیاندنی کۆمۆنیستی) ئامانجی ئەم مەکتەبە بریتی بوو

[5] د.عبدالخالق عبدالله، العالم المعاصر والصراعات الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص73.

لەپتەو کردنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتو سەربەخۆبونیان سەر بەخۆییەکی تەواو لەڕۆژئاوا. لەبەڕۆشنای بڕیارەکانی کۆنگرەی موسکۆ کەلەئەیلولی 1947 بەئامادەبونی نوێنەری (9) پارتی کۆمۆنیستی بەسترا ئەم ڕێکخراوە دامەزرایزا نوێنەری پارتە کۆمۆنیستەکانیش، پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتی، پولۆنی، ڕۆمانی، بلگاری، هەنگاری، چکسلوفاکی، یوگسلافی، لەگەڵ پارتە کۆمۆنیستەکانی ئیتالیاو فەرەنسا. لەدوای ئەم کۆنگرەیە پارتە کۆمۆنیستەکان بەتایبەتی پارتە گەورەکانی فەرەنساو ئیتالیاو ئەوانی تر، وازیان هێنا لەسیاسەتی میانڕەوی کەپەیڕەویان دەکرد لەکاتی ئەو هاوپەیمانێتییە گەورەیەی کەلەنێوان یەکێتی سۆڤێتو ڕۆژئاوادا هەبوو، لەئانجامی ئەم کۆنگرەیەدا کۆمەلێك پشێوی و خۆپێشاندانو یاخی بوون زۆربەی ئەورووپای تەنییەوە کەنەتوانرا سنوری بۆ دابنرێت، بەڵکو ئەم ڕوادانە گەیشتنە مەلایۆو بورماو ئەندەنوسیاو هندی چینی، هەندێ لەپارتەکۆمۆنیستەکانی ئاسیا پەنایان بردە بەر پەیڕەو کردنی سیاسەتی تێکۆشانی چەکداری "شەڕی پارتیزانی" تەنانەت بووە هۆی هەڵگیڕانەوەی جەنگی ساردو بۆ جەنگی گەرم لەزۆربەی ناوچەکانی جیهاندا.

لەناوەڕاستی 1949دا جەنگی سارد تووندتر بوو و زیاتر پەرەی سەند، بەوەی کەدەوڵەتانی ڕۆژئاوا هەنگاوی یەکەمیان دەست پێکرد بۆ ڕێکخستنی بەرگری دژی کۆمۆنیستەکانو "ڕێکخراوی باکوری ئەتلەسی"یان دامەزراند، ئەم هاوپەیمانێتییە سەربازییە کۆمەلێك دەوڵەتی گرتەخۆ لەوانە (وڵاتە یەکگرتووەکان، کەنەدا، بەریتانیا، فەرەنسا، بەلجیکا، هوڵەندا، لکسمبوگ، نەرویج، دانمارك، ئایسلندە، ئیتالیا، پرتوگال) ئەم هاوپەیمانێتییە جیاوازی هەبوو لەگەڵ هەموو پەیماننامەو هاوپەیمانێتییەکانی پێشوودا بەوەی کە((بەئاشکرا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو دژی یەکێتی سۆڤێت دامەزرا بوو))[6].

[6] د.ریاض الصمد، العلاقات الدولية في القرن العشرين، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص189.

لەمادەی چواری میساقی پەیمانی ئەتلەسیدا هاتووە ((کەهەموو دەوڵەتانی ئەندام یەک هەڵوێستن لەبەرامبەر هەر مەترسییەک کەسەلامەتی زەوی ئەندامان یاخود سەربەخۆی سیاسی یاخو ئاسایشیان بخانە مەترسییەوە))[7].

ئەگەر لەڕوانگەی سیاسییەوە سەیری ئەم ماددەیە بکەین، بەئاشکرا دەبینین کەهیچ گومانێك هەڵناگرێ جگە لەهەڕەشەی دوژمنکارانە نەبێت، هەروەها ئەم هەڕەشە دوژمنکارییە تەنها دەوڵەتە ئەندامەکان ناگرێتەوە، بەڵکو هەر دەوڵەتێك کەلەحاڵەتی ئەوەدابێت دەسەڵاتی سیاسی بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی پارتە کۆمۆنیستەکان یاخود هەر پارتێکی تری چەپ کەهاوسۆزی یەکێتی سۆڤێت بێت.

بەدامەزراندنی ئەم هاوپەیمانییە سەربازییە، جەنگی سارد تەنها ئەوروپای نەگرتەوە بەتەنیا بەڵکو باڵی کێشا بەسەر هەموو ناوچەکانی جیهاندا، بەتاییەتی ئاسیا، لەهەمانکاتدا کۆمۆنیستەکان لەجەنگی ناوخۆی چین دا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لەساڵی 1949، دەرکەوتنی چینی کۆمۆنیستی وەك هەڕەشەیەك وابوو بەرامبەر کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوا لەڕۆژهەڵاتی دووردا. ئەم ڕووداوەش بەقۆناغی سێهەم دادەنرێت لەجەنگی ساردا و بەترسناکترین قۆناغ لەمێژووی ململانی نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا دەژمێردرێت. کەئاژانسی دەنگوباسی تاسی سۆڤێتی بەڕاشکاوی رایگەیاند کە((پەیمانی باکوری ئەتلەسی ئامرازێکە بۆ پەرەپێدانو ئامادە کردنی کاری دوژمنکارانە، لەپێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندی کۆمەڵە سەربازییەکان لەپێش هەموویانەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەئامرازی سەرەکی ئەم هاوپەیمانێتییە))[8].

---

[7] موريس كروزية، تأريخ الحظارات العالم -العهد المعاصر، تعريب يوسف أسعد داغر وفريد داغر، عويدات، بيروت، 1970، ص420.

[8] أندرية غروميكو، القاموس الدبلوماسي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص24، باللغة الروسية.

لەماوەی نێوان ساڵی 1950 - 1960 جەنگی سارد شێوازێکی نوێ وەرگرت، بەوەی کەململانێکان لەم جەنگەوە گواستراندەوە بۆ رۆژهەڵاتی دوور وە لەساڵی 1960دا جەنگی سارد پەلی هاویشت بۆ هەموو کیشوەرەکانو کۆمەڵێك قەیرانی جۆراو جۆر سەریانهەڵدا، وەك قەیرانی کۆنگو، قەیرانی کوبا، هیندی چینی لەگەڵ ئەوانەشدا هەوڵی جددی دراوە بەتایبەتی لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە بۆ دروستکردنی جۆرێك لەپێکەوە ژیانی ئاسایشی لەنێوان هەردوو کامپەکەدا.

دەرکەوتنو سەرهەڵدانی دەوڵەتی چینی کۆمۆنیست بەترسانکترین روداو دەژمێردرێت بەنیسبەت دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە، بوونی کۆمۆنیزم لەوناوچە فراوانەدا کارێکەو هەڕەشە لەبەرژەوەندییە زیندو ستراتیژییە گشتییەکانی ڕۆژئاوا دەکات، بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

هەروەها رووداوەکان بەرەوپێش چوون لەساڵی 1950دا بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی کۆریا کەکاریگەری یەکی گەورەی هەبوو لەسەر پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتیەکانی نێوان هەردوو کامپەکەداو بەرەوپێش چوونی ڕوداوەکان لەقێتنام کەکۆمۆنیستەکان سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنا لەساڵی 1954.

لەکۆتای ساڵی 1954دا ئاڕاستەیەکی ئاشکرا دەرکەوت لەلایەن دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژئاواوە لەبەرژەوەندییان بەوەی کەئەڵمانیا چووە پاڵ پەیمانی ئەتلەسی. بەچوونە پاڵی ئەڵمانیا بۆ ئەم هاوپەیمانێتییەو ڕاگەیاندنی بۆژە هۆی ورژاندنی کەلەکۆنگرەی دیسەمبەری 1954 داوایان دەکرد بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی ئەڵمانیا، جگە لەوەی کەئەم کۆنگرە شکستیهێنا بووە هۆی دەرکردنی ئاگانامەیەکی ئاشکرا بۆ یەکێتی سۆڤێتو دەوڵەتە سۆسیالیستییەکانی تر کەپوختەکەی ((سور بوونی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەسەر هەنگاوەکانیان بەهاریکاری هاوهێزی (التعاون متکافی) لەگەڵ ئەڵمانیا ڕۆژئاوادا لەسایەی پەیمانی

ئەتلەسیدا دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی ناچار کرد کەربێو شێوینی بەرگری تایبەتی بەکۆمەڵ بگرنەبەر بۆ ڕووبەرووبوونەوەی هەڕەشە سەربازییەکانی ئەڵمانیا کەرۆژئاوا زیندووی کردبۆوە))[9]. ئەم گۆڕانکاریانەش کاردانەوەی سۆڤێت یاخود بەرپەرچدانەوەی بەکۆمەڵ بوو لەلایەن دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە، ئەم کاردانەوانەش بووە هۆی دامەزراندنی ڕێکخراوی هاوپەیمانی وارشو کەهەندێك وای بۆدەچن کەکاردانەوەی راستەو خۆی سۆڤێتی بوو بەرامبەر پەیمانی ئەتلەسی، بەڵام ئەمە لەڕوانگەی ئێمەوە ڕاست نییە چونکە پەیمانی باکوری ئەتلەسی پێش (6) ساڵ لەمەوبەر دامەزرا بوو واتە لەساڵی 1948ەوە، لەبەر ئەوەی ناتوانرێ بوترێن کەکاردانەوەی راستەوخۆ بوو چونکە کاردانەوەی راستەوخۆ عادەتەن بەخێرایی و لەماوەیەکی زەمەنی کورتدا دەبێت، بەڵام لەهەمانکاتدا دەڵێین کە ئەمە کاردانەوەیەکی راستەوخۆ بوو بۆ پەیمانی ئەتلەسی نوێ واتە کاردانەوە بوو لەبەرامبەر چوونەپاڵی ئەڵمانیای ڕۆژئاوە وەك دەوڵەتێکی سەربازی بەهێز لەناوەڕاست یاخود لەدڵی ئەورووپادا، ئەمە تاڕادەی خۆیی گوزارشت دەکرێت بەهەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی سۆڤێتی، ئەمەش پێویست بوو بۆ سەرلەنوێ چاوخشانەنەوە بەبنیادی ستراتیژی بەرگریدا. هەندێ نوسەری تر سەرەڕای ئەم هۆکارە هۆکارێکی تری دامەزراندنی ڕێکخراوی پەیمانی وارشو دەگێڕنەوە بۆ ((ئامانج لەدامەزراندنی هاوپەیمانی وارشو بریتی بوو لەبەکارهێنانی وەك پاڵپشتێکی مەرکەزی یەکێتی سۆڤێت لەو سازشانەدا (مساومات) کەدەچێتە ناویەوە وەك لایەنێکی راستەوخۆ))[10].

دەرکەوتنی پەیمانی وارشو بۆ بواری بوون (حیز الوجود) لە14 مایو 1955 لەبەر ئەوەی دەوڵەتە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی دەقی پەیماننامەیەکییان مۆرکرد کەکۆمەڵێك

---

[9] حسن الإبراهيم-سيف عباس-عزيز شكري، جولة في السياسة الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص27.

[10] د.إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص244.

ماددەی گرتبووەخۆ ئەم ڕێککەوتننامەی هەریەکە لەبولگاریا، چیکسلۆفاکیا، ئەڵمانی دیموکرات، مەجەر، پولونیا، ڕۆمانیا، ئەلبانیا، یەکێتی سۆڤێت مۆریانکرد، ئەم پەیماننامەیە پێکهێنانی دوو سەرکردایەتی یەکگرتووەی دەرکرد **یەکەمیان ناسرابوو بەسەرکردایەتی سەربازی یەکگرتوو (القيادة االعسكرية الموحدة) دووەمیان بریتی بوو لەلیژنی ڕاوێژکاری سیاسی (اللجنة السياسية الاستشارية)** لەپەیماننامەکەدا ئاماژە بەکۆمەلێك ماددە کراوە دەتوانین بڵێین کەکلاسیکین ئەوانیش بریتین لەماوەی (1،3،7،8،10) تیاندا هاتووە کەهەموو لایەنەکان کۆکن لەسەر دورکەوتنەوە لەبەکار هێنانی هێز لەڕێککردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها جەخت دەکاتەوە لەسەر پرەنسیپی ڕاوێژکاری وەك یەك (التشاور المتبادل) لەحاڵەتی ڕوودانی هەڕەشەیەکی دەرەکیدا. بەڵام ماددە بایەخدارەکانی ئەم پەیماننامەی بریتین لەمادەکانی (4،5،6،9،11). بۆنموونە مادەی (4) جێبەجێکردنی پیماننامەی هاوپەیمانی (معاهدة حلف) حصر دەکات لەچوار چیوەی ئەوروپادا بەتەنها، لەهەمانکاتدا مادەی (9) دەرگا دەخاتە سەر پشت بۆ هاتنە ناوەوەی هەر دەوڵەتیك بۆ ناو ئەم هاوپەیمانێتییە بەبێ ڕەچاو کردنی سروشتی سیستمی کۆمەڵایەتی یاخود سیاسی. زیاتر لەوە لەمادەی (11) هاتووە کەلەحاڵەتی دروستکردنی سستمێك بۆ ئاسایشی بەکۆمەڵ لەئەوروپادا وە گرێدانۆ بەستنی پەیماننامەییەکی ئەوروپی گشتی بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە، وە بەدەستپێکردنی ئیش بەپەیماننامەی گشتی ئەوروپی پەیماننامەی وارشۆ کۆتای پێ دێت، ئەمەش بێ گومان نیاز پاکییە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ هاریکاری گشتی ئەوروپی، کەهیچ ناکۆکییەکی لەسەر نەبێت.

هەروەها بەشێوەیەکی ئاسایی جەنگی سارد لەساڵی 1955 پەرەی سەندو گەیشتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی قەیرانی سویسی ساڵی 1956. هەموو ئەم ڕووداوو گۆڕانکاریانەش لەناوچە جیاجیاکاندا بووە هۆی گرژیو ئاڵۆزی لەپەیوەندییە

نێودەوڵەتییەکان نێوان هەر دوو کامپەکە. هەروەها لەساڵی 1960 جەنگی سارد زیاتر پەرەی سەندو گەیشتە ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینی. لەئەفریقیا دەوڵەتی نوێی سەربەخۆ سەریانهەڵدا، لەسەروشیانەوە سەرکردەکانی پێشوویان کەدژایەتی کۆلۆنیالیزمیان دەکردو بەشداریانکرد لەتێکۆشان بۆ بەدیهێنانی سەر بەخۆی وڵاتەکانیان، لەبەر ئەوە بەشێوەیەکی سروشتی رقو کینەیان هەبوو بەرامبەر رۆژئاواو هاوسۆزو هاریکاری یەکێتی سۆڤێت بوون. لەبە ناوبانگترینیان "نکرومان، سیکوتوری، لومومباو...هتد". بەڵام لەئەمریکای لاتینی جەنگی سارد توندتر بوو بەتایبەتی سەرکەوتنەکانی شۆرشی کوبیی بەسەرکردایەتی کاسترۆو دامەزراندنی سیستمی سۆسیالیسی دوای سەرکەوتن و زاڵ بوون بەسەر ڕژێمە دیکتاتۆرییەکەی "باتستا". هەروەها رادەی ململانێ زیاتر بوو لەکاتی چەسپاندنی مووشەکی ناووکی سۆڤێتی (نصب الصواریخ السوفیتیه النوویه) لەکوبا ساڵی 1962، ئەمەش وایکرد کەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک هەڕەشەیەکی مەترسیدار کەرووبەڕووی بۆتەوە سەیری بکات، ئەم کارەش بووە هۆی بەرپا بوونی جەنگی سێهەم لەناوچەکەدا.

ئەوەی هەردوو لایەن جیا دەکاتەوە لەو قەیرانە سیاسەتی عەقڵانییەت بوو کەپەیڕەویان دەکرد ئەمەش بەکشانەوەی (سحب) مووشەکی ناووکی بەرامبەر "کەنەدی" سەرۆکی ئەوسای وڵاتە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی ڕەسمی بەوەی کەووڵاتەیەکگرتووەکا هەنگاو نانێت بەرەو داگیرکردنو پەلاماردانی کوبا.

جەنگی سارد چووە ناو تێکڕای پەیوەندییە جۆراو جۆرەکانی نێوان هەردوو زلهێزەکە، هەروەها لێك نزیك بوونەوەی سەربازی لەنێوانیاندا بووە هۆی خاوبونەوەی گرژییەکانیان ئەم گۆرانکارییە جەوهەریەش دێت لەدوای بەخۆوە بینینی پەیوەندییەکان لەترۆپکی ڕووبەڕووبوونەوەدا لەقەیرانی کوباو جەنگی ڤیتنامو کۆریا ئەم کارەش هاندەرێك بوو بۆ چوونە ناوەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان بۆ قۆناغێکی نوێ.

بەشی شەشەم

پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان لەسایەی ڕێککەوتن(الوفاق)ی نێودەوڵەتیدا

باسی یەکەم

پێناسەی ڕێککەوتن(الوفاق)ی نێودەوڵەتی

دیاردەی جەنگی ساردو تەقینەوەی قەیرانی مووشەکی کوباو هەڵگیرساندنی جەنگی ڤێتنام، کۆمەڵێك رووداوو گۆڕانکاری بوون کەدەتوانرێت لێکبدرێتەوە وەك سەرەتایەك بۆ سیاسەتی ڕێککەوتن(الوفاق)، بۆ نموونە ڕازی بوونی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدابەشکردنی ئەڵمانیاو کۆنترۆڵکردنی سۆڤێت بەسەر ئەوروپای ڕۆژهەلاتدا بەشێوەیەکی ئاشکراو دانانی هێڵی گەرم یاخود سوور کەلەسالّی 1963دا دامەزرا کەتوانی کۆشکی سپیو کرملین بەیەکەوە ببەستنەوە، هەروەها هەندێك ڕێککەوتننامە وەك پەیماننامەی سنوردارکردنی جزئی تاقیکردنەوە ناووکییەکان (معاهدة الحظر الجزئي للتجارب النووية) سالَی 1963و پەیماننامەی فەزای دەرەکی سالّی 1967و پەیماننامەی سنوردارکردنی پەرەپێدانی ناووکی (معاهدة حظر التكاثر النووي) سالّی 1968. هەموو ئەمانە جۆرێکن لەسروشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی نێوان ئەو دوو کامپە، بەجۆرێك کەگۆڕانکاری جەوهەری لەسیاسەتی هەموو لایەنەکاندا ڕوویدا، بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا ئەم لایەنانە گرنگییەکی گەورەیان دەدا بەئاشتییەکی دادپەروەرو بنچینەیی بۆ قەدەغەکردنو ڕێگرتن لەپێشبڕکی لەخۆ پرچەککردندا. هەروەها یەکێتی سۆڤێتو سیاسەتی نوێ "پێکەوەژیانی ئاشتییانە " پاڵینا بەولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاوە تا

بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانکاری بکات لەئاکاری سیاسەتی دەرەکیو نێودەوڵەتیدا بەرامبەر بلۆکی سۆسیالیزم.

لێرەدا پێویستە بووەستین لەسەر جەوهەری سیاسەتی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە کەپاڵێ بەهەموو دەوڵەتانی جیهانەوە نا بۆ بنیاتنانی پەیوەندی سیاسی نێودەوڵەتی نوێ سەرەڕای ناکۆکی سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەم دەوڵەتانەدا.

لێرەدا دەپرسین ئایا پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو جەوهەرەکەی چییە ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویست بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی مارکسیز- لینینیزم، ئەم سەرچاوەیە دەڵێت کەئەم پرەنسیپە لینین داینـاوە کەئاماژە دەدات بەتوانای ((سەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاریا لەدەوڵەتێکدا یاخود چەند دەوڵەتێکدا))[1]، هەروەها ئاماژە دەدات بەوەی کە ئەم سەرکەوتنە ((بەشێوەیەکی حەتمی بەقۆناغی پێکەوە ژیاندا تێدەپەڕێت لەنێوان دەوڵەتە سۆسیالیستە نوێیەکانو دەوڵەتە سەرمایەدارە دێرینەکان))[2]. بەئاشکرا دیارە کە یەکێتی سۆڤێت کار بەم پرەنسیپە دەکات بەشێوەیەکی جددی ، بەجۆرێك ئەم پرەنسیپە دادەنرێت بە پرەنسیپە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەکی سۆڤێتو لەدەستوردا تۆمار کراوە ، کەئاماژە دەدات بەوەی کە یەکێتی سۆڤێت پەیوەندییەکانی بنیات دەنێت لەسەر بناغەی پاراستنی تەواوی سەربەخۆیی و سەروەرێتیو ڕەتکردنەوەیەکی تەواو لە بەگەڕخستنو بەکارهێنانی هێزو هەڕەشەکردن بەبەکارهێنانی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانداو چارەسەری ئاشتییانە بۆ گیروگرفتو کێشە نێودەوڵەتییەکانو دەستێوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆی وڵاتانو ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ و ئازادیو مافی گەلان لەمافی چارەی خۆنووسین، هەروەها بەئاشکرا ئاماژە دەدات بەهاریکاریو هەماهەنگی لەنێوان هەموو دەوڵەتاندا بەجیاوازی سیستمی سیاسییانەوە کەلەبنەمای یاسایی نێودەوڵەتییەوە سەرچاوە دەگرێت.

---

[1] أندرية غروميكو، القاموس الدبلوماسي، الجزء الثاني، هەمان سەرچاوەی پێشوو، باللغة لروسية ص226.

[2] أندرية غروميكو، القاموس الدبلوماسي، الجزء الثاني، هەمان سەرچاوەی پێشوو، باللغة لروسية ص227.

لینینزم وا گوزارشتی دەکات کەپێکەوە ژیانی ئاشتییانە شێوەیەکە لەشێوەکانی ململانێی چینایەتی، بەڵام بەڕێگای ئاشتییانە نەك بەڕێگای توندوتیژو چەکداری. لەم ڕوانگەیەوە ئەم پرەنسیپە سیاسەتی سۆڤێتی وابنیات دەنێت کەگواستنەوەیەکی چۆنایەتی نوێیە لەلەنگەرپێگرتنی (إرساء) پەیوەندییە سیاسییە نوێیە نێودەوڵەتییەکان، کەبەکارهێنانی توندوتیژیو هێزو هەڕەشەکردن بەبەکارهێنانی ڕەت دەکاتەوە. لەلایەکی ترەوە لینینزم وای دەبینێ کەپێکەوە ژیانی ئاشتییانە لەهەموو بارەکاندا بەواتای ململانیی ئایدیۆلۆژی نێوان دامەزراوە کۆمەڵایەتیو ئابووریییە هەمەجۆرەکان نایات، بەڵکو هەموو سیستمێکی سیاسی دەتوانێت تواناکانی خۆی بسەلمێنێ لەڕێگای ئەو سەرکەوتنانەی کە لەبوارەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتیدا بەدەستیهێناوە، نەوەك لەبووارى هێزی چەکداریدا. پرەنسیپی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لەلایەن سەرکردە سۆڤێتیەکانەوە جێبەجێکرا، بەم پێیە((لەهەردوو کۆنگرەی بیستو چوارەمو بیستو پێنجەمی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتی بەرنامەی ئاشتی پێشکەشکراو بڕیاری لەسەردرا، هەروەها لەهەشتاکاندا لەکۆنگرەی بیستو شەشەمی پارتدا بەرنامەی ئاشتی بڕیاری لەسەردرا))[3].

پشت بەستن بەو تێگەیشتنە لەپرەنسیپی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، سیاسەتی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی پیادەکرا کەبریتی بوو لە((گواستنەوە لەسیاسەتی جەنگی ساردو پێگەی هێزەوە بۆ پەیوەندی سروشتیو ئاسای لەنێوان دەوڵەتاندا، هەروەها بنیاتنانی پەیوەندی هاریکاری هاوتای لەڕووی مافەوە لەنێوان دوو سیستمی کۆمەڵایەتی جیاوازدا))[4]. لەم پێناسەیەوە دەتواین بڵێین کە ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی بریتییە

---

[3] أندرية غروميكو، القاموس الدبلوماسي، الجزء الثاني، هەمان سەرچاوەی پێشوو، باللغة لروسية 227.

[4] د.عدنان طه مهدي الدوري، العلاقات الدولية المعاصرة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص46.

لەپلەیەکی تایبەتی بەرزی ئامادەباش بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و گیروگرفت و کێشە نێودەوڵەتییەکان لەڕێگای ئاشتییەوە نەك لەڕێگای توندوتیژی و هێزو هەڕەشەکردن بەبەکارهێنانی هێزەوە. بەواتایەکی ڕوونتر دەتوانین بڵێین ئەو سیاسەتەیە کەدەوڵەت لەپێگەی سڵەمینەوەو گرژی و ئاڵۆزی دەگوێزێتەوە بۆ پێگەی ئارامی و هاریکاری و بنیاتنانی پەیوەندی نوێی نێودەوڵەتی کەبەندە لەسەر گەشەپێدانی هاریکاری و کۆمەکردن لەنێوان دامەزراوە جیاوازەکان و لەبووارە جۆراوجۆرو هەمەچەشنەکاندا وەك ئابووری و زانست و ڕۆشنبیری و فێرکردن و بوارەکانی تر کەشێوەیەکی مرۆڤایەتییان وەرگرتووە. ئەرکی سەرەکی کەئەم پرەنسیپە گرتویەتییە ئەستۆی خۆی بریتییە لەنەهێشتن و دورخستنەوەی دەوڵەتان لەبەکارهێنانی هێزو بەرپاکردنی جەنگ بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی ئەو مەسەلانەی کەناکۆکییان لەسەرە))[5].

بەم شێوەیە ڕێککەوتن گۆڕانکارییەکی گرنگ و یەکلاکەرەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سۆڤێت- ئەمریکا بوو، کە ئەگەری بەرپاکردنی جەنگی لەنێوان ئەو دوو زلهێزەدا کەمکردەوە، هەروەها چالاکی و هاریکاری نێوانیان زاڵ بوو بەسەر پەیوەندییە دوژمنکاریەکانیاندا بەوەی کەدیدار و ئاڵوگۆڕکردنی (تبادل) ڕۆشنبیری و ڕێککەوتننامەی بازرگانی و گرێبەستی هاریکاری تەکنۆلۆژی جێگای هەڕەشەو ترس و ڕووبەڕووبوونەوەی گرتەوە کەهۆکاری سەرەکی بوون بۆ بەرەنگاری و پەلاماردانو هێرش بردن.

ئەم گۆڕانکارییە بووە هۆی دەستەبەر بوونی ئاشتی و سەقامگیر بوونی بارودۆخ بەشێوەیەکی نیسبی لەناوچە جیا جیاکانی جیهاندا ، لەبەر ئەوە پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو زلهێزەکە لەماوەی ڕابردوودا کاریگەری هەبوو لەسەر هێنانەکایەی ڕووداوە

---

(5) قاموس موجز للإصطلاحات السياسية، دار نشر زكالة نوفستي، موسكو، 1983، ص20-21، باللغة الروسية

نێودەوڵەتییەکانو سەرهەڵدانی ململانێ لەنێوانیاندا کەدەنگدانەوەیەکی گەرەی هەبوو لەزۆربەی ناوچەکانی جیهاندا.

باسی دووەم

لایەنە پراکتیکییەکانی(عەمەلییەکانی) سیاسەتی ڕێککەوتن(الوفاق)ی نێودەوڵەتیو پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان

سەرەتای دەستپێکردنی بواری پراکتیکی سیاسەتی ڕێککەوتن ئەگەڕێتەوە بۆساڵی 1969 بەتایبەتی ماوەی دەسەڵاتی سەرۆکی ئەمریکی "تولاهانیکسون"... لەئامانجە سەرەکییەکانی ڕێککەوتن وەك ستراتیژیەتی ئاشتی، گرنگیدانێکی زۆر بەهاریکاریو دانانی سنورێك بۆ گرژیو ئالۆزی نێوان هەردوو زلهێزەکەو دروستکردنی ژینگەیەکی نێودەوڵەتی وەها کەبتوانێ ناکۆکییەکان یەکلابکاتەوە، وە گواستنەوەی لەبواری رکەبەرییەوە بۆ بازنەی هاریکاریو هەماهەنگی. ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی لەڕوانگەی ئەمریکییەکانەوە هەنگاونانە بەرەو هاریکارییەکی پتەو لەنێوان خۆیانو یەکێتی سۆڤێتدا، وە پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابووریو سیاسیو ستراتیژییەکانی نێوانیان بەوەی کەوەستاوە لەسەر بیرۆکەی بەیەکەوەبەستن لەچارەنووسی هاوبەشیاندا کەداوای کەمکردنەوەی مشتومڕو ململانێو جەنگ دەکات لەنێوانیاندا بەوەی کەپێویستە یەکێتی سۆڤێت خواستو ئارەزوو ئامانجە فراوانخوازییەکانی لەبلاوکردنەوەی کۆمۆنیزمدا کەم بکاتەوەو سنوری بۆ دابنێت.

بەڵام ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی لەڕوانگەی سۆڤێتییەکانەوە وەستاوە لەسەر ئەوەی کەیەکێتی سۆڤێت ناگەڕێتەوە بۆ ئاستێکی سەربازی نزمتر لەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەها ئاشتیو خۆشگوزەرانی سۆڤێتییەکان پشت دەبەستێ لەسەر بەردەوام

بوون لەپەیوەندییە ئاشتییەکانی لەگەڵ ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمکریکادا. بەم شێوەیە ڕێککەوتن نموونەی ڕەگەزێکی گرنگو یەکلاکەرەوەی نوێ بوو لەو ئالۆگۆڕەی کەلەسروشتی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوانیاندا ڕوویدا.

سەرەڕای بوونی ئالۆزیو کێشە و قەیران کەروبەڕووی سیاسەتی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی بۆوە، بەڵام فاکتەرە پاڵنەرو هاندەرەکانی بەرەوپێش چوونی ئەم قۆناغە بریتین لە: فشار خستنەسەر جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانەو دوورکەوتنەوە لەتارمای جەنگو چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان بەڕێگای ئاشتییانە. لەگەڵ خستنەڕووی فاکتەرو پاڵنەرە جۆراوجۆرەکان پێویستە جەخت بکەینەوە لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی تێکۆشانی گەلانی جیهان لەپێناو پتەوکردنو بەرقەرارکردنی ئاشتییەکی جیهانی. هەروەها سەرهەڵدانی مەترسی لەکێشە نێودەوڵەتییەکاندا بەشێوەیەکی جددی، کەمەترسییەکی گەورەی بۆ هەڵگیرساندنی جەنگی ناوکی دروستکرد، لەگەڵ زیادبوونێکی بەردەوام لەمۆڵکردنی چەکی ناوکی، ئەمە سەرەڕای بەرزبوونەوەی خەرجییەکانی پێشبڕکێ لەخۆپڕچەککردندا کەشوێنەوای نێگەتیڤییان لەسەر بارودۆخی ئابووریو بژێوی گەلان بەجێ دەهێشت.

لێرەدا هەندێ نوسەر بیروبۆچوونی تریان هەبوو سەبارەت بەو فاکتەرانەی کەیارمەتیدەرو پاڵنەربوون بۆ خێرا بەرەوپێش بردنی سیاسەتی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە((ئارەزووی دەوڵەتانی ئەورووپا بۆ خۆ ڕزگارکردنو دەرچوون لەژێر دەسەلاتیو کۆنترۆڵی ئەمریکا بەسەر توانا ئابووریو ئەمنییەکانیاندا. ئەمەش وای لێکردن کەبەرەو دۆزینەوەی شێوە هاریکارییەکی ئەورووپیان بەرێت لەبووارەکانی ئابووریو ئەو بوارانەی کەپەیوەندییان هەیە بەئاسایشیانەوە، هەروەها دوورکەوتنەوەیان لەکاریگەری ولاتەیەکگرتووەکان، بەتایبەتی بەوەی کەپێگەی ئەورووپا نزیکە لەکاریگەری چەکی ناوکی

سۆڤێتییەوە ئەمەش زیاتر بووە هۆی سوربوونی ئەم دەوڵەتانە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی دۆستانە لەنێوان خۆیانو یەکێتی سۆڤێتدا))[6]. هەندێ نووسەری تر وای دەبینن کە شکستهێنانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەمارۆدانی یەکێتی سۆڤییەتو ئاڕاستە بوونی بەرەو کاریگەری بەسەر سیاسەتی لەکاتی هاریکاری لەگەڵیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە((وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا بەگشتی وای دەبینین کەکاتی ئەوە هاتووە کەئیعتراف بەیەکێتی سۆڤێت بکەن وەك دەوڵەتێکی گەورە کەکاریگەریو نفوزی هەیە بەسەر جیهاندا، کەناتوانرێت بەرووبەڕووبوونەوەی سەربازی سنور بۆ هێزو تواناکانی دابنرێت))[7].

کەواتە پێویستە بڵێن کەسیاسەتی پێکەوەژیانی ئاشتییانە کە یەکێتی سۆڤێت بنیادیناو پیادەی دەکرد بریتیی بوو لەخۆشکردنی زەمینەیەکی باش بۆ سیاسەتێکی نوێ لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها پێویستە ئەوەش بێنینەوە یاد کەلەلایەن هەردوو دەوڵەتەکەوە لەساڵی 1972دا بەیانێکی هاوبەش دەرکرا کەتیایدا هاتووە ((هەردوو لا کۆکنو جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کەپێکەوە ژیانی ئاشتییانە بناغە و بنەمایەکە دەتوانرێت پەیوەندییەکانی نێوانیان پێ هەڵبسەنگێنرێت لەسەدەو چاخی ناوەکیدا، بەوەی کەجیاوازی ئایدیۆلۆژیو سیستمی کۆمەڵایەتی نابنە ڕێگرو کۆسپ لەڕێگای گەشەکردنو بەرەوپێشچوونی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوانیان کەوەستاوە لەسەر بناغەی سەروەرێتیو یەکسانی، هەروەها دەست نەخستنە ناو کاروباری ناوخۆیو بەرژەوەندی هاوبەش- المنفعة المتبادلة))[8].

---

[6] د.مصطفى سيد عبدالرحمن، قانون التنظيم الدولي، دار النهضة العربية، القاهرة 1990، ص25.

[7] د.عبدالخالق عبدالله، العالم المعاصر والصراعات الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص29.

[8] سموحى فوق العادة، معجم الدبلوماسية والشؤون الدولية، لبنان، بيروت، 1986، ص70.

قۆناغی رێککەوتنی نێودەوڵەتی گەشەکردنو پێشکەوتنێکی پۆزەتیڤییان بەخۆوەبینی ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەدەوڵەتە سەرمایەدارە گەورەکان ئامادەباشییان تێدا دەبێ بۆ هەنگاونان بەرەو پتەوکردنی پەیوەندییە هاریکارییە نێودەوڵەتییەکان لەپێش هەموشیانەوە ((فەرەنسا لەسەر چاککردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا کە ئەمەش گوزارشت بوو لەسیاسەتی کرانەوە بەرووی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتداو سنوردانان بۆ دیاردەکانی ململانیی نێودەوڵەتی))[9]. هەروەها ئەڵمانیای ڕۆژئاوا سیاسەتێکی نوێی دەرەکی راگەیاند کە بەستراتیژی ((کرانەوە بەرەو ڕۆژهەڵات))[10] ناسرابوو.

لەڕوانگەی ئەم سیاسەتەوە جۆرە نزیك بوونەوەیەك لەنێوان ئەڵمانیاو یەکێتی سۆڤێتو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتدا دەرکەوت، هەموو ئەم ئاڕاستەو سەرکەوتنانەش کەلەم بوارەدا ڕوویاندا بەسەرکەوتنی یەکێتی سۆڤێت ڕەچاودەکرێت لەسایەی پەرەنسیپی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەوە، پێویستە لێرەدا ئاماژە بەپەیماننامەیەك بکەین کەلەساڵی1972 لەنێوان "نیکسۆنو برجنیڤ" لەمۆسکۆدا مۆرکرا "پەیماننامەی سنوردانان بۆ چەکی ستراتیژی" کەبە(سالت-1-) ناسرا بوو پاشان بەستی کۆبوونەوەکانی "فلادیفستوك"ی ساڵی 1974 بۆ سەر لەنوێ ئیمزاکردنەوەی لەسەردەمی "کارتەر برجنیڤ"دا کەبە(سالت-2-) ناسرابوو))[11].

هەروەها لەنێوان ساڵانی 1971-1975 بەرەوپێش چوونێکی دیارو بەرچاو لەپەیوەندی نێوان یەکێتی سۆڤێت- فەرەنساو یەکێتی سۆڤێت-ئەڵمانیادا دەبینرێت، وە

---

[9] دانیال کولار، العلاقات الدولیة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص116.

[10] د.إسماعیل صبري مقلد، الإستراتیجیة والسیاسة الدولیة، مؤسسة الأبحاث العربیة، بیروت، 1985، ص549.

[11] بول کندي، قیام وإنهیار القوی العظمی، الطبعة الأولی، مصراتة 1993،ص579.

ڕێککەوتننامە لەنێوان ئەم لایەنانەدا لەبوارو ئاستی جۆراوجۆردا بەسترا، هەروەها بەرەوپێش چونێکی نیسبی لەپەیوەندی نێوان دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاواو دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا ڕووبدا، ئەمەش لەمۆرکردنی چەندین ڕێککەوتننامە لەنێوان ئەو دەوڵەتانەدا ڕەنگیداوەتەوە. بەم شێوەیە دەبینین کەسیاسەتی ڕێککەوتن بوو بەڕێبازێکی بەرجەستەبوو لەتێکڕای ململانێ نێودەوڵەتییەکانو پەرەنسیپە جۆراوجۆرەکانی ئابووریو سیاسیو ڕۆشنبیریو هونەریو بووارەکانی مافی مرۆڤدا.

هەروەها کۆنگرەی گشتی بۆ ئاسایشو هاریکاری ئەوروپی کەلەساڵی 1975 لەهلسنکی بەسترا، بەهەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت لەگەشەپێدانی سیاسەتی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی، کەتیایدا ئیعتراف کرا بەشەرعیەتی بارودۆخی جوگرافی بۆیەکەمجارو پەیماندان بەپێشێل نەکردنی سنوری ئیقلیمی.

قۆناغی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی پشتیوانییەکی گەورەو فراوانی لێکراو گەلانی جیهان ئومێدێکی گەورەیان پێی هەبوو کە((گوزارشتیان دەکرد بەسەرەتایەك بۆ دانانی بنەماو بناغەی نوێ لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەوپێیە دوورکەوتنەوە لە تارمای جەنگو تێگەیشتنی هاوبەش بۆ کێشە نێودەوڵەتییەکانو سەیرکردنیان لەڕوانگەی واقیعی نوێوە جێگای بەکارهێنانی هێز یاخود هەڕەشەکردن بەبەکارهێنانی گرتەوە))[12].

بەردەوام بوونی سیاسەتی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی پاڵینا بەهێزە ڕاستڕەوە توندڕەوەکانەوە کەپەرەیان بەڕێبازی ئیمپریالیستو زایۆنیزمی جیهانی دەدا کە لەچوارچێوەیەکی فراواندا هەڵسن بەهەڵمەتو کاری تووندووتیژ دژی ئەم سیاسەتە، چونکە ئەم سیاسەتە بەرژەوەندی ئەوانی لەپێشبڕکێ لەخۆڕچەککردندا نەدەهێنایەدی کەسوودی ئەوانی تیادابوو، سەرەڕای ئەوەی کەدژی دیموکراسیو بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی جیهانیش

[12] د.عدنان طه مهدي الدوري، العلاقات الدولية المعاصرة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص125.

بوون، ئەم شالاوە توندوتیژانەش لەلایەن ناوەندە سیاسیو سەربازییەکانی ئەمریکییە راستڕەوو محافیزکارەکانەوە سەرکردایەتی دەکراو بەڕێوەدەچوو بەتەنسیق لەگەڵ زایۆنییەکاندا کەداواکار بوون بەشێوەیەکی خێرا بگەڕێنەوە بۆ سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتو دوورکەوتنەوە لەسیاسەتی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی، ئەمەش لەسەردەمی "کارتر"ی سەرۆکی ئەمریکیدا ڕوویدا کەهەوڵی دەدا تاڕادەیەك بەردەوامی بدات بەسیاسەتی ڕێککەوتن هەرچەندە کەوتە ژێر کاریگەریو فشاری زۆرەوە کەپیادەدەکرا دژی ئەم ڕێبازە، پەرەپێدانو پتەوکردنی ڕێبازی بەرەنگاری لەدژی ئەم ڕێبازە لەساڵی 1979-1980دا بوو بەگەیشتنی "ریگان"و گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی. حکومەتە ڕۆژئاواییەکان لەزۆربەی دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی گشتی دژی یەکێتی سۆڤێتو بزوتنەوە رزگاریخوازەکان، لەمەوە دەتوانین بڵێین کەسەرەتای ساڵی 1980و گرتنە دەستی سەرۆکایەتی ئەمریکا لەلایەن "ریگان"ەوە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لەگرژیو ئاڵۆزی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کەناوەبرێت بەجەنگی سارد لەقۆناغی دووەمدا.

سیاسەتی ڕێککەوتن و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە شێوازێکی تەواو نەبوو بۆ ((پێکەوە ژیانی ئایدیۆلۆژی لەنێوان سەرمایەداریو سۆسیالیزمدا، بەڵکو زۆر دوور بوو لەوەوە هەر وەك لەبەیاننامەی کۆتای کۆنگرەی جیهانی پارتی کۆمۆنیست لەمۆسکۆ لەنێوان ساڵانی 1960-1969دا بەشێوەیەکی ئاشکرا ئاماژە دەکات بەوەی کەپێکەوە ژیانی ئاشتییانە لەنێوان دەوڵەتە خاوەن دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان هاوشێوەی بەرژەوەندیی نێوان ئایدیۆلۆژی بۆرجواژیو سۆسیالیزم نییە، بەڵکو ئەمە چڕکردنەوەی هەوڵو کۆششی پارتە کۆمۆنیستەکانە لەپێناو سەرکەوتنی بیروباوەڕی کۆمۆنیزمدا))[13].

[13] أندرية غروميكو، من الذاكرة، الطبعة الأولى، الجزء الثاني، دار الفارابي، لبنان، بيروت، 1989

سروشتی دوژمنکارانەی سیاسەتی ئەمریکی کەخۆی دەبینێتەوە لەکۆنترۆڵ کردنو دەست بەسەراگرتنی سامانی گەلان.

یەکێتی سۆڤێت کۆمەڵێك دەسپێشخەری ئاشتییانەی خستەڕوو، سەرەڕای ئەوەی کەلەلایەن ئەمریکاوە وەڵام نەئەدرایەوە بەتایبەتی دوای شکستی چاوپێکەوتنی لوتکەی ریکافیك کەئەم چاوپێکەوتنە بووەهۆی پێشینەیەك بۆ مۆرکردنی رێککەوتننامەی تر سەبارەت بەمەسەلەو کێشە ریشەییەکان بۆ سنوردار کردنی خۆپڕچەککردن، یەکێتی سۆڤێت بۆ ریکافیك پڕۆژەیەکی گەورەی بەدەستەوە بوو کەلەم چاوپێکەوتنەدا باسی لێوەکرد ئەویش بریتییە لەوەی ((کەپێویستە دانای بناغەی سەدەی نوێی مرۆڤایەتی سەدەی خاڵی (بەتاڵ) بێت لەچەکی ناووکی))[12]. بەڵام لەلایەن ئەمریکاوە ئەم بەرنامەیەی سۆڤێت بەرپەرچ درایەوە لەم چاوپێکەوتنەدا، بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزو پەشێوو بوو لەدوای لوتکەی ریکافیك بەجۆرێك کەناکۆکی لەسەر چەکی ستراتیژو مووشەکی ناوەند هاوێژ ڕوویدا، بەهەر حاڵ دەکرێت بڵێین کەچاوپێکەوتنی لوتکەی ریکافیك پلەیەك بوو لەدیالۆگی ئاشتییانەی ئاڵۆزو دژوار لەگەڵان بەدوای رێگا چارەی تردا.

یەکێتی سۆڤێت هەنگاوی گەورەی نا تەنانەت تنازلاتی گەورەشی کرد لەلایەن خۆیەوە، کاتێك "گۆرباچۆڤ" جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە و دەڵێت ((ناتوانین زیاتر بڕۆین بەرەو ئەو جۆرە تنازلاتانە))[13]. وادیارە کەیەکێتی سۆڤێتو ئەو دەستپێشخەرییانەی کەکردی وا رۆژئاواییەکان تێگەیشتن کەیەکێتی سۆڤێت دەترسێت لەجەنگی ئەستێرەکان "حرب نجوم" ئەم کارەش بووە هۆی وەستاندی "المواتورم" یەك لایەنە لەسەر تاقیکردنەوە

---

[12] غورباتشوف م.س، البیرویسترویکا والتفکیر الجدید لأجل بلادنا والعالم بأسره، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص281.

[13] غورباتشۆف م.س، هەمان سەرچاوە، ص287.

ناووکییەکان، بەڵام وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێککەوتننامەی "سالتی2"ی پوچەڵکردەوەو پەیماننامەی بەرگری دژە مووشەکی ترسناکی خستەڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا یەکێتی سۆڤێت دەستپێشخەریەکی تری کرد کەچەند هەنگاوێکی نوێی بەدوادا هات لەپێناو پەخشکردنی ژیانێکی نوێ لەگفتوگۆکانی تردا بەڵام بەرپەرچدانەوەی ئەمریکا ئەوەبوو کەوڵاتەیەکگرتووەکانیو ڕۆژئاوا بڕوایان بەدستپێشخەرییەکانی سۆڤێت دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی چەك لەکاتێکدا ئەگەر یەکێتی سۆڤێت گۆڕانکاری سیستمی سیاسی بکات وەخۆشی وەك نموونەیەکی وڵاتانی ڕۆژئاوا نیشان بدات.

ئەمریکاو ئەو هەموو تنازلاتانەی سۆڤێت بوو بەهەڵوێستی ڕەسمی بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، سەرەڕای ئەوە ڕێککەوتن لەسەر نەهێشتنی موشەکی ناوەند هاوێژ لەئەورووپادا. هەروەها کشانەوەی یەکێتی سۆڤێت لەئەفغانستان، ئەم کارەش ئاسانکاری کرد لەگەیشتن بەڕێککەوننامەی جنێف. هەروەها بانگەشەکانی یەکێتی سۆڤێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە ئیقلیمەیەکان گەیشتە ئەمریکای ناوەڕاستو باشوری ڕۆژئاوای ئەفریقا، هەروەها بانگەشەی کرد بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمەش لەسەر بناغەی ئەم دوو پرەنسیپە: ((**یەکەمیان:** مافی چارەی خۆنووسینو دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی لەسەر بناغەی بڕیاری ژمارە (181)و هەردوو بڕیاری دابەشکردنی ژمارە (242)و(337) وەك بناغەیەك بۆ کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی، **دووەمیان:** گرێ نەدانی گرێ بەستی یەك لایەنە بۆ بەدیهێنانی چارەسەرێکی عادڵو سەراپاگیر))[14]. بەشێوەیەکی سروشتیو ئاسایی وڵاتەیەکگرتووەکانو ئیسرئیل ئەم دەستپێشخەریو داوایەیان بۆ بەستنی کۆنگرەی لەو

[14] د.عدنان طه مهدي الدوري، العلاقات الدولية المعاصرة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص16

جۆرە رەت کردەوە، بەبەردەوامی هەردوو لایەنی ئەمریکیو ئیسرائیل ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینیان پشت گوێ دەخست.

بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی ئەمریکیو ڕۆژئاوا زۆربەی ئەو دەستپێشخەریانەی کەلەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە کراون ڕەت دەکەنەوە، ئەمریکا دەستیوەردەدا لەکاروباری ئەفغانستانو کۆسپی دەخستە بەردەم چارەسەری ئاشتییانە، تەنانەت ئەم سیاسەتی دەستێوەردانە گەیشتە ولاتانی ئەمریکای لاتینی. هەروەها ئەمریکاو هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی هەڵسان بەبۆردومانکردنی جەماوەر بەم پێیە ((فڕۆکە ئەمریکییەکان هەڵسان بەبۆردومانکردنی تەرابلسو بەنغازیو چەند شوێنێکی تری لیبیا، ئەمەش ئەنجامدانی کارێکی دوژمنکاری ڕاستەوخۆ بوو بەبیانووی ئەوەی کە بەهیچ جۆرێك خۆی ناگرێت لەبەردەم ڕەخنەی گۆمەڵگای ئەمرۆدا، کەواتە دەرچوونی فڕۆکە ئەمریکییەکان لەبنکەی ئینگلتەراوە بەئاسمانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا، ئایە ئەوروپای ڕۆژئاوا کێیە؟ ئایە حکومەتەکانی ولاتانی ناتۆ بوون کە لەڕاستی کارەکەیان ڕووانیی‌و لیی بێدنگ بوون‌و هیچ ڕێگرو ئاستەنگێکیان لەبەردەم ئەم هەنگاوەی ئەمریکادا دانەنا))[15]، بەڵام لەسەر ئاستی کەمکردنەوەی چەکی کلاسیکی کەیەکێتی سۆڤێت یەك لایەنە رای گەیاند، لەلایەن ئەمریکاوە هیچ هەنگاوێکی بۆ نەدەنرا ئەگەر سوودی خۆیو ڕۆژئاوای تیادا نەبووبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێککەوتن(الوفاق)ی نوێی نێودەوڵەتی کەسیاسەتی نوێی سۆڤێتی پەیڕەو دەکرد بووە هۆی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی سنوردانان بۆ چەکی ناووکی‌و کلاسیکی‌و تێکشکانی بەشێکی گەورەی ئەو چەکانە، پاشان کشانەوەی هێزەکان کەپەیوەست بوون بەزەوی ولاتانی بیانییەوە،هەروەها ڕاگەیاندنی کۆتای هاتنی جەنگی

---

(15) غوربلتشوف م.س، البيرويسترويكا والتفكير الجديد لأجل بلادنا والعالم بأسره، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص242-243.

سارد دوای "لوتکەی مالتا"... هەموو ئەمانە هەنگاوی پۆزەتیڤ بوونو دەنگدانەوەیەکی گەورەو پشتگیرییەکی فراوانی لێکرا لەلایەن زۆربەی گەلانی جیهانەوە، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین کەئەمریکاو دەوڵەتانی رۆژئاوا ئیستغلالی بارودۆخی نوێی نێودەوڵەتییانکردو هەوڵیاندا بۆ فراوان بوونی نفوزیانو سەپاندنی هەژموونو دەسەڵاتیان بەهەموو شێوازو ڕێگایەك تەنانەت بەکارهێنانی هێزی سەربازیش بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان. بۆ نموونە خاڵی سەرەتای شاڵاو و پەلاماری ئەمریکی بۆسەر جەماوەر ساڵی 1986، هەروەها ((داگیرکردنی پەنەماو دەستگیرکردنی سەرۆکەکەی و راگواستنی بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەهەڵەداچووە ئەوەی وابیربکاتەوە کەجەنگی کەنداو کۆتای هاتووە، بەڵکو بەبڕوای ئێمە گوزارشتە بۆ وێستگەیەك لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی ئاڕاستەکراو بەرەو سەپاندنی دەسەڵاتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەر هەموو دەوڵەتانی جیهاندا))[16].

ئەم هەموو بەرەوپێشچوونو گۆڕانکاریانە خێراو بەدوایەکدا هاتووانە لەسایەی بیرۆیسترۆیکا کەلەئابی 1991دا فۆرمەلە بوو بەتایبەتی سیاسەتی کرانەوە (سياسة الأنفتاحية) کەگۆرباچۆڤ بانگەشەی بۆ دەکرد ((رونی کردەوە کەناتوانرێ هاوسەنگییەکی نەخشە بۆکێشراو (التوازن المنشود) بەدیبهێنرێ. ئەم ئاڕاستەیەش بووە هۆی گرتنەبەری زیاتری لیبراڵییەتی رۆژئاوایی لەگەڵ تێکچوونی بارودۆخی سیاسییو مەکانەتی نێودەوڵەتی یەکێتی سۆڤێت کەیەکێك بوو لەدوو زلهێزەکەی جیهان لەدوای کۆتای جەنگی دووەمی جیهانییەوە))[17].

---

[16] الطيب علي أحمد، أزمة الحكم والعلاقات الدولية مجلة الثقافة الجديدة، العدد 235، الشهر السابع 1991، ص87.

[17] د.حورية توفيق مجاهد، الفكر السياسي من أفلاطون إلى محمد عبده، الطبعة الثانية، مكتبة الأنجلو-المصرية القاهرة 1992، ص542.

هەموو گۆڕانکاریو پێشهاته دراماتیکییەکان کەیەکەجار لەئەوروپای رۆژهەڵات ڕوویانداو پاشان باڵێکێشا بەسەر یەکێتی سۆڤێتیشدا کەناوەندی سۆسیالیزم بوو، لەبەشەکانی دوایدا زیارتر لەسەر ئەم بابەته ئەدوێینو تاوتویی دەکەین، بەڵام پێویسته جەخت بکەینەوه لەسەر ئەوەی کەئەم رووداوه خێرایانه جیاوازی لەنێوان تیۆریو پراکتیکیدا دەردەخەن چونکه ئەم سیاسەته نەبووەهۆی بەدیهێنانی ئامانجی نەخشه بۆکێشراو، بەڵکو زیاتر پەلەی کرد لەرووخاندنی بلۆکی سۆسیالیزمیو لەسەروشیانەوه یەکێتی سۆڤێت. لەبەر ئەوه ڕاسته ئەگەر بڵێین بیرۆیسترۆیکا صدمەیەکی کتوپڕ بوو کەلەسەرەتایدا ئەم پرسیاره جەوهەریه دێنێته ئاراوه، ئایا ئەمه شۆڕشێك بوو لەچوارچێوەی سۆسیالیزمدا یاخود شۆڕشێك بوو لەدژی سۆسیالیزم؟!

بەشی هەشتەم

گۆڕانکارییە نوێیە نێودەوڵەتییەکانو ڕەنگدانەوەیان لەسەر تێکڕای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان لەسەرەتاو لەپێش هەموو شتێکەوە، بەمانای هەرەسهێنانی بلۆکی سۆسیالیزم، ڕوخانی یەکێتی سۆڤێت، تێکچوونی هاوسەنگی هێزەکان لەبەرژەوەندی سەرمایەداری، هەروەها دەرکەوتنی سیستمی نوێی نێودەوڵەتی دێت. ئەم گۆڕانکاریانەش ڕەنگدانەوەو کاریگەری سەراپاگیریان هەبوو لەسەر تێکڕای پەیوەندییە سیاسییەکان.

باسی یەکەم

هەرەسهێنانی (داڕمانی) بلۆکی سۆسیالیزم

دەوڵەتە سۆسیالیستییەکان دابڕاو بێ بەش نەبوون لەکاریگەرییەکانی ئەو سیاسەتە نوێیەی کەیەکێتی سۆڤێت پەیڕەوی دەکرد، بەڵکو کاردانەوەیەکی تووندوتیژی لەدژی ئەم دەوڵەتانەو پارتە کۆمۆنیستیو سۆسیالیستییەکانیان دروست کرد. وەلەهەمانکاتدا ئەم سیاسەتە بووە هۆی گۆڕانکاری ڕیشەی لەسیستەمی حوکمدا، وە سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بەزۆربەی ئەرکە ساسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان لەو وڵاتانەدا.

"گۆرباچۆڤ" دەڵێت ((ئەو ڕێیازەی کە وا هەڵمانبژاردووە لەگەڵ زەرورەتی خێرای هەنگاونان بەتوندی لەپێگە میژووییە فراوانەکاندا ناچاری کردین بۆ چاوخشاندنەوە لەگەشەپێدانی مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتە سۆسیالیزمەکانی تردا، وەلەکۆتایدا گەیشتینە ئەم دەرەنجامە

بەسوودە کەپێویستە میکانزمێکی گەورە بخەینەگەڕ لەهاریکاریەکانماندا، هەر ئەمەشە پارتە هاوپەیمانەکانمان هاندەدات، لەم بوواردا جۆرێك لەبیرۆیسترۆیکا پێگەیشت))[1].

لەماوەی ئاشکراکردنی هەڵوێستی سەرجەم دەوڵەتە سۆسیالیستییەکانو سەرکردەی پارتەکانیان، دەبینین کەهەموویان کۆك نەبوون لەگەڵ ئەوەی کەگورباچۆڤ قسەی لەسەر دەکرد بەوەی کەهەموو پارتە دۆستەکان هانمان دەدان بۆئەم سیاسییەتە. بۆنموونە زۆربەی پارتە کۆمۆنیستەکان لەکامپی سۆسیالیستی بەشێوەیەکی قوول خۆیان دەپاراست لەم سیاسەتە وەك پارتی سۆسیالیستی یەکگرتووی ئەڵمانیاو پارتی کۆمۆنیستی چیکسلۆفاکیاو پارتی کۆمۆنیستی ڕۆمانیو پارتی کۆمۆنیستی کوبی. هەروەها پارتە کۆمۆنیستییەکانی تر لەناوچەکانی تری جیهان بەشێوەیەکی توند خۆیان بەدوور دەگرت لەم سیاسەتە وەك پارتی کۆمۆنیستی ئەمریکی، تادەگاتە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم وەك پارتی کۆمۆنیستی سوری. ئیتر ناتوانین بڵێین پارتە کۆمۆنیستەکان لەوڵاتە سۆسیالیتیو ناسۆسیالیستییەکاندا هەموویان لایەنگر و هاندەری بیروڕاو هەڵوێستی سۆڤێتن. ئەمەش بەو مانایە نییە کەهیچ پارتێکی کۆمۆنیستی نییە دۆستو لایەنگری ئەم سیاسییەتە نەبی، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆربەیان پێیان وایە کەئەمە زیندوکەرەوەو بووژێنەرەوەی مارکسیزمو لینینزم لەو ڕوانگەیەشەوە بەشێوەیەکی میکانیکی ئەزموونی روسیایان گواستەوە بەبێ ڕەچاوکردنی واقیعی نەتەوەی بەرجەستەبوو و هەلومەرجی تایبەتی هەریەکە لەوڵاتەکانی خۆیان.

هەروەها ((بزوتنەوە جەماوەرییە فراوانەکان لەوڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا دابڕاو نەبوو لەتەفکیری سیاسیی نوێ کەبیرۆیسترۆیکا لەگەڵ خۆیدا هێنابووی))[2]. لەپۆلۆنیا قەیرانی

---

[1] غورباتشوف م.س، البیرویسترویکا والتفکیر الجدید لأجل بلادنا والعالم بأسره، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص186.

توودندتیژ سەریانهەڵداو چالاکی سیاسیی روویاندا کەڕێکخراوی (تظامن) پێی هەڵسا کەهەڕەشە بوو بەشێوەیەکی فیعلی بۆ سەر دەسەڵات، ئەم کارەش بووەهۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردن کەئەم بزووتنەوەیە توانی سەرکەوتن بەسەر پارتی کۆمۆنیسدا بەدەست بهێنێ، بەمەش دەسەڵات دابەشکرا لەنێوان (التظامن)و لایەنگرانی کەنیسەو پارتی کرێکارانی یەکگرتووی پۆلۆنیو پارتەکانی تردا، بەڵام لەئەڵمانیا "هونیکر" سەرکردایەتی پارت، بیرۆیسترۆیکای رەتکردەوە، ئەمەش بووەهۆی سەرهەڵدانی رەوتێکی بەرهەڵستکاری ڕێکوپێکی خاوەن جەماوەرێکی فراوان، کەتوانیان دەسەڵات بگرنە دەست. بەهەمان شێووە لەچکسلۆفاکیا پارتی دەسەڵاتدار رووبەڕووی سیاسەتی بیرۆیسترۆیکا وەستاو هەموو گۆڕانکاریەکی ڕەتکردەوە، بەڵام بەرهەڵستکاران توایان سەرکەتن بەدەستبهێنن لەهەڵبژاردنەکاندا. بەڵام لەهەنگاریادا قەیرانێکی تایبەتی کۆن هەبوو کەبانگەشەری دەکرد بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەناوخۆی پارتی دەسەڵاتداردا، ئەمەش بووەهۆی سەرهەڵدانی ڕەوتێك لەناوخۆی پارتدا کەتوانی کێشەکە یەکلای بکاتەوە لەبەرژەوەندی خۆی بەم پێیە پارتی کۆمۆنیست هەڵوەشێنرایەوەو پارتی سۆسیالیزم جێگای گرتەوە،

بەڵام بارودۆخەکە لەڕۆمانیاو بوولگاریاو مەنگۆلیا جیاوازبوو لەنموونەو ئەزموونەکانی تر، پارتە کۆمۆنسیتەکان بەردەوام بوون لەسەرکردایەتی کردنی دەسەڵات ئەمەش لەڕێگای پەیڕەوکردنی سیاسەتی ریفۆرمی دیموکراتی ئابووری بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی بیری سیاسیی نوێ (التفكير السياسي الجديد).

بەڵام لەدەوڵەتە سۆسیالیزمە نائەوروپییەکانی وەك چینو ڤێتنامو لاوسو کەمبۆدیاو کوباو کۆریای دیموکرات هەلومەرجەکەو وەك هەلومەرجی دەوڵەتە سۆسیالیستییەکانی ئەوروپا نەبوو ئەم وڵاتانە بزووتنەوەی جەماوەری فراوانیان بەخۆوە بینی جگە لەچین

---

(2) د.عدنان طه مهدي الدوري، العلاقات الدولية المعاصرة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص64-66.

کەبزووتنەوەی خوێندکاران تیایدا سەری هەڵداو دامرکێنرایەوە، لەهەمانکاتدا حکومەت رایگەیاند کەچاکسازی فراوان لەهەموو بوارەکانی ژیاندا ئەنجام دەدات.

((رزگارکردنی کامپی سۆسیالیستی بریتی بوو لەدروستکراوەکانی بیرۆیستروێکا))[3] ئەمە بەڕاشکاوانە راوێژکاری گۆرباچۆڤ "نیکۆلای بورتوگالوڤ" وتیو جەختی لەسەر کردەوە کە"گۆرباچۆڤ" بەشداری کرد لەڕووخاندنی سیستمی سۆسیالیزمدا.

هەرەسهێنانو ڕوخاندنی زۆربەی ڕێکخراوە کۆمۆنیستیو سۆسیالیستییەکان لەناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك هەندێك دەیگێڕنەوە بۆهۆکاری فیکردو هەندێکیتر دەیگێڕنەوە بۆهۆکاری پراکتیکی (تطبيقي)، هەندێکی تریش دەیگێڕنەوە بۆ هەر دوو هۆکارەکە بەیەکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بڵێین ((نەبوونی دیموکراسیو دوورخستنەوەی جەماوەرو لەبەشداریکردن لەدارشتنی سیاسەتی دەوڵەتو مەزنکردنی ئیعتبار(تعاظم الأعتبار)و خراپی جێبەجێکردن. هەروەها گواستنەوەی ئەزموونی سۆڤێتی بەشێوەیەکی میکانیکی بەبێ ڕەچاوکردنی واقیعی بەرجەستەبووی هەلومەرجی تایبەتی هەریەکە لەوڵاتان، وەهەوڵو کۆششی بەردەوامو نەپچڕاوی ئیمپریالیزم لەپێناو شکستپێهێنانی ئەم ئەزموونە))[4]. هەموو ئەم هۆکارانە بەیەکەوە بەشداریانکرد لەڕووخاندنی بلۆکی سۆسیالیزمدا.

نەبوونی دیموکراسی، واتە خنکاندنو خەفەکردنی وزەو توانا داهێنەرەکانی جەماوەر یاخود پەرکردنەوە بەناویو دارشتنی بڕیارەکان لەجیاتی ئەو، هەروەها خراپی جێبەجێکردن جەوهەری راستەقینەی بۆ سۆسیالیزمی مرۆڤایەتی شێواند، بەبۆچوونی ئێمە هەڵەو

---

[3] عبدالقادر عرابي، المجتمع الدولي والعربي في ضوء المتغيرات الدولية مجلة المستقبل العربي، العدد 147، السنة الخامسة، 1991، ص8 .

[4] د.عدنان طه مهدي الدوري، العلاقات الدولية المعاصرة، ص67.

کەموکوڕی لەتیۆری سۆسیالیزمدا نییە، بەڵکو لەخراپی جێبەجێکردنو لادان لەبڕەنسیپە بنەڕەتیەکانییەتی.

هەرەسهێنانی کامپی سۆسیالیزم ((نەبووە هۆی خۆشگوزەرانی گەلانیان تەنها بۆ چەند ساتێك نەبێ،چونکە دوابەدوای هەرەسهێنانەکە دووچاری رووبەڕووبوونەوە هاتن لەبەرامبەر بێکاریو بەرزبوونەوەی نرخو شاردنەوی کالاکانو قۆرخی دەوڵەمەندەکانو رقو کینەی سەرمایەداری رۆژئاوایی بۆیان))[5]. لەدوای داڕمانی ئەوەی ناوی ((سۆسیالیزم بوو نرخی شمەکو کالا لەوڵاتانی کۆماری روسیاو ئۆکرانیاو هەموو دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بەرز بۆوەو تابووریێك لەبێکار سەری هەڵدا، ئەم گۆڕانکاریەش دوای پشت بەستن بەسیاسەتی بازاری هاتەدی))[6].

یەکێك لەنوێنەرانی کۆمەڵەی فیدرالی لەچکسلۆفاکیا کەپسپۆڕێکی بەناوبانگە لەپێشبینیدا بەناوی "میلوش زیمار" لەنامەیەکدا نوسیوویەتی کەئاڕاستەی پارتی "مەنبەری مەدەنی" کرد کە سەرکردایەتی شۆڕشی جەماوەری دەکرد لەنۆڤەمبەری 1989 تیایدا هێرش دەکاتە سەر پرۆسەی ریفۆرمی ئابووریو دەڵێت: ((لەجیاتی ئەو گەشەکردنەی کەچاوەڕوان دەکرا بەرهەمی نیشتمانی هاتەخوارەوەو دراویش داشکانی بەخۆوەبینیو بێکاریش بەڕێژەیەکی بەرچاو دەرکەوت کەمەترسییەکی گەورەی هەبوو بۆ سەر ململانێ کۆمەڵایەتییە مەترسیدارەکان))[7].

ئێستاو پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی کورت بەسەر ئەم گۆڕانکارییە ڕیشەییانەدا کەلەسیستمی سیاسی دەوڵەتانی سۆسیالیستیدا ڕویاندا، دوای ئەوەی هاوولاتیانی ئەورووپای

---

[5] ئیَشتەکی کتیَبی (رأسمالیة وإشتراکیة)، د.رجب أبو دبوس، الدار الجماهیر للنشر، بنغازي، 1994، ص11.

[6] معمر القذافي، منشورات ضد القانون، تحیا دولة الحقراء، الشرکة العامة للورق والطباعة، طرابلس، 1996، ص46.

[7] الطیب علي أحمد، أزمة الحکم والعلاقات الدولیة في عالم الیوم، مجلة الثقافة الجدیدیة، العدد 235، الشهر السابع 1991، ص64-65.

ڕۆژهەڵات سیاسەتی بازاڕیان تاقیکردەوە بۆیان دەرکەوت کەجگە لەتێکچوونی زیاتری بارودۆخی سیاسیو ئابووری هیچی تر نییە، بۆ جارێکی تر ئەم هاوولاتیانە هاوسۆز بوون لەگەڵ سیاسەتی پارتە سۆسیالیستییەکانی پێشوودا، سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان لەپۆلۆنیاو مەجەر بەڵگەی ڕوونن کەجەخت دەکەنەوە لەسەر شکستی سیاسەتی بازاڕی سەرمایەداری.

باسی دووەم

داڕمانی یەکێتی سۆڤێت

بیرۆیسترۆیکا تاڕادەیەکی خۆیی ئامانج نەبوو، بەڵکو ئامرازێکی شۆڕشگێڕانەبوو بۆ بەدیهێنانی ئامانج. بریتی بوو لە((سیاسەتی پەلەو خێراکردن بەرەو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو ئابووریو نوێ کردنەوەی هەموو لایەنەکانی ژیان))[8]، هەر وەك گۆرباچۆڤ جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەمە شۆڕشێکەو ئامانجەکەی ((بێگومان بەدیهێنانی ئەرکێکی شۆڕشگێڕانەیە))[9]. بەڵام ئەو پرسیارەی کەخۆی قوت دەکاتەوە، ئەوەیە ئایە ئەمە شۆڕشێك بوو لەچوارچێوەی سۆسیالیستیدا یاخود شۆڕشێك بوو لەدژی سۆسیالیزم؟

لەکۆبوونەوەی نیسانی 1985دا لیژنەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتی گەیشتە ئەم دەرەنجامە ((وڵات کەوتۆتە حاڵەتی بەر لەقەیرانەکەوە))[10]. لەهەمان کۆبوونەوەدا لادانێك کرا بەرەو ڕێبازێکی ستراتیژی نوێ، بەرەو بیرۆیسترۆیکاو خستنە ڕووی دید(تصور)و بنەما بنەڕەتییەکانی کەخۆی دەبینێتەوە بەپێی تێڕوانینی گۆرباچۆڤ ((واخۆی

---

[8] غورباتشوف م.س، البيرويسترويكا والتفكير الجديد لنا وللعالم بأسره، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ص9.

[9] غورباتشوف م.س، هەمان سەرچاوە، ص54.

[10] وثائق إجتماع اللجنة المركزية للحزب الشيوعي السوفيتي، موسكو، أبريل 1985، ص18، باللغة الروسية.

دەنوێنی کەخەسڵەتێکی جیاکەرەوەیە بۆ بیرۆیستزۆیکاوهیزو تواناکانی کەلەهەمانکاتدا شۆڕشێك لەسەرەوە بۆ خوارەوە پێك دەهێنێ))[11]. هەروەها گۆرباچۆڤ چەندین جار جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کەبناغەو پاڵپشت سۆسیالیزمەو وە شۆڕش بریتییە لەئاڕاستەکردنیو ئاڕاستەی پاکژی کەدوور نییە لێوەی بێت یاخود لەسەرحسابی بێت، گۆرباچۆڤ بەبەردەوامی تەرکیزی دەکردەوە لەسەر بناغەی لینینزمو دەیووت ((گەڕانەوە بۆ لللینینزم ئایدیۆلۆژیای دیاریکراوە بۆ بیرۆیستزۆیکا))[12]. بەڵام ئەوەی کەڕوویداو بەدیهات لەدوای ئەوەی کەگۆرباچۆڤ جەختی لەسەر دەکردەوە پێچەوانەی ئەوەبوو کەبانگەشەی بۆ دەکردو داوای دەکرد.

زۆربەی لێکۆڵیاران بەکۆمۆنیستەکانیشەوە گەیشتوونەتە ئەم دەرەنجامە گرنگە کەبیرۆیستزۆیکا بریتی بوو لەشۆڕشێکی ریفۆرمیستی دیموکراتی (ثورة الديمقراطية الأصلحية) لەچوارچێوەی سیستمی سۆسیالیستیدا، ئەم سیاسەتەش پێدەچێ سەرکەوێت بەتایبەتی ئەوەی کەپارتی کۆمۆنیست بانگەشەی بۆ دەکردو سەرکردایەتی ئەم پرۆسەیەی دەکرد لەناوخۆو دەرەوەدا.

بەڵام لەسالاّنی سەرەتادا بەئاشکرا دەردەکەوێت کەبیرۆیستزۆیکا کۆمەلگاو پارتو دەوڵەتی دابەشکرد لەنێوان بەرهەڵستکارانو لایەنگرو محافزکاراندا، بەڵام لێرەدا ڕاستییەك هەیە کەناتوانین فەرامۆشی بکەین ئەویش ئەوەیە کەزۆرینەی ئاڕاستەکان لەسالاّنی یەکەمدا داکۆکیان لەبیرۆیستزۆیکا دەکرد، مەزەندە گشتییەکانیش دەری دەخەن کەململانێکان یەکلای بوونەوە لەبەرژەوەندی زۆرینە لەماوەیەکی کورتدا... بەڵام ئایا چی ڕوویدا؟

---

[11] غورباتشوف م.س؛ البيرويسترويكا والتفكير الجديد لنا وللعالم بأسره، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص63.

[12] غورباتشوف م.س؛ هەمان سەرچاوە، ص22.

سیاسەتی بیرۆیسترۆیکا بانگەوازی دەکرد بۆ پلۆرالیزم (التعددیة)، لەبەر ئەوە پارتو رێکخراوی جۆراوجۆر دروست بوون کەگەیشتە ڕادەی ئاژاوەی سیاسی، لەیۆنیۆی 1989دا بەرەی یەکگرتووی کرێکارانی یەکێتی سۆڤێت دامەزرا، هەروەها لەئۆگستۆسی 1989دا پارتی دیموکراتی یەکێتی سۆڤێت دامەزرا کەیەکەم پارت بوو گوزارشتی دەکرد لەبەرژەوەندی بازرگانە تازە پێگەیشتووەکان لەیەکێتی سۆڤێت کە لەسەر شانۆی سۆڤێتی دەرکەوت لەدوای گرتنەبەرو پەیڕەوکردنی سیاسەتی بیرۆیسترۆیکا، هەروەها یەکێتی ئاژاوەچییەکان لەفەبرایری 1989و پارتی دەستوری مەلیکی ئەرسوزسکی "الأرثوذكي" کەلەنۆڤەمبەری 1989 دروست بوو کەڕاشکاوانە داوای ڕووخانی سیستمی شۆڤێتیو گەڕانەوەی سیستمی پاشایەتی دەکرد بۆ دەسەلآت لەڕێگای خێزانی "رۆمانۆڤ"ەوە، هەروەها پارتی لیبرالی دیموکرات کەلە مارسی 1990دا دامەزرا بەسەرۆکایەتی "ڤلادیمیر شیرنۆفیسکی" کەبانگەشەی دەکرد بۆ نموذجی ئەمریکیو ئیعترافکردن بەمافی خاوەنداریێتی تاکەکەسو ئابووری بازاڕە، وە لەنیسانی 1990 "بزوتنەوەی مەسیحی دیموکراسی ڕوسی" دامەزرا، ئەمە سەرەڕای ئەو پارتو ڕێکخراوە کۆمۆنیستانەی کەدەرکەوتن وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر سیاسەتی بیرۆیسترۆیکا "کۆمەڵەی یەکێتی نیشتمانی لەپێناو مارکسیزم-لینینزم"و "پارتی کۆمۆنیستی دەستپێشخەر" کەزۆربەی ئەندامانی ڕێکخراوی لاوانی کۆمۆنیستی "الکومسمول" پێکیانهێنابوو هەروەها پارتی دیموکراتو پارتی دیموکراتی یەکگرتوو، لەگەل پارتەکانی جوتیارانو ژنانو...هتد. لەناو ئەم چوارچێوە سیاسییەدا پەرلەمانی سۆڤێتی لەئۆکتۆبەری 1990 بڕیارێکی دەرکرد بەهەڵوەشاندنەوەی (ماددەی شەشەم) لەدەستور کەسەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتی جەختی لەسەر دەکردەوە بۆکۆمەڵگاو بۆ دەوڵەت. ئەوەی لەم بڕیارەوە سەرچاوە دەگری ئەوەیە کە((پارت لەسەری بوو گۆڕانکاری بەسەر خۆیدا بێنێت نەك تەنها لەلایەنی

ڕووکەشەوە، بەڵکو قەناعەتیشی ئەمەش بەگۆڕانی لەپارتی مارکسیزم-لینینیزمەوە بۆ پارتی سۆسیالیستی دیموکرات، بەمەش زۆربەی خەسڵەتو هێزو توانای مێژوویو واقیعیو ئایندەی لەدەستدا، وەهەستی نامۆیی لەو ولاتانەدا کەفیکرو ڕەگەز تیادا تووندکرابوو لەسەر نەوەکان کەرێچکەی قوربانییە ئەفسانەییەکانیان گرتبووەبەر))[13]. بڕیاری ئۆکتۆبەری 1990ی پەرلەمانی سۆڤێتی بڕیارێکی مەترسیدار بوو چونکە بۆ یەکەجار بوو کەقۆرخ کردنی کاری سیاسیو دەسەلات لەدەستی کۆمۆنیستەکاندا شکستبهێنی لەبەر ئەوە هەستێکی گشتی لەناو پارتدا خولقاند کەنزیکی (20)بیست ملیۆن ئەندامی هەبوو بەوەی کەپارت بەرەو ڕووخانو هەڵدێران دەڕوات.

پاشان چەند بڕیارێکی بەدوادا هات وەك دەرچوونی یاسای یەکێتی سۆڤێت دەربارەی "ئازادی بیروڕاو ڕێکخراوە ئاینییەکان" لەئۆکتۆبەری 1990، هەروەها یاسای "مافی ڕێکخستن" لەئۆکتۆبەری 1990، کەئازادی پێکهێنانو دامەزراندنی پارتی سیاسیو یەکێتیو سەندیکاکانی دەگرتە خۆی، هەروەها یاسای "ڕێکخستنی ڕاپرسی گشتی گەل" لەدیسەمبەری 1990، سەرەڕای پێدانی ئازادی ڕۆژنامەگەریو گۆڕینی پەیڕەوو پرۆگرامی خوێندنو ئاڕاستە بەرەوە ئابووری بازاڕو خاوەندارێتی تاییەت.

دوابەدوای ئەمە گۆرباچۆڤ هەنگاوی فراوانی نوێی ڕاگەیاند لەپێناو پراکتیکەکردنو بڵاوکردنەوەی ئەفکارەکانی ((بناغە ئەوەیە کەپارێزگاری لەخود بکات لەگەڵ پاکسازیکردنی سیستمی سۆسیالیزمی لەسەر شێوازی لینینزمیو لەڕێگای بوودان بەچەند هۆکارێکی دیاریکراوی ژمێردراو لەلیبرالیەتی ڕۆژئاوا تاکو بتوانرێت پارێزگاری لێ بکرێت

[13] لطفي الخولي، الصراع على السلطة في روسيا الأتحادية، مجلة السياسة الدولية، العدد 108، أبريل 1992، القاهرة، ص135.

لەدارمان))[14]. ئەگەر خوێندنەوەیەکی سیاسی بکەین بۆ هەموو ئەو بڕیارو هەنگاوانەی کەگۆرباچۆڤ پەیڕەوەی کردووە لەسایەی بیرۆیسترۆیکا تا ئێستا دەبینین کەئەمە تێکەڵاویەکی گەورە دەنوێنێ لەوەی کەبیرۆیسترۆیکا بانگەشەی بۆ دەکرد چونکە ناتوانێت لەسۆسیالیزم لابدات. بەم شێوەیە گرۆباچۆڤ بەردەوام بوو لەسەر ڕێبازەکەی کەبووە هۆی لەناوچوونو داتەپینی بارودۆخی سیاسییو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان.

لێرەدا پێویستە تەرکیز بکەینە سەر قەیرانی ئابووری کەیەکێتی سۆڤێتی تەنیبۆوەو بەردەوام بوو بێ ئەوەی چاوەڕوانی چارەسەرێکی نزیکی لێبکرێت، ئەم کارەش یەکێتی سۆڤێتی ناچارکردو پاڵی پێوەنا کەدەستی یارمەتی بۆ ڕۆژئاوا درێژ بکات تاکو کۆمەکو هاریکاری پێ بکەن بێگومان ئاشکرایە کەسیستمی رۆژئاوا هیچ کۆمەکێکی پێشکەش نەدەکرد بەبێ تەنازلاتی گەورە، ئەم کارەش دەروونو کەرامەتی هاوڵاتیانی سۆڤێتی ڕادەچڵەکاندو دەیوروژاند.

رووداوەکان بەردەوام بوون تاکو ئۆگستۆسی 1991 کەهەندێك بەکودەتا ناوزەندی دەکەن، لە19 ئۆگستۆسی1991دا جوڵانەوەیەك ڕوویدا کەلێپرسراوە گەورەکانی پارتو دەوڵەت تیایدا بەشداربوون وەك فشارێك بۆسەر گۆرباچۆڤ لەپێناو ڕێگرتن لەو هەموو وازهێنانانەی (تنازلات)ی کەبەرامبەر رۆژئاوا یاخود بەرامبەر هێزە ناوخۆییە بەرهەڵستکارەکانی یەکێتی سۆڤێت کردی. ئومێد وابوو کە ڕێککەوتننامەی نێوان کۆمارەکان مۆربکرێت لەڕۆژی 20-9-1991 کەدەسەڵاتی ناوەندی زیاتری پێ دەبەخشین لەدانانی پەیوەندی دیبلۆماسیو کۆنسڵیو بازرگانی ڕاستەوخۆ، لەگەڵ مافی هەموو کۆمارەکان لەپوچەڵکردنەوەی هەر بڕیارێکی مەرکەزی. ئەم ڕێککەوتننامەیە

[14] د.حورية توفيق مجاهد، الفكر السياسي من أفلاطون إلى محمد عبده، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص523-524.

بەپێی بۆچوونی کودەتاچییەکان ((گوزارشتە بۆ فاکتەری لێك هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت، ئەم کارەش پاڵپێوەنانە بەرەوە ئەو ئاڕاستەیە)). هەروەها ئەو کارەی پێی هەڵسان لەئامانجو میکانیزمی کودەتای سەربازیدا بریتی نەبوو لەزاڵ بوون بەسەر سیستەمو بیرۆیستروێکاو گۆرباچۆڤ دا، بەڵکو بزوتنەوەیەکی رزگارکەری یەکێتی سۆڤێت بوو لەو تەنگژەیەی کەتیی کەوتبوو بەرەو داڕمانو هەرەسهێنان نزیکی دەکردەوە. بەم شێوەیە هێزی لیبرالی بەسەرۆکایەتی "یلتسین" توانی ئەو بارودۆخە بقۆزێتەوە کەلەدیدو تێڕوانینی ڕۆژئاواکانەوە پارێزەری دیموکراسییە لەیەکێتی سۆڤێت، ئەم بارودۆخە بەدەوام بوو تا کۆبوونەوەی "مینسك-بلوروسیا"، کەبەتەواوەتی لە20ی دیسەمبەری 1991دا وجودی سیاسی یەکێتی سۆڤێتی هەڵوەشاندەوەو دامەزراندنی ئەوەی ناودەبرا بەخێزانی بەکۆمارە سەربەخۆکان راگەیەنرا.

ڕووداوەکانی ئۆگستی 1991 بووە هۆی گەیشتنی "بوریس یلتسین" بۆ ترۆپکی سەرۆکایەتی دەوڵەت . ئەو بارودۆخە ناسروشتییەی کەلەڕوسیادا بەرجەستەببوو دەسەڵاتی "یلتسین"ی زیاتر چەسپاند کەلەبناغەدا وەستابوو لەسەر بارودۆخی کتوپڕ لەوڵاتدا "کودەتا، هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، ڕووداوەکانی چیچان . . .هتد".

لەحوزەیرانی سالی 1996دا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چاویان بڕیبووە ڕوسیا کەئەمەش بەڕێکەوت نەبوو، چونکە ڕوسیا سەرۆکی خۆی هەڵبژاردو کاندیداکانی سەرۆکایەتیەش زۆر بوون ئەوانیش پارتو هێزە سیاسیو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیو ریفۆرمیستە جۆراوجۆرەکان بوون.

ژمارەی ئەو کاندیدانەش گەیشتە (15) کەس، کەبریتی بوون لە:

*بووریس یلتسین-سەرۆکی ئەوکاتە.

*گینادی زیگانۆڤ-سکرتێری لیژنەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنیسی ڕوسی.

*ئەلکسەندەر لیبید-ژەنەرالێ سەربازی خانەنشینکراو، کەپێشتر سەرکردەی سوپای چواردەی سۆڤێتی بوو.

*گیگۆری یاڤلینسکی-سەرۆکی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ریفۆرمیستی نوێخواز کەناوی "یابلوکو" بوو.

*ڤلادیمیر شیرنۆڤسکی-سکرتێری پارتی لیبرالی دیموکرات.

*سیڤاتوسلاڤ ڤیودورۆڤ-بەڕێوەبەری گشتی نەشتەرگەری چاو لەڕوسیا.

*میخائیل گۆرباچۆڤ-سەرۆکی پێشووی یەکێتی سۆڤێت.

*مارتین شاکوم-کەسایەتی سەربەخۆ.

*یوری ڤلاسۆڤ-نوێنەری هێزە نیشتمانییە پێشکەوتووەکان. کە وەرزشەوانێکی جیهانی ناوداربوو لەبەرزکردنەوەی قورسایدا کەچەندین سەرکەوتنی لەئۆلۆمپیادا بەدەست هێناوە.

*ڤلادیمیر بریسنالۆڤ-نوێنەری (الروس الجدید) کەکەسایەتییەکی دەوڵەمەندو ملیۆنێر بوو.

ئاشکرا بوو کەهێزی سەرەکی لەنێوان هەموو ئەو کاندیدایانەدا "یلتسینو کۆمۆنیستەکان" بوو. هەروەها بەڕوونی دیار بوو کەناتوانرێت سەرکەوتن بەدیبهێنرێ بۆ هەر کاندیدێك ئەمەش لەبەر زۆری پالێوراوەکان، هەرچەندە هەر لەیەکەم خولی هەڵبژاردندا "بوریس یلتسین" بەسەرکەوتنی کۆتای هێنا بەهەڵبژاردنەکان. ئەنجامەکان هەر لەیەکەم خولدا دەرکەوتن وەك ئەوەی پێشبینی دەکرا بەوەی کەهیچ کاندیدێك سەرکەوتن بەدەست ناهێنی، ئەنجامەکەش بەم جۆرە بوو((یلتسین 34.80٪، زیگانۆڤ 32.31٪، ئەلیکسەندەر لیبید 14.38٪، گیگۆری یاڤلینسکی 7.42٪، شیرنۆڤسکی 5.57٪، ڤیودۆرۆڤ 0.95٪، گۆرباچۆڤ 0.52٪، شاکوم 0.35٪، ڤلاسۆڤ 0.20٪، برینسالۆڤ

0.18٪، هەروەها ئەو دەنگانەی کەلەدژی هەموو کاندیداکان بوو نزیکەی ملیۆنێك هاوولاتی ئەبوون کەڕێژەکەی زیاتر بوو لە 1.55٪))[15].

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەخولی یەکەمدا، کاندیدە سەرۆکایەتییەکان بەم جۆرە هەڵیدەسەنگێنێت، وەك ئاشکرابوو "بوریس یلتسین" ڕازی نەبوو بەئەنجامەکانی هەڵبژاردن کەلەکۆنگرەی ڕۆژنامەنووسانی دوای هەڵبژاردنەکە ڕایگەیاندو وتی: ((یان گەڕانەوە بۆ شۆڕشو لەدەست چوون یاخود ڕۆیشتن بەرەوپێش لەپێناو گەشەکردنو سەقامگیر بوون))[16].

"ڤلادیمیر برقیلیف"ی سکرتێری تایبەتی ڕۆژنامەنووسی "زیگانۆڤ"ئەنجامەکان بەم شێوەیە هەڵدەسەنگێنی ((هێزی لایەنگرمان زۆر بوو، بەڵام یلتسین (10-15) ملیۆن دەنگی لایەنگرانی ئێمەی لەهەڵبژاردنەکانی 1991دا لەدەستدا))[17].

بەڵام خودی "گینادی گیگانۆڤ" بەڕاشکاوی لەکۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی لە17ی حوزەیرانی 1996 کاتژمێر یەکی نیوەڕۆدا ڕایگەیاند کە((لە (42) بازنەی دەنگدانی گەورەدا سەرکەوتنمان بەدەستهێناو لەپلەی یەکەمدا بووین، لە(11) بازنەی دەنگدانی تردا زیاتر 50٪ی دەنگەکانمان بەدەستهێنا سەرەڕای ئەو تەزویرەی کەهەبوو لەهەڵبژاردنەکاندا، تا کاتژمێر (6)ی ئێوارە ڕێژەی دەنگدان نەگەیشتبووە 50٪، بەڵام لەکاتژمێر (10)ی ئێوارەدا ڕێژەی دەنگدان گەیشتە 70٪ کەئەمەش شتێکی نەگونجاوە))[18].

---

[15] جريدة برافدا الكومسومولية، 18 حزيران، 1996، العدد 110.

[16] راديو موسكو باللغة الروسية، 1996/6/17، برنامج حول الأنتخابات.

[17] راديو موسكو باللغة الروسية، 1996/6/17، برنامج حول الأنتخابات.

[18] راديو موسكو باللغة الروسية، 1996/6/17، برنامج حول الأنتخابات.

بەم شێوەیە خولی یەکەمی هەڵبژاردن کۆتای پێهات بەبێ ئەوەی هیچ کام لەکاندیدەکان سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، لەڕوانگەی ئەنجامەکانی خولی یەکەوە دەتوانین بڵێین کەژەنەرالّی سەربازی خانەنشینکراو "ئەلیکسەندەر لیبید" توانی ڕێژەیەکی بەرز لەدەنگەکان بەدەستبهێنێ وەك ئەوەی ئاماژەمان پێکرد (14.38٪)، ئەمەش خستییە بەردەم دوو ڕێگا، یەکەمیان ئەویە کەپشتگیری یەکێك لەکاندیدەکان بکان. دووەمیان بریتیبوو لەهەڵوێستی بێ لایەنی، بێگومان هەڵبژاردنی ڕێگای یەکەم دەیگەیاندە پلەیەکی سەرکردایەتی لەدەوڵەتدا، بەڵام ڕێگای دووەم دەیتوانی بیگەیەنێتە سەرۆکایەتی کۆماری لەهەڵبژاردنەکانی ئایندەدا.

بەماوەیەکی کورت پێش دەستپێکردنی خولی دووەمی هەڵبژاردن، "بۆریس یلتسین" لەگەڵ ژەنەرالّی خانەنشین "لیبید" لەکۆبوونەوەیەکی داخراودا بەیەك گەیشتن، لەدوای ئەم کۆبوونەوەیە "یلتسین" ڕاستەوخۆ رایگەیاند کەلەگەڵ ژەنەرالّ "لیبید" دا ڕێککەوتوون سەبارەت بەهەڵبژاردنەکانو ئایندەی روسیا، ئەم کارەش بەئاشکرا بووە هۆی سەرکەوتنی ئەو کەسایەتیانە لەهەڵبژاردنەکەداو ئەمەش لەبەرژوەندی "یلتسین" بوو، ئەمەش بەئاشکرا دەریخست کەژەنەرالّ "لیبید" ڕێگای یەکەمی هەڵبژاردووەو بەنزیکتری دادەنا بۆ گەیشتن بەترۆپکی سەرۆکایەتی دەوڵەت.

بەم جۆرە لەناو ئەم بارودۆخەدا ((خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان کۆتای پێهاتو هەڵبژاردنەکان یەکلای بوونەوە لەبەرژەوەندی سەرۆك "یلتسین" کە (53.6٪) ڕێژەی دەنگەکانی بەدەستهێنا لەکاتێکدا کەزیوگانۆڤ (40.41٪)ی ڕێژەی دەنگەکانی بەدەستهێنا، هەروەها دەرکەوت کەڕێژەی (5٪)ی دەنگدەران دەنگیان نەدابوو بۆ هیچکام لەکاندیدەکان یلتسینو زیوگانۆڤ))[19].

[19] جريدة الفيدموست الأوكرانية، 1996/7/5، العدد 122.

سەرەڕای بردنەوەی "یلتسین" لەهەڵبژاردنەکاندا، بەڵام لێرەدا پێویستە لەبەرامبەر ئەم ڕاستییەدا هەڵوێستەیەك بکەین، ئەویش ئەوەیە کە تەندروستی سەرۆك "یلتسین" بەرەو تێکچوونو خراپی دەڕۆیشت، هەموو راپۆرتە پزیشکییە دوورو نزیکەکان لەدائیرەی سەرۆك ئاماژە بەوەدەکەن. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کەکارو چالاکی "یلتسین" دیاریکراوەو سنوردارەو تێ ناپەڕێت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ.

راستییەکی تر ئەوەیە کەژەنەرالّ "لیبید" پلەی سەرۆکی ئەمنی قەومی ڕوسیای وەرگرتو تەماعو ئارەزووەکانی لەپلەو پایەی بەرز لەسەرکردایەتی دەوڵەتو پێشنیازە هەمەچەشنەکان دەربارەی نوێ بوونەوەی پلەوپایەی جێگری سەرۆکی کۆمار، ئەم کارەش جەخت دەکاتەوە لەلایەك لەسەر تێکچوونی تەندروستی سەرۆك یلتسینو تەماعو ئارەزووەکانی ژەنەرالّ لیبید لەسەرۆکایەتی دوای یلتسینو لەنوێ بوونەوەی پلەی جێگری سەرۆك کۆمار لەلایەکی ترەوە.

هەروەها ڕاستییەکی تر ئەویش ململانیی نێوان ژەنەرالّ" لیبیدو" سەرۆك وەزیرانی روسی "جیرنمیردین" کەبەحوکمی دەستور دەبوو بەسەرۆکی ڕوسیا کاتێك کەسەرۆکی ڕوسیا دووچاری هەر ڕوودواوێك ببێتەوە کەنەتوانێ کارەکانی ئەنجام بدات، ئەم سەرۆکایەتییەش تا ئەو ماوەیەیە کەهەڵبژاردنی نوێ ئەنجام دەدرێ.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ململانێ ناوخۆیەکانی ڕوسیا بەتایبەتی ململانیی چەکداری لەگەڵ چیچان ڕێگەخۆشکەر بوون لەبەردەم نەبوونی سەقامگیری سیاسییو ئابووری لەسەرانسەری روسیادا، ئەم کارەش دەبێتە هۆی حاڵەتی داڕمانو لەناوچوونو ڕاچڵەکینی روسیا لەدەرکردنی بڕیارەکانی لەسەر تێکڕای ئاستەکانی ناوخۆ دەرەوە.

ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا هەموو هەوڵو کۆششی خۆیان خستبووەگەڕ لەپێناو سەرکەوتنی "یلتسین"و بەشێوەیەکی راستەوخۆ کۆمەکو پشتگیری

ماددیو ئیعلامییان دەکرد لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، ئەمریکا بەدەوام متابەعەو گرنگی زۆری بەپرۆسەی هەڵبژاردنەکە دەدا.

لەخولی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا کۆشکی سپی نیگەران بوو بەئەنجامی هەڵبژاردنەکە، بەڵام لەگەڵ ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی "یلتسین"لەخولی دووەمدا سەرۆکی ئەمریکی "بیل کلینتۆن" ڕاشکاوانە وتی ((دیموکراسییەت لەڕوسیادا سەرکەوتنی بەدەستهێنا))[20].

باسی سێهەم

تێکچوونی هاوسەنگی هێزەکانو هەژموونگەری جەمسەری ئەمریکی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

گۆڕانکارییە خێراو یەك لەدوایەکەکان لەسایەی بیرۆیستڕۆیکادا کەبەشێوەیەکی تەواو ئاشکرا لەبزووتنەوەی 18ی ئۆگستۆسی 1991دا فۆرمەلە بوو، هەوڵدانێك بوو بۆ دەرهێنانی یەکێتی سۆڤێت لەو دارمانەی کەبەڕووبی لەسەر چارەنووسی دیاربوو، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەمە دوا گورزبوو بۆسەر تەختی (نعشە)، ئەمە لەناوخۆدا، بەڵام لەڕووی دەرەوەدا لەگرنگترین ئەو گۆڕانکاریو پێشهاتانە، ڕێککەتنامەی سنوردار بۆ چەکی ناووکی لەگەڵ وڵاتەیەکگرتووەکان هاوکات لەگەڵ ئەو هەموو تەنازلاتە گەورانەی یەکێتی سۆڤێت کردی بەبێ بەرامبەر، ئەمە وێڕای یەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکەی ئەڵمانیاو کۆتای هاتنی دەسەڵاتی بەسەر ئەورووپای ڕۆژهەڵاتو نزیك بوونەوەی لەگەل دەوڵەتانی ئەورووپادا لەسایەی ئەم تێڕوانینەی گۆرباچۆڤ "ئەوروپا مالّی هاوبەشمانە".

---

[20] جريدة الفيدموست الأوكرانية، 1996/7/5، العدد 122.

هاوکات لەگەڵ نزیك بوونەوەی یەکێتی سۆڤێت بەرەو هەرەسهێنان، نەزعەیەك سەری هەڵدا کەهەوڵی دەدا بۆ زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی روسیای قەیسەری ((سوتاندنی ئاڵای سوور کەچەکش و داسێکی لەخۆگرتبوو وەك هێمای کۆمۆنیستی لەسەر کاریگەری کودەتای سەرنەکەوتوو و بەرزکردنەوەی ئاڵای ڕوسیای قەیسەری کەهێمایە بۆ ئەو نەزعەیەو گوزارشتێکە لەئارەزووی بڕینی ئەزموونی سۆسیالیستی))[21].

دارمانو هەرەسهێنان بەشێوەیەکی پلەپلەی دەرکەوت لەگەڵ ڕاگەیاندنی سەربەخۆبوونی سێ کۆمارەکەی "بەلتیك" ئەوانیش ئەستونیا، لیتوانیا، لاتیڤیا وە چوونیان بۆ ناو نەتەوەیەکگرتووەکانو ئیعتراف پێکردنێکی نێودەوڵەتی پێیان تەنانەت ئیعترافکردنی پەکێتی سۆڤێت پێیان، پاشان ڕاگەیاندنی سەربەخۆبوونی ئۆکرانیاو بلوروسیاو روسیاو پێکهێنانی کۆمۆنیۆلث لە8ی دیسەمبەری 1991 تا لەڕووی یاساییەوە جێگای یەکێتی سۆڤێت بگرێتەوە، پاشان لەخۆگرتنی (انظمام) کۆماری کازاغستانو هەموو کۆمارە ئیسلامییەکان وێڕای ئەرمینیا.

لەدوای ئەمەش وجودی یەکێتی شۆڤیەت بەشێوەیەکی فیعلی نەما*. ئەم دارمانو هەرەسهێنانە شوێنەواری نێگەتڤی لەسەر سروشتی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتیو جیهانییەکان بەگشتی بەجێهێشت.

---

[21] د. حورية توفيق مجاهد، الفكرالسياسي من أفلاطون إلى محمد عبده، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص525 - 526.

* زۆربەی لێکۆڵینەوەو وتارو تەنانەت هەندێ کتێبیش ناوی یەکێتی سۆڤێتی (پێشوو)ی گرتۆتەخۆ کەلەهەندێکیاندا جۆرە ئاڵۆزیو تێکەڵاوییەکی دروست کردووە، بۆ دەربازبوون لەو ئاڵۆزییە بەپێویستم زانی ئەم سەرنجە بدەم، "یەکێتی سۆڤێت" بەکاردێت لەسەرەتاوە تاکو هەرەسهێنانی (واتە تاکو ئەم ئاماژەیە) لەدوای ئەمەشەوە وشەی (پێشوو) درایە پاڵ یەکێتی سۆڤێت ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ قۆناغی هەرەسهێنانی. "نوسەر".

د.رەجەب ئەبوو دبووس مامۆستای فەلسەفەی هاوچەرخ لەزانکۆی لیبیا لەپێشەکی کتێبەکەی "سەرمایەداری و سۆسیالیستی"دا نوسیوویەتی و دەڵێت:(22)

هەڵوێستمان هەرچۆنێك بێت لەماركسیزم و هەر چۆنێك بێت لەسەرمایەداری ڕاستییەك هەیە کەهەرگیز جێگای قسە لەسەرکردن نییە ئەویش ئەوەیە کەململانێکانی سەدەی بیستەم کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر سەدەی بیستو یەکەمیش، سەرەڕای ئاوابوونی ئەوسەدەیەش تائێستاش کاریگەری هەیە لەسەر هاوسەنگی نێودەوڵەتی و سەقامگیری جیهانیدا.

هەڵوێستمان هەر چۆنێك بێت لەسیستمی کۆمۆنیزم، ملیۆنان کەس هیواو ئاواتیان بەخۆشگوزەرانی و دادپەروەری زۆر هەبوو، ناوەڕۆکی هەرچی بێت گەلو نەتەوەکان تێدەکۆشن لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی و رزگاربوون لە بەتاڵان بردنی خێرو بێریان لەلایەن کۆلۆنیالیزمەوە، هەروەها بەدیهێنانی هاوسەنگییەکی نێودەوڵەتی بەتایبەتی "هاوسەنگی مەترسی چەکی ناووکی"، توانای خستە بەردەم گەلانی جیهانی سێهەم تاکو مانۆڕو سەربەخۆی نیسبیان هەبێ . هەروەها ڕێگرتن لەتاك هێزی یاخود یەك جەمسەری لەهەژموونی بەسەر جیهاندا، وە بەرپەرچدانەوەی زۆرداری "غطرسة" سەرمایەداری ئەوروپا لەسەروشیانەوە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ناتوانین ڕاستییەك فەرامۆش بکەین کەزۆر بەڕوونی دیارە ئەویش بریتییە لەگۆڕانی هاوسەنگی هێزەکان لەسەر ئاستی جیهان لەبەرژەوەندی سیستمی سەرمایەداری. ئەمڕۆ حکومەتی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان لەسەروشیانەوە وڵاتەیەکردتووەکانی ئەمریکا کەپیادەی هەژموونو فراوانکردنی دەسەڵاتو نفوزیان دەکەن بەسەر هەموو جیهاندا.

---

(22) پێشەکی کتێبی "رأسمالية وإشتراكية"، د.رجب أبو دبوس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص5، وەبۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە لاپەڕە 5-11.

پێویستە ئەوەش بڵێین کەیەکێتی سۆڤێتی (پێشوو) دەستپێشخەری زۆری پێشکەش کردووە لەسۆنگەی تێڕوانینی نوێوە وەك پێویست بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هەنگاوی گەورەی ناوە لەلایەن خۆیەوە بەمەبەستی گۆڕانکاری کردن لەسروشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئەم ئاڕاستەیەش ئەنجامی پۆزەتیڤی لێکەوتەوە بەتایبەتی لە((نەهێشتنو لەناوبردنی چەکی ستراتیژی بەشێوەیەکی تەواوەتی کەموشەکی ناوەند هاوێژو کورت هاوێژ دەگرێتەوە، هەروەها ڕێککەوتننامەی نەهێنی هاوبەش بۆ نەهێشتنی چەکی کیمیاویی لەماوەی کەمتر لە (10) دە ساڵ، وەبەپیی توانا ڕێککەوتن لەسەر کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی چەکی ناووکی دوورهاوێژ بۆ 50٪، هەروەها کەمکردنەوەی هێزە چەکدارەکانی هەردوولا لەئەوروپا بۆ (195) هەزار سەرباز))[23].

هەروەها یەکێتی سۆڤێتی (پێشوو) چەندین دەستپێشخەری نێودەوڵەتی پێشکەش کردوەو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەڵسا بەکشاندنەوەی هێزەکانی لەئەفغانستان، وە کۆتای هێنا بەزۆربەی گرژیو ئاڵۆزی ناوچەکانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتینی، ئەمەش بووەهۆی بەرتەسك کردنەوەی جەنگی ساردی نێوان ولاتەیەکگرتووەکانو یەکێتی سۆڤێتی (پێشوو)، ئەمە هۆکارێك بوو بۆ نەهێشتنی شێمانەی هەڵگیرساندنی جەنگی سێهەمی جیهانی.

سیاسەتی دەرەکی نوێ کەیەکێتی سۆڤێت بنیادی نابوو و پەیڕەوی دەکرد بەئامانجی باشکردنی پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو پشت بەستن بەهاوسەنگی بەرژەوەندییەکانو هەڵوەشاندنەوەی شێوەی دوژمنکاری، ئەمەش ڕۆڵی ئیمپریالی بەرزکردەوە بۆ ئاستێکی باڵا بەتایبەتی ئەمریکا لەهەڕشەکردنی بۆ سەر گەلو نەتەوە هاوسۆزەکانی یەکێتی سۆڤێتی (پێشوو)و بەرەوپێش چوونی بارودۆخ لەوڵاتانی

[23] د.عدنان طه مهدي الدوري، العلاقان الدولية المعاصرة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص69.

سۆسیالیستی پێشوودا، تاکو خۆی وادانیشان بدات کەتەنها هێزە کەدەتوانێ تحکم بکات بەسەر توانای گەلانداو خاوەنی عەقڵیەتێکی هەژموون گەری پشت ئەستوورە بەهێز.

گۆڕانکارییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان هاوسەنگی هێزو دەستەگەرایی و هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکانی ئاوەژوو کردەوەو مرۆڤایەتی خستە بەردەم قۆناغێکی نوێو جۆرێك لەسەقامگیری خولقاند.

هەرەسهێنانو دارمانی کۆمۆنیزم کەلێنێکی گەورەی کردە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کەبەدەوری هەژموونی جەمسەری ئەمریکیدا دەخولایەوە، ئەمەش واتە تێکچوونی پرەنسیپی هاوسەنگی کەلەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە تارادەیەك سەقامگیری بەخۆوە بینی بوو. لەهەمانکاتدا لێکۆڵیارانو توێژەروانی بواری سیاسی سەبارەت بەو ڕۆڵەی کەئەمریکا پێویستە بیگێڕێت لەدوای هەرەسهێنان بۆ سەر چەند بیروڕایەك دابەشبوون، هەندێك دەڵێن ((چی هەیە ئێستا لیی بترسین دوای ئەوەی کۆمۆنیزم لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی وون بوو ؟ پێویستە لەسەرمان کەبترسین لەسەر خشانی پێ سنوری (زەف کاسح)سەرمایەداری، وەلەسەرمانە کەنیگەران بین لەوەی کە مردنی کۆمۆنیزم کەلێنێکی دروستکردووە لەچالاکی ئایدیۆلۆژی کەنەوەی مرۆڤایەتی لەسەری دەژی، تەنها بوونی ئەم سیستمە کاریگەری قوولّی دەبێت لەسەر جیهانی سەرمایەداری))[24]. هەندێکی تر وتیان ((وڵاتانی ڕۆژئاوای تووشی ترسو دڵەراوکێیەکی تووند کرد. دارمانی سۆڤێتی دوژمنیان بەوەی کەوا (45)ساڵ بوو پشتی پێ دەبەست لەپێناو ڕەشەکوژی دانیشتوانەکان کەئەم وڵاتانەی نوقم کردبوو لەخەمێکی قوڵدا))[25].

---

[24] مجلة الوحدة السنة الثالثة العدد 126، نوفمبر 1992، ص13.

[25] جان كريستوف روفين، أوهام الأمبراطورية البرابرة، نظرية مجابهة الشمال مع الجنوب، الدار الجماهرية للنشر والإعلان، الطبعة الأولى، سرت، 1995، ص19.

هەندێکی تر دەڵێن لەسەر ئەمریکا پێویستە کەگرنگییەکانی خۆی ئاڕاستەی کاروباری ناوخۆی بکات، وەهەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ولاتەیەکگرتووەکان پێویستە ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت بەبەردەوامی چونکە ((گەورەترینو سەرکەوتووترین ئەزموونی کۆمەڵایەتییە کەمێژوو بەخۆیەوە بینیووە))[26]. هەندێکی تر جەخت دەکەنەوە لەسەر زەرورەتی هەژموونو دەڵێن ((ئاوابوونی ئەستێرەی یەکێتی سۆڤێت، مانای ئەوەیە کەولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا تاك جەمسەرە لەناوەندی دەوڵەتە زلهێزەکان کەخاوەنی بەرپرسیارێتی جیهانیە))[27]. هەندێکی تر دەڵێن ((یەکێتی سۆڤێت جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕۆژگارەکانی رابردووی))[28].

لەڕوانگەی هەموو ئەم شیکردنەوانەوە ڕاستییەك هەیە کەناتوانین خۆمانی لێ پەناگیر بکەین، ئەویش ئەو ڕۆڵەی کەولاتەیەکگرتووەکان دەیگێڕێت ناتوانرێت بەرۆڵی پۆلیسی جیهانی بژمێردرێت، بەوەی کەناتوانێت ئەرکەکانی ئابلۆقە بدرێت تەنها لەدوژمنایەتی کردنو تەحەکوم کردن بەتواناکانی گەلانو دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکانەوە نەبێت، ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لەهەڵسوکەوتی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەناووچە جۆراو جۆرەکانی جیهان.

جیهان هەژموونی نوێی ئەمریکای بەخۆە بینیووە کە کەعەقڵییەتێك بالّی بەسەردا کێشاوە کەئەویش گیانی سەرکەوتنی کۆتاییە لەبەربەرەکانی ئایدیۆلۆژی (الغريم

---

[26] رتشارد نيكسون، ماوراء السلام، ترجمة مالك عباس، الأهلية، عمان، الأردن، الطبعة الأولى، 1995، ص196.

[27] مجلة المستقبل العربي، العدد 147، تاسنة الخامسة، 1991، ص14.

[28] هنرى كيسنجر، الدبلوماسية من الحرب الباردة حتى يومنا هذا، ترجمة مالك فاضل البديري، الأهلية، عمان، الأردن، الطبعة الأولى 1995، ص516.

الأیدولوجیة)، وهەموو ئەوچارەسەرە ئاشتی خوازانەی کەئەمریکا داکۆکی لێ دەکات پێویستە لەڕوانگەی ئەمریکاوە بێت. وە ڕێککردنی ململانێو ناکۆکییەکان پێویستە لەژێر سەرپەرشتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا بێت.

دیاردەی هەژموونگەرای لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا شتێکی تازە نییە، بەڵکو تازەیە بۆ هەژموونی ئەمریکی، چونکە ئەم هەژموونە لەڕوانگەی عەقڵییەتێکی سەرکەوتووانەیە لەجەنگی سارداو هەوڵدانی بۆ سەپاندنی ڕێکخستنی نێودەوڵەتی لەبەرژەوەندی دیدو بۆچوونەکانی، ئەم ڕاستییەش بەڕوونی دەرکەوت لەماوەی هەوڵە چڕەکانی کەئەمریکا پێی هەڵدەستا بۆ کۆنترۆڵکردنو زاڵ بوون بەسەر ڕێکخستنی نێودەوڵەتی یاخود وای لێ بکات بەدوایدا بڕوات، ئەمەش "ریچارد نیکسۆن" جەختی لەسەر دەکردەوە لەکتێبی "لەپشتی ئاشتییەوە" کەدەڵێت ((لەسەر نەتەوەیەکگرتووەکان پێویستە کەباڵبکێشێ بەسەر وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا))[29].

سەرباری هەموو ئەم ڕاستییانە پێویستە ئاماژ بەوەبدەین کەونبوونو نەمانی جەمسەری سۆڤێتی بووە هۆی سەرهەڵدانی جەمسەری نوێی نێودەوڵەتی هاوسەنگ بەرامبەر جەمسەری ئەمریکی وەك یەکێتی ئەورووپاو چینو یاباندو ئەڵمانیاو ڕوسیا.

[29] رتشارد نیکسون، ماوراء السلام، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص166.

باسی چوارەم

سیستمی نوێی جیهانو ڕەنگدانەوەی لەسەر

پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان

"سیستمی نوێی جیهان" زاراوەیەکی نوێ نییە، بەڵکو ئەم زاراوەیە لەچوار گریی رابردودا بەکارهاتووە سەرەڕای دەرکەوتنی جیاوازی لەماناکەیدا لەنێوان ماوەیەك و ماوەیەکی تردا، لەسەرەتای پەنجاکاندا دەوڵەتانی جیهانی سێهەم بۆ یەکەمجار داوای سیستمی نوێی جیهانیان کرد بۆ ڕێککردنی بارودۆخی نێودەوڵەتی ئەوکاتە، هەروەك لەو ماوەیەدا چەندین پێشنیارو بڕیار لەلایەن بزووتنەوەی بێ لایەنەوە دەرچوو ((سیستمی نێودەوڵەتی خوازیاری گۆڕانکاریو گەشەپێدانی ئاشتییانە و فراوانکردنی بنکەی هاوبەشی نێودەوڵەتییە))[30].

نوێ گەری ئەم زاراوەیە ئەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی لەلایەن "بۆش"ی سەرۆکی ئەمریکاوە بۆ یەکەمجار ئەمیش بەکۆکردنەوەو مۆڵکردنی دەوڵەتانی جیهان دژی عیراقو دەرکردنی بڕیاری سزادان لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عیراقەوە بەچەند ڕۆژێکی کەم. ئەوەی کەدەبێتە هۆی وروژاندنو سەرهەڵدانی پرسیار بریتییە لەوشەی (نوێ) ئەویش لەڕووی شێوەو ناوەڕۆکەوە کەجەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ((سیستمێکی نوێیە کەدامەزراوە بەمەبەستی لەنگەڕێگرتنی بنەمای نوێو پەیوەندی نێودەوڵەتی وەستاو لەسەر ئاشتیو هاریکاریو یەکسانی لەنێوان

---

[30] مجلة (لا) العدد 49، 1995، ص36.

دەوڵەتانو پاراستنی ماف‌و ئازادی تاکەکانو ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان لەسەر بناغەی هاوهێزی (تکافؤ))[31].

ئەم سیستمە بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لەهەژموونو کۆنترۆڵی تاك جەمسەری "جەمسەری ئەمریکی" بەسەر ڕێکخستنی نێودەوڵەتیدا، وێڕای بوونی جەمسەری تر ئەمڕۆ وڵاتەیەکگرتووەکان گرنگی‌و بایەخ دەدات بەبناغە و بنەماکانی ئەم سیستمە کەئەویش چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانە بەڕێگای ئاشتییانە، هەرچەندە بەڕوونی دیارە کە ئەم چارەسەرانە ناتوانرێت بەدی بێت تەنها لەدیدی ئەمریکییەوە نەبێتو دەبێت یەکانگیر بێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی. هەر وەك لەڕێککردنو چارەسەرکردنی کێشەیەکی نێودەوڵەتی دیاریکراودا، پێویستە ئەم ڕێککردنە لەژێر سەرپەرشتی ئەمریکادا بێت بەتەنها... لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین تێبگەین لەهەڵمەتەکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکی بۆ سەر وڵاتە عەرەبییەکان باشترین نموونەش بۆ ئەمە "سوریاو لیبیا"یە.

لەم سیستمەوە دەتوانین ئەم دەرەنجامە هەڵێنجین ئەویش ئەوەیە کەوڵاتە یەکگرتووەکان تاکە لایەنە کەدەتوانێ مەرامەکانی بەڕێکوپێکی ئەنجام بدات، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە ((پرۆسەی دابەزاندنی نزیکەی سێ هەزار پیادەی لەیەکەکانی "مارینز" لەسۆمال بەبیانووی دابینکردنو گەیاندنی خواردەمەنی بۆ هاوواڵتیانی ناوچەکە))[32] ئەم ڕۆڵەش وڵاتەیەکرگرتووەکانی ئەمریکا پیی هەڵسا بەئامادە نەبوونی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو وەك دەوڵەتێکی گەورە. هەروەها ئەوروپا شکستیهێنا لەرووبەروبوونەوەی ئەو تحدیانەی کەخۆی

---

[31] د.محمد خليفة النظام العالمي بين المقصود والمنشود، منشورات مركز دراسات العالم الإسلامي، 1992، ص11.

[32] باتريسيون نولاسكو، أمين شاوي، آلان ديس، الأمم المتحدة الشرعية الجائرة، تعريب د.فؤاد شاهين، الدار الجماهير للنشر والتوزيع والإعلان، سرت، الطبعة الأولى، 1995، ص9.

لەسەر خۆی طرحی کردبوو بەناکۆکی ئەمش چۆن دەتوانرێت سیاسەتی ئەورووپا لەکاتی قەیرانی یوگسلافیادا لێکبدرێتەوە؟ کۆمەڵی ئەورووپا لەقۆناغی یەکەمدا پەکی کەوتو شکستیهێنا لەپێکهێنانی هێزێکی جیاکەرەوەی ئەورووپیو رێککەوتن لەسەر دەرکردنی بڕیاری سزادان سەبارەت بەسربیا کەبەرپرسی سەرەکی بوو لەهەڵگیرساندنی شەڕەکاندا.

دارمانی بلۆکی سۆسیالیزمو نەمانی لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی کاریگەریو دەرەنجامی جیاوازو ناتەبای هەبوو لەسەر فەراهەم کردنی ئاشتی نێودەوڵەتی. لەنێوان ئەو دەرەنجامانەشدا گەرانەوەی هیوا بەئیمکانیەتی دامالێنی چەکی کاولکار لەجیهاندا لەپێش هەموشیانەوە دامالێنی چەکی دەوڵەتە گەورەکان. پایەی بنەڕەتی بۆ بنیاتنانی سیستمی نوێی جیهان وەستاوە لەسەر دادپەروەریو رێزگرتنی یەکتریو بەها گەورەکانی ئابووریو ژینگەی، هەروەها سیستمی جیهانی وای دەبینێ کەپێویستە پرۆسەی چاکسازی دامەزراوەکانی ئێستا بەشێوەیەك بێت کەبگونجێن لەگەڵ سیاسەتی نویی نێودەوڵەتیدا. ئایا ئەم سیاسەتە دەگونجێت لەگەڵ ڕوحی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لەبارودۆخێکی تایبەتو ئالۆزەوە بڕیاری لەسەردرا بوو، بەجۆرێك ئەوەی کەنوێیە لەخستنەڕووی ئەمریکی هەوڵدەدات خۆی لەمیساقەکەوە بپێچێت. ئەوەی کەشەرعییەتی نێودەوڵەتییە لەسیستمی نوێی جیهاندا لەیەك پێگەی لاوەکی زیاتر هیچی تر داگیر ناکات لەدیدی داخوازیکەرانی سیستمی نوێی جیهان، وە چەمکی یاساش تەنها ئامرازێکە لەنێوان ئامرازەکانی چالاککردنی نەتەوەیەکگرتووەکان.

هەروەها سیاسەتی سیستمی نوێی جیهان لەگەڵ لیبیا جیا دەکرێتەوە سەبارەت بەقەیرانی لۆکەربی بەتایبەتی ئەو تصریحاتەی کەدەڵێت ((ئەگەر لیبیا ولاّمدانەوەی نەبێت بەدوور نازانرێت کەتاکە چارەسەر تەنها پەنابردن بێت بۆ توندوتیژی))[33]. ئەم تصریحاتە

[33] هەمان سەرچاوە، ص26.

پێچەوانەی ئەوەیە کەلەدەقی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هاتووە. سەرەڕای هەوڵەکانی لیبیا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی هاوسەنگ بۆ ئەم کێشەیە دەبینین بەهۆی فشاری ئەمریکاو فەرەنساو بەریتانیاوە ئەنجومەنی ئاسایش سزای سەپاند بەسە لیبیادا، کەواتە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەچاخی هاوسەنگی نێودەوڵەتیو جەنگی ساردا بەیەکێك لەئامرازی دەوڵەتە بچووکو مام ناوەندییەکان لەقەڵەم نادرێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەکییان‌و سوود وەرگرتن لەداهاتەکانی بۆ مەیەستی گەشەپێدانی نیشتمانی.

لەئەمرۆشدا ئەم رێکخراوە گۆڕاوە بۆ دامەزراوەیەکی پاشکۆ بۆ هەژموونی ئەمریکا لەسایەی هەرەسهێنانی جەمسەری سۆڤێتیەوە، بەم پێیە ئەمریکا لەسایەی ئەوەی کەناوزەد دەکرێت بەسیستمی نوێی جیهان دەتوانێ بەویستی خۆی بڕیار دەربکات لەئەنجومەنی ئاسایش‌و کۆمەڵەی گشتی بەمەش بڕیاری (3379) هەڵوەشاندەوە سەبارەت بە زایۆنیزم کەبەشێوەیەك لەشێوازەکانی ڕەگەزپەرستی دادنا، هەروەها بڕیاری ژمارە (731)ی وەك داوایەك بەرامبەر لیبیا بۆ تەسلیم کردنی هاوولاتییەکانی هەروەها بڕیاری دەرچوو بەمەبەستی برسی کردنی گەلی عیراق.

سیستمی نوێی جیهان هەوڵیداوە بەشێوەیەکی ڕووکەش بۆ دوورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی هێزو چارەسەری سەربازی، بەڵام هەر ئەوەندە بیانوو کەلێنێکی بۆ فەراهەم بێت ئەوا بێ چەندو چوون راناوەستێ لەبەکارهێنانی چەك‌و تۆندوتیژی لەژێر دروشمی شەرعییەتی نێودەوڵەتی هەروەها ئەم سیستمە هەڵساوە بەئیستغلال کردنی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێناو پێدانی شەرعییەت بەهەموو ئاکارو هەڵسوکەوتو بڕیارەکانی. وەهەندێ جار هەڵدەستی بەپەراوێزکردنی ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان هەر وەك لەدانوستانی عەرەب-ئیسرائیلدا ڕوویدا.

هەموو سیستمێکی نێودەوڵەتی تاڕادەیەك پشت دەبەستێ بەشەرعیەتی نێودەوڵەتی تابتوانێت بەکاروبارو ئامانجەکانی هەڵسێت، شەرعیەتی نێودەوڵەتیش واتە ((بوونی دەق یاخود قاعدەیەکی یاسای یاخود عورفی کەرێککەوتوون لەسەری وە جێگای تانوت (طعن) نەبێت لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی جیهانەوە کەبنیاتیان ناوە))[34].

ئەم شەرعیەتەش جەخت دەکاتەوە لەسەر مافی گەلان لەچارەی خۆنووسینو یەکسانی نێوان دەوڵەتان لەسەروەرێتیداو دەست تێوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتانو بەکارنەهێنانی هێز یاخود هەڕەشەکردن بەبەکارهێنانی، بەڵام شەرعیەتی نێودەوڵەتی لەسیستمی نوێی جیهاندا پشت دەبەستێو لەچوارچێوەی یاسای هێزدا دەخولێتەوە لەجیاتی هێزی یاسایی نێودەوڵەتیو پرەنسیپەکانی کەهەوڵدەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان بەڕێگای ئاشتییانە. بەمەش شەرعیەتی نێودەوڵەتی گواستراوەتەوە لەوشەرعیەتەی کەپشت دەبەستێ بەدەستەجەمعیو بڕیارەی دەوڵەتانی ئەندام لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ بڕیاری تاکە کەس کەدەردەچێت بەویستی جەمسەری ئەمریکی داسەپاو کەڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە زیندو ستراتیژییەکانییەتی.

ئەگەر لێرەدا تفکیرێکی جدیمان هەبێت سەبارەت بەدرکەوتنی سیستمی نویی جیهان بەبێ ڕەچاوکردنی کۆنترۆڵی جەمسەرێك یاخود چەند جەمسەرێك، پێویستە بەچاوی بایەخەوە سەیری هەموو حەزو ئاواتی گەلان بکەین لەسەربەستیو سەربەخۆییان، وە ڕەتکردنەوەی بەکارهێنی هێز یاخود هەڕەشەکردن بەبەکارهێنانی، جیهانێك بنیاتبنرێت لەسەر یەکسانیو دەست نەخستنە ناو (دەخالەت نەکردن) کاروباری ناوخۆی وڵاتانەوە.

لە11ی سێپتەمبەری 1990دا "جۆرج بووش"ی سەرۆکی ئەمریکا جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کەسیستمی نوێی جیهان ((چاخێکە جیهان رزگاری دەبێت لەتوندوتیژیو

---

(34) د. ميلود المهدي، المستقبل العربي، العدد 161، العام الدراسي 1992.

تیرۆر، جیهانێك دەبێت کەعەدالەت تیایدا بالادەست دەبێتو ئاشتی باڵ دەکێشێ بەسەریدا، چاخێك دەبێت نەتەوەکانی جیهان لەڕۆژهەلاتو رۆژئاواو باکورو باشور بەخۆشگوزەرانیو بەتەبای تیایدا دەژین))[35].

ئەم سیستمە نوێیەی جیهان کە"جورج بووش" بنیادیناو دایڕشت هیچ شتێکی نوێی پێشکەش نەکردوە کەجیاوازبێت لەو سیستمەی کەباو بوو لەناوەڕاستی ئەو سەدەیەی کەکۆنگرەی "سان فرانسیسکۆ"ی تیادا لەدایك بوو.

ئەگەر لێرەدا نیەتێکی ڕاستگۆو ئارِاستەیەکی نوێ بۆ بنیاتنانی سیستمی نوێی جیهان هەبێت، کەواتە پێویستە مافی نەتەوە تازەپێگەیشتووەکانو هاوبەشیکردنیان لەدارِشتنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان لەبەرچاو بگیرێت، ئەگینا قۆرخ کردنی ئەم کارە لەلایەن دەوڵەتە بەهێزەکان جارێکی تر جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کەئەو سیستمەی کەوڵاتە یەکگرتووەکان بەرگری لێ دەکات لەڕاستیدا سیستمێکی نوێ نییە هەروەها جیهانیش نییە.

---

[35] باتریك هارمن، بربارة ديلكور- أوليفية كورتن، القانون الدولي وسياسة المكيالين، تعريب أنور مغيث، الدار الجماهير للنشر والتزوزيع والإعلان، سرت، 1995، ص31-32.

تەوەرەی دووەم

لێکۆڵینەوە لە تیۆرییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی

بەشی نۆیەم

تیۆری هێز Power

لە پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا

نیکۆلا مکیاڤیلی Niccolo Machiavelli 1527-1469 دادەنرێت بەیەکەم بیریاری کەدەربارەی هێز لەچاخی رێنسانس دا نوسیوویەتی، بیرو بۆچوونە فیکرییەکانی لەم بارەیەوە لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا " میر The Prince" نوسیوویەتی کەپلەیەکی گەورەی ناوبانگی جیهانی بەدەستهێنا.هەروەها نیکۆلۆ میکاڤیلی بەیەکەم تۆێژەرەوەی سیاسی هاوچەرخ دەژمێردرێت سەبارەت بەهێز، کەهەوڵیداوە لەکتێبی میرو ئەوانی تریدا وێنەیەکی ڕوونو ئاشکرا بۆ هێزو چۆنێتی بەکارهێنانی لەلایەن فەرمانڕەواکانەوە بخاتەڕوو تەنانەت تا ئێستاش بابەتی قسە لەسەرکردنو گفتوگۆ کردنە، لەسۆنگەی گوتە بەناوبانگەکەیەوە "ئامانج پاساوی ئامرازەکانە".

میکاڤیلی وای دەبینێ کە((سەکەوتنی سیاسەت پێوانە دەکرێت بەمەودای بەکارهێنانی هێز تیایدا))[1]. لەڕوانگەی ئەم تێگەیشتنەوە میکاڤیلی وای دەبینێ کە((سیاسەت هیچ شتێك نییە جگە لەشەڕ، بەڵکو شەڕێکی بەردەوام کەوێنەیەکە بۆ ململانێ لەسەر هێز: لەسەر ئەو بناغەیەی کەهەموو سیاسەتێك بریتییە لەسیاسەتی هێز))[2]. میکاڤیلی سووربوو لەسەر درێژەدان بەهۆشیار کردنەوەی فەرمانڕەواکانو

---

[1] د.حورية توفيق مجاهد، الفكر السياسي من أفلاطون . . . ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص30.

[2] د.حورية توفيق مجاهد، هەمان سەرچاوە، ص310.

چاوکردنەوەیان بەوەی کەهەمیشە بزانن کەئەوەی ڕووەدات لەکاروباردا توانایانە لەپیادەکردنی هێزی سیاسی.

ڕوونکردنەوەی تێکڕای ئەو بیروڕا فیکرییانەی کەمیکاڤیلی خستوونیەتەڕوو سەبارەت بە یاساو هێزو چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵیاندا، میکاڤیلی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کەلێرەدا ((دوو شێواز هەیە بۆ شەڕو کوشتار))[3] شێوازی یەکەم: لەڕێگای یاساوە، ئەمەش گونجاو باشە بۆ مامەڵەکردن لەنێوان مرۆڤەکاندا، شێوازی دووەم: لەڕێگای هێزەوە کەشێوازێکە بەکاردێت بۆمامەڵە کردن لەنێوان ئاژەڵەکاندا. بەڵام مرۆڤ هەمیشە پەنادەبات بۆ شێوازی دووەم بەوپێیەی کەشێوازی یەکەم بەس نییە، وە لەسەر فەرمانڕواکان پێویستە کەبزانن چۆن هەردوو شێوازەکە بەیەکەوە بەکاربهێنن. واتە سروشتی مرۆڤو ئاژەڵەکان بزانن بەوەی کەهیچیان ناتوانن بژین بەبێ ئەوی تریان.

لەگەڵ فراوانبوونی ڕێسای شیکاری (قاعدة التحليل) هەندێ دیاردەی سەرەکی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەرکەوتن، ئاڕاستەیەك سەریهەڵدا کەناوزەد دەکرا بەئاڕاستەی واقیعی لەشیکردنەوەی ئاکاری نێودەوڵەتی کەدەڵێت ((هێز **Power** ڕێسای تەوەرەییە لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا))[4].

"مارتن وایت **Wight** " دەڵێت ((لەگرنگترین ئەو هۆکارانەی کەمێژووی نوێ لەمێژووی ناوەڕاست جیا دەکاتەوە واتا لەو قۆناغەدا کەدەوڵەتە نەتەوەییەکان وەك ئێستا دەرنەکەوتبوون)، سەرکەوتنی بیرۆکەی هێز **Power** بوو بەسەر بیرۆکەی ڕاستیدا **Right**،

---

[3] د.حورية توفيق مجاهد، همان سەرچاوە، ص313.

[4] د. إسماعيل صبري مقلد، نظريات السياسية الدولية، دراسة تحليلية مقارنة، منشورات ذات السلاسل، الكويت 1978، ص22.

زیادەڕەوی ناکەین کاتێك وەسفی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بکەین بەوەی کەوا لەملمالنێی هێز بەلاوە هیچی تر نییە))[5].

بەڵام" شوارزنبرجر G.Schwarzen berger " دەڵێت هێز ((بەبێ ناکۆکیو ململانێ تەوەرەیەکی جێگیرو وەستاوە لەبزووتنەوی هەموو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، هۆی ئەمەش نەبوونی کۆمەڵگایەکی نێودەوڵەتی حقیقییە، کۆمەڵە رکەبەرە نێودەوڵەتییەکان بەپێی ئەوەی کەهەیانە لەتوانای ماددیو سەربازی هەڵسوکەوت دەکەن نەك لەڕوانگەی یاسایی یاخود رەوشتییەوە))[6].

"شوارزنبرجر" بەم بیروڕایە هاوبەشە لەگەڵ "مارتن واین"دا، بەوەی کەچەمکی هێز شیکار دەکاتو دەڵێت ئەمە تەنها ئامرازێك نییە بۆ وێرانکردن هەر وەك لەیەکەم ساتدا خرایەڕوو، هەروەها جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کەئەم چەمکە جۆرە ئاوێتەیەکە لەتوانا لەسەر ڕازی کردنو توانا لەسەر تووندوتیژی.

رکەبەرایەتی دەوڵەتان لەبەدەستهێنانی هۆکارەکانی هێزو ڕەگەزەکانی، بەمانای ئەوە نایات کەشێوازی جیاکەرەوە بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بریتی بێت لەهەڕەشەو ململانێ، بەڵکو میژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئاوێتەیەکە لەهاریکاریو ململانێ تەنانەت لەنێوان دەوڵەتەگەورەکانیشدا.

"هانس مۆر جانثو Hans Morgantho"بەبیریاری ئاڕاستەی واقیعی دەژمێردرێت کەتیۆرییەکەی بەتەواوی لەکتێبە بەناوبانگەکەی "سیاسەتی نێوان نەتەوەکان"دا فۆرمەلەبوو کەتیایدا چەمکە بنەڕەتییەکانی سیاسییەتی نێودەوڵەتی خستۆتەڕوو، کەدەڵێت ((ئەرکی سیاسەتی نێودەوڵتی لەهەر سیاسەتێکی تردا بریتییە لەململانێ لەسەر

[5] وەرگیراوە لەکتێبی د. إسماعيل صبري مقلد، نظريات السياسية الدولية هەمان سەرچاوە، ص22.

[6] وەرگیراوە لەکتێبی د. إسماعيل صبري مقلد، نظريات السياسية الدولية هەمان سەرچاوە، ص23.

هێز))[7]. هەروەها هێز ئامانجی خێرایەو پێداگرتنە بۆ هەموو سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان بەبێ ڕەچاوکردنی ئامانجی کۆتای ئەو سیاسەتانە، کەبریتیە لەئازادی یاخود ئاسایش یاخود خۆشگوزەرانی یاخود تەنانەت ئەگەر بەدەستهێنانی هێز خۆیشی بێت، ئەم ئامانجە کۆتاییانەش دادەپۆشرێن لەژێر پەردەی ئاینی یا فەلسەفی یا ئابووری یا کۆمەڵایەتیدا، بەڵام هەرکاتێ کەدەوڵەت هەوڵیدا بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە بەئامرازی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەوا چاوپۆشی ناکاتو سڵناکاتەوە لەبەکارهێنانی هێز تیایدا.

پێویستە ئەوە بڵێین کەتیۆرییەکانی هێز یاخود تیۆرییە واقیعییەکان ئاڕاستە تیۆری شیکاری (اتجاهات تحليل النظري) بەسەر خۆیاندا سەپاندوە بۆ ڕاستییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان لەماوەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی وەك دەرەنجامێکی ڕاستەوخۆ بۆ تەقینەوەی ململانێ نێودەوڵەتییەکانو ئاڕاستەی هەندێ هێزی گەورە بۆ ئافەریدە کردنی ناوەندێکی هێزی گەورەو کاریگەر لەدروستکردنو هێنانەکایەی واقیعێکی نێودەوڵەتیدا کە بەبەرژەوەندییەکانیان بگەڕنو سەرکەوتن بەدەست بهێنن بەسەر دوژمنەکانیاندا، ئەگەر هەرچییەکیش بێت ئەو کاردانەوە خراپانەی (مضاعفات) کەئەم ڕێڕەوە بەجیی دەهێڵێ لەسەر هاوسەنگی سیستمی نێودەوڵەتی و سەقامگیرییەکەی.

ئاڕاستەی واقیعی بۆ دیپلۆماسیو یاسیای نێودەوڵەتی هیچ شتێك نییە جگە لەڕەنگدانەوە بۆ سیاسەتی "ناوەندی هێز"و "جەنگی سارد"، وەهەوڵێکە بۆ هێنانەوەی پاساو بۆ ئەو تێڕوانینە. ئەم ئاڕاستەیە بەپلەیەکی گەورە لەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا بڵاوبۆوەو ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبوو لەژمارەیەکی زۆر لەوڵاتە سەرمایەدارییەکانی تردا.

---

[7]) وەرگیراوە لەکتێبی د. إسماعيل صبري مقلد، نظريات السياسية الدولية هەمان سەرچاوە، ص24.

"تونکین"ی مامۆستای بەناوبانگی یاسایی نێودەوڵەتی دەڵێت ئەم سیاسەتە ((لەبنەڕەتدا پشت دەبەستێت بەهێزو هێزە چەکدارەکان، هەروەها پێشبڕکێ لەخۆپڕچەککردندا بەشێکە جیاناکرێتەوە لەم سیاسەتە. وە لەواقیعدا هیچ شتێك نییە جگە لەگوزارشتێکی راستەوخۆ بۆ بەرژەوەندی مۆنۆپۆلە گەورەکان کەسوودمەند دەبن لەپێشبڕکێ لەخۆپڕچەککردندا، وە لەئامادە باشیدان بۆ بەکارهێنانی هێزی چەکدار لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتیانو کۆنترۆڵکردنیان))[8].

پوختەی ئەم ڕێبازە واقیعییە ئەوەیە کەبناغەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بریتییە لەپەیوەندییەکانی هێز، واتە چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان بەهەموو ئەو شێوازو ئامرازانەی کەدەوڵەت بەهۆیەوە ئامانجەکانی بەدیدەهێنێ، بەبێ ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی یاسایی گشتی نێودەوڵەتیو ڕەوشتی.

"مورجانثو Morgantho " یەکێکە لەوانەی کەزۆر بەتوندی بانگەشە دەکات بۆ ئەم چەمکەو بەشێوەیەکی تووند ڕەخنە دەگرێت لەئامرازە یاساییەکان لەچارەسەرکردنی کێشە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، وە داوای وازهێنان دەکات لەیاسای نێودەوڵەتیو جەخت دەکاتەوە لەسەر بانگەوازەکەی لەبەکارهێنانی هێزو وای دادەنێ کەزۆر پێویستە بۆ مرۆڤو بریتییە لەو یاسایەی کەتەحکم دەکات یاخود پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕێك دەخات. ((واقیعییەتی سیاسی واگوزارشت دەکات کەژیانی سیاسی وێنەیەکە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی گشتی، کەڕێسا بابەتییەکان (السنن الموضوعية) حوکم دەکەن کەلەسروشتی مرۆڤایەتییەوە سەرچاوەیان گرتووە...وە سیاسەتی نێودەوڵەتی وەك هەر سیاسەتێکی تر بریتییە لەملمانێ لەپێناو دەسەڵاتدا...ئەم پێشڕەویەش بۆ دەسەڵات خەسڵەتێکی جیاکەرەوەیە

[8] تونكين ج.أ، القانون الدولي العام، قضايا نظرية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مترجم عن الروسية، القاهرة، 1972، ص220.

بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی وەك هەر سیاسەتێكی تر، گوزارشت كردن لەدەسەڵات ئەوەیە كەبوار بڕەخسێنێ بەشێوەیەكی حەتمی لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا))[9].

چەمكی هێز دەچێتە ناو چەمكەكانی تردەوە كەلەماناوە لەیەكترییەوە نزیكن، لەهەندێ كاتیشدا وەك یەكن وەك دەسەڵات، نفوز، هێزی زۆرەملێ. (قوة الأجبار).

بیریارە سیاسییەكانی گریك چارەسەری دیاردەی هێزیان لەكۆمەڵگادا كردووە، كەلای ئەوان مانای ئەو دەستپێشخەرییە بوو كە((پیاوی بەهرەمەندو دەتوانی خواستو ئارەزووی خۆی بەسەر خەڵكانی تردا بسەپێنێ))[10]. هەروەها پێویستە ئەوە بڵێین كەلێرەدا خاڵێكی جیاكەرەوە هەیە لەنێوان هێزو كۆنترۆڵدا، ئەویش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كەهێز چارەسەری ئەو كارانە دەكات كەلەدەرەوە یاخو لەناو چوارچێوەی كۆنترۆڵدان.

پێكەوە گرێدان لەنێوان هێزو ئامانج دا (الترابط بين القوة والأهداف)

لەو كارانەی كەجێگای قسە لەسەركردنەو گفتوگۆی فراوانو بەدەوام دێنێتە ئاراوە لەهەندێ گرینانەی بنەڕەتیدا كەتیۆری واقیعی لەسەر دانراوە بریتییە لەڕادەی (مەودای) لكاندنو پێكەوەبەستن (الأرتباط والترابط) لەنێوان فاكتەری هێزو ئامانج لەسیاسەتی دەرەكی دەوڵەتانداو نموونە جۆراوجۆرەكانی ئەم پێكەوە بەستنە.

"ئەرنولد ولفرز Wolfers " كەدادەنرێت بەیەكێك لە داخوازیكەرە دیارەكانی رێبازی واقیعی كەوەڵامێكی ڕوونی داوەتەوە بۆ ئەوە بەوپێیە دەڵێت ((هێز تارادەیەكی خۆیی

---

[9] هانس مورجانثو، السياسة بين الأمم، نيويورك 1956، ص4-24-29، هەروەها وەرگیراوە لەكتێبی تونكین ج.أ، القانون الدولي العام، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ص292.

[10] موريس ج.ل، السياسة المثالية عند الإغريق،نيويورك 1927، هەروەها وتەرطيراوة لەكتێبی د.كاظم هاشم نعمة العلاقات الدولية هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص161.

ئامانجی کۆتای وەرناگرێت، بەڵکو ئەمە تەنها ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دوورتر لەمە، وەبەبێ گرێدانی هیچ بەئامانجەوە حوکمدان بەسەریدا دژوار دەبێت ئەگەر هاتوو دەستکەوتە بەدەستهاتووەکان لەلایەن دەوڵەتانەوە لەتواناکانی هیچی نەتەوەیی نزیك ببێتەوە لەئاستی ئامانجە دەرەکییەکان کەهەڵیدەبژێرێت بۆ خۆی، یان ئەوەتا تێدەپەڕێت بۆ ئەوەی ببێت بەجۆرێك لەزیادڕەوی کەهیچ پاساوێکی نییە بۆ ئەو بارودۆخەی کەدەورەی ئەو جۆرە هەڵبژاردە دیاریکراوانەی ئامانجەکانی داوە))[11]. مانای ئەوەش ئەویە کەهیچ دیاری دەکرێتو بەشداری دەکات بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەجێبەجێکردنی ئامانجەکاندا، بەجۆرێك کەسەرکردایەتی هۆشیارو بەتوانا ناتوانێت ئەو ئامانجانە بنیاتبنێ کەپێشتر هەستی بەگرانیو دژواری جێبەجێکردنی کردووە ئەویش بەهۆی کەمی سەرچاوەکانی هیچ.

ولفرز ئامانجە نەتەوەییەکانی دەوڵەتان دابەش دەکات بەسەر سێ چەشنی سەرەکیدا[12]

یەکەم: ئامانجی فراوانخوازی نەتەوەیی:

جەوهەری ئەم ئامانجە خۆی دەبینێتەوە لەکارکردن بۆ گۆڕینی کاروباری نێودەوڵەتی سەقامگیر، ئەمەش لەهەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زیاتر لەتواناکانی هیچ لەروویەڕووبوونەوەی ئەوانی تردا، یاخود فراوانخوازی ئیقلیمی کەبەمانای بالادەستی دەوڵەت دێت بۆ گەیشتن بەناوەندی هێزی باشتر لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، یاخود لەڕێگای گەڕاندنەوەی یەکێك لەهەرێمەکانی کەدەوڵەت لەدەستیداوە لەئەنجامی تێکچوونی پەیوەندیی هێزەکان لەقۆناغێکی میژوویی رابردوودا کەلەبەرژوەندیدا نەبووە،

---

[11] أرنولد ولفرز- وەرگیراوە لەکتێبی د.إسماعيل صبري مقلد، نظريات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص69.

[12] د.إسماعيل صبري مقلد، نظريات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص70.

یاخود لەڕێگای کارکردن بۆ سەپاندنی شێوازێکی عقائیدی دیاریکراو یا شێوازی ژیانێکی دیاریکراو بۆ سەر ئەوانی تر، هەروەها لەڕێگای رزگاربوون لەدەسەڵاتی بیانی واتە دەرچونی دەوڵەت لەبنکەیەکی بەرتەسك لەتواناکانی هێز بۆ بنکەیەکی فراوانتری نیسبی، ئەمەش خزمەتی بەرژەوەندییەکانی دەکاتو گەشە بەهەڵوێستی دەدات لەروبەڕووبوونەوەی دەوڵەتانی بیانیدا بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی کەپاشکۆ بوو بۆ هەندێ هێز یاخود بەرژەوەندی بیانی.

دووەم: ئامانجی مانەوەی نەتەوەیی (اهداف البقاء القومي):

ئەم ئامانجە واتە هێشتنەوەی بارودۆخی نێودەوڵەتی سەقامگیرو (القائم) بەرگریکردن لیی لەدژی هەر هەوڵێك کەئامانجی گۆڕینی بێت، هەروەها لێرەدا ئامانجی هەمەچەشن هەیە لەپشت چەسپاندنی بارودۆخی سەقامگیر (وضع القائم). ئەم حاڵەتەش دەتوانێ رەنگبداتەوە لەمسۆگەرکردنی ئاشتی ئیقلیمی یاخود سەربەخۆی نەتەوەی نەك زیاتر، یاخود پارێزگاریکردن لەپشتێنە یاهەندێ ناوچەی نفوزی دەرەکی کەئەمەش سەرچاوەیەکی بنەڕەتی لەسەرچاوەکانی هێزی دەوڵەت پێك دەهێنێ لەسایەی دابەشکردنی هێزی نێودەوڵەتی سەقامگیر. یاخود بەرگریکردن لەوەبەرهێنانەکانی دەوڵەت لەدەرەوەدا ئەگەر ئەم وەبەرهێنانە دەرەکییانە دەمارێکی سەرەکی لەدەمارەکانی هێزی نەتەوەی بۆ دەوڵەت پێکبهێنێتو کەلەدەستدانی ببێتە هۆی گۆڕینی پەیوەندییەکانی هێز کەلەبەرژەوەندی نەبێت.

سێهەم: ئامانجی نکۆڵی کردن لەخوودی نەتەوایەتی:

ئەم ئامانجانە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بەمەسەلە و پرەنسیپە مرۆڤایەتییەکان یاخود بەبیروباوەڕی ئایدیۆلۆژی کەلەبەرژەوەندی نەتەوەیی تێدەپەڕێن وەك (هاوپەیمانی (تضامن) مرۆڤایەتی، ئاشتی، دادپەروەری نێودەوڵەتی، شەرعیەتی نێودەوڵەتیو دەسەڵاتی یاسا، مەسەلەکانی ئازادیو رزگاریو دژایەتی کۆلۆنیالیزم، چەك دامالێن ..هتد)

بنیاتنانی ئەم ئامانجانە لەئەنجامی ئەو فشارانەوە هاتووە کەکۆمەڵە بەهێزەکان کە لەناوخۆدا پیادەیان دەکردو ئەم دروشمە سیاسی یاخود مرۆڤایەتییانەیان بەرز دەکردەوەو دەیانجوڵاندن بەپاڵپشتی ئەفکارە ئیلهام بەخشەکان(مستلهمة)، پەیوەست بوون بەم ئامانجانەوە دەبێتەهۆی تواضعی دەوڵەت، ئەمەش واتە نەبوونی "زیادڕەوی سەرکەشی و دەمارگیری" لەلێکدانەوەی بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکان، وەتەرکیزکردن لەسەر ئامانجە مرۆڤایەتییەکان کەباڵاترن لەئامانجی بەرژەوەندی نەتەوەیی بەتێگەیشتەیەکی خۆیەرستانەی بەرتەسك. دەوڵەتیش لێرەدا وا خۆینیشا ئەوانی تردەدات وەك نموونەیەك کەشوێنپێی کەون.

نزیك بوونەوەی کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان لەیەکتری لەسەر ئەم بناغەیە، دەبێتە هۆی نەهێشتنی بەربەستو کۆسپی بەرژەوەندی نەتەوەیی بەوەش بارودۆخێکی نێودەوڵەتی گونجاو فەراهەم دەبێت بۆ لەئامێز گرتنی ئەفکارو بیرو باوەڕەکانی و گواستنەویان لەلایەنی دوروشمەوە بۆ بواری جێبەجێکردن. بەو جۆرە دەوڵەت دەتوانێ پلەیەکی نیسبی بەرزو بااڵ بۆخۆی فەراهەم بکات لەئامادەباشی بۆ پێشکەش کردنی تنازلات لەپێناو پتەوکردنو پشتگیری کردنی ئاشتی نێودەوڵەتی.

ئەو خستنەڕووە سەراپاگیرەی کەپێشکەشمانکرد سەبارەت بەچەمکی هێز لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا دیدێکی دیاریکراو دەگرێتەخۆی بۆ شێوازی هەمەچەشن بۆ ململانیی هێز لەکۆکەڵگای نێودەوڵەتیدا. لەڕوانگەی ئەمەشەوە دەوڵەت هەمیشە لەململانێدایە لەپێناو ((پارێزگاریکردن لەسەر ئەو بارودۆخەی کەدەوڵەتی تیایدا سەقامگیرە، واتە لەسەر ئەوەی کە لەتواناکانی هێزدا بەکردەوە هەیەتی، یاخود دووئەوەندە کردنی ئەم توانایان، یاخود دەرخستنی هێزو توانای بەشێوەیەکی عەمەلی))[13].

---

[13] هانس مورجانثو، القوة والأيديولوجيات في السياسة الدولية، وةرطيراوە لەكتێبی د.إسماعيل صبري مقلد، نظريات السياسية الدولية هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص77.

یەکەم: سیاسەتی پارێزگاریکردن لەو بارودۆخەی کەدەوڵەت تیایدا سەقامگیرە (سیاسات الحفاظ على الوضع القائم) :

ئەم جۆرە سیاسەتە ئامانجی پارێزگاریکردنە لەسەر دابەشبوونی سەقامگیری (توزیع القائم)ی هێز لەساتێکی دیاریکراو لەساتەکانی مێژوودا، بەشێوەیەکی ئاسایی کاتی کۆتای پێهاتنی جەنگ ساتێکی مێژووی گونجاوە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی بارودۆخی سەقامگیر واتە کاتێك کەدابەشبوونی نوێ سەرهەڵدەدات لەپەیوەندییەکانی هێزدا وەك دەرەنجامێکی سروشتی لەسەرکەوتنی لایەنێك و تێکشکاندن و دۆڕاندنی لایەنەکەی تر، لەو ساتە مێژووییەدا دەوڵەتی سەرکەوتوو هەوڵدەدات بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی هێزەکان کە لەشەرعییەتی نێودەوڵەتیدا نەماون.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەبدەین کەپەیماننامەکانی ئاشتی هەوڵیانداوە ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕن لەدارشتنی ئەو گۆڕانکاریانەدا لەشێوەی ئیلتزامات تعاقدی (صورة التزامات تعاقدية) لەنێوان لایەنە ناهاوتاکاندا. وەك پەیماننامەی ئاشتی فرسایی ساڵی 1919 کەگوزارشتێکی یاسایی بوو بۆ گۆڕانکارییە ئیقلیمییەکانو ئاڵوگۆڕکردن لەپەیوەندییەکانی ئەو هێزانەدا کەجەنگی یەکەمی جیهانی لێوە هەڵگیرسا.

دووەم: سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی فراوانخواز (سیاسات التوسع الأستعماري):

ئەم سیاسەتە ئامانجی بریتییە لەگۆڕینی بارودۆخی سەقامگیرو گۆڕانکاریو ئاڵوگۆڕکردن لەجەوهەری پەیوەندی هێزەکاندا بۆ بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانەی کە ئەم سیاسەتە پیادە دەکەن، ئامانجی فراوانخوازی کۆلۆنیالیزمی بەپێی تەماعو ئارەزووەکانی دێتو دەچێت لەنێوان سەرکەوتنی ناوچەی (تفوق المحلي)و کۆنترۆڵی کیشوەریو هەژموونی جیهانیدا.

هاندان بەرەو کۆلۆنیالیزمی فراوانخواز وەک دەرەنجامێکی پێشبینی کراوی بۆ سەرکەوتن وا لەدەوڵەتان دەکات لەقۆناغی مانەوە تێپەڕێت لەسەر بارودۆخی سەقامگیر بۆ گۆڕانکاری کردن لەپەیوەندی هێزەکان لەبەرژەوەندی خۆی.

هەروەها زەرەرمەند بوونیش کاریگەری چوونیەکی هەیە، پەیوەندی ملکەچ بوو بەوەی کەبەردەوامو هەمیشەیە لەچوارچێوەی پێکهاتەی هێزێکی دیاریکرادا کەدەیەوێت جەنگ پسەپێنێ کەلایەنێك تیادا زەرەرمەند بێت، وەپاڵ بەم لایەنە دۆڕاوەوە دەنێ بۆ هەوڵی رزگاربوون لەو بارودۆخەو ئالۆگۆڕکردنی ناوەندی هێز لەم دابەشکردنەدا بەشێوەیەك کەبۆی بلوێت بۆ ئەوەی دەسەڵات بەسەرناوەندی لایەنی سەرەکەوتوودا بگرێو بەرەو ناوەندی هێزێکی بچوکتری بەرێت. وەلەوانەیە لەحاڵەتێکی دیاریکراودا لایەنی دۆڕاوی جەنگ ئارەزووی نەبێ بۆ بەدیهێنانەوەی ئەوەی کەلەدەستیداوە، بەڵکو بەدەستهێنانی زیاتری دەوێ لەوەی کەلەدەستی داوە ئەمەش "هانس مورجانثو" بەسیاسەتی کۆلۆنیالیزمی ناوزەند دەکات.

لێرەدا پاڵنەرێکی تر هەیە کەخۆی دەنوێنێ لەلاوازی تواناکانی هێز لەلای هەندێ لەدەوڵەتانی نوێ بەتایبەتی لەئاسیاو ئەفریقادا، بەو شێوەیە کەوای دەبینێ هێزی دیاریکراوە بەبەراوردکردنێکی نسبی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا. ئەم ئاماژەیەش بەتەنها بەسە بۆ پێشکەش کردنی ئیغرای دەوڵەتە سەرکەوتووەکان بەسەریاندا.

لەکۆتایدا پێویستە بووترێت، کەهەموو سیاسەتێکی دەرەکی ئامانج خوازە بۆ پشتگیرکردنی هێزی دەوڵەتێك لەدەوڵەتان وەك ئەوەی گوزارشتێکە لەنزعەی کۆلۆنیالیزم. ئیمپریالیست بریتییە لەسیاسەتێکی ئامانج خواز بۆ لاوازکردنی پاڵپشتەکانی بارودۆخی سەقامگیر(الوضع القائم). وە هەڵگێڕانەوەی پەیوەندیی هێزەکان لەنێوان لایەنەکاندا لەسەرەوە بۆ خوارەوە. بەڵام ئەو سیاسەتانەی کەبەتەنها تعدیل لەناوەڕۆکی ڕاستەقینەی پەیوەندی هێزەکاندا دەکاتو لەحاڵەتی خۆیدا بەجێ دەهێڵێ، ناتوانێت ببێتە

سیاسەتێکی کۆلۆنیالیزم بەئەندازەی ئەوەی کەسیاسەتێکە لەناو چوارچێوەیەکی گشتی بارودۆخی نێودەوڵەتی سەقامگیردا کاردەکاتو ئامانجی خۆی دەنوێنێ لەبەرگرییکردن لەهاوکێشەکانی هێزو بارودۆخی باوی ئیقلیمی.

پایە شیکارییەکانی تیۆری هێز (الدعائم التحلیلیة لنظریة القوة) :

"مورجانثو" دەڵێت پایە شیکارییەکانی تیۆری هێز بریتیین لە بیرۆکەی بەرژەوەندی **Interest** و بیرۆرکەی**Power**. بەرژەوەندی لەچەمکی ئەم تیۆرییەدا لەچوارچێوەی هێزدا دیاری دەکرێت، ڕۆڵی ئەم دیاریکردنەش لەچوارچێوەی کاریگەری یاخود کۆنترۆڵدا **Control** دەردەکەوێت، هەروەها دیاریکردنێکی تری هێزی سیاسی**Political Power** لەواتای ئەم تیۆرییە واقیعییەدا بریتییە لەمەدای کاریگەری نیسبی کەدوڵەتات پیادەی دەکەن لەپەیوەندییەکانی نێوانیاندا بەمەش ناتوانرێت ببێتە هاوشێوەی توندوتیژی بەشێوە ماددیو سەربازییەکەی، بەڵکو ئەمە دەرەنجامی کۆتاییە بۆ ژمارەیەکی زۆر لەگۆڕانکارییە ماددیو نامادديیەکان هەروەها ئەو کارلێکەی کەلەنێوان ئەم ڕەگەزانەو پێکهاتەکانیدا ڕووددات ئەوەیە کەلەکۆتایدا قەبارەی هێزی دەوڵەت دیاری دەکات وەبەپێی ئەو قەبارەیە تواناکانی دیاری دەکرێت لەسەر کاریگەری سیاسی لەرووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا.

لەڕوانگەی ئەوەوە واقیعی وادەڕوانێتە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان کە ململانێیەکی بەردەوامە بەرەو زیادکردنی هێزی دەوڵەتو هێنانە ژێرباری بەجۆرێك کەبەرژەوەندییەکانیو ستراتیژیەتی پڕ بکاتەوە بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو کاریگەریانەی کەلەسەر بەرژەوەندی دەوڵەتانی تر بەجێی دەهێڵێ.

ئەو بیرۆکە و چەمکە سەرەکییانەی کەئەم تیۆرییەی لەسەر بنیاتنراوە بریتییە لەدەوڵەت، دەوڵەت وەك تەوەرەیەك بۆشیکار کردنو تێڕوانین وەردەگرێت بەوپێیەی

کەناوەڕۆکی بنەڕەتییە لەئاکاری دەرەکی (نێودەوڵەتی)داو بەردی بناغەیە لەسیستمی نێودەوڵەتیدا... تیۆری واقیعی بوونی جۆرە هاوسەنگیو گونجانێك ناسەپێنێت لەنێوان بەرژەوەندییە بنەڕەتییە نەتەوەییەکانی دەوڵەتانی لایەن لەسیستمی نێودەوڵەتیدا، بەڵکو ناکۆکی هەیە کەئەم ناکۆکیانەش ململانێ دێننە ئاراوە کەدەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگ. بەم شێوەیە هێز هەڵدەستێ بەڕۆڵێکی گرنگو گەورە لەدیاریکردنی چارەنووسی ڕێچکەی ململانێکانو دیاریکردنی دەرەنجامە کۆتاییەکانی.

هێز لەمانا شیکارییەکەی تیۆری واقیعیدا هێزی سەربازی کلاسیکی نییە، بەڵکو هێزی نەتەوەییە **Nationl Power** بەچەمکە سەراپاگیرەکەی، لەرەگەزو پێکهاتە ماددیو نامادددییەکانی "سەرچاوە سروشتییەکان، دانیشتوان، پێگەی ستراتیژی، حکومەتو دامەزراوەکان، رای گشتی، الزعامة، خۆڕچەککردن...هتد".

تیۆری واقیعی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە سیاسەتی نێودەوڵەتی ململانێیە لەسەر هێز بەبێ ڕەچاوکردنی ئامانجە کۆتاییە دوورەکانی، وە هێزی سیاسی توانایە لەسەر کاریگەری لەبیرکردنەوو ئاکاری کەسانی تر. بەواتایەکی ڕوونتر هێزی سیاسی بریتییە لەپەیوەندییەکی دەروونی لەنێوان ئەوانەی کەپیادەی دەکەنو نێوان ئەوانەی کەلەدژی پیادەی دەکەن. تیۆری واقیعی واسەیری سیاسەتی نێودەوڵەتی دەکات کەپرۆسەیەکی خۆگونجاندنە (توافقییە) لەنێوان بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دەوڵەتاندا، وەبیرۆکەی بەرژەوەندی نەتەوەیی جیهانێکی سەقامگیر ناسەپێنێ، وە ناشبێتە هۆی حەتمیەتی جەنگ، بەڵکو هەڵدەستێ بەخولقاندنی ململانێیەکی بەردەوامو هەڕەشەکردن بەجەنگ، ئەم ململانێو هەڕشانەش دەتوانرێت لەڕێگای ئیجرائاتی دیپلۆماسییەوە مەترسییەکانی کەم بکرێتەوە.

هێزو گۆڕانکارییەکانی (القوة وتحولاتها):

ئێمە دەزانینو لەهەمانکاتیشدا ناکۆك نین سەبارەت بەدینامیکییەتی هێز وەك دیاردەیەك لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا. پێکهاتەکانی هێزو کارلێکەکانیو کاردانەوەکانی، هەموویان لەحاڵەتی گۆڕانکاریو ئاوەژوو بوونی بەردەوامدان، ئەمەش لەئەنجامی ئەو هۆکارانەی کەپەیوەستن بەبارودۆخی هێزی خۆیی دەوڵەت، یاخود هێزی دەرەکی دەوڵەتەوە. هەروەها تەکنۆلۆژیا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕی لەدینامیکیەتی هێزو گۆڕانی بەشێوەیەکی خێرا. لەڕوانگەی ئەم تێگەیشتنە تیۆرییەوە بۆ هێزو دینامیکیەتی. ئەوا((گۆڕانکارییەکانی (تحولات) هێز بەسێ قۆناغی سەرەکی یەك بەدوایەکدا تێدەپەڕێت کەئەوانیش ئەمانەن))[14]:

یەکەم: قۆناغی هێزی شاراوە (مات)

ئەم قۆناغە جیا دەکرێتەوە بەدابەزینو هاتنەخوارەوەی بەرهەمی پیشەسازی تەنانەت بۆ حاڵەتی نەمانیشی، هەروەها کەمی شارەزایو کارامەی هونەری یاخود هاتنەخوارەوەی تواناکانی بەرهەمهێنانو ئەم بوونەوەی ئاستی بژێوی، وە شێوازی کشتوکاڵی باڵ دەکێشێ بەسەر ئابووری دەوڵەتدا.

هەروەها ئەم قۆناغە جیادەکرێتەوە بەنەبوونی چالاکی دامەزراوە حکومییەکان کەبەشێوەیەکی ئاسایی بەدەستی هێزی بێگانەوەن یاخود بەدەستی تۆڕێکی مۆنۆپۆلی ئەرستۆکراتی بچووکەوەن، هەروەها وەلائی ناوچەگەری بەرتەسك بالآدەستە و هەستی نەتەوایەتی تیادا لاوازە.

---

[14] أورجانكسكي، القوة، هەروەها وەرگیراوە لەکتێبی د.إسماعيل صبري مقلد، نظريات السياسية الدولية هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص86.

هێزی دەوڵەت لەم قۆناغەدا سەقامگیرەو لەنزمترین ئاستدایە کەزۆر لاوازە. لەڕوانگەی ئەم بنەمایەشەوە هێزی دەوڵەت شاراوە یاخود محتملە، چونکە رێگای بەدیهێنانی پەیوەستە بەئایندەوە.

دووەم: قۆناغی ئینتیقالی

لەم قۆناغەدا گەشەکردنێکی گەورە بەدیهات لەتواناکانی پیشەسازیو گەشەکردنی شارەکان (ازدهار المدن)، هەروەها گۆڕانێکی ریژەیی گەورە بۆ کاری پیشەسازی لەجیاتی کاری کشتوکاڵیو کۆچکردنی بەردەوام لەلادێوە بۆشار، هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانو زیاد بوونی داهاتی نەتەوەییو چاککردنی ئاستی بژێویو زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان بەرامبەر کەم بوونەوەی مردن.هەروەها تێبینی دەکرێت بەوەی کەکارو چالاکی دامەزراوەکان لەحاڵەتی زیادبوونداید، ئەم کارەش دەبێتە هۆی گەشەی بیرۆکراتیەت.

سێهەم: قۆناغی پێگەیشتنی هێز

هێنانەدی ئەم قۆناغە پیشت دەبەستێ بەگۆڕانی تەواوی پیشەسازی لەدەوڵەتدا (تحول صناعی کامل للدولة) هەروەها بوونی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بەشێوەیەکی چڕ، وە زیادبوونی تواناکانی ئابووری بەپلەیەکی بەرزو بەرزبوونەوەی تێکڕای داهاتی نەتەوەیی، هەروەها تێبینی دەکرێت بەوەی کەکاری دەزگا ئیدارییەکان دەگاتە ترۆپکە. ئەم قۆناغە جیادەکرێتەوە بەبوونی چەند رێگایەك بۆ زیادکردنی سامانی نەتەوەییو چاککردنی بارودۆخی کومەڵایەتی.

لەڕوانگەی ئەو شیکردنەوەیە بۆ قۆناغەکانی گواستنەوەی هێز دەتوانین گەشەکردنو پێشکەوتنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دابەش بکەین بۆ سی قۆناغی سەرەکی:

قۆناغی یەکەم:

ئەم قۆناغە بەردەوام بوو لەماوەی سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییە هاوچەرخەکان تاکو ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم کاتێك ئینگلتەرا دەستی بەپیشەسازی کرد، ئەم قۆناغە جیادەکرێتەوە بەوەی کەلەوماوەیەدا هیچ دەوڵەتێکی پیشەسازی بوونی نەبوو.

قۆناغی دووەم:

ئەم قۆناغە سەرەتای قۆناغی شۆڕشی پیشەسازییە، بەو پێیەی کەژمارەیەکی زۆر لەدەوڵەتان چوونە ناو بازنەی پیشەسازییەوە لەکاتێکدا کەدەوڵەتانی تر دوور بوون لەو کارە.

لەسەر ئەو بناغەیەش دەتوانین بڵێین کەهەندێ دەوڵەت تا ئێستاش لەقۆناغی هێزی شاراوەدان، وە هەندێکی تر لەقۆناغی هێزی ئینتقالیدان، دەوڵەتانی سێهەمیش لەقۆناغی هێزی پێگەیشتوودان. لەم قۆناغەدا جیاوازی هێزەکان بەشێوەیەکی دیار تێبینی دەکرێن.

قۆناغی سێهەم:

ئەم قۆناغە هێشتا پەیوەستە بەئایندەوە، تیایدا دەوڵەت دەچێتە قۆناغی پیشەسازی تەواوەوە واتە قۆناغی پێگەیشتنی هێز، باردۆخی نێودەوڵەتی لەم قۆناغەدا هاوشێوە دەبێت بەپلەیەکی بەرز لەگەڵ ئەوەی کەلەقۆناغی یەکەمدا ڕووبدا سەرەڕای ئەوەی کە ناکۆکی هێزەکان هەر بەردەوام دەبێت.

جۆرەکانی هێز:

وەك زانیمان هێز یەك پارچەیە و ناتوانرێت پارچە پارچە بکرێت. "کار E.N.Carr" لەکتێبە بەناوبانگەکەی "بیست ساڵ قەیران-The Twenty Years Crisis"دا دەڵێت: هێز سێ جۆرە ((هێزی سەربازیو هێزی ئابووریو هێزی تحکمکردن بەبیروڕا –قوة تحکم

بالأراء))[15]. هەروەها Carr وای دەبینێ هەر کارێك کەدەوڵەت پیی هەڵدەستێ لەجانبی هێزەوەیە، ئەویش پەیوەستە بەشێوەیەك یان زیاتر بەجەنگەوە، ئەمە بەومانایە نایات کەدەوڵەت هەوڵدەدات بۆ جەنگ، بەڵکو ئەو ڕاستییە دەزانێت کەجەنگ دوا ئامرازە بەدەست دەوڵەتەوە بۆ بەدیهێنانی مەرامەکانی. لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێت کەسیاسەتی دەرەکی هەر دەوڵەتێك پەیوەستە بەستراتیژیەتی خۆیەوە، بەواتایەکی وردتر ئامانجەکانی بەهێزە سەربازییەکەیەوە دیاریکراوە بەبەراورد لەگەڵ رکەبەرەکەیدا.

بەڵام هێزی ئابووری، لەسەر داڕێژەرانی بڕیارە کەوا حساب بکەن کەئەمە هێزو توانایەکی فیعلی شاراوەیە بۆ دەوڵەتەکانیان، ئەم هێزە یاخود توانایانە شایستەی پراکتیکەکردنە بەشێوەیەکی فعلی وەدەتوانرێت لەخزمەتی بەرژەوەندییە نەتەوەییە هەنوکەییەکاندا بەکاربهێنرێت، هێز یاخود فاکتەری ئابووری کاریگەری خۆی هەیە لەچەندین بووارى جۆراوجۆردا، بەڵام گرنگترین ئەو بووارانەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ((کەتوانا پێشەسازییەکان دەبنە هۆی کۆکردنەوەو فەراهەمکردنی هێزی سەربازی بۆ مسۆگەر بوونی توانای بەرگری کردن لەدەوڵەت))[16].

بەڵام هێزی تحکمکردن بەبیروڕا واتای مامەڵە کردنە لەگەڵ دیدو بیروباوەڕو هەستە مرۆڤایەتییەکان، ئەم بابەتانەش ناکەونە ژێر پێوانەیەکی وردەوە، وە ناشتوانرێت پێشبینی بۆ بکرێت بەپێچەوانەی بۆچوونە مادییەکانەوە.

---

[15] کار، عشرون سنة من الأزمة 1919-1939، لندن 1946، هەروەها وەرگیراوە لەکتێبی د.کاظم هاشم نعمة العلاقات الدولية هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص167.

[16] وثائق المؤتمر الثالث والعشرون للحزب الشيوعي السوفيتي، تقرير كوسيغين، 5أبريل 1966، وكالة نوفوستي، موسكو، ص266-267، باللغة الروسية

هەڵسەنگاندنی تیۆری هێز

سەرەڕای هەموو ئەو ڕەخنانەی کەئاڕاستەی تیۆری هێز کراونەتەوە کەلەدوایدا دەیخەییەن ڕوو، لێرەدا لایەنە پۆزەتیڤەکانی کەناتوانرێت فەرامۆش بکرێت دەیخەینە ڕوو:

1-گرنگی هێز وەك گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەگۆڕانکارییەکانی ئاکاری نێودەوڵەتی لەسەر ڕێڕەوی میژوو، هێز ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لەتەقاندنەوەی (تفجیر) زۆربەی ململانی نێودەوڵەتییەکانو یەکلاکردنەوەیانو دەرەنجامەکانی وەك جەنگەکانی ناپلیۆنو هیتلەر. لەوماوەیەشدا دەکرێت بڵێین کەهێز ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی گێڕاوە لەجەنگو دەرەنجامەکانیدا.

2-تیۆری هێز هەوڵی بەڕەسەنی کردنی هەندێك چەمکی سەرەکی داوە کەتێگەیشتنیان قووڵ بۆتەوە بۆ چۆنێتی ئەوەی کەسیاسەتی دەرەکی وڵاتان بەڕێوەدەبات لەپێشەنگیشیدا هێزی سیاسیو چەمکی هاوسەنگی هێزەکان.

3-ئەم تیۆرییە زۆر ڕاشکاوانە لەوانی تر ڕاستییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانی گرتۆتەخۆ، ئەمەش لەدامالێنو ویستی خۆدامالێنی لەهەموو ئەو دەمامکانەی کەهەوڵی دەدا لەپشت خۆیەوە خۆی بشارێتەوە لەئاشکراکردنی ڕاستییە بنەڕەتییەکان کەئەویش هێزە لەپەیوەندییەکانیدا بەبەرژەوەندی نەتەوەیی.

بەڵام لایەنی نێگەتیڤی ئەم تیۆرییە ڕەنگیداوەتەوە لە:

1-بەراورد کردنی تیۆری بەرژەوەندی نەتەوەیی بەچەمکی هێزو کردنیان بەمرادیفی یەکتری، بەوپێیە کەبەرژەوەندی نەتەوەیی دەتوانرێت بگۆڕێت لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بەبێ ئەوەی هێز هیچ پەیوەستییەکی پێوە هەبێ.

2-ئەم تیۆرییە وا دەڕوانێتە جێبەجێکردنی سیاسەتی هاوسەنگی هێز کەباشترین ئامرازە بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندی هێزەکان لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، بەڵام جێبەجێکردنی سیاسەتی هاوسەنگی دەبێتە هۆی پەکخستنی ئەم سیاسەتە بەشێوەیەکی پراکتیکی لەبەدیهێنانی ئاشتیو ئاشایش، باشترین نموونەش بۆ ئەمە هەڵگیرساندنی چەندین جەنگ لەو کاتەدا بەتایبەتی جەنگی یەکەمی جیهانی.

3-ئەم تیۆرییە بەتەواوەتی ڕۆڵی ئەخلاقی لەپەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا فەرامۆش کردووە، ئەوەش کۆك نییە لەگەڵ ئاڕاستەی گشتی لەپێشکەوتنی پەیوەندییەکانی سیستمی نێودەوڵەتی. هەروەها کۆکو تەبا نییە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆڵی وروژێنەرە ئەخلاقییەکان (مؤثر الأخلاقي) لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەپلەیەك کەنکۆڵی کردن لەسەری دژوارە. باشترین نموونەش بۆ ئەمە ئیدانەکردنی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەجەنگی ڤێتنامو ئەم ئیدانەیەش وێنەیەکی ڕای گشتی بوو لەسەر بناغەی ڕۆڵی ئەخلاقی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

4-تیۆرەکە بەشێوەیەکی گشتی بایەخی نەداوە بەرۆڵی کاریگەری ئایدیۆلۆژی وەك هێزێکی داینەمۆ بۆئاکاری نێودەوڵەتیو پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان بەگشتی، لەو ڕوانگەیەشەوە تیۆرییەکە تەنها پشتی بەستوە بەهێزو بەرژەوەندی بەو گوزارشتەی کەبناغەی ئاکاری نێودەوڵەتیو بنەماکانییەتی.

5-هەروەها تیۆرییەکە سەرکەوتوو نەبوو لەدیاریکردنی چەمکە جۆراوجۆرەکانی هێزو جیاکردنەوەی لەنێوان ئەو هێزەی کەدێت وەك دەرەنجامێکی سیاسی، ئەمەش پەیوەستە بەتوانای دەوڵەت لەسەر ڕوودانی گۆڕانکاری لەئاکاری ئەوانی تردا بەجۆرێك کەگونجاوبێت لەگەل بەرژەوەندییەکانیدا، ئەوا دەتوانرێت بەبێ چەندوچوون بڵێتە سەرچاوەیەکی هێزی سیاسی.

ئەو هێزەی کەدێت تاکە ئامرازە بۆ گەیشتن بەئامانجە هەمەچەشنەکانی تر کەتیایدا پارێزگاری لەهێزەکان بکات، واتە هێز بەتاکە ئامراز دادەنرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکان، لەکۆتایشدا ئەو هێزە کاریگەرە وەک پالنەرێکی بزوێنەر وایە ئەمەش پەیوستە بەمەودای پلاندانانی دەوڵەت لەسەر بەدەستهێنانی هێزو گەشەکردنی تواناکانی.

بەشی دەیەم

تیۆری هاوسەنگی هێز The Balance of Power

یەکێك لەو پرەنسیپانەی کەتەوەرەی سەرەکی لەلێکۆڵینەوە پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان پێك دەهێنی پرەنسیپی هاوسەنگی هێزەکانە کەهەندێ جار بە" تیۆری، چەمکی، سیستمی... هتد" ناو دەبرێت. ئەم تیۆرییەش گرنگییەکی گەورەی پێداوە لەسەرەتای چاخی نوێدا لەلایەن نووسەرو لێکۆڵیارو میژوو نووسانەوە. ئەمە لەڕوانگەی ئەو ڕۆڵەی کەپێی هەڵساوە لەبەدیهێنانی سەقامگیربوونی سیستمی نێودەوڵەتیو گرەنتی لەپارێزگاریکردن لەمانەوەو بەردەوام بوونی.

میکافیلی لەنێوان پێشەنگی ئەوانەدا دێت کەگرنگییەگی گەورەیان داوە بەچەمکی هاوسەنگی هێز بۆ لێکۆڵینەوەی سیستمی ئەوروپی لەچاخی ڕێنسانسدا، پاشانیش مافناسو بیریاران گرنگییەکی بەرچاویان بەم چەمکەدا، گرنگییەکی زۆریان داوە بەدیاردەی هاوسەنگی لەپەیوەندیی ئەوروپی لەنێوان هەردوو سەدەی هەژدەو نۆزدەدا، هەروەها سیاسەتمەدارانی ئەوروپا بەتایبەتی بەریتانیەکان کاریان بەچەمکی هاوسەنگی کردووە لەڕێبازی سیاسییاندا، بەڵام لەسەدەی بیستەمدا لێکۆڵیاران ڕووبەرووی ئەوە بوونەوە کەپشت بەشێوازی توێژینەوەی هاوچەرخ ببەستن.

چەمکی هاوسەنگی هێزەکان کۆمەڵێك مانای جیاواز دەگرێتەخۆ لەهەندی لایەنیدا. "ئیرنس هاس" دەڵێت: ((هاوسەنگی هێز دەلالەت دەکات لەسەر ئەمانەی خوارەوە: دابەشکردنی هێزەکان، هاوسەنگی هێزەکان، ناهاوسەنگی، سەرکەوتن، سەقامگیری، ناسەقامگیری، ئاشتی، جەنگ، سیاسەتی هێز، رابەری سیاسەتی دەرەکی))[1].

---

[1] لیرنس هاس، توازن القوی، عالم السیاسة، 1953، هەروەها وەرگیراوە لەکتێبی د.کاظم هاشم نعمة، العلاقات السیاسیة الدولیة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص204.

هاوسەنگی هێزەکان The Balance of Power

زاراوەی هاوسەنگی هێزەکان یەکێکە لەو زاراوانەی کەزۆر تەموومژاوی و ئالۆزە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی زۆرو چڕوپڕدراوە لەلایەن نووسەرو لێکۆڵیارانەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ماهییەتی ئەم سیستمەو ئەو فیکرە سەرەکییانەی کە لەپشت ئەم سیستمەوەن، هەروەها پایە سەرکییەکانی کەپشتی پێ بەستووە، لەگەڵ ئامرازە پەیوەکراوەکان لەتوێژینەوەی ئەم سیستمەو جۆرەکانی، لەکۆتایشدا هەڵسەنگاندنی.

هاوسەنگی هێزەکان **The Balance of Power** لەڕووی زاراوەییەوە بەمانای((گوزارشتێکی مەجازی دێت بۆ هەموو هاوسەنگییەکی نێودەوڵەتی و هەموو ڕێکخستنێکی نێودەوڵەتی لەحاڵەتی هاوسەنگیدا))[2].

وە تەرازووی هێزەکان بەم پێییە چەمکێکی گشتییە لەچەمکەکانی پەیوەندی هێزو دابەشبوونی هێز لەبواری نێودەوڵەتیدا. بەهەر حاڵ ئەمەش بەمانای ئەوە نایات کەزیاتر لەسەر حاڵتێك بمێنێتەوە لەحاڵەتەکانی هاوسەنگی نێودەوڵەتی بەشێوەیەك کەهەر دەوڵەتێك یان زیاتر ناتوانێت هێرش بەرێتە سەر دوژمنەکانی بەبێ بوونی هۆکارێکی پەسەند. یاخود بەمانایەکی وردتر واتە پاراستنی بارودۆخی ئێستای (حماية الوضع الراهن) دابەشبوونی هێزەکان لەڕێکخستنێکی نێودەوڵەتی دیاریکراودا بەو گوزارشتەی کەهاوسەنگە وەبەتێکچوونی ئەو بارودۆخە واتە تێکچوونی تەرازووی هێز.

بەڵام هەمیشە ململانێیەکی بەردەوام هەیە لەپێناو زیادکردنیدا لەلایەن هەموو دەوڵەتانەوە، ڕاست نییە ئەگەر بووتری سیاسەتی هاوسەنگی هێزەکان ئامانجی بنەڕەتی بریتییە لە پارێزگاریکردن لەئاشتی یاخود بەشداریکردن لەو کارەی کەدەیێتە هۆی داننان

---

[2] د. محمد طه بدوي، مدخل إلى علم العلاقات الدولية هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص229.

بەباشتر لەیەکتری گەیشتنی نێودەوڵەتی (على اقرار حسن التفاهم الدولي). کەواتە ئەم سیاسەتە ڕێگری ناکات لەبەرپاکردنی جەنگ یاخود بەکارهێنانی ئامرازی توندوتیژی بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگییەکی نێودەوڵەت لەهێزدا. لەسۆنگەی ئەمەشەوە دەتوانین بڵێین کەسیاسەتی هاوسەنگی هێزەکان ((ئەو سیاسەتەیە کەئامانجی بەشێوەیەکی بەرجەستە بریتییە لەپاراستنی سەربەخۆیی هەر دەوڵەتێك لەدەوڵەتە ئەندامەکان لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، هەروەها فەراهەمکردنی هاوسەنگی هەموو دەوڵەتانو ڕێگرتن لەزیاد بوونی هێزی هەر دەوڵەتێك کەهەڕەشەبێت بۆ سەر سەربەخۆیی دەوڵەتانی تر))[3].

ئەم پێناسانە بوونی جۆرە هاوهێزییەك لەنێوان هەموو دەوڵەتاندا لەڕووی سەربازیەوە دەردەخاتو دەسەپێنێ تابببێتە هۆی بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوانیاندا. هەروەها ئەم پێناسانە جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کەپرەنسیپی "هاوسەنگی هێزەکان" تارادەیەك ڕۆڵی گرنگی هەیە لەپاراستنی ئاشتی کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا وەك فاکتەرێکی سەرەکی بۆ ئاسایشو سەقامگیریی. هەروەها سیستمی هاوسەنگی هێزەکاندا بەردی بناغەی تیۆریی واقیعی دروست دەکات، چونکە لەڕوانگەی ئەم تیۆرییەوە وا گوزارشت دەکرێت کەئەلتەرناتیڤی ئانارشیزمە (فوضى)و پێویستە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کەدەسەڵاتێك یاخود حکومەتێکی جیهانی نییە کەباڵادەست بێت بەسەریدا.

هاوسەنگی هێزەکان لەکاتی سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا ڕێگاو ئامرازێك بووە کەئەو دەوڵەتانە پەنایان بۆ بردووە بۆ ڕێگرتن لەکۆنترۆڵی تاك هێزی لەپێناو پارێزگاریکردن لەئاسایشی بەکۆمەڵو سەربەخۆیی. ماوەی نێوان ساڵی 1648 میژووی پەیمانی ویستڤالیا تا هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی ساڵی 1789 کەبەچاخی ئالتونی یەکەم

---

[3] د.فتحية النبراوي، د.محمد نصر منها، أصول العلاقات السياسية الدولية، منشأة المعارف بالإسكندرية 1985، ص334.

دادەنرێت بۆ هاوسەنگی هێزەکان، بەڵام چاخی ئاڵتونی دووەم بۆ هاوسەنگی هێزەکان لەسەدەی نۆزدەهەمەوە دەستپێدەکات بەتایبەتی لەساڵی 1815-1914، کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت دەبەستی بەبوونی ژمارەیەکی دیاریکراو لەهێزی سەرەکی کە بەپارێزەی ئاشتی دادەنراو ناوزەد دەکرا بەهاوسەنگی هێزە" کلاسیکییەکان".

سیستمی هاوسەنگی هێزەکان بەیاسای بنەڕەتی دادەنرێن کەحوکمی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان دەکات، پابەند بوون بەو گرێمانە تیۆرییانەی کەئەم سیستمەی لەسەر بنیاتنراوەو پەیردن بەو ڕاستییە سەرەکیانەی کەدەوری جێبەجێکردنی داوە لەواقیعی پراکتیکیدا. تاڕادەیەکی زۆر یارمەتیدەرن لەڕوونکردنەوەی هەندێ گوزارشتی گرنگو بایەخدار. لێرەدا پێویستە لەسەرمان کەماهییەتی ئەو بیرۆکەییەی کەلەپشت ئەم سیستمەوەیە ڕوون بکەینەوە.

بیرۆکەی شاراوەی پشت ئەم سیستمە ((ئەوەیە کەشێوەی جیاکەرەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بریتییە لەملمانێ))[4]، بەڵام ئەم ململانێیە تەنها فاکتەری ناچونیەکو جیاواز لەبەرژەوەدنییە نەتەوەییەکانی دەوڵەتاندا ناسەپێنێ، بەڵکو هەموو دەوڵەتێك هەوڵدەدات هێزی نەتەوەیی خۆی پەرەپێبدات‌و زیاد بکات لەسەر حسابی دەوڵەتانی تر. لەسۆنگەی ئەم تێگەیشتنەوە دەتوانین بڵێین: کەئەو دەوڵەتەی سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنێ لەهێزو تواناکانیدا دەبێتە هەڕشە بۆ سەر ئازادی‌و سەربەخۆیی دەوڵەتانی تر، ئەم کارەش پاڵ بەو دەوڵەتانەوە دەنێت کەهێزیان دیاریکراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێزە بەهێز لەڕێگای دەستەگەری‌و کۆبوونەوەیان لەئیئتیلافاتی دژە هێزەکاندا (تمحور في ائتلافات قوى مضادة). لێرەشدا هاوسەنگی هێزەکان بۆ دوو ئامانجی گرنگ بەدی دێت

[4] د.إسماعيل صبري مقلد العلاقات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص265.

یەکەمیان: پارێزگاریکردن لەئاشتی نێودەوڵەتی‌و دووەمیشیان پاراستنی سەربەخۆیی دەوڵەتانی ئەندام لەم محوەرو تاقمانەدا.

لەڕوانگەی ئەم خستنەڕووەشەوە دەتوانین بڵێین کەسیستمی هاوسەنگی هێزەکان پشت بەدوو بنەمای سەرەکی دەبەستێت:

1-هەموو دەوڵەتانی لایەن لەناو کۆمەڵەی دژە هێزەکاندا کۆبوونەوە بەدەوری یەك ئامانجی سەرەکیدا، کەئەویش پارێزگاریکردنە لەسەقامگیری باوی پەیوەندی هێزەکانو بەرچەرچدانەوەی دوژمنکاران.

2-لەهەر هەڵوێستێکی نێودەوڵەتیدا، هاوسەنگی بەدیدێت لەڕێگای توانای ئەم سیستمە "هاوسەنگی هێزەکان" لەخوڵقاندنی فشارێکی وەك یەكو پێچەوانەوە (متعادلة ومتعاكسة)، ئەم کارەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لەهەر تێکچوونێك لەپەیوەندی هێزەکانو لەو دابەش بوونەی کەهەیەتی.

جۆری هاوسەنگی هێزەکان

گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی لەدابەشکردنی هێزو جۆرەکانی لەنێوان دەوڵەتاندا، بۆتە هۆی گۆڕان لەپێکهاتەی سیستمی سیاسی نێودەوڵەتی‌و چالاکییەکانی، ئەمەش وای لەهەندێ نووسەرو دانەر کرد کەڕاشکاوانەو ئاشکرا بڵێن کەسیستمی هاوسەنگی هێزەکانی کۆتایی پێهاتووە، وەجۆرو شێوازی نوێ جێگای ئەو سیستمەی گرتۆتەوە، وێڕای ئەوەش بیروڕایەکی تر هەیە کەدەڵێت چالاکی سیستمی هاوسەنگی هێزەکان تاکو ئێستاش هەر بەردەوامەو ئامرازێکی گرنگو بەسود پێك دەهێنی لەپەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا.

لەپێناو لێکۆڵینەوی ئەم بابەتە بەشێوەیەکی باش و ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەریدا هاتووە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای مێژووی سەرهەڵدانی ئەم سیستمە لەچاخە کۆنەکاندا.

1-هاوسەنگی هێزە کلاسیکییەکان

دەوڵەتانی کۆن دیاردەی هاوسەنگی هێزەکانیان ناسیووەو پەرەنسیپەکانی کارکردنیان بنیاتناوە، بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەوەیە کەهەر هێزێك هەوڵیداوە بۆ زیادکردنی هێزو توانای خۆی بەشێوەیەکی نیسبی یاخود لەڕێگای هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزەکانی تردا، وەلەلایەن رکەبەرەکەیەوە بەهەمان شێوە وەڵامی دراوەتەوە. ئەمەش یان بۆ ڕێگرتن لەپراکتیکەکردنی ئەو زیادەیە لەهێزدا وەیان بە ئامانجی هاوسەنگ بوون لەگەڵیدا، لەوکاتەدا دەستکەوتە بەرهەم هاتووەکان بەستەڵەك (جامد) دەبن لەزیادبوونی ئەو هێزانەدا.

بەڵام لەچاخەکانی ناوەڕاستدا، فەرمانڕەواو دەرەبەگەکان کاریانکردووە لەداناںو ئامادەکردنی هەنگاوی نوێ لەسەر جۆری سیستمی هاوسەنگی هێزەکان لەگەڵ جیاوازی بەرتەسکی پانتای جوگرافییان کەهاوسەنگییەکەی لەسەرە... هەروەها فەرمانڕەواو دەرەبەگەکان پەنایانبردووە بۆ شێوازی تواندنەوەو دابەشکردنی میرنشینە لاوازەکان لەنێوان خۆیاندا، هەروەها پەنایانبردووە بۆ جەنگ بەمەبەستی بەدیهێنانی هاوسەنگی بەشێوەیەك یان زیاتر.

سەدەی پانزەهەم ئاڕاستەی دیپلۆماسیو سەربازی بۆ پرەنسیپی هاوسەنگی هێزەکانی بەخۆوە بینیوە لەکاتێکدا کەئەوروپا پێویستی بەهاوسەنگی هەبوو لەنێوان هێزە سەرەکییەکاندا کەجەنگی ئاینییان هەڵگیرساندبوو ئەم جەنگەش بەمۆرکردنی پەیماننامەی ویستڤالیای ساڵی 1648 کۆتای پێهات کەبڕیاری پرەنسیپی هاوسەنگی هێزەکانی دا،

بەڵام ئەمەش نەیتوانی سنوردێکی کۆتایی بۆ جەنگ دابنێ، بەڵکو لەدوای ئەمە جەنگ هەر بەردەوام بوو بەهۆی ناکۆکی‌و جیاوازی سیاسی‌و نەتەوەیی کە بەپەیماننامەی "ئۆترخت"ی سالی 1713 چارەسەرکرا، بەمەش ئەم پەیماننامەیە دادەنرێت بەخاڵی جیاکەرەوە لەنێوان سەردەمێکو سەردەمێکی تردا لەمێژووی پەیوەندییە سیاسییەکانی ئەوروپادا، هەروەها پەیماننامەکە پرەنسیپی هاوسەنگی هێزەکانی گرتەخۆی لەگەڵ خواستی دەوڵەتە نەتەوەییە ئەوروپییەکان بەوە کەکاری پێبکەن وەك ڕێنیشاندەرێك (دلیل)و بڕیاردانی دەوڵەتانی ئەوروپا بەوە، لەدوای ئەمەش پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان چاخی ئاڵتوونی یەکەمو دووەمی ناسی کەلەوەوپێش ئاماژەمان پێکرد. وەبەهەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهان چالاکییەکانی ئەم سیستمە "سیستمی هاوسەنگی هێزەکان" پەکیکەوت.

2-سیستمی هاوسەنگی هێزی دوو جەمسەر

لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا گۆڕانکار ڕیشەی لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا ڕوویدا، ئەم کارەش پاڵی بەهەندێ لێکۆڵیارەوە نا کەدوو دڵ بن لەبەردەوام بوونی چالاکی هاوسەنگی هێزەکان. وە ئاڵۆگۆڕی دابەش بوونی هێز لەجیهاندا ئاڵۆگۆڕێکی جەوهەری بوو چونکە ئینگلتەراو وەك دەوڵەتێکی بەهێزی گەروە نەمایەوە هەروەها فەرەنساش لەجەنگی یەکەمی جیهانی دەرچوو لەکۆمەڵێك قەیران کەخەریك بووببێتە قەیرانی گشتی لەهەموو بوارو پرەنسیپە ئابووری‌و سیاسی‌و سەربازییەکان، لەبەرامبەریشدا هەریەك لەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێتی (پێشوو) سەریانهەڵداو شوێنو پلەی هێزی گەورەیان لەجیهاندا داگیرکرد. هەروەها جیهان دابەش بوو بۆ سەر دوو کامپی بیروباوەڕی جیاوازو ناکۆك، وەئایدیۆلۆژیا کاریگەرییەکی دیاری هەبوو لەپێناسەی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا. هەروەها ململنیی بیروباوەڕ گرنگییەکی زۆری

پێدرا کەلەوەپێش بوونی نەبوو لەپەیوەندییە سیاسییەکاندا و هەموو وزەو تواناکانی دەوڵەت لەخزمەتی مەبەستە عقائیدیەکاندا بوو، وە ئەحکامی کۆنترۆڵۆ هەژموونو پەرەسەندن لەخۆپرچەککردنی سەربازیو هەوڵدان بۆ فراوانکردنی نفوزو دەسەڵات بەسەر ناوچەکانی دەرەوەی جەمسەرەکەدا دەرکەوت. پشت بەستن بەم ڕێبازە نوێیە دەوڵەتانی جیهانی سێهەمو ولاتەکانیانی گواستەوە بۆ سەر شانۆی ململانیی ئایدیۆلۆژیو سیاسیو ئابووریو سەربازی نێوان هەردوو کامپەکە. لەڕوانگەی ئەم واقیعەوە دەوڵەتانی جیهانی سێهەم زیاتر گرنگیان پێدرا، بەو پێیە ڕۆڵیان لەناوەندی نێودەوڵەتیدا بەرزبۆوە، جگە لەگرنگییە ئابووریەکەی کەناتوانرێت فەرامۆش بکرێت کەڕەگەزێکی یەکلاکەرەوە بوو لەپرۆسەی هاوسەنگیدا. لێرەدا حەقیقەتی ئالۆگۆڕی جەوهەری (التبدیل الجوهری) لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەردەکەوێت. هەروەها گۆڕانکاری بنەڕەتی لەجۆری هێزی سەربازیدا ڕوویدا، بەوەی کەچەك پێش جەنگی دووەمی جیهانی کلاسیکی بوو، بەڵام ئێستا گۆڕاوە بۆ چەکی ناووکی. لەسەر ئەم بناغەیەش ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدات. ئایا سیستمی هاوسەنگی هێزەکان ئێستا کاری پێ دەکرێت؟ وە ئایا بەهای شیکاری لەلێکۆڵینەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هەیە؟

3-سیستمی هاوسەنگی هێزی فرە جەمسەر

لەشەستەکاندا شانۆی سیاسی نێودەوڵەتی سەرهتای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی دوو جەمسەری بەخۆیەوە بینی، بەم پێیە چەکی ناووکی تەنها بۆ ولاتەیەککگرتووەکانو یەکێتی سۆڤێتی (پێشوو) قۆرخ نەبوو، بەڵکو هەریەکە لەبەریتانیاو فەرنساو چینو...هتد، بوون بەدەوڵەتی خاوەن چەکی ناووکی. بەم شێوەیە پشت بەستن لەسەر هێزی ناووکی نیشتمانی بووە هۆی لاوازکردنی پاشکۆیەتی ئاسایش (أضعف التبعیة الأمنیة) ئەمە لەڕووی سەربازیەوە، بەڵام لەسەر ئاستی ئابووری جەمسەری نوێ سەریانهەڵدا وەك یابان، یەکێتی

ئەورووپا، ئەڵمانیا وەك جەمسەری ئابووری و دارایی، ئاشکرایە کە سیستمی هاوسەنگی فرە جەمسەری لەدوو جەمسەری سەقامگیرترە چونکە ((شێمانەی ڕووداتی جەنگ بەشێوەیەکی هاو ڕێژەی نزم دەبێتەوە بەزیاد کردنی ژمارەی دەوڵەتانی بەشدار لەو سیستمەدا))[5].

سیستمی فرە جەمسەری بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبوو لەسەر دەوڵەتانی جیهانی سێهەم، ئەم کاریگەریەش زیاتر پۆزەتیڤ بوو وەك لەوەی نەگەتیڤ بێت، ئەم پۆزەتیڤیەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بزوتنەوەکان بەرفراوانتر دەبێت وەك ئەوەی کەلەدوو جەمسەردا هەیە، بارودۆخو سیستمی نوێی جیهان چۆن دەبێت لەتێکچوونی سیستمی هاوسەنگی هێزەکاندا لەسایەی هەژموونی سیستمی تاك جەمسەری لەپەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا؟

لێکۆڵیارانی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانو سیاسەتی دەرەکی کۆکن لەسەر ئەوەی کە((توانای دەوڵەتە بچووکو مام ناوەندییەکان لەسەر بزوتنەوەی سەربەخۆی سیاسی لەڕێکخستنی نێودەوڵەتیدا زیاد دەکات بەزیاد بوونی شێوازی فرەی لەبنیاتنانی نێودەوڵەتیدا، هەرچەندە پلەی ململانێ زیاد بکات لەنێوان هێزە گەورەکاندا لەم بنیاتنانەدا، بناتنانی فرە جەمسەری یاخود دوو جەمسەری دەبێتە هۆی زیاد بوونی توانای دەوڵەتە بچووکو مام ناوەدییەکان لەسەر بزوتنەوەی سەربەخۆخوازی، بەتایبەتی ئەگەر بنیاتنانی فرەی یاخود دوولایەن پەیوەستبێت بەجۆرێك لەململانیی نێوان ئەو دەوڵەتانەی کەحوکم دەکەن بەسەر بنیاتنانەکەدا))[6].

---

[5] د.کاظم هاشم نعمة، العلاقات الدولية، همان سەرچاوەی پێشوو، ص226.

[6] د. محمد السيد سليم، تحليل السياسة الخارجية، دار النهظة المصرية، القاهرة 1989، ص286.

بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەو گۆڕانکاریانەی کەجیهانی هاوچەرخ بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی لەدیسەمبەری 1991دا بووە هۆی رووخانی جەمسەری سۆڤێتی هاوتای جەمسەری ئەمریکی لەگەڵ ئاڕاستەی میراتگری "شەرعی"روسی بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ جەمسەری ئەمریکیدا. دەرەنجامی ئەم گۆڕانکاریانەش بریتیە لە((نەمانی مانۆری سەربەخۆ لاوەکییەکان لەبەردەم دەوڵەتە عەرەبییەکانو نەمانی مکانەتیان لەڕێکخستنی و گەڕانەوەی گرنگی کێشەکان))[7].

تاکڕەوی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەمڕۆ لەسیتمی نێودەوڵەتیدا ((بەعەقڵیەتێك کەگیانی سەرکەتنی کۆتای زاڵە بەسەریدا لەسەر رکەبەری ئایدیۆلۆژی (الغريم الأيديولوجي) وە باوەڕبوون بەوەی کەکاتی ئەوە هاتووە هەموو پاشماوەکانی ئەم بەربەرکانییە لەجیهانی سێهەمدا بژاربکرێن))[8]. کەواتە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەڕێگای ئاشتیانە یەکێکە لەکۆڵەکەو پاڵپشتەکانی سیستمی نوێی جیهان کەبایەخی پێدەدرا لەلایەن وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لەدوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤێت، ئەم چارەسەرەش پێویستە بەتەنها لەڕوانگەی ئەمریکاییەکانەوە سەرچاوە بگرێت، بەم شێوەیە تاك جەمسەری لەوباوەڕەدایە کەئێستا بالآدەستە.

لێرەدا هەندێ ڕێککردنو چارەسەری ئاشتیانە دیاری دەکەین، ئەو چارەسەرو ڕێککردنانەش لەژێر چاودێریو سەرپەرشتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا بوو بەتەنها... لەم چوارچێوەیەشدا هەڵمەتی ئەمریکی بۆ تێکشکاندنی چەکی ناووکیو کیمیاویو بیۆلۆژی عیراق، هەروەها بییانووگرتن بەلیبیا لەلایەن وڵاتەیەکگرتووەکانو

---

[7] مجلة السياسة الدولي، العدد 108، أبريل، القاهرة 1992، ملف خاص تحت عنوان إنهيار الإتحاد السوفيتي وتأثيراتهعلى الدول العربية، ص153.

[8] مجلة السياسة الدولي، العدد 108، أبريل، القاهرة 1992، ملف خاص...، هەمان سەرچاوە ص153.

بەریتانیاوە، وەرەتکردنەوەی هەموو ئەو چارەسەرو پێشنیارانەی کەبەمەبەستی چارەسەرکردنێکی ئاشتیانە بەشێوەیەکی یاسای کەلەلایەن سیاسەتیرۆژئاواوە دەردەچێت. وەلەهەمان چوارچێوەدا نەهێشتنو ڕێگرتن لەپرۆسەی هێنانی چەك بۆ سوریاو خۆگێل کردن لەشەپۆلی هێنانی چەك بۆ ئیسرائیل.

ئەو پرسیارەی کەئێستا خۆی قەت دەکاتەوە ئەوەیە ئایا ئەگەری پێشبینیەکانی ئایندەی نزیك چییە؟ ئایا هەژموونی سیستمی تاك جەمسەری بەردەوام دەبێت یاخود ئەگەڕێتەوە بۆ دوو جەمسەری یا فرەجەمسەری؟

وەلاّمدانەوەی ئەم پرسیارانە دژوارو ئالۆزە، چونکە کات ئێستا زووە لەبەردەم ئەم لێکۆڵینەوانەدا، لەگەڵ ئەوشدا دەبینین کەئەم سیستمی هەژموونگەرییە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ بەردەوام نابێت، وە دیاردەی سیستمی فرەجەمسەری لەئایندەیەکی نزیکدا ئەگەڕێتەوە، چونکە ئێستا هەندێ دەوڵەت هەن کەکاندیدن لەڕووی ستراتیژی سەربازی یاخود توانای ئابووریو دارایی تەنانەت ئایدیۆلۆژیەوە، بۆ هاتنە ناو گۆڕەپانی بەربەرەکانیو رکەبەرێتی.

شێوازو ئامرازە پەیڕەوکراوەکان لەبەدیهێنانی پرەنسیپی هاوسەنگی هێزە کلاسیکییەکان

هەموو ئەو دەوڵەتانەی کەئامانجیان بەدیهێنانی پرەنسیپی هاوسەنگی هێزە کلاسیکییەکانە هەڵدەستن بەبەکارهێنانو گرتنەبەری ئامرازو شێوازی زۆر بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان، لەگرنگترین ئەو شێوازو ئامرازانە:

1-سیاسەتی پەرتکەو زاڵبە Divide and Rule

ئەم سیاسەتە واتە کارکردن لەسەر ((هەڵوەشاندنەوەو لەناوبردنی هێزە گەورەکان کەبەشێوەیەکی فیعلی دەبێتە هۆی ترس بۆ هێزە بچووکەکان، یاخود کارکردن بۆ کۆسپ دروستکردن لەسەر ڕێگای هێزە گەورەکان کەهەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی دوور بکەونەوە لەسەر کاریگەری تەرازووی هێز))[9]. سیاسەتی دووبەرەکی "پەرتکەو زاڵبە" تەنها سیستمی هاوسەنگی هێزەکانی نەگرتەوە، بەڵکو شێوازێك بوو لەسیاسەتی ناوخۆو دەرەکیدا پەیڕەو دەکرا. مەبەستی ئەمەش ئاشکرا بوو بەوەی کە((ئامانجی بریتیی بوو لەچاندنی تۆوی دووبەرکی لەنێوان هێزە دژبەیەکەکان بۆ ئەوەی لایەنەکان ڕووبەڕووی یەکتری نەبنەوەو ببێتە مایەی زەرەمەندی لەیەکێتی ریزەکانی هێزدا))[10]. هەروەها ((ئەم سیاسەتە "پەرتکە و زاڵبە" لەجەوهەرو ناوەڕۆکدا هەوڵ دەدات بۆ هێشتنەوەی دەوڵەتە رکەبەرەکان لەگەڵ دەوڵەتانی تر لەحاڵەتی لەبەریەك هەڵوەشانو پارچەپارچەکردنی بۆ لاوازکردنی هێزەکانو دروستکردنی کەلێن کەدەتوانرێت لەڕێیەوە گرەنتی بێت بۆ ڕوونەدانی تێکچوونی هێز کەلەبەرژەوەندی ئەم دەوڵەتانە نەبێتت))[11]. باشترین نموونەش بۆ ئەمە بەریتانیا، بەشێوەیەکی گەورە سەرکەوتوو بوو لەجێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە بەتایبەتی لەوڵاتە عەرەبییەکاندا، وەك دامەزراندنی هاوپەیمانی بەغداد لەساڵی 1955، کە لەڕێگای ئەمەوە توانی جیهانی عەرەبی بۆ دوو کامپی رکەبەر دابەش بکات، یەکێکیان لایەنگری ئەم هاوپەیمانێتیە بوو وەچوونە ناویەوە، ئەویتریان دژی ئەم هاوپەیمانێتیە بوو.

---

[9] د. محمد طه بدوي، مدخل إلى علم العلاقات الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص228.

[10] د. كاظم هاشم نعمة، العلاقات الدولية هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص233.

[11] د. إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص267.

2-سیاسەتی قەرەبووکردنەوە

ئەمەش لەبنەڕەتدا واتە باربۆی ئیقلیمیTerritorial Compensaqtion ، پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان لەنێوان ساڵانی 1870-1941 زنجیرەیەک سازشی دیپلۆماسی بەخۆدەبینیوە لەنێوان دەوڵەتە گەورەکانی ئەورووپادا سەبارەت بەدابەشکردنی بەرژەوەندییە کۆلۆنیالیەکانیان لەئاسیاو ئەفریقیادا، ئەم هەوڵانەش بەبەشێك لەسیاسەتی کۆلۆنیالیزم دادەنرێت لەکەمکردنەوەی رادەی ناکۆکی نێوان تەماعە کۆلۆنیالییەکانی دەوڵەتە گەورەکانی ئەورووپادا. وە "بسمارك" بەئەندازیاری ئەم سیاسەتە دادەنرێت.

ئەم سیاسەتە واتە لەبەرچاوگرتنی ((دادپەروەری لەدابەشکردنی فاکتەرە سروشتییەکانی هێز (هەرێمو سامان-المواردو دانیشتوان) لەنێوان دەوڵەتە دابەشکارەکان)).[12] لەبەر ئەوە هەندێ جار بەسیاسەتی تعادل لەفاکتەرەکانی هێز ناودەبرێت.

ئەم سیاسەتە لەسەدەی هەژدەهەمدا بالآدەست بوو وەك ئامرازێك بەکاردەهێنرا لەچەسپاندنی پرەنسیپی هاوسەنگی هێزەکان. ئەم سیاسەتە لەپەیماننامەی "ئۆترخت"ی ساڵی 1713دا بەراشکاوی باسکراوە، وەك ئەوەی کەدەڵێت ((قەرەبووی ئیقلیمی بەئامرازێکی پەسەندو رەوا دادەنرێت بۆ هێشتنەوەی هاوسەنگی هێزەکان بەبێ گۆڕان))[13]. سیاسەتی قەرەبوو گەشەکردنێکی نسبیی بەدەستهێنا، لەکۆنگرەی ڤیەننای ساڵی 1815 ((لیژنەیەکی ئاماری دیاریکرد بۆ هەڵسان بەئەنجامدانی ئابلۆقەدانی ئیقلیمی (حصر اقلیمی) بەپێوانەکردنی پێگەو ئیماکانیاتو سەرژمێری کردنی دانیشتوانو چۆنایەتیەکەی، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی کەئاسانکاری بکات لەجێبەجێکردنی شێوازی

---

[12] د. محمد طه بدوي، مدخل إلى علم العلاقات الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص229.

[13] د.إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص268.

قەرەبووی ئیقلیمی لەنێوان دەوڵەتاندا لەسەر بناغەی لێکۆڵینەوەی واقیعیانە))[14]. باشترن نموونەش بۆ ئەم سیاسەتە ئەوەبوو کەلەکۆتای سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕوویدا، پەیماننامەی ساڵی 1906ی نێوان بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا سەبارەت بە ئەسیوبیا کەدابەشکرا بۆ سێ ناوچەی دەسەڵات، هەروەها پەیماننامەی ساڵی 1907ی نێوان بەریتانیاو روسیا لەدابەشکردنی ئێران بۆ دوو ناوچەی دەسەڵات.

3-پڕچەککردن Arms

خۆپڕچەککردن کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر هاوسەنگی سیستمی هاوسەنگی هێزەکان لەنێوان دوو دەوڵەتدا،وە لەگرنگترین پێوەر بۆ پێوانەکردنی هێزە نیشتمانییەکان بریتییە لەتواناکان بەتایبەتی توانا سەربازییەکان، خۆپڕچەککردن ئامرازێکی ڕاستەوخۆ بۆ پڕکردنەوەی بۆشای لەهێزی نێوان دەوڵەتاندا پێك دەهێنێ.

خۆپڕچەککردن بەهۆکاری سەرەکی دادەنرێت لەپشت تێکچوونی بەردەوامی لەهاوسەنگی هێزەکان، بەو پێیەی کەپێشبڕکێ لەخۆپڕچەککردن بەشێوەیەکی کارا هاوبەشی دەکات لەدروستکردنی هەستکردن بەنەبوونی ئاسایشو ئارامی. بەم شێوەیە دەوڵەتان خۆیان لەبازنەیەکی بۆشدا بینیەوە لەسایەی هەستکردنیان بەوەی کەهاوسەنگی هێزەکان لەپرۆسەیەکی نیسبیو کاتی زیاتر هیچی تر نییە.

نموونەی زۆر لەسەر ئەمە هەیە لەجەنگی یەکەمی جیهانی یاخود جەنگی دووەمی جیهانو جەنگەکانی دواتر، لەپاڵ پێشبڕکێ لەخۆپڕچەککردندا ئاڕاستەیەکی تر دەرکەوت وەك ئامرازێك بۆ پاراستنی هاوسەنگی هێزەکان ئەویش "چاودێری کردن بوو لەسەر

[14] د.إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوە، ص269.

خۆپرچەککردن Control Arms" بەمانای ئەوە دێت کە((ڕێکخستنی بەپێی ئەو معدلاتە دەبێت کەدەوڵەتە لایەنەکان لەسەری ڕێك کەوتوون لەم ڕێژوێنە نێودەوڵەتییەدا))[15].

کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان گرنگییەکی گەورەی بەم مەسەلەیە داوە، بەوپێیە لەبڕیاری ژمارە (1318)ی دەرچووی ساڵی 1959 بانگەوازەکانی دووبارە دەکاتەوە بۆ پێویستی دامآێنی چەك، بەپیی ئەم بانگەوازە کۆمەڵەی گشتی کێشەی دامآێنی چەك بەگرنگترین کێشە دادانێت کەپێویستە ڕووبەڕووی جیهان بکرێتەوە))[16]. سەرەڕای ناچوونیەکی و جیاوازی لەنێوان پرۆسەی دامآێنی چەکو چاودێریکردن بەسەریەوە، بەڵآم هەموویان لەیەك ئامانجدا کۆبوونەتەوە، کە ئەویش دوورخستنەوەی جیهانە لەکارەساتی جەنگ.

4-هاوپەیمانێتی Alliances

دیاردەی هاوپەیمانێتی پێگەیەکی وردو فراوانو قوواڵی لەناوەڕۆکو وەزیفەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە، کەلەیەکەم ساتدا ((ئامرازێکە بۆ هاوسەنگی لەنێوان هێزە ڕوبەڕوو بووەکان))[17]. وەلەهەمانکاتدا ئامرازێکی جەوهەرییە لەدانانی سیستمی نێودەوڵەتی لەحاڵەتی سەقامگیری یاخود ناسەقامگیری.

"جۆرج لسکا" دەڵێت ((دەوڵەت کەدەچێتە ناو هاوپەیمانێتییەوە لەپێناو بەهێزکردنی تواناکانیەتی... وە هاوپەیمانێتی ئامرازێکە بۆ لاوازکردنی دەوڵەتە بەرهەڵستکارەکان کەوەك سەرچاوەی فشار سەیر دەکرێت کەهەڕەشە لەسەر سەربەخۆی دەوڵەتانی تر

---

[15] د.إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوە، ص270.

[16] دانیال کولار، العلاقات الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص103.

[17] د.كاظم هاشم نعمة، العلاقات الدولية هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص237.

دەکات))[18]. هەروەها جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کەهاوپەیمانێتی دروست دەبێت لەپێناو ڕێگرتن لەهەر گۆڕانێکی نەخوازراو، یان لەوانەیە گۆڕانکاری بێنێتەدی لەڕۆڵی نوێنەرە بنەڕەتییەکان لەپێکهاتەی سیستەمدا.

بەڵام "هولستی" پێناسەی هاوپەیمانێتی دەکات بەوەی کە((ڕێککەوتنی نێوان دوو دەوڵەتە یان زیاتر بۆ هاریکاریکردن لەمەسەلە تایبەتییەکانی پەیوەست بەئاسایشی نەتەوەییەوە))[19].

لەچوارچێوەی ئەم پێناسانەوە دەگەینە دەرەنجامێکی بەسود، ئەویش ئەوەیە کەهاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵی سەرەکیو گەورە دەگێڕن لەهێشتنەوەی پەیوەندی هێزەکان لەناوچوارچێوەیەکدا کەپارێزگاری دەکات لەم پلۆرالیزمە (التعددیة)و بەردەوام بوون لەسەری.

لەپێناو پێکهێنانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیدا، پێویستە لایەنە کۆبووەکان لەسەرتاوە تارادەیەکی دیاریکراو بەرژەوەندی هاوبەشیان هەبێت، تاکو بەدەوریدا ئەوبناغەیە پێکبهێنن کەهاوپەیمانێتییەکەی لەسەر بنیات دەنرێت.

بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیش، هێزی پاڵنەر یاخود جولێنەری پێکهێنانو دروستکردنی هەر هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتین، لەڕوانگەی ئەم تێگەیشتنەوە دەتوانین بڵێین کەهاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکان جیاوازو ناچوونیەکن لەڕووی شێواز یاخود ناوەڕۆکەوە، بێگومان ئەمەش لەئەنجامی ئەو کاریگەرییە نیسبیانەوەیە کەسروشتی تایبەتی ئەو بەرژەوەندییانە بەجیی دەهێڵێ لەگەڵ سروشتی ئەو پەیوەندنیانەی کەدەوڵەتە خاوەن

---

[18] جورج لسکا، هەروەها وەرگیراوە لەکتێبی د.کاظم هاشم نعمة العلاقات الدولیة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص237.

[19] هولستی، هەروەها وەرگیراوە لەکتێبی د.کاظم هاشم نعمة، العلاقات الدولیة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص237.

بەرژەوەندییەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هەروەها ئەو چۆنێتیەی کەخەسڵەتو نفوز تیایدا دابەش دەکرێت، هەروەها ئەوەی کەدەتوانرێت بەرژەوەندییەکانی پێ داپۆشرێ لەچوارچێوەی کۆی گشتیدا، ئەمەش ڕۆڵێکی تر دەگێڕێت لەوەدا، لەکۆتایشدا ئەو ماوە کاتیەی کەکاریگەری هاوپەیمانێتی پیادا تێدەپەڕێت لەگەڵ مەودای چالاکی ڕێو شوێنە کارپێکراوەکان تیایدا...

هەموو ئەم کارو فاکتەرانەش کاریگەری نسبی لەڕووی شێوەو ناوەڕۆکەوە لەسەر هاوپەیمانێتی بەجێدەهێڵن. چەندین جۆر هاوپەیمانێتی هەیە وەك هاوپەیمانێتی ماددی هاوشێوە یاخود کامڵ، هاوپەیمانێتی مەزهەبی، هاوپەیمانێتی کاتیو هەمیشەیی، هاوپەیمانێتییە زیندوە بزێوەکانو سستەکان (الحية المحركة والخاملة)، باشترین هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیش وەك ئەوەی "ئیسماعیل صبری مقلد" دەڵێت ئەوەیە کە((دابەشکردنی خەسڵەتەکانی لەنێوان لایەنەکاندا لەسەر بناغەی هاوتای وەلەهەمانکاتیشدا هاوسەنگی بێت، وەخراپترین جۆری هاوپەیمانێتیش ئەوەیە کەدابەشکردنی خەسڵەتەکانی لەسەر بناغەی قۆرخکردنی لەلایەن یەکێك لەلایەنەکانەکانەوە بێتو لەهەمانکاتیشدا هەموو قورسایی‌و ناهەمواریەکانی بکەوێتە سەر شانی لایەنەکانی تر بەبێ هیچ سودێك بۆیان))[20]. لێرەدا دەرەنجامێك فەراهەم دەبێت ئەویش ئەوەیە کەدابەشکردنی خەسڵەتەکان لەناو هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیدا خۆی دەبینێتەوە لەسروشتی پەیوەندی باوی هێزەکان لەنێوان لایەنە هاوپەیمانەکانو مەرکەزی نیسبی بۆ هەریەکە لەلایەنەکان تیایدا، لەڕوانگەی ئەم تێگەیشتنەوە دەتوانین لەهەڵوێستی سڵەمینەوەی دەوڵەتە بچووکەکان تێ بگەین لەمەترسیی هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکاندا، جگە لەحاڵەتی پێویستو ناچاری.

---

[20] د.إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص273.

5-ناوچە دابڕاوەکان Buffer Zones

جەوهەری ئەم سیاسەتە بریتییە لەوەی کەدوو دەوڵەتی ململانێکەر ناکۆکن لەسەر ناوچەیەك، بەوپێییەی کەهەژموونی هەر یەکەیان بەسەریدا دەبێتەهۆی لاوازکردنی هێزی ئەوی تریان، لەبەر ئەوە لەبەرژەوەندی ئەم دوو هێزەدایە کەرێك بکەون لەسەر ئەوەی کەئەم ناوچەیە دوور بخەنەوە لەدەسەڵاتی هەردوو لایان، بەمەش پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوانیان مسۆرگەر دەبێت سەرڕای ناکۆکییەکانیان لەسەر ئەو ناوچەیە. سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی سوور بوو لەسەر دروستکردنی ناوچە دابڕاوەکان لەنێوان خۆیانو دەوڵەتە کۆلۆنیالیزمەکانی تری ئەوروپادا.

سیاسەتی ناوچە دابڕاوەکان واتە ((کارکردن لەسەر دانانی دەوڵەتێکی بێلایەن وەك ناوچەی جیاکەرەوە لەنێوان دوو دەوڵەتی بەهێز یاخود گەورەدا))[21]. ئەم سیاسەتەش دادەنرێت بەئامرازێك بۆ بەدیهێنانی پرەنسیپی هاوسەنگی هێزەکان، بەشێوەیەکی ئاسایی دەوڵەتە بێ لایەنەکە دەوڵەتێکی لاوازەو نابێتە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیو ئاسایشی هەرێمك لەو دوو دەوڵەتە، بەڵام ئەرکی ئەم ناوچە دابڕاوە خۆی دەبینێتەوە لەکەمکردنەوەی بەرەنگاریو بەریەککەوتن کەلەوانەیە لەنێوان دەوڵەتە بەهێزو گەورەکاندا ڕووبدات.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کەئەم سیاسەتە دەتوانێت ڕۆڵ بگێڕێت لەمسۆگەر کردنی سەربەخۆی ئەو دەوڵەتانەی کەناوچەی دابڕاویان پێکهێناوە، بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی بەردەوام هەمیشەی نابێت، چونکە هەندێ بارودۆخی مێژووی دێتە پێش کەپارێزگاریکردن لەسەر سەربەخۆی سیاسی زۆر دژوار دەبێت، بەوپێییەی کەدەوڵەتە گەورەکان ڕێك دەکەون لەسەر دابەشکردنی ئەم دەوڵەتانە بۆ ناوچەی دەسەڵات لەنێوان

---

[21] د.إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوە، ص274.

خۆیاندا، پاشان ڕێککەوتنەکە دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی کیانی سیاسیو هەرێمی، وەك ئەوەی لەجەنگی دووەمی جیهانیدا لەئەڵمانیا ڕوویدا، وە ئەوەی کەمەترسی لێدەکرێت لەفەلسەفەی ناوچە دابڕاوەکان ئەوەیە کە ((بگۆڕێت بۆ ئامراز نەك بۆ ئامانج))[22].

6-دەستێوەردان Intervention

دەستێوەردان ئەو سیاسەتەیە کەدەوڵەتە گەورەکان پیادەی دەکەن لەپێناو داینکردنی سیستمی سیاسی لایەنگر بەخۆیان لەحوکمداو زیادکردنی مەیلو پەیوەستیان بۆ ئەو هاوپەیمانێتییە، ئەوەش ڕێگردەبێت لەلاوازبوونو هەرەسهێنانی، ئەوەی کەدەبێتەهۆی تێکچوون لەدابەشبوونی پەیوەندی هێزەکاندا.

دەستێوەردان بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرە:

أ-دەستێوەردانی بەرگریکار Defensive Intervention:

ئەم دەستێوەردانە واتە سوربوونی دەوڵەت لەسەر ئەوەی کەنەهێڵێ گۆڕانکاری لەهاوسەنگی هێزەکاندا بکرێت، کەبەئاڕاستەیەکدا بڕوات لەگەڵ بەرژەوەندییەکاندا گونجاو نەبێت، ئەگەر گۆڕانکاری ڕوویدا لەسیستمی ناوخۆی دەوڵەتێك لەدەوڵەتان، ئەوا دەستوەردەدات بۆ شکست پێهێنانی ئەو گۆڕانکارییەو گەڕانەوەی بارودۆخی سیاسی بۆ ئەوکاتەی کەلەپێشتردا هەبووە... وەك دەستێوەردانی هاوپەیمانێتی سەربازی ساڵی 1918 لەروسیا لەپێناو تێکشکاندنی شۆڕشی بەلشەفیو گێڕانەوەی بارودۆخ بۆ سەردەمی قەیسەری.

---

[22] د.کاظم هاشم نعمة العلاقات الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص274.

ب-دەستێوەردانی هێرشبەر Offensive Intervention:

جەوهەری ئەم دەستێوەدانە بریتییە لەکارکردن بۆ ڕوخاندنو گۆڕینی حوکمێکی دیاریکراو وەك ئامرازێك بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێزە سەقامگیرەکان ڕووەو ئاڕاستەیەك کەزیاتر بگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتەی کە ئەم دەستێوەردانە پیادە دەکات. وەك دەستێوردانی ئەڵمانیاو ئیتالیا بۆ ڕووخاندنی حوکم لەئیسپانیا 1936-1939.

هەڵسەنگاندنی سیاسەتی هاوسەنگی هێزە کلاسیکییەکان لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا:

هەڵسەنگاندنی شوێنەواره پراکتیکییەکان لەجێبەجێکردنی سیاسەتی هاوسەنگی هێزە کلاسیکییەکان لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئاشکرا دەبێت لەلایەنی پۆزەتیڤو نەگەتیڤی ئەم سیستمە لەیەك کاتدا.

لایەنی پۆزەتیڤی ئەم سیستمە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەجێبەجێکردنی دەبێتە هۆی پارێزگاریکردن لەپلۆرالیزم (تعددية)ی دەوڵەتان، وەدەتوانێت ببێتە میکانیزمێکی بەشداریکەر لەڕێگرتن لەتاکڕەوی هەر دەوڵەتێك کەکۆنترۆڵی جیهان بکات بۆ ماوەیەکی زیاتر 300 ساڵ. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو جەنگە دوورو درێژو بەردەوامانەیە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تیی کەوتبوو لەساڵی 1648 تا کۆنگرەی ڤیەننا، هەروەها هەر دوو جەنگی یەکەمو دووەمی جیهانی لەسەدەی بیستەمدا. هەموو ئەم جەنگانەش جەخت دەکەنەوە لەسەر ڕاستیەکی ئاشکرا کەجێگای قسە لەسەر کردن نییە کەئەویش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەهیچ دەوڵەتێك بەتەنها ناتوانێت دەسەلاتی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێ.

هەروەها خاڵێکی تری لایەنی پۆزەتیڤی ئەم سیستمە بریتییە لەوەی کەسیستمی هاوسەنگی هێزەکان ئامرازێکە بۆ دابینکردنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی بەجۆرێك کە لەتوانای هیچ ئامرازێکی تردا نییە کەبەدیبهێنێت. هاوسەنگی هاوهێز (التوازن المتكافئ)

بۆ پەیوەندی هێزەکان بەرپەرچ دەرەوەیەکی بەهێزە دژ بەبەرپاکردنی جەنگ لەلایەن دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانەوە.

جگە لەوە، ئەو لۆجیکەی (منطق) کەهاوسەنگی هێزەکانۆ توانای لەسەر فەراهەم کردنی ئاشتی نێودەوڵەتی بەیەکەوە گرێ دەدات، دووچاری هەندێ ڕەخنە بۆتەوە کەلەوەدا خۆی دەبینێتەوە، هەندێ دەوڵەت کەسیاسەتی دابڕان یاخود بێ لایەن (سیاسة العزلة أو الحيادة) پیادە دەکەن، گرنگی خۆیان لەدەست دادەن وەك فاکتەرێك بۆ ڕاستکردنەوەی تێکچوونی بارودۆخ بەتایبەتی لەبارودۆخی قەیراناویدا، هەروەها دەوڵەتە دژ بەیەکەکان یاخود ناکۆکەکان لەڕوانگەی بەرژەوەندییە نەتەوایەتی یاخود ئیقلیمییە تایبەتییەکانەوە دەڕوانن قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، ئەم تێڕوانینەش فاکتەرێکی تر لەپشت تێکچوونی هاوسەنگی هێزەکانەوە.

بەڵام لایەنی تێگەیشتن سیستمی هاوسەنگی هێزەکان خۆی لەنەبوونی ڕەگەزی دڵنیای لەسیاسەتی هاوسەنگی هێزەکاندا دەبینێتەوە، کەلەپلەی یەکەمدا پەیوەستە بەسروشتی هێزی نەتەوەیی و دژوارییە شاراوەکان لەهەڵسەنگاندنیدا، کەبنیاتنراوە لەسەر خەملاندن نەك لەسەر ڕاستی و واقیع، لێرەدا لەوانەیە هاوتایی خەیاڵی بێت چونکە لەسەر بنەمایەکی ناواقیعیانە دروست بووە.

تیۆری هاوسەنگی هێزەکان وەستاوە لەسەر گریمانەیەکی بنەڕەتی بەوەی کەدەوڵەتان بەپەیوەندییەکی هەمیشەی نابەسترێنەوە بەیەکەوە، بەڵکو ئەمە حاڵەتێکی بزوێنەری بەردەوامی پاڵپێوەنراوە بەئیعتباراتی هێز، ئەم باوەڕەش ڕاست نییە چونکە فاکتەری هێز لەئیعتباراتەکانی تر جیادەکاتەوە نەخوازە ئیعتباراتی ئابووری.

ئەم سیستمی "هاوسەنگی هێزە کلاسیکییەکان" جۆرێك لە((ملکەچ بوونی دەوڵەتە بچووکەکان بۆ جۆرێك لەسەرپەرشتی (وصایە) دەوڵەتە گەورەکان دەخولقێنێ کەکۆمەڵگایەك پێك دەهێنن کەدابەش دەبێت بەسەر تەماعی ئەندامە ناکۆکەکاندا،

کەدوژمنکارییەکی بەردەوامو هەمیشەیی نییە، خاوبوونەوەی گرژیەکان تیایدا بەهێزترە لەدوژمنکاری، بەڵام نەرمو نیانی لەچوونیەکیو تەباییەوە سەرچاوە دەگرێت))[23].

هاوسەنگی مەترسی چەنکی ناووکی

لەئایی 1945دا وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵسا بەجێبەجێکردنی یەکەم تاقیکردنەوەی چەکی ناووکی دژی یابان لەسەر هەردوو شاری "هیروشیماو ناکازاکی". ئەم تاقیکردنەوەیەش راگەیاندنی چاخێکی نوێ بوو بەشێوەیەکی ڕاشکاوانەو ئاشکرا کەئەویش چاخی چەکی ناووکییە، بەسەرهەڵدانی چەکی ناووکی یاخود چەکی کاولکاری سەراپاگیر سیستمی دوو جەمسەری لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەرکەوت، کەهەر یەکەیان خاوەنی توانایەکی بەرزوو گەورەبوون لەهێزی ناووکیدا، کەگاریگەری هەبوو لەسەر گۆڕینی هاوسەنگی هێزە کلاسیکییەکانو گواستنەوەی بۆ ئەوەی کەبەهاوسەنگی مەترسی ناووکی دەناسرێت.

هاوسەنگی مەترسی ناووکی لەبنەڕەتدا وەستاوە لەسەر تیۆری بەرپەرچدانەوە، کەلەجەوهەردا خۆی دەبینێتەوە لەفەراهەمکردنی توانای تۆڵەسەندنەوە لەدەوڵەتێك تەنانەت دوای پێگەیاندنی لێدانی یەکەم. هاوسەنگی ناووکی پشت دەبەستی بەمانەوە بەردەوامی لەسەر ئەوەی کەناسرا بوو بەبەرپەرچدانەوەی ناووکی وەك یەك (الردع النووي المتبادل)، واتە توانای هەریەکە لەئەمریکاو سۆڤێت لەسەر تێکشکاندنو لەناوبردنی یەکتری بەشێوەیەك کەلەناوبردنێکی تەواوو کۆتای بێت لەحاڵەتی ڕوودانی جەنگی ناووکی لەنێوانیاندا لەسایەی هەر بارودۆخێکدابێت.

---

[23] دانیال کولار، العلاقات الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص75.

بەرپەرچدانەوەی ناووکی کاریگەرێتییەکەی لەڕاستییەکی ستراتیژی گرنگەوە سەرچاوە دەگرێت کەئەویش سەرکەوتنی هەردوو دەوڵەتەکەیە لەگەشەپێدانی توانا ناووکییەکان بەشێوەیەکی مەزن‌و گەیشتن بەئاستی بەتوانای لەسەر کاولکردنی بەلێدانی دووەم.

سیستمی هاوسەنگی هێزی ناووکی دوو جەمسەری، سیستمێکی نوێیەو لەدوای ساڵی 1945ەوە لەچوارچێوەی ناکۆکی نێوان رۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوادا لەدایك بوو و سەریهەڵدا، قۆناغەکانی نێوان ساڵی 1947 "پرەنسیپی ترومان، مارشاڵ"و ساڵی 1962 "قەیرانی موشەکی لەکوبا" دەگرێتەوە کەئەم نموونانەش ((نموونەیەکی زۆر تەواون))[24] کەناوی جەنگی ساردی پێ بەخشرا.

[24] دانیال کولار، العلاقات الدولية، هەمان سەرچاوە، ص79 -80.

بەشی یانزەهەم

تیۆری ئاسایشی بەکۆمەڵ لە پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا

Collective Security

لەنێوان ئەو کێشەو مەسەلانەی کەگرنگییەکی زۆریان پێ دەدرێت لەپەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا، بەتایبەتی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، کێشەی ئاسایشی بەکۆمەڵە، ئەمەش دوای ئەوەی کەسیستمی هاوسەنگی هێزەکان شکستی هێناو نەیتوانی سەرنەکەوت بەدەستبهێنێ لەپاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیدا.

ئەو ئامانجانەی کەسیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ پێی دەگات بەشێوەیەکی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە لەهەوڵدان بەبێ گۆڕینی واقیعی نێودەوڵەتی یاخود تێکدانی بارودۆخو پەیوەندییەکانی یاخود ئاڵوگۆڕ پێکردنی بەرەو ئەو ئاڕاستەیەی کەخزمەتی بەرژەوەندی یەکێك لەدەوڵەتان بکات لەسەر حسابی ئەوانیتر، ئەمەش لەڕێگای گرتنەبەری ئیجرائاتو ڕێو شوێنی کۆمەڵی نێودەوڵەتی وەك هێزی فشارو بەرهەڵستکار بۆ هەوڵی گۆڕینی ئەوە.

سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ ئەو جیاوازی و ناکۆکییانەی کەلەسەر بەرژەوەندی دەوڵەتانو سیاسەتیان هەیە هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵکو نەهی دەکات لەبەکارهێنانی توندوتیژی چەکداری وەك شێوازێك بۆ چارەسەرکردنیانو جەخت دەکاتەوە لەسەر چارەسەرکردنیان بەئامرازو شێوازی ئاشتیخوازانە.

بیرۆکەی ئاسایشی بەکۆمەڵ ((وەك ئەوەی کەمیسالییەکان تصوریان دەکردو بانگەشەیان بۆ دەکرد لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا- کەبەرجەستەبوو لەڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بۆئاشتی کەئەویش کۆمەڵی گەلانو پاشان هەیئەی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی- بریتی بوو لەڕێکخستنێکی یاسایی

کەکۆمەڵێکی نێودەوڵەتی دەگرتە خۆو هەموویان لێپرسراوبوون لەبەرامبەر ئاسایشی هەر ئەندامێك لەئەندامەکان، هەروەها لەڕێگای ڕێکخراوێکی خاوەن مۆرکێکی جیهانی کەئەندامێتی تیایدا تەنها بۆ دەوڵەتێك نییە، بەڵکو بۆ هەموویانە و کارناکات لەسەر حسابی دەوڵەتێکی دیاریکراو لەڕووبەڕووبوونەوەی هەر دەوڵەتێکی دیاریکراوی تردا))[1].

سیستمی ئاسایش هەڵدەستێ ((بەبەرپەرچدانەوەی دوژمنان سەرچاوەکەی هەرچییەك بێت یاخود هەرهێزێك کەلەچوارچێوەیدا جموجۆڵ دەکات، بەمەش ئامانج خواز نییە بۆسەرچاوەیەکی دیاریکراو، یاخود کۆت لەملکردنی هەندێ دەوڵەت بەبێ ئەوانیتر، بەڵکو ئامانجی سزادانی هەر دەوڵەتێکە کەپەنا دەبات بۆ بەکارهێنانی هێزی نامەشروع لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا))[2].

جەنگی یەکەمی جیهانو ئەو کارەساتو مالوێرانکارییەی کەلێیکەوتەوە پاڵینا بەزۆربەی بیریارو سیاسەتمەدارانەوە کەپرۆگرامێکی نێودەوڵەتی نوێ بنیات بنێت کەخۆی دەبینێتەوە لەدوورکەوتنەوە لەتارمایی جەنگ، ئەم جەنگانەش پێویست ناکات جارێکی تر بەرپابکرێنەوە. مەبەستی جەنگی بەرپابووش نابێت تەنها گەیاندنی شکستی سەربازی بێت بەداگیرکەر ((بەڵکو کۆتایی هێنان بێت بەخودی بەکارهێنانی جەنگ وەك ئامرازێك بۆ ڕێککردنی ناکۆکییەکانی نێوان نەتەوە شارستانییەکان))[3].

دیدو بیروبۆچوونەکان سەبارەت بەپێکهێنانی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کەزامنکردنی ئاسایشی بەکۆمەڵ بگرێتەوە ئەستۆی خۆی جیاوازبوون. چونکە سەبارەت بەم مەسەلەیە

---

(1) د. محمد طه بدوي، مدخل إلى علم العلاقات الدولية هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص241.

(2) د. إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص293.

(3) د.فتحية النبراوي، د.محمد نصر منها، أصول العلاقات السياسية الدولية هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص315.

بەریتانیاو فەرەنسا و ئەمریکا هەریەکە بیروبۆچوونێکی هەبوو، سەرەڕای چوونیەکیو ناچوونیەکی ئەم بیروبۆچوونانە، بەڵام هەوڵو کۆششەکان بەشێوەیەکی گشتی یەکیانگرت بۆ فەراهەم کردنو مسۆگەرکردنی ئاشتیو ئاسایشی بەکۆمەڵ.

بیرۆکەی بەریتانیا ئەوە بوو کەداوای پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی هەمیشەیی دەکرد کە لەماوەیەکی دیارکراودا کۆببێتەوە، تیایدا ڕێککەوتن لەسەر بەکارهێنانی سوپای دەوڵەتانی ناو ئەم کۆمەڵە بەئامانجی لەناوبردنی هەموو ئەو چالاکییە سەربازییانەی کەهەر دەوڵەتێك پێی هەڵدەستێ کەدوژمنایەتی خۆی بۆ کۆمەڵە بسەلمێنێ، بەڵام بیرۆکەی فەرەنسی بریتی بوو لەپێکهێنانی کۆمەڵێەك لەهاوپەیمانان کەڕێککەون لەسەر یەکخستنی داهاتو سامانیانو دروستکردنی سوپایەکی یەکگرتوو. لەراستیدا ئەم بیرۆکەیە لەدەرەوەدا پشتگیری لێ نەکرا، ئەمەش لەپێش هەر شتێکدا بریتی بوو لەجۆرێك هاوپەیمانێتی هەمیشەیی بۆ زامنکردنی فەرەنساو هاوپەیمانەکانی.

لێرەدا پێویستە بڵێین کە کۆمەڵە لەکۆتایدا سەرۆکی ئەمریکی "ویلسون" پێکیهێنان، کەلەبیروڕاکانیدا پشتی بەستبوو بەبیری بەریتانی، وەجەختی دەکردەوە لەسەر ئەوەی کەدەستوری کۆمەڵە و بەڵگەنامەکەی بەشێکە جیاناکرێتەوە لەپەیماننامەکانی ئاشتی ((بڕیار وابوو کەئەم کۆمەڵەیە دوو نوێنەر (مندوبین) بگرێتەخۆی کەنوێنەرایەتی دەوڵەتە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان دەکەنو ڕێگا درا بەدەوڵەتە بێلایەنەکان کەبێنە ناو کۆمەڵەوە، لەسەر ئەم بناغەیە کۆمەڵە پێکهات لە (45) دەوڵەتی خاوەن سەروەرێتی وەك ئەندامی بنچینەیی، ئەو دەوڵەتانەی کەپەیماننامەکەیان مۆرکردبوو بریتی بوو لە (32) دەوڵەت لەدەوڵەتەکانی هاوپەیمانو (13) دەوڵەتی بێلایەن کەداوایان کرد بچنە ناو کۆمەڵەوە))[4].

[4] د.عبدالخالق البطريق، التيارات السياسية المعاصرة، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، 1974، ص209.

ئەو مەزەندانەی (تقدیرات) کەسیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ پێی هەڵدەستێ بنیاتنرابوو لەسەر بناغەی ئەوەی کەزۆربەی هێزە فشارهێنەر و کاریگەرەکان لەبەرپەرچدانەوەی دوژمنان لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا بەدی نایات بەناوبژیکردنی مەنتقییانە یاخود ئەخلاقییانە، بەڵکو بەدی دێت لەڕێگای رووبەڕووبوونەوەی دوژمنان بەهێزێکی زاڵ و سەرکەوتوو بەسەریدا، ئەم سەرکەوتنەش ئەوەیە کەهێزی بەرپەرچدانەوە پێك دەهێنێ لەڕێگای ئەویشەوە دەتوانرێت زەمانەتی مانەوە لەسەر ئەو بارودۆخە بکرێت بەبێ گۆڕان.

چەمکی ئاشتی لەتیۆری ئاسایشی بەکۆمەڵدا خۆی دەبینێتەوە لەوەدا کەئاشتی ئەو بەهاو پرەنسیپانەیە کەسازش یاخود پارچەپارچە بوون قبوول ناکات، بەواتایەکی تر کاتێك داگیرکەر یاخود دوژمنکار لەهەر دەوڵەتێکەوە سەرچاوە دەگرێت پێویستە بەهێزی بەکۆمەڵی هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەڵامی بدرێتەوە.

جێبەجێکردنی تیۆری ئاسایشی بەکۆمەڵ لەواقیعی عەمەلیدا لەپێش هەموو شتێکەوە داوای دیاریکردنی دەستدرێژیکەر دەکات بەڕێگایەکی خێرا و دەست بەجێ پێش ئەوەی سنوری داگیرکارییەکەی فراوان بکات، چونکە ئەوکاتە ئابڵوقەدانو پووچەڵکردنەوە شوێنەوارە نێودەوڵەتییەکان قورس و گران دەبێت. هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆیەك ئامانج کۆبوونەتەوە ئەویش بەرگریکردنە لەبەرامبەر داگیرکەردا، ئەمەش مانای ئەوەیە کەبەرگریکردن لەبەرامبەر داگیرکەردا بەهای نێودەوڵەتی دەنوێنێ کەسازش کردن قبوول ناکات بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی ماددیو پەیوەندی دۆستانە کەدەوڵەتی دەستدرێژیکەرو دەوڵەتانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە.. ئەم ئیجرائەتانەش دەبنە ئاگادارکردنەوەیەك بۆ دەوڵەتی دەستدرێژیکەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود نارڕاستەوخۆ بەوەی کەناتوانێت بەرگری بکات بەرامبەر هێزێکی گەورەتر لەخۆی.

پراکتیزەکردنی تیۆری ئاسایشی بەکۆمەڵ (تطبيقات العملية للأمن الجماعي)

جێبەجێکردنی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ لەدوو قۆناغی مێژووی گرنگدا کراوە یەکەمیان لەپەیمانی کۆمەڵی گەلان لەساڵی 1920دا دووەمیان لەپەیمانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی 1945دا، هەوڵدەدەین بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنی پراکتیکی ئەم تیۆرییەو ڕەنگدانەوەی لەسەر تێکڕای پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان کەهەردوو قۆناغەکە باس بکەین.

یەکەم: جێبەجێکردنی ئەم سیستمە لەسایەی کۆمەڵی گەلاندا

پەیمان یاخود بەڵگەنامەی کۆمەڵی گەلان چەند ماددەییەکی گرتۆتە خۆ کە هەندێ دەقی تیایە هەوڵیداوە بەشێوەیەك یان زیاتر تیۆری ئاسایشی بەکۆمەڵ پراکتیزە بکات لەواقیعی بەرجەستە بوو و دیاریکراوی نێودەوڵەتیدا لەچوارچێوەی دامەزراوەکانی کۆمەڵی گەلاندا.

ماددەی ژمارە (10) لەپەیمانی کۆمەڵە جەخت دەکاتەوە لەسەر خواستی دەوڵەتانی ئەندام لەکۆمەڵەدا بەبەڵێندان لەسەر ڕێزگرتنی سەربەخۆیی سیاسیو سەروەرێتی ئیقلیمی هەرییەکە لەدەوڵەتان. ئەم ئیلتیزامەش لەماددەی (11)دا بەتەواوی جەختی لەسەرکراوەتەوە، کەپرەنسیپی لێپرسراوێتی بەکۆمەڵی (المسؤلية الجماعية) ڕاگەیاند بۆ دەوڵەتانی کۆمەڵە بەرامبەر هەموو ئەوانەی کەدەکەونە کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە لەجەنگ یاخود هەڕەشەکردن بەجەنگ، لەم جۆرە حاڵەتانەشدا پێویستە لەسەر سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کەداوا لەئەنجومەنی کۆمەڵە بکات بۆ بەستنی ڕێککەوتننامەیەك سەبارەت بەگرتنەبەری ئیجرائاتو ڕێو شوێنی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم حاڵەتە کتوپڕانە.

((ئەو ماددانەی کەدەقی یاساییان گرتۆتەخۆ بەس نین بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوانەی پێشێلی ئەحکامەکانی پەیماننامەکە دەکەن، ماددەکان دەقێکی وایان تیانییە کەپەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێز لەچارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەی کەسەرهەڵدەدەن لەنێوان دەوڵەتاندا مەحکوم بکات (ماددەی 12) پەنابردن بۆ جەنگ قەدەغەناکات، بەڵکو کۆت (قید)ی بۆ دادەنێ ئەوەش بەتێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر دەرچوونی بڕیاری ناوبژیوان یاخود حوکمی دادوەری یاخود راپۆرتی ئەنجومەن لەسەر ناکۆکییەکە))[5]. هەروەها بەستنی رێککەوتننامە لەکۆمەڵدا لەسەر ملکەچکردنیو هێنانە ژێرباری هەموو ناکۆکییەکان هەموو ئەوانەی کەدەچنە چوارچێوەی هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی نێودەوڵەتی بەناوبژیوانی یاخود ڕێککردنی دادوەری (تسوية القضائية) یاخود ناردنی بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵە چارەسەر دەکرێت.

هەروەها بەڵێندانی دەوڵەتانی ئەندام بەکارکردن لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ئەحکامانەی کەلەلایەن دادگای دادی نێودەوڵەتییەوە کە لەلاهای دەرچوون، یاخود لەهەر دادگایەکی تر‌ەوە کەلایەنە ناکۆکەکان لەسەری رێککەوتوون، ئەم بەڵێندانەش لەماددەی (13)ی پەیماننامەکەدا هاتووە.

بەڵام سەبارەت بەبابەتی جەنگ میساقی کۆمەڵە لەماددەی (16)دا جەختی لەسەر کرۆدتەوە کەتیایدا هاتووە ((ئەگەر هەردەوڵەتێکی ئەندام لەکۆمەڵەدا پەنابەرێت بۆ جەنگو خۆی گێل بکات لەو بەڵێنو پەیمانانەی کەداویەتی لەماددەی (12،13،15)ی پەیماننامەی کۆمەڵەدا ئەوا دادەنرێت بەکارێکی دوژمنکارانە و واسەیری دەکرێت کەدژی هەموو دەوڵەتە ئەندامەکانی کۆمەڵە ئاڕاستەکراو بەبێ جیاوازی))[6]. بەپشت بەستن بەو

[5] د.عبدالسلام صالح عرفة، المنظمات الدولية والأقليمية، هەمان سەرچاوەی پێشوو،، ص116.

[6] د. إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص305.

ماددەیە کۆمەڵە داوا لەهەموو دەوڵەتان دەکات کەبەشێوەیەکی خێراو دەستبەجێ کاریکەن بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتانی دەستدرێژیکەر بەو ئیجراتاتانەی کەدەتوانن پێبەڵسن لەنێوانیاندا وەپچڕاندنی پەیوەندی دارایی و بازرگانو ئابووری.

کۆمەڵی گەلان هەڵساوە بەچەند هەوڵدانێك لەپێناو جێبەجێکردنی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ:

هەوڵی یەکەم: فۆرمەلەبوو لەپرۆژەی پەیماننامەی ئالۆوگۆڕی هاریکاری (مشروع المعاهدة المتبادلة) لەسالی 1923دا، کە جەنگی دوژمنکاری بەتاوانێکی نێودەوڵەتی لەقەڵەم دەدات، ئەم پەیماننامەیە دژایەتیکردنی جەنگی ڕاگەیاندو بەئامرازێکی نارەوای دانا لەپەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا.

هەوڵی دووەم: لەمۆرکردنی "پرۆتۆکۆلی جنێڤ"ی سالی 1924دا ڕەنگی داوەتەوە کەتیایدا هاتووە جەنگی دوژمنکاری هەڕەشەیە بۆ سەر هەماهەنگی ی دەوڵەتانی ئەندام لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، هەروەها بەتاوانێکی نێودەوڵەتیی دەداتە قەڵەم.

هەوڵی سێیەم: خۆی لەمۆرکردنی "میساقی لوکارنۆ"ی سالی 1925دا بەرجەستە دەکات، کەلەپاڵ ئەم میساقەوە حەوت پەیماننامەی تری نێودەوڵەتی مۆرکران، ئەم هەنگاوە بەهێڵی جیاکەرەوە لەنێوان سالانی جەنگو سالانی ئاشتیدا دادەنرێت.

هەوڵی چوارەم: خۆی لەئیمزاکردنی میساقی "بریان کیلوج"ی سالی 1928دا دەنوێنێ، کەدژایەتیکردنی خۆی ڕاگەیاند بۆ جەنگ وەك ئامرازێك لەئامرازەکانی سیاسەتی نەتەوەیی هەروەها جەختیکردەوە لەسەر زەرورەتی چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان بەڕێگای ئاشتییانە، بەڵام **هەوڵی کۆتایی** کۆمەڵی گەلان لەچوارچێوەی تیۆری ئاسایشی بەکۆمەڵدا ڕەنگی داوەتەوە لەدەرکردنی سیستمی گشتی بۆ ڕێککردنی

ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان بەڕێگای ئاشتییانە کەجەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کەهەموو ناکۆکییە سیاسی و ناسیاسییەکان ئەگەر نەتوانرا بەڕێگای دیپلۆماسی چارەسەر بکرێت ئەوا پێویستە بنێردرێت بۆ لیژنەی (التوفیق الثنائیة) کە ئەنجومەنی کۆمەڵی گەلان پێکیهێناوە.

هەروەها چارەسەرکردنی ئەوناکۆکییانەی کەشێوازێکی یاساییان هەیە لەدادگای دادی نێودەوڵەتی هەروەها مەسەلەی ناوبژیوانی.

لەکۆتایدا پێویستە بڵێین کەهەموو ئەو ماددەو دەقانەی کەلەپەیماننامە یاخود لەمیساقی کۆمەڵدا هاتوون، یاخود هەموو ئەو هەوڵانەی کەکۆمەڵە پێی هەڵساوە لەپێناو جێبەجێکردنی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵدا، بەس نەبوون بۆ جێبەجێکردنی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ، ئەمەش لەبەر ئەو کەلێنو بۆشاییە زۆرو فراوانانەی کەدەوری کۆمەڵەیان گرتبوو، کەخۆی دەنوێنێ لەڕاڕی نەبوونی دەوڵەتە گەورەکان بەتایبەتی بەریتانیا سەربارەت بەو پرۆژانەی کە کۆمەڵە دەیخستنەڕوو، سەرباری ئەوەش میکانیزمی کۆمەڵە لەجێبەجێکردنی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵدا بۆ سەر واقیعی عەمەلی پەکی کەوتبوو.

کۆمەڵی گەلان سەرکەوتوو نەبوو لەچارەسەرکردنی ئەو کێشە سیاسییە مەترسیدارانەی کەڕووبەڕووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ببوونەوە بەتایبەتی لەساڵانی 1931-1937دا، بەوپێیە کۆمەڵە نەیتوانی هیچ شتێك پێشکەش بکات لەپێناو ڕێگرتن لەدوژمنکاری ژاپۆن دژی چین لەساڵی 1931دا، هەروەها هیچ شتێکی نەکرد بۆ وەستاندنی دوژمنکاری ئیتالیا بۆسەر حەبەشە لەساڵی 1935دا، نەیتوانی ڕێبگرێت لەبەردەم ئەڵمانیا لەپارچە پارچەکردنی چیکسلۆڤاکیا ساڵی 1937. هەموو ئەم کارانەو ئەو پاشەکشە زۆرانەی تر کە کۆمەڵە کردنی لەکۆتاییدا بووە هۆی سەرنەکەوتنو شکست هێنانی. وێڕای

سەرنەکەوتنی کۆمەڵە لەبەدیهێنانی ئامانجە نەخشە بۆ کێشراوەکانی "ئاشتیو هاریکاری نێودەوڵەتی" ناتوانین نەهی لەوەبکەین کەکۆمەڵە هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە، بەڵکو دەرەنجامی پەسەندی بەدەستهێناو لەچارەسەرکردنی هەندێ کێشە و گیروگرفتی نێودەوڵەتی وەکو ناکۆکی نێوان "فنلەندە- سوید" سالّی 1921، ناکۆکی نێوان "بوولگاریا- یۆنان") سالّی 1925، ناکۆکی نێوان "کۆلۆمبیاو پیرۆ" سالّی 1935، هەروەها کۆمەڵە توانیوویەتی هەندێ سەرکەوتن بەدەستبهێنێ لەسەر ئاستەکانی تری ئابووریو کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتیدا.

دووەم: جێبەجێکردنی ئەم سیستمە لەسایەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا:

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ئاڕاستەی نوێی نێودەوڵەتی دەرکەوتن کە هاوسۆزبوون بۆ پشتگیریکردنی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ زیاتر لەوەی کەدەتوانرا فەراهەم بکرێت لەتوانا نێودەوڵەتییەکان، ئەم ئاڕاستانە دەرکەوتنو فۆرمەلەبوون بەشێوەیەکی زۆر ڕوون لەخولە سەرەتاییەکانی کۆنگرە "سان فرانسیسکۆ"ی سالّی 1945دا، کەجەختی دەکردەوە لەسەر پێکهێنانی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی نوێی جیهانی (منظمة دولیة عالمیة جدیدة) کەچەسپاندنی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ بگرێتە ئەستۆی خۆی لەڕێگای بەکارهێنانی هێز لەپتەکردنی ئاشتی نێودەوڵەتیدا.

لەڕاستیدا هەموو ئەو ئاڕاستانەی کەسەریان هەڵدا هەموویان دەربڕی ئارەزوویەکی گشتی بوون لەبەهێزکردنی کاری دامەزراوەیی لەچوارچێوەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کەهەڵدەستن بەجێبەجێکردنی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ.

ئەو بنەمایەی کەمیساقی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ لەسەری وەستاوە هەمووی لەبابی حەوتەمی میساقەکەدا هاتووە کە

ئەم بابە بەتەواوی تایبەتمەندە بەهەموو ئەوانەی کەپەیوەستن بەهەڕەشەوە دژی ئاشتی نێودەوڵەتی. ئەگەر خوێندنەوەیەکی یاسایی و سیاسی بۆ بابی حەوتەم ئەنجام بدەین دەتوانین بگەینە ئەم دەرەنجامە، ئەم بابە بەهەموو ماددەکانییەوە ڕێگدانەوەی جێبەجێکردنی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵە لەسایەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا.

ماددەی (39)ی میساق دەڵێت: ((ئەنجومەنی ئاسایش بڕیار دەدات ئەگەر ئاشتی بکەوێتە بەرهەڕەشە یاخود تێکبچێت یاخود بکەوینە بەرهەر کارێکی دوژمنکارانە، بۆ ئەمەش ڕاسپێڕی (توصیات) پێشکەش دەکات یاخود ڕێوشوێن دەگرێتەبەر بەپێی ئەحکامی هەردوو ماددەی (41و 42) بۆ پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی یاخود گەڕانەوە بۆ بنجوبناوان))[7]. بەڵام لەماددەی (40)دا هاتووە ((ڕێگرتن لەئالۆزبوونی هەڵوێست بۆ ئەنجومەنی ئاسایش پێش ئەوەی ڕاسپێڕی پێشکەش بکاتو ڕێوشوێن بگرێتەبەر لەماددەی (39)دا، داوابکات لەدەوڵەتە ناکۆکەکان ئەوە بگرنەبەر کە ئەو دەیبینێ کەزەروری و باشە لەڕێوشوێنە کاتییەکان، ئەم ڕێوشوێنانەش بەتاڵ نین لەڕێوشوێنە کاتییەکان بۆ مافی لایەنە ناکۆکانو داواکانیان یاخود بۆ مەرکەزیەتیان، لەسەر ئەنجومەنی ئاسایش پێویستە کەحسابات بکات بۆ ئەوەی کەبەم ڕێوشوێنانە رازی دەبن))[8]. بەڵام لەماددەی (41)دا هاتووە ((کە لەسەر ئەنجومەنی ئاسایش پێویستە بڕیار لەسەرئەوە بدات کەپێویستە بیگرێتەبەر لەو ڕێوشوێنانەی کەبەکارهێنانی هێزی چەکداری

---

[7] منشورات الإعلام العالم للأمم المتحدة، ميثاق الأمم المتحدة والنظام الأساسي لمحكمة العدل الدولي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص35-36.

[8] هەمان سەرچاوە، ص36.

تیادا بەکارنایات لەجێبەجێکردنی بڕیارەکانیدا، پێویستە لەسەری کەداوا لەئەندامەکانی (نەتەوەیەکگرتووەکان) بکات بۆجێبەجێکردنی ئەم ڕێۆشوێنانە، دەشێت لەنێوانیاندا پەیوەندییە ئابووریییەکانو هاتووچۆی هێڵی ئاسانینو دەریاریی و ئاسمانو پۆستو بروسکە و لاسلکیو ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن بووەستێنرێت بەشێوەیەکی جزئی یاخود گشتی هەروەها پچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان))[9]. هەروەها لەماددەی (42) داهاتووە ((کە ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایش بینی کەئەو ڕێۆشوێنانەی کەلەماددی (41)دا ئاماژەی پێکراوە ئامانجی نەپێکا یاخود سەلێنرا کەسوودی نەبوو بۆی، دەگونجێت کەڕێگای هێزی ئاسمانیو دەریایو شکانی (پیادە) بگیرێتەبەر بۆ ئەو کارەی کەملزمە بۆ پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی یاخود گەڕانەوە بۆ بنجوبناوان دەشێت کەئەمە کاری خۆپیشاندانو ئابلۆقە و عەمەلیات تر بگرێتەخۆ بەڕێگای هێزی ئاسمانیو دەریاییو وشکانی کەتابعی ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکانن))[10]. بەڵام مادەی (43) ئەمانەی خوارەوەی تیادا هاتووە:

1-((هەموو ئەندامانی (نەتەوەیەکگرتووەکان) پەیمان دەدەن بۆهاوبەشی کردن لەپاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی، کەبکەوێتە ژێر جڵەوی ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر خواستی و بەپێی ڕێککەوتنو ڕێککەوتننامە تایبەتییەکان کەپێویستە لەسەر هێزە چەکدارەکان، یارمەتیدانو ئاسانکارییە زەرورییەکان بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەوانەش مافی تێپەڕبوون (حق المرور).

---

[9] هەمان سەرچاوە، ص36-37.

[10] هەمان سەرچاوە، ص37-38.

2-پێویستە کە ئەو ڕێککەوتننامە یاخود ڕێککەوتننانە ژمارەو جۆری ئەو هێزانەو مەودای ئامادەباشیو شوێنە گشتییەکانیانو جۆری ئەو ئاسانکاریو کۆمەکانەی کەپێشکەشیان دەکرێت دیاری بکات.

3-دانوستان (المفاوضات) لەڕێککەوتنو ڕێککەوتننامە باسکراوەکانەوە بەئەنجام دەگات بەخێراترین شێوە کەلەتوانادابێت لەسەر خواستی ئەنجومەنی ئاسایش، لەنێوان ئەنجومەنی ئاسایشو ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا مۆردەکرێت، یاخود لەنێوان خۆیو نێوان کۆمەڵێك لەئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، ئەو دەوڵەتانەی کە مۆریانکردووە باوەڕی پێدەهێنین بەپێی ئەوەی کەلە دەستوردا دانراوە))[11].

پاشان لەمادەدەی (44) داهاتووە بۆ جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی کە ((ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری بەکارهێنانی چەکیدا، پێش ئەوەی کەئەندامێکی ناونوێنەر (غیر ممثل) تیایدا داوا دەکات کەهێزی چەکدار پێشکەش بکات کەوەفاداربێت بەو ئیلتیزاماتانەی کەلەمادەدەی (43) داهاتووە پێویستە لەسەر ئەم ئەندامە کەداوا بکات بەشداری بکات ئەگەر ویستی لەو بڕیارانەی کەدەری دەکات ئەوەی کەتایبەتمەندە بەبەکارهێنانی یەکەی هێزەکانی ئەم ئەندامە چەکدارە))[12].

بەڵام لەمادەدەی (45) هاتووە بەمەبەستی زیادکردنی ئیعتباراتی مادەکانی پێشوو بەم شێوەیە ((ئارەزووی نەتەوەیەکگرتووەکان لەگرتنەبەری ڕێو شوێن جەنگی بەپەلە لەم کاتەدا ئەندامەکان یەکە ئاسمانییە ئەهلییەکان دەتوانن بەکاربهێنن بەشێوەیەکی دەستبەجێ بۆکاری سەرکوتکەرانەی هاوبەشی نێودەوڵەتی. بەڵام ئەنجومەنی ئاسایش هێزو مەودای ئامادەباشی و پلانی کارە هاوبەشەکانی ئەم یەکانە دیاری دەکات. ئەمەش

---

[11] هەمان سەرچاوە، ص38-39.

[12] هەمان سەرچاوە، ص39.

بەهاریکاری لیژنەی ئەرکانی جەنگی لەو سنورە دیاریکراوەی کە لەڕێککەوتن یاخود ڕێککەوتننامە تایبەتییەکان کەلەماددەی (43) ئاماژەی پێکراوە))[13].

بەڵام ماددەکانی (46و 47) جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کەپلانی پێویست بۆ بەکارهێنانی هێزی چەکداری دابنرێت بەهاریکاری لیژنەی ئەرکانی جەنگی و ئەنجومەنی ئاسایش، لیژنەی ئەرکانی جەنگیش دەکەوێتە ژێر سەرپەرشتی ئەنجومەنی ئاسایشەوە، ئەم لیژنەیەش سەڵاحیاتی ئەوەی هەیە کەچەند لقێکی تر دروست بکات ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایش ڕێگای پێبدات، بەڵام ماددەی (49) جەخت دەکاتەوە لەسەر زەرورەتی یەکانگیری (تضافر) ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر پێشکەشکردنی کۆمەک بەیەکتری بۆ جێبەجێکردنی ئیجرائاتەکان.

لەماددەی (50)دا هاتووە ((ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایش دژی هەر دەوڵەتێك ڕێو شوێنی قەدەغەکردن یاخود سەرکوتکردنی گرتەبەر، ئەوا بۆهەر دەوڵەتێکیتر ئەگەر ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان بێت یاخود ئەندام نەبێت، کەڕووبەڕووی کێشەی ئابووری تایبەت بوو بێتەوە کەدروست بووە لەئەنجامی جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنانەوە ئەوا مافی ئەوەی هەیە کەئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بەچارەسەکردنی ئەو کێشانە بەئاگابهێنێتەوە))[14].

بەڵام لەماددەی (51)ی بابی حەوتەمی میساقدا باسی ئەوە کراوە کە ((لەم میساقەدا ئەوە نەهاتووە کە مافی سروشتی دەوڵەت کەموکوڕ (نقص) بکرێت، بەشێوەیەکی تاك بێت یاخود بەکۆمەڵ. لەبەرگرێکردنی لەخودی خۆیان ئەگەر هێرێکی چەکدار دەستدرێژی بکاتە سەر یەکێك لەئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەوەش ئەنجومەنی ئاسایش ڕێوشوێنی

---

[13] هەمان سەرچاوە، ص40.

[14] هەمان سەرچاوە، ص43.

پێویست دەگرێتەبەر بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەوڕێوشوێنانەی کەئەندامان گرتیانەبەر بەکارهێنانێك بوو بۆمافی بەرگریکردن لەخودی خۆیانو ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەن دەستبەجێ، ئەو ڕێوشوێنانە لەهیچ حاڵەتێکدا کاریگەری نابێت لەسەر ئەنجومەن بەپێی دەسەڵاتو لێپرسراوێتییە بەردەوامەکەی لەئەحکامی ئەم میساقەدا کەڕێگا دەدات بەگرتنەبەری کارو چالاکی بۆ پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی لەهەر کاتێکدا کەزانرا زەرورییە یاخود گەرانەوە بۆ بنچوبناوان))[15].

لەخستنەڕووی هەموو ئەو ماددانەدا دەبینین کەهەردوو ماددەی (43و 45) دادەنرێن بەبەردی بناغەی ئەم میساقە لەپاڵپشتیکردنی مەسەلەی ئاسایشی بەکۆمەڵ، بەتایبەتی ماددەی (43) کەبابەتی گفتوگۆو تاوتوێکردنی ناکۆکییە بەتایبەتی لەنێوان بیرو ڕای ئەمریکی و سۆڤێتییەکاندا، یەکێتی سۆڤێتی (پێشوو) وای دەبینی کەزەروری نییە هێزێکی سەربازی گەورەو قەبە لەژێر سەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووەکاندا پارێزگاری لێبکرێت بەتایبەتی کە دەوڵەتانی محوری فاشی جەنگیان دژڕاندبوو، هەروەها ناکۆکی دروست بوو سەبارەت بەخستنەگەڕی (حول تویلها)، یەکێتی سۆڤێتی (پێشوو) هاوبەش بوو لەگەڵ بیروڕای هەریەك لەبەریتانیاو فەرەنساو چین.

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵسا بەچەند هەوڵدانێك لەپێناو جێبەجێکردنی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ وەك دەرکردنی ڕاسپاردە (توصیە)ی (یەکێتی لەپێناو ئاشتیدا) ئامانج لەمەش هاندانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەیشتن بە دەرکردنی بڕیار سەبارەت بەبابەتە خێراو بەپەلەکان. هەروەها ئەم ڕاسپاردەیە بانگەوازێك بوو بۆ پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ گرتنەبەری ڕێو شوێنی بەکۆمەڵ بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ئەو

---

[15] هەمان سەرچاوە، ص44.

مەسەلانەی کە دەتوانرێت پەنایان بۆ ببرێت بۆ پتەوکردنی تواناو هێزی دامەزراوەکان لەسەر جێبەجێکردنی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ.

هەروەها کۆمەڵەی گشتی (جمعیة العامة) نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری راسپێرییەکیدا کەبانگەشەی دەکرد بۆ پێکهێنانی هێزی فریاکەوتنی خێرا (قوة طوارء)ی پاشکۆی نەتەوەیەکگرتووەکان کەسکرتێری گشتی رێکخراوی نێودەوڵەتی رێکی دەخاتو سەرپەرشتی پێکهێنانی دەکات. بەم شێوەیە هێزی نەتەوەیەکگرتووەکان رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لەهەندێ قەیرانی جیهانیدا وەك قەیرانی سویس 1956، قەیران کۆنگۆ 1960، هەروەها لەقوبرس.

سەرەڕای ئەو سەرکەوتنانەی کەنەتەوە یەکگرتووەکان بەدەستهێناوە لەچارەسەرکردنی هەندێ قەیرانی نێودەوڵەتیدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە لەجێبەجێکردنی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵدا لەڕووی ئەو شکلو جەوهەرەی کەلە کۆنگرەی سان فرانسیسکۆی سالّی 1945دا خرابووە ڕوو.

لایەنی تەبایی و ناتەبایی لەنێوان تیۆری هاوسەنگی هێزەکانو تیۆری ئاسایشی بەکۆمەڵ:

وێڕای ئەو جیاوازییەی کەهەیە لەنێوان تیۆری هاوسەنگی هێزەکانو تیۆری ئاسایشی بەکۆمەڵو نێوان سروشتی هەردوو شێوازەکە، شێوازی یەکەم ((شێوازێکی سیاسی ڕووتە، بەڵام شێوازی دووەم شێوازێکی یاساییە لەوتێڕوانینەوە دەوترێ کە رێکخستنێکی یاسایی بەکۆمەڵ بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی بەرجەستەبوو لەکۆمەڵگەلاندا پاشان لە هەیئەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کەبەرزترین قۆناغی رێکخستن بووە بۆ خودی بیرۆکەی (هاوسەنگی هێزەکان)، لەبەرئەوەی کەسیاسەتی تەرازووی هێزەکان لەکۆتایی مانۆڕەکاندا دەوەستێ بەبێ دروست بوونی ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی لەلایەکو ئاژاوەی (فوضی) نێودەوڵەتی

لەلایەکی ترەوە، پاشان مانەوەی لەوێنەیەکی دیاریکراو بۆ دابەشکردنی هێزەکان لەڕێکخستنی نێودەوڵەتیدا))[16]. لەچوارچێوەی ئەو خستنەڕووەدا دەتوانین بڵێین کە نەتەوەیەکگرتووەکان لەڕاستیدا تەنها ڕێکخستنێکی یاسایی بوو، پاشان زیاتر ستاتیکی Statigue و مانەوە بوو بۆ تەرازووی هێزی نێودەوڵەتی بەجۆرێك کەدابەشکردنی هێزەکان بەشێوەیەکی فیعلی لەعەمەلیاتەکانی جەنگی دووەمی جیهانییەوە بوو لەبەرژەوەندی دەوڵەتە سەرکەوتووە گەورەکان.

سەبارەت بەلایەنی تەبایی نێوان هەردوو تیۆرییەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەتەوەرەی تەرکیزو گرنگی پێدانی هەردوو تیۆرییەکە بریتییە لەچۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوەی مەسەلەی هێز لەپەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانداو لێکۆڵینەوە لەتوانای چارەسەرکردنی لەچوارچێوەی شێوازێکی گونجاو کە یارمەتیدەر بێت بۆ هێزو دەست بەسەراگرتنیدا، هەروەها ئەم دوو سیستمە چوون یەکن لەجەوهەریاندا بەرامبەر بیرۆکەی بەرپەرچدانەوە، هەروەها هەردوو سیستمەکە باوەڕیان وایە کەبەهێزترینو باشترین ڕێگا بۆ پاڵپشتی کردنی ئاشتی نێودەڵەتی لەبەدیهێنانی ئاستێکی بەرز لەئامادەباشی بۆ جەنگ دەردەکەوێت یاخود نەخشەو پلاندانان لەسەر شەڕو کوشتار ئەگەر زەروری بوو بۆ ئەوکارە هەردوو سیستمەکە هاوشێوەن لەگریمانەکانیاندا کەبەندە لەسەر ئەو باوەڕەی کەبەرهنگاربوونەوەی دوژمنانو شکست پێهێنانیان بەدی نایات تەنها لەڕێگای کۆششی هاوبەشی دەوڵەتانی ئەندامەوە نەبێت، هەروەها هەردوو سیستمەکە خاوەن تایبەتمەندییەکی تری چوونیەکن ئەویش ئەوەیە کە هەموو ئەو دەوڵەتانەی کەبەشداری

---

[16] د. محمد طه بدوي، مدخل إلى علم العلاقات الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص242.

دەکەن لەبەرهنگاربوونەوەی دوژمنانو سەرکەوتکردنیان خاوەنی سەربەخۆیی تەواون لەگونجاندنی هەڵوێستیانو پەیوەست بوونیان بەئامانجی ئاشتییەوە.

لەکۆتایدا پاڵپشت بەهەموو ئەوەی کەخستمانەروو لەخاڵە تەباییەکانی نێوان هەردوو سیستمەکە دەتوانین بڵێین کە ((سیستمی ئاسایش بەکۆمەڵ لەجەوهەریدا بریتییە لە (صیغة المعدلة) بۆسیستمی هاوسەنگی هێزەکان))[17].

بەڵام لایەنی ناتەبایی لەنێوان هەردوو سیستمەکەدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەسیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ وەستاوە لەسەر بناغەی بوونی هاوپەیمانێتییەکی گشتی یاخود هاوپەیمانێتییەکی جیهانی هێزەکان لەڕووبەڕووبوو نەوەی دوژمنکارانە، لەهەمانکاتدا سیستمی هاوسەنگی هێزەکان، وەستاوە لەسەر بناغەی ئەوەی ناوزەد دەکرێن بەهاوپەیمانێتی رکەبەری سەرنجدان لەم جۆرە هاوپەیمانێتییە دەبینین کەئاڕاستەکراوە دژی دەوڵەتان یاخود کۆمەڵگاکانی دەرەوەی سنوری هاوسەنگی هێزەکان، بەڵام لەئاسایشی بەکۆمەڵدا، هاوپەیمانێتییە جیهانییەکان گشتیو تەنها دژی دەرەوە ئاڕاستە ناکرێن، بەڵکو دژی هەر دەوڵەتێك کەلەناوخۆیدایە.

هەروەها لایەنێکی تری ناتەبایی لەوەدا دەردەکەوێت کەسیستمی هاوسەنگی هێزەکان ڕێسای بنەڕەتی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بریتییە لەملمانێ، بەڵام لەئاسایشی بەکۆمەڵدا ڕێسای بنەڕەتی بریتییە لەهاریکاری نێودەوڵەتی وە ململانێ ئیستیسنایە (الإستثناء).

هەروەها سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ یەکسانییەکی تەواو کامڵ لەنێوان بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانو نێوان بەدیهێنانی ئاشتیو سەقامگیری نێودەوڵەتیدا دەسەپێنێ، بەڵام لەسیستمی هاوسەنگی هێزەکاندا هیچ جۆرە گرێدانێك لەنێوان بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانو ئاشتی نێودەوڵەتیدا بەدی ناکرێت.

---

[17] د.إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص299.

لەکۆتاییدا دەبینین کەهەردوو سیستمەکە جیاوازن لەڕووی پلەی مەرکەزییەتی دەسەلاّت و ئاڕاستەکردنی لەهەریەکەیاندا.

بەشی دوانزەهەم

تیۆرییە ستراتیژە هاوچەرخەکان لەپەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانو دیاردەی ململانێی نێودەوڵەتیدا

ململانێی نێودەوڵەتییەکان ئاڵۆزو تێکچڕژاوترو بەردەوام لەزیادبوونداببوون لەماوەی دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، ئەم ئاڵۆزیو بەیەکداچوونانەش کاریگەری گەورەیان لەسەر گەشەکردنو پێشکەوتنو فۆرمەلەبوونی چەندین تیۆری ستراتیژی هەبوو کەتەرکیز دەکەنەوە لەسەر چۆنێتی یاخود ئەو میکانیزمەی کە لەچوارچێوەیدا دەتوانرێت ململانێ نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەببات و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. هەوڵدەدەین لەم بەشەدا سەرنج بخەینە سەر تیۆرییە سەرەکی و گرنگەکانی ئەم بووارە.

1-تیۆری گەمە Game Theory

"کارل دویچ" بەم شێوەیە تیۆری گەمە پێناسە دەکات ((ئەو ڕێبازەیە کەپشت دەبەستێ بەبوونی لێکچوونێکی گەورە لەنێوان هەندێ بابەتی یاری ئاسایو هەندێ حاڵەتی کۆمەڵایەتی دووبارە بۆوە، بەشێوەیەك کە بوونی هەر لێکچوونێك لەسوودی شیکردنەوەنی گەمەکەیە لەسەرەتای کاردا لەجیاتی حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکان کەکەمتر دیاریکراون لەگەمەکاندا))[1].

[1] کارل دویتش، هەروەها وەرگیراوە لەکتێبی د.کاظم هاشم نعمة، العلاقات الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص77.

بەڵام "ستیڤن برامز Brams " لەو بارەیەوە دەڵێت: کەتیۆری گەمە بریتییە لە ((کۆمەڵێك ڕێسا کەیایزانەکان یاخود هاوپەیمانەکان (المؤتلفین) بەدەستکەوتەکانەوە دەبەستێتەوە))[2].

تیۆری گەمە دادەنرێت بەیەکێك لەتیۆرییە ستراتیژە گرنگەکان بۆ دەرکردنی بڕیار بەرامبەر هەڵوێستە ناکۆکەکان یاخود ململانێ نێودەڵەتییەکان. ئامانجی ئەم تیۆرییە بریتییە لە ڕێنیشاندانی ئارەزوومەندانە (ترشید الاختیاری) لەنێوان ئەلتەرناتیڤی بڕیارە هەمە جۆرەکان (البدائل القراریة المختلفة) کەئەم هەڵوێستە ململانێکارانە هێناویانەتە ئاراوە، لەهەموو بارەکاندا تیۆرییەکە چارەسەری هەموو ململانێ بەرژەوەندیخوازەکانی کردووە وەك یارییەك لەستراتیژدا کەجێبەجێ دەبێت لەسەر هەموو شێوازەکانی ململانێی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی و لەسەر ململانێکانی جەنگو ئاشتی بەشێوەیەکی تایبەتی. هەروەها "مارتین شوین Martin" بەم جۆرە پێناسەی تیۆری گەمە دەکات ((ڕێگایەکی وەرزشییە بۆ لێکۆڵینەوەی هەندێ لایەنی پڕاکتیکی بڕیار دەرکردن سەرباری ئەوەی کەلە هەڵوێستەکاندا سیفەتی ململانێ یاخود هاریکاری زاڵ دەبێت بەسەریدا))[3].

لەم پێناسانەوە دەتوانین بڵێین کەجەوهەری تیۆری گەمە بەندە لەسەر گریمانەیەکی بەسود ئەویش بوونی کۆمەڵێك لەبڕیاردەران کە هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دەدەن، هەریەکە لەوانە هەندێ کۆنترۆڵی جزئی یاخود دیاریکراو فەراهەم دکات لەسەر ئەو هەڵوێستەی کە هەموویان بەیەکەوە مامەڵەی لەسەر دەکەن. لێرەدا پلانێك نییە کەلایەنەکان جێبەجیی بکەن پەیوەست بەبەرژەوەندییە خودییەکانیانەوە، بەڵکو بەرژەوەندی لایەنەکانی تریش لەبەرچاو دەگیرێت.

---

[2] ستیفن برامز، هەروەها وەرگیراوە لەکتێبی د.کاظم هاشم نعمة، العلاقات الدولیة، هەمان سەرچاوە، ص77.

[3] مارتین، هەروەها وەرگیراوە لەکتێبی جیمس دورتی، روبرت بالستغراف، النظریات المتظاربة في العلاقات الدولیة هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص337.

تیۆری گەمە لەبیرۆکە گشتییەکەیدا وەستاوە لەسەر ئەوگریمانەیەی کەملمالانێکان بەشێوەیەکی سروشتی دابەش دەبن بۆ ((دووچەشنی سەرەکی ئەوانیش **ململانێیی رکەبەری** Competihve، و **ململانێی نارکەبەری**[4]((Competitive- Non).

سەبارەت بەململانێی رکەبەری Competihve ، ئەو دەسکەوتەی کە یەکێکیان بەدی دەهێنن لەهەمانکاتداو بەهەمان پلە زەرەرمەندی لایەنەکەی تر دەنوێنێت. ئەگەر گریمان لایەنێك سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ پاشان تێك دەشکێ یاخود زەرەرمەند دەبێ، دەرەنجامی کۆتایی لەکۆکردنەوەیدا دەکاتە سفر.

بەڵام سەبارەت بەململانێی نارکەبەری Competitive- Non ، بەرژەوەندی لایەنەکانی وەك ئەوەی پێشوو دووچاری مەترسی نایێتەوە، بەڵکو تارادەیەك سازشو پێشکەشکردنی تنازلات بۆ یەکتری تیادا دەکرێت بۆ گەیشتن بەخاڵی ڕێککەوتن، ئەم هەڵوێستانەش پاڵ بەلایەنەکانەوە دەنێ بۆبنیاتنانی سیاسەتی هاریکاری.

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین کەتیۆری گەمە مەنتیقێکی بەسودی خستۆتەڕوو، بەوەی کەهەموو لایەنەکان لەململانێدا ئازادن لەهەڵبژاردنی ئەو ئاکارەی کەوای دەبینێت بەهۆیەوە لەکۆتایدا بگاتە سەرکەوتن بەسەر نەیارەکەیدا. ئەمەش وا دەکات کەپێویستە لەسەری ناوەڕۆکی نەیارەکەی بناسێت، وەپێویستە خاوەنی توانایەکی ژیرانەبێت کەلەلایەنەکەی تر کەمترنەبێت.

سەرەڕای ئەو سەرکەوتنانەی کەتیۆری گەمە لەبواری لێکۆڵینەوەی جەنگیدا بەدەستی هێناوە، بەڵام خۆپارێزی دەکرێت دەربارەی قابیلییەتی جێبەجێکردن لەسەر لێکۆڵینەوەی کاروباری نێودەوڵەتیدا، لەلایەك تائێستا هەندێ مەسەلەی چەندایەتی کەناتوانرێت

(4) د.إسماعيل صبري مقلد العلاقات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص249.

هێمایەکی حسابی پێبدرێت وەك مەعنەوییاتی سیاسی نەتەوەی شەڕکەر یاخود بیروباوەڕی سیاسی بۆ هێزێکی شەڕکەر.

هەروەها تیۆرییەکە توانیوویەتی هەڵسێت بەئەرکەکان لەشیکردنەوەی حاڵەتە ناکۆکەکان بەشێوەیەکی ڕەها بەڵام هیچ خزمەتێکی بەسودی پێشکەش بەمەسەلە واقیعییەکان نەکردووە.

تیۆری گەمە هەڵساوە بەجۆرێك لەلێکدانەوەی عەقڵانی ڕوون کەلەنێوان مەنتق و ماتماتیکدا کۆبۆتەوە، لەسۆنگەی ئەمەوە تیۆرییەکە وەستاوە لەسەر بناغەی دیاریکردنی ڕەفتاری عەقلانی کەیاریزانەکە دەتوانێ بەهۆیەوە سەرکەوێت، بەڵام ئەمە هەموو ئەوکارانە ناگرێتەوە کەخەڵکی بەکردەوە دەیگرنەبەر، چونکە تاکەکان بەشێوەی ناچوونیەك ناعەقلانی هەڵسووکەوت دەکەن لەهەندێ کاتدا.

وێڕای ئەو سەرکەوتنانەی کەتیۆری گەمە بەدەستی هێناوە بەڵام لەسەرەتایدا ڕووبەڕوی ڕەخنەی زۆر بۆتەوە، لێرەدا ململانێکان سروشتی تایبەتییان ڕێگا نادات بەجێبەجێکردنی ڕێساکانی ئەم تیۆرییە لەسەری لەهەر شێوە پرۆسەیەکی گونجاودا. لەوانەش ئایدیۆلۆژی و ڕەگەزی و ڕۆشنبیری. هەروەها تیۆری گەمە دارێژەری هەڵوێستە ململانێ ڕکەبەرییە دوولایەنەکانە، بەپێچەوانەشەوە شێوەی هەڵوێستەکە جیاواز دەبێت بەتەواویی و پاشان ناکام دەبێت (یتعذر) لەجێبەجێکردنی ڕێسا بنەڕەتییەکانی بەوشێوەیەی کەئەم تیۆرییە دەی سەپێنێ، هەروەها جێبەجێکردنی تیۆری گەمە لەبارودۆخی پەیوەندی نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکاندا هەموو تواناکان بۆ ڕێککەوتن لەنێوان دەوڵەتو کۆمەڵە خاوەن دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە هەمە جۆرەکان هەڵدەوەشێنێتەوە.

"مۆرتن کاپلان **Morton Kaplan**" سەبارەت بەتیۆری گەمە دەڵێت: ((یاریزان یەکەی بنەڕەتییە لەشیکردنەوەدا بەو ئیعتبارەی کەلایەنی بکەرە لەهەڵوێستدا. مەرج نییە

یاریزانەکە تاکەکەس یاخود یەك دەوڵەتی نەتەوەی بێت، بەڵکو مەبەستی یەکەی بڕیاردەرە لەو هەڵوێستەی کە شیکردنەوە دەیگرێتەوە))[5].

2-تیۆری گەمارۆدان Containmont

ئەم تیۆرییەی دادەنرێت بەبازنەی یەکەم لەستراتیژیەتی ئەمریکی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیدا. سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکەم ئەرکی کەبنیاتی دەنێت خۆی دەبینێتەوە لەدانانی سنورێك بۆ مەترسی کۆمۆنیزمو قەڵاچۆکردنی پەلهاویشتنی سۆڤێتی پێشووهەروەها پاراستی هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە دژایەتی سۆڤێت دەکەن وە بەپێی بەرنامەی خاڵی چوارەم وڵاتەیەکگرتووەکان بەڵێن دەدات بەیارمەتی دانی ئەوانەی ناودەبرێن بەگەلانی ئازاد لەجیهاندا.

سەرۆك "ترومان" بەرنامەی خاڵی چوارەمی ڕاگەیاند لەو وتارەی کەپێشکەشیکرد لەئەنجومەنی پیران لەسالی 1949دا، کەچوار شێوازی گشتی ڕاگەیاند بۆ کارکردنو لەسەر ڕۆیشتنی وڵاتەیەکگرتووەکان کەئەوەش لایەنگری ئاشتییە بۆ جیهان بەپێی وتەکەی خۆی. ئەم چوارخاڵە لایەنگرییەکی ڕەها دەنوێنێ بۆ وڵاتەیەکگرتووەکان، هەروەها ڕاکێشانی گەلان بۆ کارکردن لەسەر چاکسازی ئابووری جیهانیو بەهێزکردنی ئەو گەلانەی کەبەرەنگاریو دژایەتی بلۆکی کۆمۆنیزم دەکەن دژی مەترسییەکانی دوژمنکاران. لەکۆتاییدا ئەو پڕۆژەیەی کەناوی لێنرابوو خاڵی چوارەم جەختی دەکردەوە لەسەر ئەوەی کەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەست بەکاربوو بەبەرنامەیەکی نوێ بەئامانجی چاککردنو گەشەپێدانی وڵاتە جۆراوجۆرەکان.

---

[5] مورتن کابلان، هەروەها وەرگیراوە لەکتێبی د.إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص253.

"جۆرج کینان"* بەشداربیەکی بەرچاویکرد لەفۆرمەلەکردنی چوارچێوەی گشتی گەمارۆدان کەلەلایەن حکومەتەکەی "هاری ترومان" سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمریکاو پێشوازی لێکراو پشتگیریو جێبەجێکرا.

چوارچێوەی تیۆری بۆ سیاسەتی گەمارۆدان بەشێوەیەکی راستەوخۆ پشت دەبەستێ بەشیکردنەوەی ئامانجە ستراتیژییەکانی سۆڤێتو دیاریکردنی ئەو رێگایەی یاخود ئەو رێگایانەی کە سۆڤێت لێوەی دەڕوانێتە رۆژئاوا کەگوزارشتی دەکات بەوەی کە کۆسپو رێگری سەرەکییە لەڕووی بلاوبوونەوەی کۆمۆنیزمدا.

جۆرج کینان دەڵێت: ((ستراتیژیەی سۆڤێتی لەحاڵەتی بەردەوام بووندابوو لەئارِاستە جیاوازەکانی لەبازنە لاوازەکانی لەناوەندی رۆژئاوادا، یاخود ئەو بۆشاییانەی کەلەهێزەکاندا دروست بوو کەبتونێ لێیەوە تێپەڕێو بیخاتەگەڕ وەك خاڵی چەسپاندنی بەرەو بەدیهێنانی گۆڕانکاریو ئامانجە دوور مەوداکانی ئەم ستراتیژییە، ئەم ستراتیژیەش خاوەنی خەسڵەتی نەرمونیانە، هەروەها وەستاوە لەسەر ئەو گریمانەیەی کەبزوتنەوەی میژوو لەپاڵیدا پابەند نەبووە بۆ کاتێکی دیاریکراو بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی، سەرباری ئەوەش ملزەم نەبوو بەئامرازەکانی تیۆری دیاریکراو بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە))[6].

لەڕوانگەی بیروڕا فیکرییەکانی تیۆری گەمارۆدانەوە "جۆرج کینان" جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کەپرۆسەی گەمارۆدانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو پرۆسەیەکی شیاوە لەناو ناوچەکانی دەسەلاتیداو فشاردانانێکی زۆر توند لەسەری. لێرەدا هەڵی رۆژئاوا لەدوو

* جۆرج کینان- دیبلۆماسێکی بەناوبانگی ئەمریکییەو پسپۆرە لەکاروباری سۆڤێتدا، بالۆێزی ئەمریکا بوو لەیەکێتی سۆڤێتی پێشوو، لەساڵی 1994و لەتەمەنی نەوەد ساڵیدا کتێبێکی بەناونیشان (حول التل الصغری) کەتیایدا رقو کینەی خۆی لەسەر سیاسەتی ئەمریکیو کۆمەڵگای ئەمرکی دەردەبڕێ.

[6] جورج كينان، هەروەها وەرگیراوە لەکتێبی د.إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص253.

ئاڕاستە سەرەکییەوە کاریگەردەبێت: **یەکەم** خۆی دەبینێتەوە لەبەرگریکردن لەفراوانخوازی سۆڤێتی پێشوو هەوڵدان بەبێ هەڵوشینی دەوڵەتە نوێیەکان، **دووەم** بریتییە لەناچارکردنی سۆڤێت لەسەر وازهێنان لەستراتیژیەتی فراوانخوازی لەژێر کاریگەری فشاری توندوتیژی رۆژئاوا لەدژی.

لەسەرەتادا باسمان لەوەکرد کەسەرۆکی ئەمریکی ترومان پشتگیریکەرو جێبەجێکەری ئەم تیۆرییە بوو، جگەلەوەش رەگەزێکی تری بۆ زیادکرد کەخۆی دەنوێنێت لەپاساوی بیروباوەڕی سنوردار کە تاڕادەیەك جیاواز بوو لەگەڵ جۆرج کینان، "کینان" پێدەدەگرێ لەسەر چالاکی بەرهەڵستیو بەرگری هێز بەهێز، لەهەمانکاتدا "ترومان" ئەم ستراتیژییە نوێیە دادەنێ بەلەجیاتی بازنەی بنەڕەتی کەبەهۆیەوە پێویستە بەرگری بکات لەئازادیو دیموکراسی دژی هەوڵەکانی دزەکردنی کۆمۆنیزم.

سیاسەتی گەمارۆدان لەبەدیهێنانی ئامانجە بڕیار لەسەر داوەکانی لەبەدیهێنانی توانا لەسەر کاولکردنی یەکێتی سۆڤێت کەپشتی دەبەست بەبۆمبی ئەتۆمی لەوێرانکردنو کاولکردنی بەشێوەی تەواوەتیو یەکجاری، ئەم پشت بەستنەش بنیاتنراوە لەسەر چەند گریمانەیەك کەبریتییە لەوەی ((جەنگی سەراپاگیر تاکە شێوەیە بۆ هەر جەنگێك کەلەوانەیە لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا رووبدات بەهۆی هێرشە ڕاستەوخۆکانی بۆسەر وڵاتەیەکگرتووەکان یاخود دژی ئەوروپای رۆژئاوا))[7].

وڵاتەیەکگرتووەکان توانی چەکی ناووکی بەتوانا لەسەر بەرپەرچدانەوە بۆماوەیەکی نیسبی کەدرێژ بۆوە تاسالّی 1949 بۆخۆی قۆرخ بکات، لەوکاتەدا یەکێتی سۆڤێت ڕایگەیاند کەخاوەنی ئەو جۆرە چەکەیە، ئەمەش بووە هۆی شکستپێهێنانی سیاسەتی گەمارۆدان، پاشان ئەم سیاسەتە ڕێچکەیەکی تری گرتەبەر کەچەقی دەبەست لەشێوەی

[7] د. إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص254.

دەورەدانی (تطوق) یەکێتی سۆڤێت بەدیواری ئەستورو پتەوو دابڕکردنی لەهاوپەیمانو بنکە سەربازییەکان لەهەر ناوچەیەك لەناوچەکانی جیهان.

هەندێك لێکۆڵیار دەڵێن: کەسیاسەتی گەمارۆدان بەرپەرچدانەوە بوو لەبەرامبەر ئەو وتارەی کە "جوزیف ستالین" لەفێبرایری 1946دا پێشکەشیکرد کەتیایدا جەختی کردەوە لەسەر حەتمییەتی ملمالانێ لەگەڵ هێزە سەرمایەدارەکان، هەروەها گەلی سۆڤێتی پێشووی بەئاگاهێنایەوەو لەخەوهەڵیساندن کەپشت نەبەستن بەوەی کە کۆتایی هاتنی جەنگ واتە خۆشگوزەرانو خاوبوونەوەی نەتەوەکان. لەوکاتەدا جۆرج کینان کەسایەتی دووەم بوو لەبالۆێزخانەی ئەمریکا لەمۆسکۆ، دەستبەجێ بروسکەیەکی ناردو تیایدا ئاماژەی بەوە کرد کەیەکێتی سۆڤێت هەوڵدەدات بۆ لەناوبردنو دەست بەسەراگرتنی کۆمەڵگاو سیستمی ئەمریکی.

یەکەم ئیجرائات کەسەرکردایەتی ئەمریکا گرتیبەبەر بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی گەمارۆدان بریتی بوو لەڕووبەڕووبوونەوەی ئاژاوەو پەشێویی ناوخۆییەکانی تورکیاو جەنگی ئەهلی ساڵی 1947ی یۆنان بوو بەبیانووی کۆمۆنیزمەوە. هەروەها دانانی هەموو قەیرانەکانی تر لەچوارچێوەی ئەم نموونەیەدا ((وەك ڕەتکردنەوەی سۆڤێت بەپاشەکشەکردنی لەئێرانو کودەتای کۆمۆنیستەکان لەچیکۆسلۆفاکیاو دیواری بەرلینو دەست بەسەراگرتنی دەسەڵات لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە لەچینو جەنگی کۆریا کەبووە هۆی بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم لەهیندی چینیو سنگافۆرەو مالیزیاو تایلاندو ناوچەکانی تری دراوسیی))[8].

3-تیۆری تۆڵەسەندنەوەی سەراپاگیر Massive Retaliation

تیۆری تۆڵەسەندنەوەی سەراپاگیر ئەو تیۆرییە کەبناغەکەی لەلایەن "جون فوستر دالاس"ی وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی وڵاتەیەکگرتووەکانەوە دانرا. ئەم تیۆرییە بەچاوی

[8] د. أحمد عباس عبدالبديع، العلاقات الدولية - أصولها وقضاياها، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص51.

بایەخ پێدانەوە ئەو هەڵەو کەموکوڕی و لایەنە لاوازانەی کەلەبێبەجێکردنی سیاسەتی گەمارۆداندا کەوتۆتەوە گرتۆتە خۆ.

ئەم تیۆرییە تەرکیزی کردۆتەوە لەسەر ((ستراتیژێکی نوێ کەلەبنەڕەتدا وەستاوە لەسەر ئازادی تۆڵەسەندنەوەیەکی دەست بەجێ بەئامرازی تووندوتیژ، وەلەو جێگایەکی کە ولاتەیەکگرتووەکان خۆی ئارەزوویەتی -هەڵید بژێرێت))[9]. جەوهەری ئەم تیۆرییە لەوەدا هۆیی دەبینێتەوە کەئەگەر سۆڤێتی پێشوو هەوڵیدا بەرەنگاری هاوسەنگی هێزە نێودەوڵەتییەکان بێتەوە بەهەر شێوەیەك لەشێوەکانی خراپەکاری، ئەوا لەسەر ولاتەیەگرتووەکان پێویستە کە بەچەکی ناووکی بەرپەرچی بداتەوە وەك جۆرێك لەسزادان.

ناوەڕۆکی ئەم تۆرییە دیاردەکرێت بەوەی کە تاکە ڕێگا بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر دەست درێژیکەرێك لەئایندەدا، لەسەرەتادا ڕازی کردنییەتی بەوەی کە ئەگەر پەنابەرێت بۆ دوژمنکاری ئەوا لێدانێکی تۆڵە ئامێزی تووندی ئاڕاستە دەکرێت کەزەرەرمەند دەبێت لەکۆتایدا لەپشت دوژمنایەتییەکەوە.

ئامانج لەجێبەجێکردنی ستراتیژیەتی تۆڵەسەندنەوەی سەراپاگیرو تووندوتیژ تەنها دەورەگرتنی بلۆکی کۆمۆنیزمو ئابلوقەدانی یاخود سیاسەتی گەمارۆدان نییە، بەڵکو لەمەدەرچووەو تێپەڕیوە بۆکارکردن لەسەر رزگارکردنی ئەم جەمسەرە وە لەوانەیە لەکۆتاییدا لەناوی بەرێت.

ئەم تیۆرییە لەیەکەم ئەزموونیدا لەکاتی جەنگی هیندی چینی سالّی 1954 دووچاری شکستهات، هەروەك ئاشکرایە ولاتەیەکگرتووەکان نەیتوانی چەکی ناووکی لەم ناوچەیەدا بەکاربهێنێ، ئەمەش بووە هۆی لەدەستدانی ڕاستگۆییەکەی. هەروەها ئەم تیۆرییە

---

[9] مجلة السياسة الدولية القاهرة، يناير 1966، مقالة ((الإستراتيجية الأمريكية في العصر النووي))، للدكتور إسماعيل صبري مقلد.

دووچاری چەند ڕەخنەیەك بۆتەوە کەخۆی دەبینێتەوە لەوەدا کەتوانای جڵەوگرتنی نەبووە لەڕووبەڕووبوونەوەی جەنگی سنوردارو ناکۆکیە ناوچەییەکان. هەروەها سەرکەوتوو نەبوو لەتۆقاندنی دوژمنەکانیداو بەشێوەیەکی تەواوەتی کۆتایی پێهاتو گەیشتە حاڵەتی پەککەوتنو شکستهێنان ، ئەم کارەش لە کۆتاییدا بووەهۆی پەیڕەوکردنی تیۆرییەکی زۆر واقعییانە.

4- تیۆری وەلاّمدانەوەی نەرمو نیان Flexible Respons

سەرنەکەوتنی سیاسەتی تۆڵەسەندنەوەی سەراپاگیر بووە هۆی گەڕانو لێکۆڵینەوە لەسیاسەتێکی واقیعییانەی نوێ کەراستییە بەرجەستەبووەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەبایەخەوە لەبەرچاو بگرێت . ئەم گەرانو لێکۆڵینەوەیە لە تیۆرێکی نوێدا دەرکەوت کە بە"تیۆری وەلاّمدانەوەی نەرمونیان" ناوزەد دەکرا، قۆناغی جێبەجێکردنی عەمەلیو فعلی ئەم تیۆرییە ئەگەڕێتەوە بۆ کاتی ئیدارەی سەرۆکی ئەمریکی "جۆن کندی" لە سەرەتای شەستەکاندا. ئەفزەلیەت لە فۆرمەلە کردنی چوارچێوەی گشتی ئەم تیۆرییەو دیاریکردنی پرەنسیپو پایە سەرەکییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ "ژەنەرالّ ماکسویل تیلور" کەسەرۆکی هەیئەی ئەرکانی هاوبەشی سوپای ئەمریکی بوو.

پاڵنەری سەرەکی لەپشت پەیڕەوکردنی ئەم تیۆرییە ستراتیژییەوە خۆی دەبینێتەوە لە ((ئارەزوو بوون بۆ فەراهەمکردنی گەورەترین پلەی شیاو لەئازادی هاتووچۆو مرونەی دیپلۆماسی ئەمریکی لەبەرنگاربوونەوەی ناکۆکییە جیاوازەکان کە ولاّتەیەکگرتووەکان هەڵدەکوتێتە سەری بەحوکمی ئەو پەیوەستییە نێودەوڵەتییە مەودا فراوانەی

کەهەیەتی))[10]. ئەم تیۆرییەی سەرچاوە دەگرێت لەهەمەجۆری لێژمرازەکانی بەرپەرچدانەوەو شەڕو کوشتار جا ناووکی (ئەتۆمی)بێت، یاخود کلاسیکی ، ستراتیژی بێت یاخود تەکتیکی، ئەم تیۆرییە سەدایەکی گەورەی دایەوە لەناوەندەکانی حکومەتی ئەمریکیدا هەروەها لەئیدارە جۆراوجۆرەکانی تردا کەگرنگی دەدەن بەکاروباری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا.

دوای ئەوەی کەسەرۆکی ئەمریکی "جون کندی" قەناعەتی بەم تیۆرییەی هێنا پارێزگاریو بەرگری لێکرد، وەجەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کەئەم تیۆرییەی جیادەکرێتەوە بەوەی کەخاوەنی مرونەتەو لەهەمانکاتیشدا یەکلاکەرەوەیە. لەسالّی 1967 دەولّەتانی ئەندام لەپەیمانی ئەتلّەسیدا رێککەوتن لەسەر لەئەستۆگرتنی ئەم تیۆرییە وەك بناغەیەك بۆ سیاسەتی بەرگری هاوپەیمانێتی (سياسة الحلف الدفاعية).

[10] مجلة السياسة الدولية، د.إسماعيل صبري مقلد، هەمان سەرچاوە.

بەشی سیانزەهەم

پەیوەندییە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان و ئیدارەی

بەڕێوەبردنی ململانێی نێودەوڵەتیەکان

(العلاقات السياسية الدولية و نظريات إدارة الصراع الدولي)

دیاردەی ململانێی نێودەوڵەتی جیاکەرێتەوە لە دیاردەی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان بەوەی کە دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆزە و هۆکاریی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ چڕیی ڕەهەند و جۆرەکانی هەروەها تێکداچوونی هۆکار و سەرچاوەکان (تداخل مسببات و مصادرها) هەروەها تێکچڕژانی کاریگەری کاردانەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ.

پێویستە لێرەدا ئاماژەبدەین بە هەندێ لایەنی تێکەڵاو لە نێوان ململانێ و جەنگدا سەرەڕای ئەوەی کە جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوانیاندا، ململانێی بریتیەیە لە کێشەی (تنازع الارادات الوطنية) کە سەرچاوەی گرتوە لە ئەنجامی جیاوازیی لە هۆکار و فاکتەروکاری دەوڵەت و دیدوبۆچوون و خواست و دەرامەتەکانیان لەگەڵ ئەوەشدا ئەوکێشمەکێش و ململاتێیە ناگاتە پێکدادانی چەکداری. هەروەها ململانێی دیاردەو شێوازەکان جۆراوجۆرن وەکو ململانێی سیاسی و ئابووری و مەزهەبی و پڕوپاگەندەی (الدعائی)، لێرەدا پێویستە بڵێین کە ئامرازەکانی ململانێ وردە وردە ئەگاتە ئەوپەڕی حاڵەتی نێگەتیڤی وەکو فشار و گەمارۆو هەڕەشەو سزادان.. هتد.

بەڵام جەنگ تەنها بریتیە لە یەك شێوەو دیاردە کە ئەویش پێکدادانی عەمەلییە لە ڕێگایی تووندتیژی چەکداریی، لەمەشەوە ئەتوانین بڵێین کە جەنگ خاڵی کۆتاییە لە گەشەکردنی هەندێ لە ململانێی نێودەوڵەتییەکان.

چەندین تێوریی جیاواز هەیە بۆ ئیدارەی ململانێی نێودەوڵەتیەکان کە ئەوانیش لە سێ تێوەری سەرەکییدا گەڵاڵە ئەکرێن ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: تێوەری هەڵکشان (هەڵچوون) (نظرية التصعيد) Escalation

هەڵچوونی ململانێی ئەتوانرێت پێناسەبکرێت بەوەی کە زۆری دەستکەوتو یاخود ئەوەی کە بەرهەم دێت لە ئەنجامی چڕبوونەوەیی ململانێ یاخود فراوان بوون و درێژبوونەوەی چوارچێوەی ئەو ململانێیە. لە پێناو زیاتر تێگەیشتن لە هەڵچوونی ململانێی پێویستە هەندێ بابەت لە بەرچاوبگیرێت بۆ تۆێژینەوە وەکو ئەو گۆڕانکاری و هۆکارانەی کە لە کۆتایی ئاسۆدا درێژ ئەبێتەوە بۆ ململانێی هەروەها ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر هەڵچوونی ململانێی نێودەوڵەتیەکان یاخود کەم کردنەوەی تەسکردنەوە کۆتایی پێ هێنانیان. (كالمتغيرات و العوامل التي تحد في النهاية الأفاق التي يمتد إليها الصراع. و كذلك العوامل التي تؤثر سواء كان في تصعيد الصراعات الدولية أو تهبيطها و بالتالي تقليلها و إنتهائها).

(سنوری جوگرافی و ململانێی و ژمارەی لایەنە ململانێ کارەکان ئەو ئامانجانەی کە حوکم ئەکەن لە(مسلك) لایەنی ململانی کارکان ئەوەی کە گشتگیرە یاخود سنورداراە، دواجار قۆناێی ئەو کاریگەریانەی ململانێکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دروست دەکات)[1] هەموو ئەو لایەنانەی کەی ئاماژەمان پێکرد گۆڕانکاری پێکدەهێنن کە لە کۆتایی ئاسۆدا ململانێی نێودەوڵەتی لێ دەکەوێتەوە و سەرهەڵدەدا.

[1] د. اسماعيل صبرى سعد (العلاقات السياسيى الدوليه)، سەرچاوەی پێشوو، لا 319

بەڵام ئەو هۆکار و گۆڕانکارییانەیی کاریگەریان هەیە تداخل دەکەن لەسەر چڕی ململانێی ئەکۆڵێتەوە لە (جۆری ئامرازی بەکارهاتوو لە بەڕێوەبردنی ململانێی نێودەوڵەتیی و ئاستی توندوتیژیی، هەروەها جۆری چەکەکان و کاریگەریکان لەسەر وێرانکاری بڕیی داهاتی تەرخانکراو بۆ مەبەستی ململانێ و ئاستی فراوان بوونی یاخو چونەوەیەکی) [2].

فاکتەرە کاریگەرەکان لە هەڵچوونی ململانێی نێودەوڵەتیەکان (العوامل المؤثرة في تصعيد الصراعات الدولية)

لە هەر ململانێیەکی نێودەوڵەتیدا بەهەر شێوەیەك بێت فاکتەر هۆکاری کاریگەر هەیە کە ئەبنەهۆی پاڵنانی سەرهو هەڵکشان و بەرزبوونەوەی یاخود کاریگەری بە ئاڕاستەی دژ وەکو نزم بوونەوەی هەموو ئەم فاکتەرانەش لە بنەڕەتدا پەیوەستن بە بەرژەوەندی لایەنە ململانێ کارەکان.

لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر هەڵچوون و بەرزبوونەوەی ململانێی نێودەوڵەتیەکان[3] لەم خاڵانەدا بەرجەستە ئەکرێت:

1ـ بەدگومانی یەکێك لەلایەنی ململانێی کارەکان بەرامبەر لایەنی دووەم بەوەی کە هەنگاو ئەنێ بەرەو هەڵکشانەی ململانێی بەمەش دەستپێشخەری دەکات بە بەرزگرتنی بارودۆخەکە وەکو ئاگادارکردنەوەیەك بۆ لایەنەکەی تر.

---

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو لا319

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو لا323 - 324

2ـ هەستکردنی یەکێك لەلایەنە ململانێ کارەکان بەوەی کە گەشەکردنی ململانێ کە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو دەبێتەهۆی ئەوەیی کە زیان دەگەیەنێت بەبەرژەوەندییەکانی. لەبەر ئەمە پێشت ئەبەستێت بە بەرزڕاگرتنی باروودۆخەکە بەوباوەڕەی کە ئەگەرەکانی زەررمەندبوون کەم دەکاتەوە.

3ـ قەناعەتی یەکێك لەلایەنەکان بەوەی کە کێبەرکێ لەگەڵ لایەنی بەرامبەردا لە هەڵکشاندنی ململانێدا خەسڵەت و سیفەتی دیاریکراو بەدی دەهێنێ.

4ـ ئەو فشارەی کە ڕای گشتی ناوخۆ دروستی دەکات لەسەر یەکێك لەلایەنەکان کە ناچاری دەکات بەرەو بەرزکردنەوەی بارودۆخەکە تەنانەت ئەگەر لایەنەکە ئارەزووی ئەوشی نەکات.

5ـ زۆرجار بەرزبوونەوەو هەڵکشان دروست دەبێت لە ئەنجامی دەستێوەردانی لایەنی سێهەم لە دەرەوەی بازنەی ململانێی.

6ـ بەرزبوونەوە دروست دەبێت لە ئەنجامی چاو پیاخشاندنەوەی بەرژەوەندییەکاندا.

7ـ هەڵچوون ڕوودەدات وەك ئەلتەرناتیڤێك (التصعيد قد يحدث كبديل لا مفر عنه وخاصة في الصراعات التي تتميز بعدم وجود تقاليد راسخة لحل الصراعات الدولية). كه بەتایبتی لەو ململانێیانەی کە جیادەکرێنەوە بە نەبوونی ڕێوڕەسمی چەسپاو بۆ چارەسەرکردنی ململانێی نێودەوڵەتیەکان.

ـ ئەو هۆکارانەی کە ئەبنە هۆی کەمکردنەوەی تونڈی ململانێ نێودەوڵەتیەکان (العوامل التي تقليل من حدة الصراعات الدولية)

ئەو فاکتەر و هۆکارانەی کەدەبنە هۆی کەمکردنەوەی تونڈی ململانێ نێودەوڵەتیەکان زۆر و هەمەجۆرن، هەندێکیان چوونیەکن لەگەڵ هۆکارەکانی پێشودا، بەڵام بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانە. لە گرنگترین ئەو هۆکارانەش باوەڕنەبوونە بە جدیەتی هەڕەشەکردن

(عدم الأعتقاد في جديدة التهديد)، هەروەها کەمکردنەوەو هێورکردنەوە ئەگرێتەبەر بە ئامانجی دەرخستنی نیەت پاکی و باشکردنی پەیوەندیی لەگەڵ لایەنەکەی تردا لە ململانێکەدا. هەروەها ئەو فشارە جەماوەرییەی کە چین و تویژە جیاوازەکانی گەل هەیانە بە هۆکارێکی گرنگ دائەنرێت لە لەکەم کردنەوە و هێورکردنەوەی توندی ململانێ نێودەوڵەتیەکان، هەروەها ئەو سود و زیانانەی کە لە ئەنجامی ململانێ نێودەوڵەتیەکان دەکەوێتەوە دەکرێت کاریگەریان هەبێت لەسەر کەم کردنەوەی گرژی و توندوتیژییەکان.

هەروەها هێورکردنەوەی ململانێکە ڕەنگە دروست بێت لە ئەنجامی ترسی لایەنەکان لەوەی کە بەرزبوونەوەی ململانێکە نەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، هەروەها کەمکردنەوە هێورکردنەوە دروست دەبێت لە ئەنجامی گۆڕانکاری لە بایەخی لایەنێك لەلایەنەکان بۆ ململانێکە، دواجار دەکرێت بڵێت کە هێوربوونەوە ڕوودەدات لە ئەنجامی لاوازی و بێ هێزی لایەنەکەی تر.

ـ ئەو فاکتەر و هۆکارانەی کە ئەبنە هۆی کۆتایی پێکهێنانی ململانێ نێودەوڵەتیەکان ئەو فاکتەر و هۆکارانەی کە دەبنە هۆی کۆتایی پێکێنانی ململانێ نێودەوڵەتیەکان دەکرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆبکرێتەوە.

1ـ گەیشتنی بە ئامانج لە ململانێکەدا.

2ـ نەمانی ئەو پاساوەی (المبرر) کە لە بنەڕەتدا ململانێکەی لەسەر دروست بووە.

3ـ چاوخشاندنەوەو بە بەرژەوەندییەکاندا کە ئەبێتە هۆی جیاوازی لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەدا.

4ـ شکستهێنانی یەکێك لەلایەنەکان و خۆبەدەستەوەدانی.

دووەم: تیۆری بەرپەرچدانەوە Deterrence نظرية الردع

بیرۆکەی بەرپەرچدانەوە بیرۆکەیەکی کۆنە (ئەگەر ئاشتیت ئەوێت، ئەبێت خۆت بۆ جەنگ ئامادەبکەیت) قەڵاکانی ڕۆمانی و هێڵی ماجینۆ (فالقلاع الرومانية و خط ماجينو) هەروەك لیوتی ئەڵێت"دەرخستن و نیشاندانی هێز بۆ ئەوەی پێویستت بەکارهێنانی نەبێ" "إثبات القوة كي لا يكون ثمة حاجة الاستعمالها" هەموو ئەم بەڵگانە جەخت ئەکەنەوە لەسەرئەوەی کە ستراتیژییەکان سەردەمی پێش چەکی ناووکیی (ئەتۆمی) بیرۆکەی بەرپەرچ دانەوەی لە سروشتدا جێبەجێ کردووە. بەرپەرچدانەوە هەمیشە بوونی هەبووە ئەگەرچی بە بیرۆکەیەکی نوێش دائەنرێت ئەمەش لەبەرئەوەی کە (بەرپەرچدانەوەی ئەتۆمی) بریتییە لە جۆرێکی تر لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕۆڵێکی سیاسی و سەربازی ئەبینێ وەکو چەکەکانی تر، ڕۆڵی بنەڕەتیش لە بوونیدا بەرجەستە ئەبینێت نەك لە بەکارهێنانیدا لێرەوە جیاوازی و گرنگیەکەی دەردەکەوێت بەبەراوردکردنی لەگەڵ چەکە کلاسیکیەکان[4].

پێش هەموشتێ بەرپەرچدانەوە واتە پێشکەشکردنی بەڵگەکانی بۆ دوژمن کە ناتوانرێت... فەراهەمکردنی تواناکانی تۆڵەسەندنەوەکە چاودێری کردنی بەتوندی لە هەر هەوڵێك لە ولایەنەوە بۆ بەرپاکردنی جەنگ بۆ بەدیهێنانی ئامانج یاخود دەسکەوێتکی دیاریکراوی لێی لەسەر حسابی دەوڵەتی بەرپەرچدانەوە لەڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە ئەتوانێت بڵێین کە بەرپەرچدانەوە لە بنەڕەتدا خاوەنی ڕەهەندی سایکۆلۆژییە وەناتوانرێت بەدیهێنرێت تەنها لە ڕێگەی شێوازی هەڕەشەکردنەوە نەبێت، ئەم شێوازەش پێویستە کە

[4] دانیلی کولار (العلاقات الدولیه، هەمان سەرچاوەی پێشوو ص99.

هاوەڵ بێت لەگەڵ بەڵگەیەکەی ئاشکرا هەروەها نەخشەیەك کە جەخت ئەکاتەوە لەسەر گۆڕینی ئەم هەڕەشەیە بۆ واقیعێکی پراکتیکی و کارای مادیی حەقیقی.

ژەنەراڵ بوفر **Beaufre** بەم شێوەیە بەرپەرچدانەوە سیاسیەکان (ڕێگرتن لە دەوڵەتی دوژمنکار لە دەرکردنی بڕیاری بەکارهێنانی چەك یاخود بەشێوەیەکی گشتی ڕێگرتن لە کردنی کارێك یاخود بەرپەرچدانەوەی هەڵوێستێکی دیاریکراو، وەرگرتنەبەری هەندێ ڕێوشوێنی کە هەڕەشەیەکی تەواو پێکدەهێنێت... کەواتە ئەو ئەنجامەی کە هەوڵ ئەدرێت بەدی بهێنرێت لە ڕێگای هەڕەشەکردنەوە ئەنجامێکی سایکۆلۆژییە[5]. لە چوارچێوەی ئەم خستنەڕووەوە دەتوانین بگەینە ئەنجامێکی پوخت کە ئەویش حاڵەتی بەرپەرچدانەوە ڕووداوێکی پەیوەست نیە بە چەرخی ئەتۆمیەوە هەروەك (د. کازم هاشم نعمه) ئەڵێت"ئەو بارودۆخەیە کەتیایدا دوو ڕکەبەر دیالۆکی ئیرادات (الإرادات) ئەنجام دەدەن لە نێوان خۆیاندا دوور لە بەکارهێنانی هێزی ڕاستەقینە، سەرەڕای بوونی توانای بەکارهێنانی هێز"[6] لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەرپەرچدانەوە کارێکە لە هەست و نەستدا دروست دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك.

زۆربەی لێکۆڵەرەوەن جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە هێزی تۆڵەسەندنەوەوە بریتییە لە تەوەری سەرەکی بۆ بەرپەرچدانەوە، لەمەوە بەرپەرچدانەوە خاوەنی ڕەهەندی سایکۆلۆژییە زیاتر لە ڕەهەندەکانی تر، هەروەها لە ڕوانگەی ئەم هۆکارانەوە دەوڵەتان دوورئەکەونەوەلە بەکارهێنانی ئەم چەکە، کەواتە بەرپەرچدانەوە بریتییە لە (براعة عدم

---

[5] أندرية بوفر (الردع و الإستراجية – دار الطليعة –لبنان- بيروت 1965 ص31)

[6] د. كاظم هاشم نعمة (العلاقات الدولية) همان سەرچاوە لا254.

إستخدام القوة العسكرية)[7] دوای ئەوەی کە تاڕادەیەک لەبەر پەرچدانەوە ئاشنابوون ئەوەی ماوە کەبزانین بریتیە لە پێکهاتەکانی و ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر سەقامگیربوونی، ڕەگەزە سەرەکیەکان بەهەر ستراتیژیکی چالاک بۆ بەرپەرچدانەوە، کۆدەبێتەوە لە هێزی تۆڵە سەندنەوە و نەخشەی بەکارهێنانی ئەو هێز و توانایە لە بارودۆخ و هەڵوێستی دیاریکراودا، هەروەها توانای زیان گەیاندنی بە دوژمن کە وەستاوە لەسەر قەبارەو مەودای هەر خەسڵەتێک کە ئەتوانرێت بەدی بهێنرێت لە ماوەی دەستپێشخەرە لە لێدانی یەکەمدا.

سەبارەت بە توانای تۆڵەسەندنەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا بەتەوەرەو دڵی تێوری بەرپەرچ دانەوە دادەنرێت کە لە چوارچێوەیدا کاریگەری سایکۆلۆژی پێویست دروست دەکات بۆ بەرپەرچدانەوە دوژمن.

لە پێداویستیە زەروریەکانی دەرخستن توانای چالاک و کارا لەسەر تۆڵەسەندنەوە هەڵسانە بە ڕاگەیاندنی چالاک دەربارەی یاخود پڕوپاگەندەکردنی نوێ بەبێ ئەوەی کە زیان بگەیەنێت بە ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتی بەرپەرچ کار هەروەها پێویستە کەخاوەنی توانایەکی کارابێت لەسەر تۆڵەسەندوەو تۆڵەکردنەوە لە هەمان کاتدا، بەم پێیە پێویستە کە دەوڵەت توانای بەرگری و خۆڕاگرتنی هەبێت لە بەرامبەر ئەو وێرانکاریە گەورەیەی کە ڕەنگە ڕوبدات لە ئەنجامی پێکدادانی یەکەم لەلایەن دوژمنەوە، بەواتایەکی ڕوونتر هەروەک ئەلیبرت هۆلتیرwohlstetter دەڵێت کە "بەرپەرچدانەوە بریتییە لە هێز و توانا لەسەر

[7] بۆ زانیاری زیاتر سەیری کتێبی جیمس دورتی وروبرت بالتگراف، بکە (النظريات المتضاربة في العلاقات الدولية) هەمان سەرچاوە لا246 – 247.

کاولکاری بەلێدانی دووەم)[8] (إن الردع هو القدرة على التدمير بضربة الثانية)، بەڵام سەبارەت بە نەخشە و هێڵکاری بەکارهێنانی توانای تۆڵە بەواتای ئەوە دێت کە توانا لەسەر تۆڵە بە تەنها بەس نییە بۆ بەرپەرچدانەوە بەڵکو پێویست بە نەخشەیەکی تەواو هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەو توانایە کە ئەم بەکارهێنانەش کارێکە و هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی نیە.

بەڵام سەبارەت بە ڕەگەزێکی تر ئەویش توانای گەیاندنی زەرەروزیانە بە دووژمن کە وەستاوە لەسەر قەبارە و مەودای هەر خەسڵەتێکی کە توانرابێت بەدەست بهێنرێت لە ماوەی دەستپێشخەری بە لێدانی یەکەم، ئەم ڕەگەزەش ئەتوانرێت درکی پێ دەکرێت لە ماوەی توانا پێشبینی کردنی بە مەترسی. لەمەوە توانا تۆڵە (المقدرة الثأرية) پێویستە بخرێتە ژێر هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی بەردەوامەوە بۆ پاراستن و هێشتنەوەی لەسەر ئاستێکی باش کە تێکشکاندن و لەناوبردنێکی تەواو بە دوژمن دەگەیەنێت سەرەڕای هەر گەشەکردن و پێشکەوتنێکی دوژمن لە نەخشە و سیاسەتی بەرگریدا.

بەڵام سەبارەت بەو هۆکارانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر سەقامگیری بەرپەرچدانەوە، پێویستە لە سەرەتادا ئەو ڕاستیە ئاشکرابکەین کە لە پەرچدانەوەی هەمەلایەنە (متبادل* کە لەناوەڕۆکیدا هەندێك بنەمای سەقامگیری لە خۆگرتووە، بەڵام ئەم سەقامگیرییە ڕەنگە کاریگەریەتی ڕێژەیی هەبێت لە ئەنجامی هەندێ هەڵە لە خەملاندن یاخود بەهۆی هەندێ ڕووداوی ڕێگرەوە کە دروست دەبێت، لە حاڵەتی سەقامگیری سنورداری نێوان هێزە ناوکیەکاندا کاتێك کە هەر ترس و دڵەڕاوکەیەك کە هەستی پێبکرێت وا لە لایەنەکان دەکات کە جۆرە تصرفێکی دیاریکراو بکات کە بەدوای خۆیدا کاردانەوە لەلایەن لایەنی

[8] جيمس دورتى وروبرت بالتكراف، النظريات المتظارية في العلاقات الدولية- هەمان سەرچاوە پێشوو لا246 – 247.

دژەوە بە ئاڕاستەی پێچەوانە دروست دەکات، هەموو ئەمانەش بنەماکانی سەقامگیری لاوازدەکەن.

لەلایەکی ترەوە زیادبوونی گرژی لە نێوان لایەنە بەرپەچ کارەکاندا و دروست بوونی ترس و هەست کردن بە بەرپابوونی جەنگی ناوکی لە نێوانیاندا، هەڵسانی یەکێك لەلایەنەکان بە ئاڕاستەکردنی لێدانێکی یەکلاکەرەوە بۆ بەدیهێنانی هەر خەسڵەتێك کە بەلێدانی یەکەم دەستەبەر دەبێت بۆی.

هەروەها پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ئەبێتە هۆی ئەوەیی کە لایەنێك لەلایەنەکان بەلێدانی یەکەم دەستپێشخەری بکات ئەمەش دیسان ئەبێتە هۆیی نەهێشتنی سەقامگیری وەبەرپەرچدانەوو تێکدانی هاوسەنگیەکەی.

هەروەها نەبوونی زانیاری تەواوی هەردوولایەنەکە سەبارەت بە تواناکانی تۆڵەسەندنەوە نەهێنی یەکانی نێوانیان هۆکارێکی تری کاریگەرە لەسەر سەقامگیرنەکردنی بەرپەرچدانەوە لە کۆتایدا پێویستە بڵێین کە جەنگی ناوکی ئەبێتەهۆی دروستکردنی شێوازی نوێ بۆ بەرپەرچدانەوە، هەرچەندە بەرپەرچدانەوە لە سەرەتایدا شێوەیەکی قۆرخکاری ڕەها بوو بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەماوەی نێوان ساڵانی (1945 – 1949) هەرچەندە لە وڵاتەیەکگرتووەکان بەئاگایەوە لە سودی ئەم بااڵدەستیە لە ڕووی سیاسیەوە (الا أن الولايات المتحدة لم تعرف استثمار هذا التفوق سياسياً)، بەاڵم ماوەی نێوان ساڵان (1945 – 1957) بەرپەرچدانەوە شێوەیەکی قۆرخکاری دووەم بوو لە نێوان واشنتن و مۆسکۆدا، هەروەها چوونە ناوەوەی لندن بۆ پێکهاتە و بەرپەرچدانەوەو قۆرخکاری سێهەمی دروست کرد پاشان چوارەم خۆرخکاریش بەچوونە ناوەوەی پاریس بوو لە ساڵی (1966) پێنجەمیش چوونەناوەوەی پەکین بوو بۆ بەرەپەرچدانەوەو بوونە خاوەنی بەم شێوەیە جەمسەرەکانی خاوەن چەکی ناوکی زیادی کرد کە بوونە خاوەن هێزی

بەرپەرچدانەوە لە سالّی (1974) (هیندیش) چووە ناو تەوەرەی ململانێی ناوکییەوە بوە خاوەنی هێزی بەرپەرچدانەوە[9].

هەروەها ئەوەی کە پێویستە کە باسی بکەین لەبەرپەرچدانەوەدا ئەوەیەکە جیاوازی لە نێوان چەکی گەردیلەی و چەکی ناوکی بکەین بەو پێیەیی کە بۆچی هایدرۆژینی خاوەن هێزێکی بێ سنوور و ڕەهایە، هەروەها تەنها هێزێکی مێکانیکی نیە بەڵکو گەرم و تیشکدارە.

سێهەم: جەنگی سنوردار (الحرب المحدودة) Limited war

زاراوەیی جەنگی سنوردار بە شێوەیەکی ڕەسمی بۆ یەکەمجار لە تیشرینی یەکەمی (1957)دا سەری هەڵدا هەروەك جۆن فوستر دالاس[10] جەختی لەسەر دەکاتەوە بەوەی کە

---

[9] 1945/7/16 یەکەم بۆمبی گەردیلەیی ئەمریکی لە ئەلەستکوردو Alamgondo

1945/8/9-6 بۆردومانی هەردووشاری هیرۆشیما (15 کیلۆ تەن) و ناکازاکی (20 کیلو تەن) بە بۆمبی گەردیلەیی.

1949/7/16 یەکەم بۆمبی گەردیلەیی سۆڤیەت لە سیبریا.

1952/1/13 بەریتانیای گەورە چوەناو بازنەی چەکی ناوکییەوە.

1952/1/30 تەقاندنی یەکەم بۆمبی هایدرۆجین ئەمریکی.

1953/8/12 یەکەم بۆمبی هایدرۆجین سۆڤیەتی.

1957/8/15 یەکەم بۆمبی هایدرۆجینی بەریتانی.

1960/2/13 فەرەنسا یەکەم بۆمبیگەردیلەیی تەقاند لە ریجان Reggane . لە مانگی حەوتی (1968) یەکەم بۆمبی هایدرۆجینی تەقاند.

1964/1/16 کۆماری چین چوەناو بازنەی چەکی ناوکییەوە.

1967/5/17 یەکەم بۆمبی هایدرۆزینی چینی.

1974/5/18 چوونە ناوەوەی هیند بۆ یانەی چەکی ناوکی.

زانست و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا کە لە ئەندازەی جەنگدا ئەنجام دراون توانای نوێیان ئاشکراکرد کە ڕەنگی داوەتەوە لە هەمە جۆری میکانیزمی چەکی ناوکییدا. ئەمەش واتا بەکارهێنانی نابێتە هۆیی لەناوبردن و زیان گەیاندنێکی گەورەبە مرۆڤایەتی..

بیرۆکەی جەنگی سنوردار لەسەردەمی سەرۆکی ئەمریکی (کەندیدا خرایە گەڕ بە و گوزارشتەی کێ توانایە کە ڕۆڵ دەبینێت لە چوارچێوەیەکی گشتیدا بۆ ستراتیژیەتی ئەمریکی).

جەنگی سنوردار هەروەك تریپانی **Tripati** پێناسەی دەکات بریتییە لە (ململانییەکی سنورداری لە چوارچێوەیەکی تەسکدا و تیایدا ئەندام بوون بەویستی خۆی دائەنرێت وە بەبڕیاردانێکی پێشتر کە توانا سەربازییە بەکارهێنراوەکان لە بەڕێوەبردنیی ئەم جەنگەدا سنورێکی تەسکیان هەیە) (هي صراع تم تحجيمه إقليماً في نطاق ضيق، وفيه تقبل أطرافه بمحض إرادتها و بتدبير سابق أن تبقى على الموارد العسكرية المستخدمة في إدارة هذه الحرب في حدود ضيقة).

لێکۆڵینەرەوە توێژەرەوان إختلافیان هەیە کە ئیدارەی ململانێی نێودەوڵەتییەکاندا لە پۆلێن کردنی جەنگ لە چەرخی ناوکیدا، لێرەدا جەنگی سەراپاگیر و جەنگی سنوردار هەیە جەنگی سنوردار بریتی یە لەو جەنگەی کە ڕاستەوخۆ زەویی هەریەکە لە یەکێتی سۆڤێتی (پێشوو) وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناگرێتەوە، تیایدا ئامانج و شێوازەکانی بەکارهێنان تیایدا سنورداڕە، بەڵام جەنگی سەرپاگیر بریتیە لەو جەنگەی لە تەنانەت

---

[10] جون فوستر دالاس – وەزیری دەرەوەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو لەو کاتەدا.

[11] تریباتی –وەرگیراوە لە کتێبی د. اسماعیل صبری مقلد (نظریات السیاسیة الدولیة) هەمان سەرچاوە بڕوانە لا332.

ئامانجەکان زەوی یەکیتی سۆڤیەت و ولاتەیەکگرتوەکانیش دەگرێتەوە هەروەها هیچ ڕێگر و بەربەستێك دانانرێت لەسەر ئامانج و شێوازەکانی بەکارهێنان.

هەروەها لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان جەنگی گشتی و ناوچەکی یاخود هەرێمیدا جەنگی گشتی بریتییە لەو جەنگەی کە هەریەکە لە یەکێتی سۆڤێتی (پێشوو) و ولاتەیەکگرتووەکان بەرپایان کردووە وهێرش ئەکەن بۆ سەر زەوی و زاری یەکتری، بەڵام جەنگی ناوچەیی یاخود ئیقلیمی ئەو جەنگەیە کە لایەنەکان ڕوو بەڕووی یەکتری ئەبونەوە بەبێ پەلامارادانی زەوی و زاری یەکتری.

بروديی **Brodie** سەبارەت بە جەنگی سنوردار نوسیویەتی کە تیایدا سێ خەسڵەتی تایبەت باس ئەکات ئەوایش:-

1ـ پلەیەکی بەرز لە بەربەستی ناوخۆیی مەبەستدار (مقصود)

2ـ دورکەوتنەوە لە بۆردومانکردنی شارەکان بە چەکی ستراتیژی ناوکیی.

3ـ بەرپاکردنی لە بارودۆخێکی ناسەقامگیردا[12].

پسپۆرە سۆڤیتەکانی (پێشوو) جیاوازی یان ئەکرد لە نێوان جەنگی ئیقلیمی و جەنگی سنورادا، بەوەی کە جەنگی ئیقلیمی (بریتیە لە ململانێی سنوردار بە پێوەری چوارچێوەی جوگرافی یاخود شوێنی (مكاني) تیایدا هەموو جۆرە چەکێکی تیادا بەکاردێت، بەڵام جەنگی سنوردار بریتیە لەو جەنگەی کە سنورداره بەپێوەری شوێنی هەروەها بەپێوەری چەکە بەکارهاتووەکان تیایدا)[13]. لە ڕوانگەی ئەم تێگەیشتنەوە ستراتیژە سۆڤێتیەکان(پێشوو) لەو باوەڕەدابوون کە بواری بەکارهێنانی چەکی ناوکی لە جەنگی

[12] بیرنارد بروديی – (الاستراتيجية البحرية) تەرجەمەکراوە بۆ عەرەبی 1964، لا 391.

[13] نظرية السياسي الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو لا333

سنوردارد بوونی نیە بەهۆیی ڕێکەوتنی نهێنی ژێر بە ژێر لە نێوان لایەنەکانی ئەو جەنگەدا.

لێرەدا پێویستە پەیوەندیی جەنگی سنوردار بە ستراتیژیتی ناوکیەوە لەیادنەکەین سەرەڕای جیاوازی بیرو ڕا لەسەر ستراتیژیەتی ناوکیی، بۆ نموونە لە دیدی (کلاوز فیتز)ەوە "ستراتیژیەت واتە بەکارهێنانی ئامرازی پێکدادان بۆ گەیشتن بە ئامانجی جەنگ)[14]، بەلاّم (مولتکە) ئەڵێت کە ستراتیژیەت واتە (جێبەجێکردنی عەمەلی بۆ شێوازە بابەتیەکان لە ژێر تسرفی فەرمانڕەوادا بۆ بە دیهێنانی مەبەستی دیاریکراو)[15]. بەلاّم ژەنەرالّی فەرەنسی (فوش) جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ستراتیژیەت (هونەری دایالۆکی ئیرادانە کە هێز تیایدا بەکاردەهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان)[16]، بەلاّم لە دیدی ستراتیژی بەریتانی (لیدل هارت)ەوە ستراتیژیەت واتە "هونەری دابەش کردن و بەکارهێنانی شێوازی سەربازی هەمە جۆرە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی"[17]، بەلاّم ئەمریکییەکان پێناسەیەکی تایبەت بۆ ستراتیژیەتی دەکەن (هونەرو زانستی بەکارهێنان هێزی چەکداری دەوڵەتە) بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی سیاسەتی نەتەوەیی لە ڕێگایی بەکارهێنانی هێز یاخود هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی)[18]، بەلاّم بیری سەربازی سۆڤێتی (پێشوو) ستراتیژیەت پێناسەدەکات بەوەی کە (کۆمەڵێك زانیاری تیۆرییە کە چارەسەری یاساکانی جەنگدەکات وەکو ململانێی چەکداری)[19]

---

[14] فون كلاو زفيتز، في الحرب، دار الكتاب العرب، دمشق، بيروت التاريخ، الجزء الثالث. لا218

[15] وزارة الحربية المصرية، الاستراجية القاهرة، 1963، الجزء الثاني، لا129.

[16] ليدن هارت، الاستراتيجية تأريخي في العالم دار الطليعة، لبنان بيروت 1978، لا276

[17] أكرم ديرة والهيثم لأيوبى، نحو استراتيجية الحربية عربية موحدة، دار اليقظة بلا تأريخ، ص27

[18] سو كولوفسكى ، الإستراتيجية العسكرية السوفيتية ، عالم الكتُب ترجمة خيري حماد ، بلا تاريخ ،ص46

[19] أندريه بوفر، استراتيجيه المستقبل، دار القدس، لردن عمان، 1984 لا126.

بەڵام سەبارەت بە پەیوەندی جەنگی سنوردار بەستراتیژیەت ناوکیەوە دەکرێت بڵێین ئەو بەڵگەیەکە ئەگەرچی هێزی بالآدەستەکان بەشداری تیادادەکەن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، خاوەنی تواناو وزەیەکی بێکۆتاییە لە وێرانکردنێکی سەراپاگیردا هەرچەندەکە چەکی ناوکی تیادا بەکارناهێنرێت بەڵکو لەجیاتی ئەوە چەکی کلاسیکی تیادا بەکاردەهێنرێت باشترین نموونەش بۆ ئەمە (جەنگی ڤێتنام)ە.

ڕووناکبیران جەنگی سنوردار کۆمەڵێك بەڵگەیان (حججاً) پێشکەش کردوەوە بۆ پاڵپشتی کردنی بانگهێشتەکەیان لە نێوان ئەو بەڵگانەشدا بالآدەستی یەکێتی سۆڤێتی (پێشوو) لەبواری هێزی کلاسیکیدا و دروست کردنی کەلێنێك کە ناتوانرێت بەرپەرچ بۆ تەنها لە ڕێگای جەنگی سنوردارەوە نەبێت، هەروەها ئاماژەیان بەوەداوە کە تێچوونی چەکی ناوکی کەمترە لەو خەرجیدانە کە تەرخانکراوە بۆ هێزە کلاسیکیەکان، هەروەها توانای جەنگی ناوکی سنوردارە سەرەڕای ئەوەی کە یارمەتیدەرە دەرە بۆ توانایی ستراتیژیەتی ئەمریکی بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام پێدەچێت کە ئەم بیرۆ ڕایە ڕاست و قانع کەرنەبێت بۆ نموونە ناکرێت باوەڕبکەین بەوەی کە یەکێتی سۆڤێتی (پێشوو) بەرپەرچ دراوەتەوە بە جەنگێکی ناوکی سنوردار، ئەم کارەش ناتوانرێت وەربگیرێت بەبێ تەحەفزکردن لەبەرئەوە ژەنەرال (أندریه بوفر) ئەڵێت"إن الأسلحة النووية التعبوية بثت الحياة من جديد في الإستراتيجية التقليدية، إذ أن الحروب القادمة ستكون بالاسلحة التقليدية و التهديد بالأسلحة النووية التعبرية"[20] "چەکی ناوکی تعبویە ژیان سەرلەنوێ دروستکردەوە لە ستراتیژیەتی کلاسیکیدا بەدێی یەت کە ئەو جەنگانەی کەلە ئایندەدا

[20] هێنری کیسنجر، ضرورة الإختيار، وەرگێڕانی کتێب أمين هويدی، کیسنجر و إدارة الصراع الدولي، دار الطليعة بيروت. 1979 لا163.

دروست دەبنەوە بەچەکە کلاسیکەکان نەکرێن و هەڕەشەش بە چەکی ناوکی تعبویە دەکرێت"

لە ماوەی خستنە ڕووی تێوری جەنگی سنوردارداا ئەبینێت کە ئەم جەنگە لەسیمایدا میکانیزمی هەڵشکانە (تصعید) لە مەوە دەکرێت بڵێن کە ڕێگایەکە بۆ درێژە پێدانی تەمەنی ململانێ و فراوان کردنی کاریگەری ترس لەسەر (تنشیط هِمَم الخصم) دوژمن و بەرپەرچدانەوەی لە ڕێگای هەڵسان بە پرۆسەی سەربازی کە ئەمەش سنوردەبەزێنێ.

بەواتایەکی ڕوونتر هۆکاری سایکۆلۆژی ڕۆڵێکی گرنگ و کارا دەگێڕێت لەم بوارەدا، بەمەش جەنگی سنوردار بریتیە لە جۆرێك لە جۆرەکان "دایالۆکی گەرم (الحوار الساخن) کە پێشووی ئەخاتە ماوەی دانووستانەوە، ئەمەش واتە تێکەڵاوکردن جەنگ بە گفتوگۆ (مزج القتال بالحوار) ئەمەش گوزارشت دەکرێت بە (Talk Talk fight Fight).

بەشی چواردەهەم

پەیوەندییە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان و تێورەکانی شیکاری ململانێی نێودەوڵەتی

(العلاقات السياسية الدولية و نظريات حل الصراع الدولي)

هیچ ناکۆکیەك لەسەر ئەوە نیە کە جەنگی ناوکی گشتی کارەساتێکی گەورە و مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە دەبێتە هۆی لەناوبردن و تێکشکاندنی هەردوو لایەن بەیەکسانی، لەبەرئەوە چەندین هەوڵ و کۆشش بۆ دارشتنی و هێنانەکایەی ئەڵتەرناتیڤی ستراتیژیی، لێرەشدا بە باوەڕێکی تەواوەوە پێویستمان بەوەنەماوە کە جارێکی تر جەخت بکەینەوە لەسەرئەوەی کە پێکدانی ناوکی لە نێوان هەردوو دەوڵەتە زلهێزەکەدا دەبێتە حوکمێکی مستحیل، بەمەش ئەو توانا کاولکارییەی کە هەردوولا خاوەنی بوون دەگۆڕێت بۆ بواری سەلامەتی و ئارامی نەکەن بۆ بواری بەکارهێنان)[22]، هەروەك هنری کیسنجر دەڵێت[23] ئەمەش بەواتای ئەوە نایەت کە بەرژەوەندییەکان هاوشێوەبن و بەرەو هێڵێکی هاوسەنگ ئەڕۆن کە ئەمەشتێکی مستحیلە، بەرژەوەندی هەردوو هێزەکە پێچەوانە دژە، بەڵام مەترسی چەکی ناوکی هەردوو دەوڵەتی ناچارکرد شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە بگرنەبەر ئەم شێواز و ڕێگایانەش هەمەجۆربوون وەك شێوازی دانوستان و دایالۆگ و دبلۆماسی و

---

[22] هنری کیسنجر، ضرورة الإختيار، وەرگێڕاوە لە کتێبی، امين هويدي، کسنجر وأدلرة الصراع الدولي هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا162.

[23] هنری کسنجير يهودي أسماني و اسمه هايز، ثم أصبح مواطناً أفرقياً بعد هجرته من ألمانيا ثم مالبث أن قفز الي البيت الأبيض ليصبح مستشاراً الرئيس الأمريکی لشؤن الأمن القومي ثم وزيراً الخارجية

گرێ دانی ستراتیژیەت بەسیاسەتەوە و تێکەڵکردنی جەنگ بە دیالۆگ (مزج القتال بالحوار) و بەڕێکخستنی نێودەوڵەتی (التنظيم الدولي) بە حکومەتی جیهانیەوە چەندین شێوازی تر، هەموو ئەم شێواز و ڕێگایانەش تێوریيەکانی شیکاری ململانێی نێودەوڵەتی بەرجەستەکرد..

یەکەم: تێورەکانی دانوستان و سازش کردن (ڕێککەوتن)

(نظريات التفاوض و المساومة)

لەو چەرخەدا کە زیادبوونی هێزی کاولکاری چەکی گەردیلەی و چەکی کلاسیکی بەشێوەیەکی مەترسیدار زیادی کرد ئەمەش وایکرد کە پێویستە پەنابردرێت بۆ شێوازی نوێ لە ڕێگای نزیك بوونەوە بۆ کۆتایی هێنان بەگرژی و ئالۆزی لە جیهاندا و گەیشتن بە ڕێگایەك کە مرۆڤایەتی دوربخاتەوە لە بارودۆخی جەنگ، بۆ ئەم مەبەستەش دانوستان تاکە ڕێگا بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دانوستان لە سنوری خۆیدا ئامرازێکی سەرەکی بوو لە ئامرازەکانی ڕێککەوتن (تسويه) ململانێی نێودەوڵەتی، هەروەها دانوستان (پرۆسەیەکی ئامانج بەخشە کە لایەنەکان لە ڕێگایەوە ئەگەن بەڕێکەوتنێکی هاوبەشی کە هەڵسوکەوتی داهاتوویان ڕێك ئەخات سەبارەت بە هەندێ مەسائیلی جیاواز کە ئەوەش واتا بەرژەوەندی ئالۆگۆڕکراو)[24] (التفاوض ،عملية يهدف أطرافها من ورائها إلي التواصل إلاتفاف مشتركة يمكنه أن ينظم سلوكهم المستقبلي حول بعض المسائل المختلف عليها التي تعني مصالحهم المتبادلة) هەروەها "هەوڵێکە لایەنەکان لە پشتیەوە ئامانجیان ئەوەیە کە بنەماکەیەتی دروست بنیات بنێت کەپشتی پێ ببەستن بۆ دابەشکردنی ڕێژەی خەسڵەت و

[24] اسماعيل صبرمةكد، نظريات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا340.

سودەکان هەروەها کەمکوری و مەترسیەکان لە نێوان لایەنە ڕاستەوخۆکان خۆیان و لایەنەکانی تری دەرەوەدا)[25] هەروەها دانوستان (ئامرازێکی گرنگ و کارایە کە دەبێتە هۆی دانانی گیروگاز (تقید) لە بەکارهێنانی توندوتیژی چارەسەرکردنی ململانێ بەرژەوەندی خوازەکان لەسەر هەڵدەدەن و بەرپادەبن لە نێوان دەوڵەتاندا)[26] پرۆسەیەکی (عەقڵانیەتە لە دیاریکردنی ئامانجە دوورەکانی هەریەکە لەلایەنەکان)[27] (عملية ،عقلنة السلوك عند تحديد الهدف الأقصى لكل طرف).

لە ڕوانگەی ئەم پێناسانەوە دەتوانین بگەینە دەرەنجامێکی پوخت کە ئەوش ئەوەیە کە دانوستان پرۆسەیەکی ساز شکاوییە (تساویە) لە نێوان کۆمەڵێك لایەندا کە چونیەکن (یتباینون) لە بڕی هەبوو (الملكية الموجودة) لە ڕووی تواناو وزەو هەروەها بەرژەوەندی و ناکۆکیەکانیان، ئەمەش دەرەنجامی پرۆسەیەکی حسابیە بۆ سوود و زیان (خسارة).

تێوری دانوستان جیاوازی دەکات لە نێوان دایالۆگ (**Dialogue**) و گفتوگۆ (**Negotiation**) بەوەی کە دایالۆگ پێش گفتوگۆی ڕەسمی دەبێت کە ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی دەبێت بۆ ئاسانکاری کردنی ئەرکەکەی و دایالۆگ ئەوەستێت یاخود کۆتایی پێدێت بەبێ ئەوەی بچێتە بواری گفتوگۆوە تێوری دانوستان دائەنرێت بەشێوەیەکی دابەشکاری بۆ پەیوەندییەکانی هیچ لە نێوان لایەنەکاندا، هەروەها هۆکارێکی کاریگەرێك دەهێنێ لە قوڵکردنەوەی ئارەزوو بەرەو گفتوگۆ یاخود خەفەکردنی، هەروەك چۆن بیرۆکەی دانوستان نە بروایەدایە کە لەو کاتانەن کەهەست بەبوونی جیاوازییەکی تەواو لە بەرژەوەندییەکاندا

---

[25] هەمان سەرچاوە، لا340.

[26] هەمان سەرچاوە لا340.

[27] جیمس دورتی و روبرت بالتگراف، النظريات المتقاربة في العلاقات الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو لا354.

دەکرێن، هەروەها لەو حاڵەتانەدا کە بەرژەوەندیی لایەنە بەشدارەکان لە کێشمەکێشمی نێودەوڵەتییەکاندا دەکەوێتە ناو ئەو بارودۆخەوە هیچ بۆشاییەکە ناهێڵێتەوە بۆڕێك کەوتن و دانوستان کە ناوەڕۆکی پرۆسەوە دانوستان پێك دەهێنن، هەروەها بیرۆکەی دانوستان پێی وایە کە ڕەگەزی پەیوەندیی دەماری سەرەکی و زیندو لە دەمارەکانی پرۆسەی سازشی (ڕێکەوتن) دبلۆماسی.

تیۆری دانوستان جیادەکرێتەوە بە دوو شێوازی سەرەکی لە شێوەی دانوستانی سازشکاری (المساومات التفاوضية) کە ئەوانیش[28]

1ـ سازشی بەرژەوەندی خواز (المساومات التصالحية) **Accomodative Bargaining**

2ـ سازشی زۆرەملێ (المساومات القسرية) **Coercive Bargaining**

1ـ سازشی بەرژەوەندی خواز Accomodative Bargaining

ئەوسازشەیەکە بەکاردهێنرێت بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە بارودۆخی ناکۆکی ئاسایی نێودەوڵەتی و حاڵەتەکانیدا، لە بنەڕەتیشدا پشت دەبەستێت بە بنەمای وەرگرتن و بەخشین لە نێوان کۆمەڵێك لایەنی ئاگادارو هۆشیاری بە خەسڵەتە هاوبەشانە، کە بەدەستی دەهێنن لە ئەنجامی ڕێکەوتنیان ئەم جۆرە سازشانەش گەڵاڵە دەبێت لەسەر بەرژەوەندی هاوبەشی کە لایەنەکان لەسەری ناکۆك و ناتەبانین.

2ـ سازشی زۆرەملێ Caerecive Bargaining

بریتیە لەو سازشانەی کە ڕوودەدات لە بارودۆخ و ئاوهەوای هەڕەشە ئامێزو ڕەشەکوژی و ترساندن (**intimidation**) و نمایش هێزدا و ئارەزووی (إبتزاز) کردن کە مەرەسەدەکرێن

---

[28] (اسماعيل صبرى مقلد، نظريات السياسية الدولية) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا347.

لەلایەن لایەنە بەهێزەکاندا بەسەر لایەنە بێ هێز و لاوازەکاندا ملکەچ پێ کردن و سەپاندنی ماف و بەرژەوەندییەکانیان بەسەریاندا.

سازشی زۆرە ملێکان زۆرتر باون لە بارودۆخی قەیرانە نێودەوڵەتیەکاندا، تیایدا جەخت لەسەر بەرژەوەندیە دژەکان هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی دەسکەوت و دورکەوتنەوە لە زەرەوزیان، لەگەڵ ئەمەشدا بەدوورنازانرێت کە سازشە زۆرەملێکان لە قۆناغی دواترا بگۆڕێت بۆ سازشکاری بەرژەوەندی خواز.

بەشێوەیەکی گشتی دانوستانە دبلۆماسیەکان پشت ئەبەستێ بە ئیدارەیەکی ئالۆز و قورس و گران، ئیدارەی گفتوگۆکان (دانوستانەکان) پێویستی هەیە بە توانا‌ولێهاتوویی، بەهەڵەداچووە ئەوەبی کە لەو باوەڕەدایە کە تۆندڕەوی لەگەڵ لایەنی بەرامبەردا باشترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە باشترین ئاکام. هەروەها بەهەڵەداچوو ئەوکەسە، کەلەو باوەڕەدایەکە ئاسانکاریی لەگەڵ لایەنی بەرامبەردا باشترین ڕێگایە بەڵکو باشترین چارەسەر بۆ ئیدارەی دانوستان بریتیە لە نەرم و نیانی (مرونە)، مرونە هەمیشیە دائەنرێت بە باشترین (فضیلة) ئەگەر خاوەنێکی بە توانای هەبێت لە ئیدارەکردنیدا، بۆ نموونە لە هەڵە بلاوە باوەکان دۆزینەوەبی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان دانوستانەکان و لە نێوان سازشەکاندا (ڕێکەوتنەکان) لەسەر ئەو بنەمایەبی ئەگەر لایەنەکان ڕەفزی ئەوەبکەن کە خستوویانەتە ڕوو لەسەر مێزی گفتوگۆ وەکو پێویست شتێکی ناوەند قبوڵ دەکەن لە نێوان ئەوانەی کە ڕەتیانکردۆتەوە یاخود شتێکی ناوەند لە نێوان خاڵی دەست پێکردن بۆ هەردوولایەن لە کاتێکدا کەپێش گفتوگۆکان داواکارییەکانیان زۆرتربوون ئەمەش ڕێگردەبێت بۆ داواکارییەکانییان لەهەمان کاتیشدا لایەنەکان تنازلات دەست پێدەکەن بەمەش زیادبوونی ئەم تنازلاتانە دژ بە بەرژەوەندییەکانیان دەبێت، ئەم شێوە بۆپوزش دانوستانەکان لە کایەی دبلوماسیەوە دەگوێزێنەوە بۆ بواری، بازرگانی، ئەوەش لایەنی کفتوگۆکارەکان بە

ڕێگایەکی داخراو ئەگەیەنێ، دانوستانیش کارێکی پێویستە و دەبێت بەبێ لە خۆبایی بوون بەڕێوەببردرێت.

(محەمەد حسین هیکل) ئەبێت[29] ئەگەر ویستت بچیتەناو دانوستانەکانەوە پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بزانێت کە تایبەتە بەلایەنی بەرامبەر.

- دیدیی ستراتیژی و سیاسی چیە کە بارودۆخی جوگرافی لە سەردانراوە؟

- ئاستی (مدی) لایەنگیری ڕای گشتی ناوخۆ بۆ سیاسەت چیە؟

- پەیوەندیت چیە لەگەڵ لایەنەکانی تردا، دۆستایەتی یە، هاوپەیمانێتی یە، یاخود دوژمنکارانەیە؟وە پلەبی کاریگەری لەسەری چەندەیە؟

- جۆری ئەو فەرمانڕەوایە سیاسیە چی یە لە حوکمی ولآت دەکات؟وە توانای چەندە لەسەر بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە خۆیی بڕیاری لەسەرداوە یاخود بۆ گەلی ڕاگەیاندووە؟

- بۆچی دەوڵەت سیاسەتێکی دیاریکراوی هەڵبژاردووە؟ ئایا لە بەرئەوەی کە لێپرسراوە بەرامبەری ئەم چەمکە زیاتر سەلامەتترە لەوانی تر سەبارەت بە کەسایەتیەکانی؟

ئایە لەبەر ئەوەی سەرکردەکانی ئەیانەوێت کاردانەوەی (رد فعل) دوژمن دیاری بکەن؟

ئایە لەبەرئەوەی ڕای گشتی لەوڵاتدا، ئاڕاستە، سیاسەتێکی دیاری کراو دەکرێن؟ ئایە سەرکردەکانیان لە قەیراندان و ئەیانەوێت بەهەر شێوەیەك بێت وای دەربخەن کە توانای بزاوتن و بەڕێوەبردنیان ماوە؟

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێت کە ئەگەر وەڵامی ڕاستی ئەو پرسیارانە بزانیت ئەوا ئەگەینە زەمینەیەکی پتەو لەگەڵ لایەنی گفتوگۆکاردا.

---

[29] محمد حسنین هیکل، وتارێك لە ژێر ناونیشانی (عالم بغیر کیسنجر) وە وەرگێڕاوە لە أمین هویدیی، کیسنجر و الصراع الدولی، هەمان سەرچاوە پێشوو، لا169.

دووەم: تیۆرییەکانی ڕێکخستنی نێودەوڵەتی
(نظريات التنظيم الدولي)

لەسەدەی نۆزدەهەمەوە چیتر دەوڵەتان قۆرتی پەیوەندییە سیاسیە نێودەوڵەتیەکانیان دەکرد بەڵکو بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان پەیدابوون و گەشەیان کرد کە کێ بەرکێ (منافسەی) ئەو دەوڵەتانەی ئەکرد لەوبوارەدا، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەوڵەت لایەنێکی دیاری ئەو گەمەیەبووە بەتەنیشت لایەنە سەرەکیەکانەوە پێویست بوو کە شوێن بە لایەنە لاوەکی یەکان (ثانوية) بدرێت، لێرەوە تیۆرییەکان ڕێکخستنی نێودەوڵەتی گەڵاڵەبوو.

ئەم تیۆرییانە شوێنکی دیاریان داگیرکرد لە چارەسەرکردنێکی کشتگیرکە هەوڵیان ئەدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕیشەی کێشە و گیروگرفتەکان ململانێی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی گشتی ئەم تیۆرباز نە لە سەربنەمای (منطق)بنیاتنرابوون ئەو منتقەی کە پێی وابوو دەتوانێت سنور بۆ ململانێ نێودەوڵەتی یەکان دابنرێت لە ڕێگای ڕێوشوێن و گیروگازی (إجراءات و تدابير) هاریکاری نێودەوڵەتی متبادل الذي تتفاوت في عمقة وامده).

لە ڕێکخستنی نێودەوڵەتی جیهانیەوە بۆ ڕێکخستنی نێودەوڵەتی ئیقلیمی بۆ تکاملی نێودەوڵەوتی، بۆ حکومەتی جیهانی... هتد ڕێکخستنی نێودەوڵەتی بەڕەهەندی جیهانی و ئیقلیمییەکەیەوە لەلای هەندێك بە خەسڵەتی واقیعی و پراکتیکی وەسف دەکرا لەیەککاتدا، بەوپێ یەی کە فرەسیستمی نێودەوڵەتی وەك ڕاستییەکی هەنوکەی (كحقيقة القائمة) دادەنرێت، ئەمەش بنەمایەکی بەهێزتر پێکدەهێنێ بۆ پاڵپشتی کردن تواناکانی هاریکاری نێودەوڵەتی متبادل وەك پێشەکیەکی پێویست و لۆژیکی (منطقية) بەرەو باشکردنی و فەراهەم کردنی ئاستی نێودەوڵەتی بە دروست بوونی کۆمەڵەی گەلان (عصبه الامم) خستنەناوەوەی سیستمی بنەڕەتی لە پەیمانی (فرسایی سالێ-1919)، میژوویەکی

جیاکراوە لە پەیوەندیە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان هاتەکایەوە کۆمەڵەی گەلان بەرجەستەبوو لە نێوان ساڵانی (1919 – 1939) وەك یەکەم ڕێکخراوی جیهانی خاوەن خەسڵەتی سیاسی "نموونەی ئاشتی بەهێزی ماف وناسانێتی کۆمەڵەوە)[30] (نموزج السلام بواسطة الحق و الأمن الجماعي).

لە میساقی کۆمەڵەدا شتێکی نوێ هاتەکایەوە ئەویش ئەوەبوو کە بنیاتنانی ئەم ڕێکخراوە یەکەم هەوڵی نێودەوڵەتی بوو بەرەو بەدیهێنان کامڵ بوون (تکامل) لە نێوان هەموو ئاراستە و تێوریيەکانی پەیوەندی بە چۆنیەتی دارشتن و بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لە نێوان دەوڵەتاندا، هەموو ئەوانەشی لە چوارچێوەی یەك ڕێکخستنی نێودەوڵەتیەوە کە تیایدا هەموو دەوڵەتانی جیهان تیایدا ئەندام بن.

لە میساقی کۆمەڵەی گەلاندا سێ دەزگای هەمیشە پاشکۆی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دامەزرا کە ئەوانیش کۆمەڵەی ئەنجومەن و سکرتاریەت بوون (الجمعية المجلس السكرتارية) سەرەڕای دوو دەزگای نیمچە سەربەخۆی تر کەلە دەرەوەی چوارچێوەی میساق دامەزرابوون ئەوانیش دادگای دادی هەمیشەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی بوون، پێویستە ئاماژە بەوەبکەین کە ئەنجومەنی کۆمەڵە (مجلس العصبه) دەزگایەکی سەرەکی بوو تایبەت بە لێکۆڵینەوەی هەموو لایەنەکان پەیوەست و پەیوەندیدار بە بابەتی ئاسایش جماعی و ڕێککردنی ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان لە ماوەی هەڵسان بەڕۆڵی ناوبژیوان لە ڕێکخستنی (توفیق) لایەنە ناکۆکەکان و چارەسەرکردن هەموو ناکۆکیانەی کە لە نێوانیاندا سەری هەڵداوە، دیاریکردنی ئەو ڕێ و شوێنانەی (التدابیر) کە پێویستە بگیرێتە بەر لە بەڕووبەڕووبونەوی دوژمندا.

---

[30] دانیال کولار (العلاقات الدولية)، هەمان سەرچاوەنی پێشوو لا55.

ڕەوایە ئەگەر بوترێت کە کۆمەڵەی نەتەوەکان وەکو ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی جیهانی نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە مەیدانی چارەسەرکردنی ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا هۆکاری ئەم سەرکەوتنەش زۆرن بەشێك لەو هۆکارانە لە دەرەوەی ئیرادەی ئەودابوو وەکو ڕێکخراوێکی جیهانی، ئەکرێت ئەو هۆکارانەش بەم شێوەیە کۆبکەینەوە.

نەچوونە ناوەوەی هەموو دەوڵەتە گەورەکان بۆ ناو کۆمەڵە تەنانەت ئەگەرچی هەندێکیان چوونەناوی، بەڵام تاماوەیەکی زۆر ئەندامی کۆمەڵە نەبوون[31] هەروەها بااڵدەستی شێوازی ئەوروپی (الطابع الأوروبی) بەسەریدا بەشێوەیەکی تایبەت بەرتیانیا و فەرەنسا هەروەها گرێدانی پەیماننامەی عصبه (عهد عصبة) بەڕێکەوتنامەکانی سوڵحەوە کە ئەمەش کارێکی نادروست بوو، لەبەرئەوەی عهد دادەنرا بە بەڵگەنامەیەکی دەستوری یاسایی لە کاتێکدا ڕێککەوتنامەکان سڵح (معاهده الصلح) دادەنران بە ڕێککردن (تسویة) لە نێوان الیەنە سەرکەوتوەکانی و الیەنە دۆڕاوەکانی جەنگدا، بەمەش ڕێککەوتنامەکان صلح دائەڕێران بەپێی خواست و ئارەزووی الیەنە سەرکەوتووەکاندا. ئەمەش واتە بەدینەهێنانی یەکسانی لە نێوان دەوڵەتاندا. (هذا یعني عدم تحقیق المساوات

[31] وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەچووە ناو کۆمەڵەی گەلانەوە (العصبه) سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە دامەزراندنیدا، هەروەها نزی دەرکردنی (طرد) دژی بەکش سۆڤیەت دەرکرد لە ساڵی 1939 لە کاتێکدا کە لەساڵی 1934 چوونەناو عصبەوە هەروەها ئەڵمانیا پاشەکشەیان کرد، عصبه بوون دوای دەسەاڵتگرتنە دەستی فاشیزمکان.

[32] بااڵدەستی شێوازی ئەوروپی (طابع الأوروبی) کە تایبەت بە سێ لقە سەرەکییەکەندا بە تایبەت (المجلس و الأمانة) باوێنە هەیەنەی هەموو دەوڵەتانی ئەوروپا سەر بە دەزگای سەرەکییەکاندا بوو تایبەت (بەریتانیا و فەرەنسا).

بین الدول). هەروەها دوو دڵی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە هەڵوێست وەرگرتنی یەکلاکەرەوە[33] لە هەندێ بارودۆخی پێویستدا و پەیڕەوکردنی سیستمی مەرکەزیی کە هەموو تایبەتمەندییەکان پەیوەست کردبوو بە خۆیەوە و دواجاریش پشت بەستن بە پرەنسیپی گشتی لە بڕیاردەکردندا، هەموو ئەم هۆکارە گرنگانەش فاکتەری گەورەبوون لە پەکخستنی و سەرنەکەوتنی کۆمەڵەدا کە لە کۆتاییدا بوونە هۆیی بەرپاکردنی جەنگی دووەمی جیهانی و سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی نوێی جیهانی.

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێکهات وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ کۆمەڵەی گەلان چونکە کۆمەڵە سەرکەوتوونەبوو لە فەراهەم کردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیدا. لە کاتێکدا کە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان ڕێگربوون لە دووبارە زیندوکردنەوەی ئەو ڕێکخراوەدا، بەڵام بەرهەڵستی کردنیان ڕێگرنەبوو لە سود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی وەك ئەڵتەرناتیڤێکی بنیاتنەر، کە نەتەوە بەکگرتووەکان جەختی دەکردەوە لەسەر گرنگیدان بەڕێککردنی ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان بەڕێگای ئاشتیانە کاتێك کە ڕێککردنی ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکانیان کرد بە ئامانجی یەکەم هەوڵدان بە هەموو توانایەوە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، بەرپرسیارێتی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی خرایە ئەستۆی ئەنجومەنی ئاسایش وە ئەوکاتەوە ئەنجوومەنی ئاسایش بەپێی ئەو پەیمانە مافی تاوتوی کردن و لێکۆڵینەوەی هەر ناکۆکی و هەڵویستێکی هەبوو کە ببێتە هۆیی ڕوودانی پێکدادات لە نێوان دوو دەوڵەت دایان زیاتر، بەڵام خراپ بەکارهێنانی ئەنجومەنی ئاسایش لەلایەن هەندێ لە ئەندامە هەمیشیەیەکانەوە بوەهۆیی گواستنەوەی بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی

[33] کۆمەڵە دوو دڵبوو (تردد) لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەڕووی داگیرکاری ئیتالیا بۆ سەر حەبەشە، هەروەها لە بەرپەرچدانەوەی داگیرکاری ژاپۆن بۆ سەر چین و هەروەها بەرگریکردن لە نەمسا و چیکۆسلۆڤاکیا...هتد.

لە بواری پاراستنی ئاشتی بۆ کۆمەڵەی گشتی ئەمەش بەبێ تعدیلی ڕەسمی لە پەیمانەکەدا (میثاق)[34].

پرەنسیپەکانی پەیمانی (میثاق) نەتەوە یەکگرتووەکانی لە دووماددەیی یەکەم و دووەمی لە خۆگرتووە سەرەڕای دیباجە کە هەموویان جەخت دەکەنەوە لەسەر پرەنسیپی یەکسانی لە سەروەری و نەهێشتنی ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان بەڕێگای ئاشتی و دەست نەخستنەناو کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتانی ئەندام و ڕێگەنەدان بە دەوڵەتانی ئەندام بەبەکارهێنانی هێز یاخود هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا بۆ جێبەجێکردن بەدیهێنانی ئەم پرەنسیپانە پێویست بوو بە پێکهێنانی ئەنجومەنی زیادە وەکو ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەنجومەنی ڕاسپاردن ، ڕاستیەکی ئاشکرا هەیە کە ئەویش ئەوەیە کە ڕێکخستنی هەموو دەزگا سەرەکیەکانی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان زیاتر وردتربوو لە لقەکانی کۆمەڵەی گەلان، سەرەڕای هەموو ئەوانەش چالاکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تاڕادەیەکی ڕێژەیی سەرکەوتوونەبوو بە تایبەتی لەو ڕووەوەی کە پەیوەندیدارە بە دارشتن و بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە، هەڵگیرساندنی جەنگی سنوردار بەڵگەیە بۆ ئەوە هۆکارن ئەو سەرنەکەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوان دەوڵەتە گەورەکاندا هەروەها بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندییەکانیان.

بەڵام سەبارەت بە ڕێکخستنی نێودەوڵەتی ئیقلیمییەوە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە چارەسەری کارا بۆ ئەو کێشەو گیروگرفتانە بدۆزێتەوە کە سروشتێکی تایبەتی ئیقلیمییان هەیە ناتوانرێت چارەسەرکردنیان مسۆگەربکرێت بەبێ بەشداری کردنی ئەو

[34] د. اسماعیل صبری مقلد (نظریات السیاسیة الدولیة) هەمان سەرچاوەی پێشوو لا375.

دەوڵەتانەی کە پەیوەندییان بەوکێشانەوە هەیە لە ڕێکخستنێکی ئیقلیمی دیاریکراودا، بەمەرجێك کە توانای گونجاو لە ئیمکانیاتی کاری نێودەوڵەتی هاوبەشی فەراهەم بکرێت.

ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە ئیقلیمییەکان پلەیەکی ڕێژەی بەرزی پشتگیری جەماوەرییان هەیە ئەم پشتگیریەش لەو راستیە سایکۆلۆژییەوە سەرچاوە دەگرێت کە بریتییە لەوەی کە تاك زیاتر ڕازی دەبێت بەوەی کە پەیوەست بێت بە کۆمەڵگای ئیقلمییەوە، زیاتر ڕێکخستنی نێودەوڵەتی جیهانیەوە ئەمەش بەهۆی پەیوەندییە جوگرافی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕەگەزیش لە هەندێ کاتدا.

گەشەکردنی ئیقلیمی و فراوان بوونی مناقەشەیەکی فراوانی بەرپاکرد لەنێوان ئەوانەی کە پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرد و ئەوانەی کە بەرگرییان لێ دەکرد هەروەها لە نێوان داواکەرانی جیهانیدا، ئەم گفتوگۆیە جەختی دەکردەوە لەسەرئەوەی کە کامەیان مافی لە پێشنیەی هەیە لە هاندانی دەوڵەتان (ڕێکخراوی ئیقلیمی نێودەوڵەتی یاخود جیهانی)، لێرەدا هەندێك ئەڵێن کە ڕێکخراوە ئیقلیمیە نێودەوڵەتیەکان بە تواناترو سەرکەوتوترن لە بەدیهێنان و جێبەجێکردن لە ڕێکخراوە جیهانیەکان، ئەمەش لەبەرکەمی دەوڵەتانی ئەندام تیایدا، بوونی عادات و تقالیدی هاوبەش بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لەیەك نزیك بەمەش توانای ئامادەکاری زیاتر بۆ ڕێککەوتن فەراهەم دەکات لە نێوان دەوڵەتاندا، هەروەها دەزگا ئیقلیمییە نێودەوڵەتیەکان لە زۆرترین باروۆخدا توانایی ڕیکخستن و بەڕێوەبردن و توانای هونەری فەراهەم دەکات کە یارمەتی دەردەبن بۆ بە جێهێنانی کارەکانی بەسەرکەوتوویی بەجۆرێك کە بۆ ڕێکخراوە جیهانیە نێودەوڵەتیەکان فەراهەم نابێت.

ڕێکخراوە ئیقلیمییە نێودەوڵەتیەکان بەدیاردەیەکی نوێ دادەنرێت بۆ چالاکی پەیوەندییە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان هەروەها ئامرازێکیش بۆ لێك نزیك بوونەوەو

هاریکاری لە نێوان گەلان و دەوڵەتە دراوسێکان کە ڕووی جوگرافیەوە بەرژەوەندی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە یاخود یەکێتی زمان و ئاین و بنەڕەت بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، تەکەتولی (التكتل) ئیقلیمی بەیەکێك لە خەسڵەتە دیارەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاوچەرخ دادەنرێت بە تایبەتی دوای سەرهەڵدانی ئەو دۆزگاو دامەزراوانەی کە گوزارشت لە ڕێکخراوە ئیقلیمییەکان دەکەن کە ئامانجیان بەدیهێنانی یەکێتی ئیقلیمی و بەرژەوەندی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوانەیە.

سەرهەڵدانی ئەم ڕێکخراوانە بەکارێکی پێویست دادەنرێت کە دەبێت هەربن بەو پێیەی کە ناکرێت بەهیچ شێوەیەك ڕۆڵی پەیوەندییە ئیقلیمیە تایبەتیەکان کە پەیوەندییان بە بنەڕەت و ئاین و زمانەوە هەیە لەبەهێزکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی کە بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە زیادکردنی و گەشەپێدانی هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوە ئیقلیمییەکاندا فەرامۆش بکرێت.

سێهەم: تیۆرییەکانی کامڵ بوونی (التكامل) نێودەوڵەتی (نظريات التكامل الدولي)

سەرەڕای تازەگەری ئەزموونی کاملبوون (تکامل) لە جیهاندا وەك یەکێك لە شێوەکانی کاردانەوە (تفاعلات)ی نێودەوڵەتی کە لێکۆڵینەوەو دیراسەکردنی زۆرکێشە و بابەت دروست دەکات لەسەر ئاستی تیۆری و پراکتیکی کە پەیوەندیدارە بە بوارەکانی و تایبەتمەندییەکانی (خەسڵەتەکانی) تواناکانی بەدیهێنانی بەو پێیەیی کە تکاملی نێودەوڵەتین یاخود تکاملی ئیقلیمی. کامڵ بوون (تکامل) جیاوازە لە تەنها هاوکارییەکی سادە کە مەبەست تیایدا پاراستنی سەربەخۆیی دەوڵەتە بەشدارەکانە کە بەشێوەیەك لە شێوەکان نابێتە هۆیی گواستنەوەی دەسەڵاتی دروستکردنی بڕیار بۆ دامەزراوەکانی

هاوکاری کردن بۆ ئەوەی بەباشی لە تیۆرەکانی کاملّبوونی نێودەوڵەتی بکۆڵینەوە لەسەرمان پێویستە کە بە شیکارکردن و دیاریکردنی هێڕە سیاسیەکان دەست پێ بکەین کە بەشداری دەکەن لە گەیشتنی کۆمەڵگای سیاسی بۆ حاڵەتی کاملّبوون (تکامل). لێکۆڵینەوەی کاملّبوون (تکامل) بەشێوەیەکی گشتی ڕووبەڕووی دووکێشەی سەرەکی دەبێتەوە ئەوانیش (کێشەیەك کە لە لێکۆڵینەوەی جیاوازییەکان کە لە نێوان تاکەکان و ئاستی گوێرایەڵی بۆ کۆمەڵگای سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێ وە کێشەی بەدەستهێنانی بنەما ڕەواڵەتی و بابەتیەکان بۆ ڕێککەوتن لە ناو سیستمی سیاسیدا[35].

(اسماعیل صبر مقلد) بەم شێوەیە پێناسەی کاملّبوون (تکامل) دەکات (پرۆسەیەکە لەسەروو ئاستی نەتەوەوە بەرهەم دێت کە بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی تایبەتمەندیە وەزیفییەکانی بۆ ئەگوێزرێتەوە کە پێشتر حکومەتە نیشتمانیەکان دەیانگرتە ئەستۆ، ئەم قەوارە نوێ و فراوانە وەکو پێشڕەوێکی ناوەندیی لێ دێت کە هەموو ولائات (الولاءات) و پێشبینی و چالاکیە سیاسیەکانی بۆ لایەنە نەتەوەییەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە کە دۆزیویەتەوەو بەشداری کردووە لە خولقاندنیدا)[36].

کاملّبوون نێودەوڵەتی جیاوازە لە ڕێکخستنی نێودەوڵەتی بەو پێیەی کە ڕێکخستنی کاردەکات بۆ دروستکردن و هێنانەکایەی ئەو دامەزراوانە نێودەوڵەتیانەی کە لە نێوان دەوڵەتاندا هاتووچۆدەکەن، لە کاتێکدا کە تکاملی نێودەوڵەتی ئەم دامەزراوانە ئەخاتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی نەتەوەوە.

لە شێوازەکانی تکاملی نێودەوڵەتی تکاملی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی سیاسی. لە تکاملی ئابوریدا بازاڕە ئابوورییە هاوبەشەکان دروست دەبن بە ئاملانجی

---

[35] جیمس دوریتی و روبرت ئالتگراف (النظریات المتظاربة في العلاقات الدولیة)، هەمان سەرچاوەی پێوە لا209.

[36] د. اسماعیل صبری مقلد (نظریات السیاسیة الدولیة)، هەمان سەرچاوەی پێشوو لا380.

پەرەپێدانی وزەو توانا ئابورییە ڕەخساوەکان لەلای دەوڵەتانی بەشدار لە پڕۆسە، تکاملدا لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامراز و هۆیەکانی جێبەجێ کردن ئەم پرۆژانە وەك یەکخستنی یاسای باج و گومرگ و لابردنی ئەو لەمپەرانەی کەدەبنەهۆی ڕێگرتن لە گواستنەوەی شمەك یا کەلوپەل یاخود سست کردنی جوڵەی کارو سەرمایەوە لێرەدا هەندێك گرفانە هەن کە یارمەتیدەرن بۆ سەرهەڵدانی ئەم جۆرە لە تکامل بە تایبەتی سودبەخشەکان بۆ هەموو لایەنەکانی یەیەکسانی—بەدەستهێنان سود- زۆرترین بەشی پێویست لەیەکە سەرەکی و لقییە بەشداربوەکان لە یەکێتییەکەدا فاکتەرێکی گرنگە بۆ پاڵنان بەرەو سەرکەوتن بۆ یەکەیەکی باڵاتر، بەوپێیەبی کە دابەشکردنی سود و قازانجەکان دەبێتە هۆی فراوان بوونی بازنەی پشتگیری کردن، کاتێك کە هەموو لایەنەکان سودمەندەبن ئەو قازانجانە وایان لێ دەکات کە شوێنی خۆیان لەناو ئەو یەکێتییەدا زیاتر قایم بکەن ڕووبەڕووی یەکێتی ببنەوە لە هەر قەیرانێکدا)[37].

بەڵام تکاملی کۆمەڵایەتی واتە گواستنەوەی نەتەوەیی بۆ کۆمەڵگای سیاسی گەورەتر لە دەوڵەت کە تیایدا ئاڕاستەی سەروو نەتەوەیی یان ئەوەی کە پێی ئەوترێ وشیاری سەرو نەتەوەیی گەشەدەکات لەم شێوەی تکاملەدا چەندین هێز یەکێتی خواز کە پەیوەندیکان بەپێناسەی کۆمەڵایەتیەوە هەیە سەرهەڵدەدەن لەتقوس و دروشمەکان و ئەو بەهایانەی کە لە ناو کۆمەڵگادا بڵاون، کە دەکرێت سودیان لێ وەربگیرێت بۆ یەکگرتن و یەکێتی، ئەم هێزە یەکێتی خوازە پابەندی نوخبە یەکە لە ناو کۆمەڵەدا ئەم نوخبەیەش لەناو سیستمدا (النظام) بە تاکە بەرگری سەرەکی دادەنرێت بۆ بەرگری کردن و پاراستنی ئەو یەکێتییە نەك نوخبەی دەرەکی)[38].

---

[37] جیمس دورتیی و روبرت بالتسگراف، النظریات المتظاربة في العلاقات الدولیة، هەمان سەرچاوەی پێشو لا279

[38] هەمان سەرچاوە لا283.

بەڵام سەبارەت بە تکاملی سیاسیی سەرکەوتنی ئەم تەکاملی پەیوەست بە فەراهەم کردنی دوو فاکتەری سەرەکیەوە (یەکەمیان یەك بوونی (توافق) بەها بنەڕەتیەکانە کە فرەیی و دەستور و پەرلەمانی دەگرێتە خۆی و ئەویتریان... وەڵام دانەوەی وەك یەك ئەمەش واتا درککردنی هۆی هاوبەش و هەستکردن بە گرنگی هاوبەشی یەکتری)[39].

تکاملی سیاسی نزیکە لە ئامادەکاری وازهێنان لە سەربەخۆیەی کلاسیکی بۆ دەوڵەت و گواستنەوەی هەموو صلاحیات إختصاصات بۆ هەیئەتی نێوان حکومەتەکان بۆ ئەوەیی یەك بوونی سیاسەت ڕێککەوتن (توافق) لەنێوان بۆچوونە جیاوازەکان سورن پلەپلە لە بیرۆکەی سەروەریدا بگرێتە ئەستۆ، تا ئەوەی ئەم هەیئەتە دەبێتە دەسەڵاتێکی باڵا کە مارەسەی سیاسەت و بڕیاردەرکردن بکات لەو دەوڵەتانەدا کە بەشدارن تیایدا دەبێتە هەیئەتێك لەسەروو دەوڵەتەکانەوە.

بەڵام تکاملی ئاسایش واتە ڕێککەوتنی دەوڵەتە بەشدارەکانە لە ڕێکخستنی ئاسایشە کۆمەڵیەکاندا بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی لە ڕووی تواناو هێزیان لەسەر بڕیاردانی سەبارەت بە ئاسایشی هاوبەش لە ڕێگەی نەخشەدانان و جێبەجێکردنی (ڕاپەڕاندن) و فەرمانڕەوای هاوبەش.

کارل دویچ هەندێ مەرج بۆ تکاملی ئاسایشی دیاری دەکات کە لە (خۆگونجاندن هاوبەش لە بەها سەرەکیەکانی و جۆری ژیانی جیاواز و پێشبینی کردن سودی هاوبەشی کە ئەمەش پێش دەستپێکردنی لە سەپاندنی خەوشەکانی کامڵ بوون یاخود یەکگرتن بێت، هەروەها زیادبیەکی بەرچاو لە تواناکانی کارگێڕی و سیاسی لانی کەم بۆ هەندێك

[39] د أحمد عبتس عبدالبديع، العلاقات الدولية أصولها قضايا المعاصرة هةمان سةرچاوةی ثێشوو لا 271.

یەکەی بەشدا)[40] هەروەها هەندێك هۆکاری تر هەن کە ڕۆڵیان هەیە لە بنیاتنانی نموونەی ئاسایش وەك لایەنی ئابووری و ئەڵقەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان هەروەها زیاد بوونی و فراوان بوونی بنکەی نەخبەی سیاسی و دواجار فرەی لایەنەکانی پەیوەندی مامەڵەکردن لە نێوان لایەنەکان و تاکەکاندا.

چوارەم: تیۆری حکومەتی جیهانی (النظرية الحكومة العالمية)

کلارك و سوهن دەڵێت کە حکومەتی جیهانی بریتیە لە (سیتمێکی کارا لە یاسایی نێودەوڵەتی جەبریی کە جێبەجێکردنی تەنها پەیوەستە بەبواری ڕێگرتن لە جەنگ)[41] لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە سنوردانان بۆ تایبەتمەندیەتی یاسایی و کەمکردنەوەی توانای سەربازیی دەوڵەتان دەبێتە کارێکی پێویست تا ئەو ڕادەیەبی کە وای لێدەکات ملکەچ بێت بۆ چاودێری کارای جیهانی لە بواری ڕێگرتن لە ڕوودانی جەنگ، ئەمەش کتومت دەماری ناوەندی یە کە پرۆژەی حکومەتی جیهانی لەسەر بنیات دەنرێت.

تیۆری حکومەتی جیهانی لەسەر ئەو بنەمایە وەستاوە کە بوونی چەند دامەزراوەیەکی ناوەندیی جیهانی کە توانا و دەسەڵاتێکی وای هەبێت کە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان بە ئاڕاستەی هەڵنەگیرساندی جەنگە نێودەوڵەتیەکان بەڕێوەبەرێت. ئەم کارەش پێویستی بە پێدانی دەسەڵاتی یاسایی هەیە بە ئەو دامەزراوە ناوەندییە جیهانیانە تا بە هۆیانەوە بتوانێت یاسا و یاسادانان دابڕێژن کە گرنتی هێنانەدی ئەم ئامانجە فەراهەم بکات و بتوانێت کە ئەم یاسایانە جێبەجێ بکات.

---

[40] جیمس دورتی و ڕوبرت بانتگراف، (النظريات المتضاربة في العلاقات الدولية)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا276.

[41] د. اسماعیل صبری مقلد، (العلاقات السياسية الدولية)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا391.

هەروەها تیۆری حکومەتی جیهانی داوای سنوردانان بۆ سەروەری دەوڵەتان و تایبەتمەندیەکانی سەبارەت بەبابەتی بەکارهێنانی هێز دەکات ئەمەش بەگواستنەوەی ئەم تایبەتمەندیە یاساییە بۆ دەزگا بەر پرسیارە جیهانیەکە.

ئەم تیۆرییە ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنە بۆتەوە کە خۆی دەبینیتەوە لە گوزارشت کردنی سنوربەزاندنێکی دوور لەوەی کە ڕێی پێدراوە لە تواناکانی ڕەوشی هەنوکەیی نێودەوڵەتیدا،دامالێنی چەکی ئەو دەوڵەتانەی کە پەیوەست و نزیك بە دامەزراندنی دەسەلاتێکی ناوەندیی نێودەوڵەتیەوە کە لە ڕێگایەوە دەوڵەتان ملکەچ بن بە بڕیارەکانی و دەست هەڵبگرن لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی سەروەری نیشتمان، ئەم جۆرە داواکاریەش نایەتەدی لە سایەیی دابەش بوونی دەوڵەتان بۆ چەند بەرە و هاوپەیمانێتی ململانێکەر. هەروەها ناکرێت ئەو دەسەلاتەی کە حکومەتی دەوڵەتەکان هەیانە بەسەر هاوڵاتیانی خویاندا بەراوردبکرێت بە ئەو دەسەلاتەی کە حکومەتی جیهانی هەیەتی بەسەر دەوڵەتاندا. دواجار گرانی و دژواری وێناکردنی چۆنیەتی بڕیاردان لەلایەن ئەو حکومەتە جیهانیەوە. هەروەها پڕۆژەی حکومەتی جیهانی بە شێوەیەکی گشتی دینامیکیەتی ململانێی نێودەوڵەتی فەرامۆش دەکات کە جیاوازی دژبەیەکی نێودەوڵەتیەکان لێدەکەوێتەوە.

پێنجەم: تیۆرەکانی دامالێنی چەك: (نظريات نزع السلاح)

جیهان دیاردەیەکی ناوازەی بەخۆوەبینی لە سالی (1983) بەو پێیەیی کە زیاتر لەملیۆنیك کەس لە شەقامەکانی ئەورپادا خۆپیشاندانیان سازکردوو تیایدا داوای دامالێنی چەکیان دەکرد، بەشێوەیەکی ڕونتر داوای ڕێککەوتنیان دەکرد لە ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەت لە دانوستانەکانی(جنیڤ)دا سەبارەت بەلابردنی هەموو مووشەکە ناوکیەکان لە

هەریەك لە کیشوەری ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا. لەڕاستیدا خۆپیشاندانەکانی ئاشتی دژ بەخۆپڕچەککردنی چەکی ناوکی کاولکار و دیاردە هەمەجۆرەکانی تر و ئەو ترسە دەرونیەی کە لە مەسەلەی خۆ پڕچەککردندا ڕەنگی داوەتەوە و وروژاندنی ڕای گشتی هەموو دەوڵەتان بە شێوەیەکی تایبەت ترس لە کورە ناوەکیەکان (المحرقة النووية).

کێشەی دامالّینی چەك بەتەنها تایبەت نەبوو بە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بەڵکو ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورە بۆ مرۆڤایەتی دروست دەکات بەوپێیەی کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی کێشمەکێشم و نائارامی کە یاسای نێودەوڵەتی باسی لێوەدەکات وە مانەوەی بەبەردەوامی هەڕەشەیە بۆسەر مرۆڤایەتی، گرنگیدان بەم مەسەلەیە لە زیادبووندا بوو ئەمەش بەهۆی "ئەو توانا گەورەیەوە کە دەخرێتە بواری خۆپڕچەککردنەوە، لە کاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤایەتی بەدەست تراژیدیای برسێتیەوە دەنالّێنن کە کار گەیشتۆتە ئەوەی کە برسێتی هەڕەشەی مەرگ لە هەندێ دەوڵەت دەکات)[42].

هۆشیاری جیهانی بەگشتی سەبارەت بەو پێشبڕکێ لە خۆپڕچەککردندا لەماوەی چەندین ساڵدا، پێویستی دامالّینی چەکی هێنابیە ئاراوە، کە ئەمەش تاڕادەیەك ڕاستە چونکە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان هەموو ساڵێك لە بانگەوازەکانیدا دووپاتی دەکاتەوە بۆ دەوڵەتان کە ئەمەش لە بڕیاری (1318)ی ساڵی (1959)دا دەرچوو، لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە کۆمەڵە (جمیعة) گوزراشتی دەکرد بەوەی کە (کێشەی دامالّینی چەك گرنگترین کێشەیە کە پێویستە ڕووبەڕووی جیهان بکرێتەوە).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە هەندێ بیروڕای گشتی بدەین سەبارەت بە دامالّینی چەك پێش چوونە ناو بابەتە تیۆرییەکانیەوە، دامالّینی چەك مانای چی؟ (إسماعیل صبری مقلد) دەڵێت:"دامالّینی چەك واتە کەم کردنەوەیەکی جزئی یاخود ڕزگاربوونی تەواو لە ئامڕازە

[42] الحساب بوقنطار، العلامات الدولية هەمان سەرچاوە پێشوو، لا183.

ماددیی و مرۆڤاییەتیەکان کە یارمەتیدەرن لە مامڕسەکردنی توندوتیژیی ماددیی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا"[43] ئەوانی تر وەك دانیاڵ کولار پێی وایە کە (کارێکە کە دەوڵەتان پێ هەڵدەستن بە هەڵوەشاندنەوەی چالاکیە ماددیی و ئامادەگیە سەربازییەکانیان بۆ ئەوەی لە ژێر فەرمانی خۆیاندا نەی هێڵێتەوە، تەنها بە هێزێکی پێویست نەبێ ئەویش بۆ چەسپاندنی ئاسایشی گشتی)[44].

لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونانەوە دەکرێت بڵێین کە دامالێنی چەك جیاوازە لە چاودێری بەسەر خۆڕچەککردنەوە، واتا دیاردەیەکە لە دیاردەکانی هاریکاری و هاوبەشی نێودەوڵەتی سەبارەت بە سنوردانان بۆ پێشبڕکێ لە خۆڕچەککردندا و کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی جەنگ یاخود لانی کەم دیاریکردنی چوارچێوەی و کەمکردنەوەی تووندوتیژی تیایدا بە پێی توانا.

لە ڕاستیدا لێرەدا کۆمەڵێك فاکتەر و هۆکار هەن کە پاڵ بە دەوڵەتانەوە دەنێن بۆ دامالێنی چەك، لەوانەش شوێنەواری دارایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و شوێنەواری نێگەتیڤی جێماو لە پێشبڕکێی خۆڕچەککردندا، هەروەها ماوەی کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و پەرەپێدان و بەرەو باشکردنی ڕەوتی پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کەشێکی لەباری دروستکرد بۆ دامالێنی چەك، هەروەها ڕەوتی ڕای گشتی جیهان جۆرێك بوو لە هێزی فشاری گەورە لەسەر سیاسەتی دەوڵەتان وە پێویستە ئەو ڕاستیە بەرچاوە لەیاد نەکەین کە خۆیی دەبینێتەوە لە ڕۆڵی زانایان و ڕووناکبیران لە هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی

---

[43] د. أسماعيل صبرى مقلد، العلاقات السياسية الدولية، هەمان سەرچاوە پێشوو، لا595.

[44] دانیال کولار، العلاقات الدولية، هەمان سەرچاوەی پێشوو لا104.

و تەنانەت حکومەتەکانیشیان سەبارەت بە مەترسیەکانی پێشبڕکێ لە خۆپرچەککردن و پێویستی دامالێنی چەک[45].

لە هەمانکاتدا کۆمەلێك ڕێگر و بەربەست هەبوون کە کاریگەری نێگەتیڤیان هەبوو لەسەر پرۆسەی دامالێنی چەك کە کۆدەبنەوە لە کاریگەری نەتەوایەتی و سەروەری نیشتمانی لەسەر هەڵسووکەوتی دەوڵەتان و بیروبۆچونیان بۆ گیروگرفتەکە، هەروەها دژواری ڕێککەوتن لەسەر تێکڕای قبوڵکراو بۆ دامالێن یاخود کەم کردنەوە و سوککردنی، هەروەها نەبونی متمانە یاخود گومانی بەرامبەر هۆکارێکی تری نێگەتیڤ بوو کە ڕۆڵی دەبینی لەو بوارەدا، هەروەها باوەڕێکی گشتی هەبوو بەوەی کە بەردەوام بوونی ململانێی ئایدۆلۆژی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر توانای چارەسەرکردنی بۆ ئەو گیروگرفتە ئاڵۆزە، هەروەها گیروگرفتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێن بەهۆکاری ڕێگر لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا، سەرەڕایی هەندێ کێشە و گیروگرفتی تەکنیکی تر کە ڕۆڵی نێگەتیڤیان دەگێڕا لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا.

دوای ئەوەی کە ماهیەتی دامالێنی چەکمان زانی وەك کێشەیەك هەروەها ماهیەتی فاکتەرە پاڵنەرەکانی ماهیەتی ڕێگر و بەربەستەکانی ئەوەی کە ماوە لەسەرمان زانینی ئەو تیۆرانەیە کە پاییەکی بنەڕەتی لێکۆڵینەوەکەمانە. وە لێرەدا چەند تیۆرێکی سەرەکی هەیە بۆ دامالێنی چەك وە هەریەك لە تیۆرانە بۆچون و بیرداری تایبەتی هەیە بۆ کێشەی دامالێنی چەك.

وەلەدیارترین ئەو تیۆرانەش ئەمانەی خوارەوەیە[46]:

---

[45] بۆ زانیاری زیاتر سەیری کتێبی د. منصور میلا یونس –مقدمة لدارسة العلاقات الدولیة لا 223 -229-

[46] بۆ زانیاری زیاتر سەیری کتێب د. اسماعیل صبری مقلد بکە . نظریات السیاسیة الدولیة.607تا613

(1) تیۆری یەکلایەنەی دامالّینی چەك (نظرية نزع الفرد للسلاح)

Theory of Unilateral Disarmement

لایەنگرانی ئەم تیۆرە داوا لە ڕۆژئاوا دەکەن بۆ دامالّینی چەکەکانیان تەنانەت ئەگەر لەلایەن ڕۆژهەلاّتیشەوە وەلاّم نەدرێتەوە، بەم ڕێگایەش نەزانرێت لە مەترسیە تۆقینەرەکانی پێشبڕکێی چەك لە نێوان هەردوو جەمسەردا خۆپارێزی بکرێت، لەم ڕوەشەوە لەسەر ڕۆژئاوا پێویستە سنورەکانی ئەوەلاّ بکات بۆ پشکنین بەبێ ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕۆژهەلاّتەوە.

لە ڕاستیدا لایەنگرانی ئەم تیۆرە دووڵ بوون لە توانای دامالّینی دوولایەنەی چەك لە یەککاتدا لەبەرئەوە تیۆری دامالّینی یەکلایەنەیان خستەڕوو بەبێ هیچ کۆت و مەرجێك، لەبەرئەوە سوربون لەسەر دەستپێشخەری دەسبەجێ بۆ دامالّینی چەك لەسەر بناغەی یەکلایەنە، بەو هیوایەی کەلایەنی دووەم بەهەمان شێوە هەنگاوی بۆ بنێ.

(2) تیۆری هاوسەنگی (نظرية التوازن)

Theory of Balanced Disarmement

ئەم تیۆرە لەسەر ئەو گریمانەیە دروست بووە کە دەلّێت دەتوانرێت لە جەنگەکان دووربکەوێتەوە ئەگەر یەك ئاستی یەکسان هەبێ لە خۆپڕچەککردندا لە هەردوولادا.

ڕەوشێکی وەها دەتوانرێت بەدی بێت لە ڕێگایی دۆزینەوەی ڕێوشوێنی گونجاو کە یارمەتی دەربێت بۆ دانانی پرەنسیپی هاوتا وە بڕێتە بواری جێبەجێکردنەوە لە ژێر سایەی پرۆسەی چاودێری یەکی کارادا بەبێ هیچ سەرپێچییەك لەلایەن لایەنەکانەوە کە ئەم ڕێوشوێنانە دەیانگرێتەوە بۆ ئەم بنەما سەرەکیەی کە کێشەی خۆپڕچەککردن حوکم دەکات.

تیۆری هاوسەنگی لە بنەڕەتدا لەسەر بیرۆکەی (فکرة) هاوسەنگی و سەقامگیری وەستاوە، لە خەسڵەتەکانی ئەم هاوسەنگیە ئەوەیە کە یارمەتیدەری دەبێت بۆ ڕەواندنەوەی ترسی هەموو لایەنێك لە ویستی دوژمنکاری یاخود پلانە هێرش بەرەکانی لایەنەکەی تر،

هەروەها هاوسەنگی و چوونیەکی بە دوو هۆکاری زیندوو دادەنرێت لەکەمکردنەوەی ئەگەرەکانی جەنگ، لەبەرئەوە ئەوە بەدوور دەزانرێت کە لایەنێك هەڵسێت بە بەرپاکردنی جەنگ لە کاتێکدا کە دەزانێ ناتوانێت بەسەر لایەنی بەرامبەردا زاڵ بێت.

(3) تیۆری گەمارۆدان (نظرية الحظر الحدود)

Theary of Limited Prevention

ئەم تیۆرە باوەڕی بە بوونی توانای دوورکەوتنەوە لە جەنگ و دەست بەسەراگرتنیدا نییە، وە ئەوپەڕی ئەنجامێك کەبتوانرێت بەدەست بهێنرێت لەم ڕووەوە ئەوەیە کە کاربکرێت بۆ بەرگرتن لە گۆڕانی جەنگی سنوردار (**Limited war**) بۆ جەنگی کاولکاری گشتی تەنانەت ئەگەر جەنگی ناوکیش تیایدا بەکاربهێنرێت، لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونانەوە، تیۆرەکە بانگەشەی هەردوو لایەنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەکات بۆ ڕاگرتنی پەرەپێدانی چەکە ناوکییەکانیان وە پابەندبوونی هەردوولایەن بۆ وەستاندنی بەرهەمهێنانی چەکی کاولکاری گشتی وە لە پێشیانەوە چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی وە لە هەمانکاتدا داوا دەکات بۆ بەئاگابوون لە تەفسیری جموجۆڵی سەربازی بۆ هەریەکە لە لایەنەکان لەسەر ئەو بنەمایەی کە خۆئامادەکردنی بۆ هێرش کردن.

ئەم تیۆرە بانگهێشتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کرد و داوای لێکردن کە هەموو تواناکانیان بخەنەکار بۆ بەرگرتن و قەلاچۆکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی و سنوردارکردنی.

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە ئیمزاکردنی پەیماننامەی سنوردارکردنی چەکی ناوکی ساڵی (1968) بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت لەم بوارەدا. ئەمەش واتە سەرکەوتنی ئەو ئاڕاستەیە دەگەیەنێت کە تیۆری جەنگی سنورداری بنیاتنا.

(4) تیۆری پلەبەپلە (نظرية التدريجية)

Theory of Gradual Disarmemet

ئەم تیۆرە بەرهەڵستکار و پێچەوانەی تیۆری دامالێنی یەکلاکەرەوەیە بەو پێیەیی کە پێویستی دامالێنی چەك لەلایەن ڕۆژئاواوە نابینێ - بەڵکو داوای دانوستان دەکات لە ڕۆژئاوا سەبارەت بە کەمکردنەوەی چەکەکانیان بەبێ ئەوەی لە سەرەتادا پەنابەرن بۆ لەناوبردن و تێکشکاندنی هێزە سەربازییەکانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکانیاندا وە ڕێگا ئاوەڵاکردن لەبەردەمیدا بۆ فراوانکردن و کۆنترۆڵکردنی.

پرۆسەی کەمکردنەوە و سوککردنی (تخفيض) خۆپرچەککردن وەك ئەوەی کە تیۆری پلەبەپلە جەختی لەسەردەکاتەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە پرۆسەی دامالێنی چەك بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێت: دامالێنی چەکی کلاسیکی و دامالێنی چەکی ناووکی، هەریەك لەم دوو قۆناغە چەندین هەنگاو و ڕێوشوێن دەگرێتەبەر وەك داخستنی بنکە سەربازییەکان و کەمکردنەوەی قەبارەی سوپا، هەروەها تێکشکاندنی هەندێ جۆری چەك ئەمەش پێویستی بە ماوەیەکی دوورودرێژ هەیە بۆ جێبەجێکردنی . لەماوەی ئەم خستنەڕووەدا دەگەینە ئەنجامی هەنگاونان بەرەو جێبەجێی کردنی قۆناغێك کە پێویستە وابەستەی ئەو ڕادەی سەرکەوتنە بێت کە لە قۆناغی پێشتردا بە دەستهێنراوە.

سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵە فکریانە کە بەشێوەیەك یان زیاتر کە هەوڵیان دەدا چارەسەری سەرکەوتوانە پێشکەش بکەن بۆ چارەسەری کێشەی دامالێنی چەك، مەگەر ئەو کارە بەرجەستەیە بکەوێتە ژێر سێبەری چارەسەرکردنەوە

(إلا أن العمل الملموس ظل المتعثراً)

لەبەرئەوە زۆر لە دەوڵەتان تەنها بەقسە داوای چارەسەری کێشەی دامالێنی چەکیان دەکرد، بەڵام لە بواری پراکتیکیدا، هەندێ دەوڵەت بەربەرچی چارەسەری ئەو کێشەیە دەدەنەوە، لێرەدا نابێت ڕۆڵی ڕێکخستنی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەری کێشەی دامالێنی

چەك له یادبكرێن، سەرەتا له كۆمەڵەی گەلانەوه دەستپێكرد كه بەجدی هەوڵی بۆ دەدا له ساڵی (1933) كرێ (سعری)كۆنفرانسیی دامالێنی چەك بانگەشەی بۆ كرابوو له جنیف بۆ ئەنجامی بەرجەستكراو، لەساڵی (1945)ەوه ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان گرنگی بەم كێشه ئاڵۆزه دەدا كه چەندین كۆسپ جێ دەهێڵێ وەك : سیاسی (سایكۆلۆژیی) ،ئابوری تەكنەلۆژیا و ڕەوشتی . كه به ئاشكرا له چوارچێوەی جەنگی ساردا گفتوگۆكان سەبارەت به (دامالێنی چەك بەشێوەیەكی گشتی به تەواوەتی) نابێته هۆیەك جگه له ڕێگایەكی كۆتایی. لێرەدا پێویسته ئاماژه بەوه بكەین كه كۆنفرانسی چواردم له جنێف ساڵی (1955) سەركەوتوو نەبوو دوابەدوای ئەوەی هەوڵدار ئەوباره بجوڵێندرێت بۆ جارێكی تر له ئەیلولی (1961) كاتێك كه هەردوو سەرۆكی باڵا بۆ باڵاوكردنەوەی ئەوەی پێی دەوترا "بانگەشەی پرەنسیپه گرنگەكانی (إعلان ماك كلوي-زورین) كه جەختیان دەكردەوه لەسەر بەردەوام بوونی هەوڵەكانیان بەبێ دابڕان لەسەر ئاستی دامالێنی چەك.

سەرەڕای سیاسەتێكی نوێ كه یەكێتی سۆڤیەتی (پێشوو) كه بریتی بوو له بنیاتنانی كۆمەڵێك پەیوەندی نوێی مرۆڤایەتی نێودەوڵەتی كه وەستابوون لەسەربنەمای دووركەوتنەوه له جەنگ و هێز لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژئاوا كەموكوڕی دەكرد له چارەسەری ئەم كێشەیەدا "ئێمه به سیاسەتی نوێی ڕۆژئاوادا كۆسپێك له بەردەم بەڕێوەبەریەتی و بیركردنەوەی نوێدا دەبینین، ئەگەر نەتوانرێت بوەستێنرێت و بگوێزرێتەوه بۆ دامالێنی چەك بەشێوەیەكی پراكتیكی ئەوا ئەگەری ئەوه هەیه كه هەموومان بچینه ناو ئەو شەمەندەفەره جەهەنەمیەی كه بەرەو كاردەسات ئەمانبات)[47].

[47] گۆربا شون. م. س البریسترویكاو التفكیر الجدید ، هەمان سەرچاوەی پێشوو لا259.

پەیوەندییە هاوچەرخە نێودەوڵەتییەکان داوا لە هەموو لایەک دەکات بە داڕشتنی سیاسەتێکی نێودەوڵەتی کە بەرژەوەندی هەموو دەوڵەتێک لەبەرچاوبگرێت، تەنانەت دەوڵەتە بچووکەکانیش و کاتی ئەوە هاتووە کە هەست بەوەبکرێت کە پێشتر دەوڵەتە گەورەکان ناتوانن جیهان بەش بکەن بەوشێوەیەی کە خۆیان مەبەستیانە تەنانەت لە سەپاندنی هەیمەنەشدا، ئەوەتا چەندین دەنگی بەرهەڵستکاری هەیە لە وڵاتانی باشور کە نارازین بەو چارەسەرانەی بیروبۆچونی ئەمەریکی داینـاون.

بەشی پانزەهەم

کۆلۆنیالیزم Colonialism

(تێورە سیاسیەکان لە دیاردەیی کۆلۆنیالیزمدا)

ئیمپریالیزم (Imprialism) بەیەکێك لەو بابەتانە دادەنرێت کە گرنگیەکی تایبەتی پێ دەدرێت لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە سیاسیە نێودەوڵەتیەکاندا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك فاکتەر، و لەگرنگترین ئەو فاکتەرانەش ئەوەیە کە کۆلۆنیالیزم دەژمێردرێت بە ڕوویەکی دوژمنانەی پەڕگیر لە ڕووەکانی بەکارهێنانی هێزی نەتەوەیی، هەروەها تێگەیشتنی ئێمە بۆ ڕیشەی جیاوازی کۆلۆنیالیزم و پاڵنەرەکانی توانامان زیاد دەکات بۆ تێگەیشتنی ئەو کاریگەرییە جیاوازانەی کە چواردەوری هێزی نەتەوایەتی دەوڵەتەکانیداوە.

بوونی ئارەزوو لە دەسەڵاتدارێتی ئیمپریالیزمدا وەستاوە لەسەر جێگیرکردنی کۆمەڵێك گەل و نەتەوە لە ژێر فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتە سەرکەوتوەکان و خستنەژێر دەسەڵات و نفوزی خۆیانەوە، مەزهەبی کۆلۆنیالیزم بەهای خۆیی لە ئارەزوویی فرانخوازی و باڵادەستی ئابوری و ڕۆشنبیری وەردەگرێت کە ئەمەش پێچەوانەی پرەنسیپەکانی دادپەروەری سروشتیە.

دەوڵەتە گەورەکان کەوتبوونە ژێر کاریگەرێتی ئەم فەلسەفەیەوە، بۆ دەوڵەتی

سموف ر ˇ خ ۆریالیزمی خ

بەڵام هلفرونگ هەوڵی پاککردنەوەی تیۆرەکەیدا لە کاتێکدا ناردنەدەرەوەی سەرمایە بۆ سیستمی قۆرخکاری و کارتلات کە سنورێکی بۆ تواناکانی وەربەرهێنانی ناوخۆیی دانا.

بەڵام لینین ناوبانگی هەبوو لە تێڕوانی بۆ ئیمپریالیەت لەم سەردەمەدا، کە توانی دیراسەی سەرمایەداری قۆرخکاری[60] بکات ڕۆڵی لە ئیمپریالیدا (ئیمپریالی واتە سەرمایەداری لە قوناغێکی پێشکەوتوتردا لەسەرمایەداری مالّی و قۆرخکاری هێزی بالا دەستەتیایدا، لەم قۆناغەدا ناردنەدەرەوەی سەرمایە گرنگیەکی زۆری هەیە دابەشکردنی جیهان لە نێوان تریستاتەکاندا ئەم قۆناغەیە کە هەموو زەوی جیهان دابەش دەکرێت لە نێوان هێزە سەرمایەدارەکاندا بە تەواوەتی)[61].

سەرمایەداری قۆرخکاری لێکدانەوەیەکی بەرامبەر، بۆ ئیمپریالی لەلای لینین. (الرأسمالية الإحتكارية تعبير معادل للإمبريالية عند لينين).

تیۆرەکەی لینین لە شیکردنەوەی دیاردەی ئیمپریالییدا وەستاوە لەسەر یاسای گشتی و بنەڕەتی سەرمایەداری، ئەمەش ئەو یاسایەیە کە بەردەوام تەرکیز ئەخاتە سەر

---

60 قۆرخ سەرمایەداری چوار شێوازی هەیە.

61 1ـالتریست– کە لە بنەڕەتدا ئینگلیزییەو شێوەیەکی لە شێوەکانی قۆرخکاری سەرمایەداری لە چەرخی ئیمپریالیدا– کە گوزراشتە بۆ یەکێتی گشت پرۆژەی بەرهەمهێنەرە گەورەکان لە ژێر سایەی یەک بەڕێوەبردندا.

2ـ الكارتيل– کەلە بنەڕەتدا فەرەنسییە شێوەیەکە گوزارشت دەکات لە ڕێگەدان پرۆژە بەرهەمهێنانەکان بۆ بەرهەمهێنانی یەک شمەک لە پێناو کۆتایی هێنان بە پێشبڕکێ لە نێوان ئەو پرۆژانەدا (المشاريع).

3ـ السنديكات– لە بنەڕەتدا لاتینیە– واتە پشکنین و چاودێری کردن کە شێوەکانی ڕێگەدانی پرۆژە بەرهەمهێنەکان، بەڵام لە چوارچێوەیەکی باڵادا–بەوپێیەی کە تەنها لایەنەکە نرخی مولەکان دیاری دەکات.

4ـ الكونسرين– لەبنەڕەتدا ئینگلیزیە واتە (تێکەڵاوکردن) (المزج الخلط) کە یەکگرتنی باڵایە بۆ سەرمایەداری و بەرهەمهێنان.

خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و خاوەندارێتی سەرمایە لە کەمترین ژمارەدا، بەواتایەکی تر ئابووری سەرمایەداری دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی قۆرخکاری (**Monopolies**) ئەم دەسەلاتە قۆخکارییە ناوخۆییەش لەلایەن دەسەلاتی نێودەوڵەتی کارتیلەکانەوە (**Cartels**) پاڵپشتی دەکرێت. لەم قۆناغی گەشەسەندنەدا سەرمایەداری دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی ئیمپریالی واتە هەروەك لینین دەڵێت (ئیمپریالی سەرمایەدارییە لە قۆناغی قۆرخکاریدا). لە ڕوانگەی ئەم تێگەیشتنەوە سەرمایەداری لە قۆناغی قۆرخکاری یان ئیمپریالیدا زۆر فراوانتردەبێت، پاڵنەریش لەم فراوانبوونە ئەگەڕێتەوە بۆ فەرماندارێی قۆرخکارەکان لەو سەرمایە زیادەیەی کە هەیە کەوای لێ دەکات بنێردرێتە دەرەوە بەتایبەتی بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە ئاستێکی نزمیان هەیە لە گەشەسەندن و پێشکەوتندا.

لینین سەیری حکومەتی دەوڵەتە ئیمپریالیەکانی کردووە بەوەی کە تەنها (ئامرازە بەدەست قۆرخکارە سەرمایەدارەکانەوە، گرنگ نییە کە شێوەی حکومەتەکە پاشایەتییە یا کۆماری یا دیموکراسی یا دیکتاتۆری، هەمووی لە کۆتایدا لەم ڕاستییە بنەڕەتیەدا خۆی دەبینێتەوە)[62].

لینین لە پوختەی قسەکانیدا دەڵێت شتێکی بێ ماناو پڕوپوچەکە ئێمە قسە لە جیهانێکی ئاشتی بکەین لە ژێر فەرمانڕەوایەتی ئیمپریالیدا لەبەرئەوەی لە ژێر سێبەری ئەم فەرمانڕەوایەتیەدا ڕەگ وڕیشەی جەنگ نابڕێتەوە و کۆتایی نایات چ لە نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیەکان خۆیاندا بێت یاخود لە نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیەکان و کۆلۆنیالکراوەکانیاندا بێت.

لینین ناکۆکیەکی ڕیشەی هەیە لەگەڵ هۆبسون دا کە ئاماژەدەکان بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی ئیمپریالی لە میانەی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە سیستمی سەرمایەداریدا، بەڵام لینین بەپێچەوانەوە وای دەبینێت کە دەتوانرێت سیستمی سەرمایەداری چاك بکرێت لە ڕێگای شۆڕشی کۆمەڵایەتیەوە.

---

[62] اسماعیل صبری مقلد، العلاقات السیاسیة الدولیة، هەمان سەرچاوە پێشوو لا553.

بەڵام لینین وای دەبینێت کە ئامادەبوون بۆ ئەم شۆڕشە ناکرێت لە ڕێگای پارتێکی ڕێکوپێکەوە نەبێت کە کۆمەڵێك شۆڕشگێڕی (محترف) بین بە پێشەنگ بۆ پرۆلیتاریا.

لە کتێبەکەیدا (ماالعمل) لینین ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم پارتە پێویستە کە (مەرکەزیەتی لە مەرکەزیەتی دیموکراسیەوە وەرگرتبێت) (حزبی شیوعی پێشەوای پرۆلیتاریایە زیاتر لە دەستەکانی تر خاوەنی هۆشیارییەوە خۆی ئامادەدەکات و خۆی دەکات بە قوربانی لە خزمەت پرۆلیتاریادا)[63]

تیۆرەکەی لینین ڕووبەڕووی کۆمەڵێك هێرش بۆتەوە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، کە حەتمیەتی جەنگ لەناو معسکری سەرمایەداریدا کەستالین باسی لێوەکردبوو ڕوویندا بەو پلەیەی کە پێشبینی کرابوو، ئەمە جگە لەو ناکۆکیانەی کە لە نێوان دەوڵەتەکانی ئەم معسکرەدا سەری هەڵدا وەك کێشەی سویس ناکۆکی نێوان یۆنان و تورکی سەبارەت بە قوبرس و سیاسەتی فەرەنسا بەرامبەر پەیمانی ناتۆ لە سەردەمی دیگۆلدا، هەروەها لە بەرامبەر ئەمەشدا معسکری سۆشیالیستی بە کۆمەڵێك ململانێدا تێپەڕی وەك مانگرتنی کرێکارانی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لە ساڵی (1935) ڕووداوەکانی مەجەڕ ساڵی (1956) چیکۆسلۆڤاکیا (1968) جەنگی نێوان هەردوو کۆریا ساڵی (1950)، لە پاشماوەی ئەو پێشکەوتنانەی کە ڕوویدا لە دوو دەیەی (عقدة) دوای جەنگی دووەمی جیهانی مارکس و لینینیەکان هەوڵیاندا بۆ چاککردنەوەی تێڕوانینی خۆیان بەرامبەر ئیمپریالیەت، (خرۆچۆف) لەم دواییەدا دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان ئاگادار کردەوە لە وەستانی شیکردنەوەی ئیمپریالی و گواستنەوەی بەبێ بەدەستهێنانی سەربەخۆی و ئازادی بۆ نەتەوەکانی جیهانی سێهەم.

---

[63] لینین وەرگیراوە لە کتێبی جیمس دورتی و روبرت باالتگراف (النظريات المتضاربة في العلاقات الدولية) لا177.

D. Ali Awda Ali – iqabi

A study on Roots & History

Translated by:

Omer Abdulla Hassan